حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان / بەشی کوردی

# جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، مەرگی مەیموون)ی ماردین ئیبراهیمدا

نامەیەکە

تانیا عبدالقادر عارف

پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

بە سـەرپـەرشـتیی

**پ. ی. د. طاهر محمد علی**

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زایینی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ. ی. د طاهر محمد علی

سەرپەرشت

ڕێکەوت: ١٧/ ٩/ ٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: ٢٥/ ٩/ ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکانی (کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا، مەرگی مەیموون)ی ماردین ئیبراهیمدا، لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (تانیا عبدالقادر عارف) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایستەی ئەوەیە بڕوانامەی ماستەری پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. ڕێبوار محمد اسماعیل

ئەندام

ڕێکەوت: ١٢ / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. محمد امین محمد نوری امین

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ١٢ / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. ی .د. طاهر محمد علی

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: ١٢ / ١١ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. ئاوارە کمال صالح

ئەندام

ڕێکەوت: ١٢ / ١١ / ٢٠٢٣

له لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕێکەوتی: ١٩ / ١١ / ٢٠٢٣

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ. ی. د طاهر محمد علی

سەرپەرشت

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، مەرگی مەیموون)ی ماردین ئیبراهیمدا، لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (تانیا عبدالقادر عارف) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایستەی ئەوەیە بڕوانامەی ماستەری پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. ڕێبوار محمد اسماعیل

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. محمد امین محمد نوری امین

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. ی .د. طاهر محمد علی

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. ئاوارە کمال صالح

ئەندام

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی ( / / ٢٠٢٣) پەسەندکرا.

ناو: پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕێکەوتی: / / ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

❋ خێزانەکەم بە تایبەت ڕۆحی پـاکی باوکم و هەردوو خــوشـکــی جـوانــەمــــەرگــم

❋ "مــامــۆسـتــا ژیــــــان" و "لــەمـیـعــە خــاتـوون"

هــــەمـیــشـــە هــانـدەر و پـاڵـپـشـت و ڕوونـاکـکـەرەوەی ڕێـی ژیـنـم بوون.

**سوپاس و پێزانین بۆ:**

- بەڕێز (پ. ی. د. طاهر محمد علی)، کە بە دڵسۆزیی و لێبووردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.

- سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێجی زمان و سەرۆکایەتیی بەشی کوردی، بە تایبەتی (پ. ی. د. محمد عمر عول).

- (م. بێستون عارف عەزیز) مامۆستا و بڕیاردەر لە بەشی زمانی کوردی، لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، کە هاوڕێ و هاوکارم بوون لە دابینکردنی سەرچاوەدا.

# پێڕست

پێشکەشە بە: .......... I
سوپاس و پێزانین بۆ: .......... II
پێڕست .......... IV
پێشەکی .......... ١
بەشی یەکەم/ سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی جەنگ و داگیرکاری .......... ٣
پاری یەکەم/ پێناسە جیاوازەکانی جەنگ و داگیرکاری .......... ٤
یەکەم: جەنگ .......... ٤
جەنگ و فەلسەفە .......... ٦
جەنگ و ئایینە ئاسمانییەکان .......... ٩
دووەم/ داگیرکاری .......... ١٢
پاری دووەم/ ڕەهەندەکانی جەنگ و داگیرکاری لە مێژوودا .......... ١٦
بەشی دووەم/ جەنگ و داگیرکاریی پەیوەست بە دونیای ئەدەبەوە .......... ٢٠
پاری یەکەم: پەیوەندیی نێوان جەنگ و داگیرکاری و ئەدەب .......... ٢١
یەکەم: کاریگەریی مێژوو لەسەر ئەدەبیات .......... ٢١
دووەم: کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەدەبیات .......... ٢٤
سێیەم: کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەفراندنی ڕۆمان. .......... ٣٠
پاری دووەم/ جەنگ و داگیرکاری بە نموونەی ئەدەبیاتی جیهانەوە .......... ٣٤
١.جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی ئەوروپیدا. .......... ٣٤
٢.جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی عەرەبیدا. .......... ٣٦
٣.جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی فارسیدا .......... ٣٧
٤.جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی کوردیدا .......... ٣٩
پاری سێیەم: جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە دونیای ڕۆمانەوە .......... ٤٦
١.جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە ناونیشانەوە .......... ٤٦
٢.جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە کارەکتەرەوە .......... ٥٠

٣.جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە شوێن و کاتەوە.......................................... ٥٥
٤.جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە گێڕانەوەوە............................................................٦١
٥.جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە وەسفەوە...........................................................٦٨
بەشی سێیەم: جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە هەردوو ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) و (مەرگی مەیموون)دا........................................................................ ٧٤
پاری یەکەم/ ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر لایەنی پەیامداری لە هەردوو ڕۆمانەکەدا. ٧٥
١.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر سروشت.................................................... ٧٥
٢.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئاژەڵ........................................................٨٠
٣.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر شوناس و کەلتووری کورد................................٨٣
٤.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر تاکی کورد................................................ ٩٠
پاری دووەم/ ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر لایەنی جوانکاری لە هەردوو ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) و (مەرگی مەیمون)دا............................................ ٩٧
١.ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکە پەیوەست بە دونیای جەنگ و داگیرکارییەوە........................٩٧
٢.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە ناوی کارەکتەرەکانەوە ..............................١٠٣
٣.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە شوێن و کاتەوە.....................................١٠٩
٤.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر کۆی گێڕانەوەی هەردوو ڕۆمانەکە ......................١١٦
٥.ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر وەسف... ................................................١٢٣
سەرچاوەکان...................................................................................................١٣٢
پوختە ..........................................................................................................١٤٠
الملخص.........................................................................................................١٤٢

## پێشەکی

جەنگ و داگیرکاری لە سەرەتای دروستبوونی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، بووەتە دیاردەیەکی لکاو و پەیوەست بە مرۆڤەوە، هەر بۆیە هەموو کایەکانی ژیان دەچنەوە سەر ئەو، بە مێژوو و هونەر و سیاسەت و ئەدەب.

لێکۆڵینەوە لە جەنگ و ململانێ و داگیرکارییەکانی مرۆڤ لەسەر زەوی، بە هیچ شێوەیەک ناگاتە ئەنجام، چونکە سروشتی ژیان وایە و هەر بە هۆکاری ململانێ و پەلکێشکردنی هەق و ماف بۆ لای خود ئەم جەنگ و داگیرکارییانە دروستبوون، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم دیاردەیە لە نێو ئەدەبدا شیبکەینەوە و تیشک بخەینەسەر یەکێک لە ژانرە ئەدەبییەکان و شەنوکەوی ئەم باسە بکەین.

ڕۆمان لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەتا ئەمڕۆ، چەندین پرس و دیاردەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و سروشتی کردووەتە تەوەری باسەکانی خۆی، یەکێک لەوانەش مێژووە، کە بەشێک لە نووسەران سوودیان لەو کەرەستە خاوە وەرگرتووە و تێکەڵ بە هونەر و خەیاڵ و فەنتازیایان کردووە و دەقێکی هونەرییان لێ بەرهەمهێناوە.

جەنگ و داگیرکاریش بەو سیفەتەوە، کە بەشێکە لە مێژوو، دەتوانین بڵێین جگە لە ڕۆمانی کوردی پانتایی زۆرێک لە ڕۆمانەکانی دونیای داگیرکردووە.

توێژنەوەیەکەمان بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشکردووە، کە ئەوانیش لە پار و چەند تەوەرێک پێکهاتوون:

بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆرییە دەربارەی جەنگ و داگیرکاری، کە ئەم بەشە لە دوو پار پێکهاتووە:

پاری یەکەم: تایبەتە بە پێناسەکانی جەنگ و داگیرکاری، پاشان ڕەهەندی فەلسەفی و ئایینی بۆ جەنگ خراوەتەڕوو.

پاری دووەم: ڕەهەندەکانی جەنگ و داگیرکاری و کاریگەرییەکانی باسکراوە و بە وردی هەموو لایەنە کاریگەرییەکانی ژێر جەنگ دەستنیشانکراون.

بەشی دووەم: کە لە سێ پاری سەرەکی پێکهاتووە:

پاری یەکەم: پەیوەندیی نێوان جەنگ و داگیرکاری و ئەدەب دەخاتەڕوو، بە باسکردنی کاریگەریی مێژوو لەسەر ئەدەبیات، کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەدەبیات، کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەفراندنی ڕۆمان.

پاری دووەم: جەنگ و داگیرکاری بە نموونەی ئەدەبیاتی جیهانەوە، کە خۆی لە ڕۆمانی ئەورووپی و عەرەبی و فارسی و کوردیدا، دەبینێتەوە.

پاری سێیەم: پەیوەندیی نێوان جەنگ و داگیرکارییە بە دونیای ڕۆمانەوە، کە ناونیشان و کارەکتەر و شوێن و کات و گێڕانەوە و وەسف و نموونەی ڕۆمانی کوردیی پەیوەست بەم ڕەگەزانەوە دەگرێتەوە.

بەشی سێیەم: کە پراکتیکییە و بە هەمان شێوە لە دوو پاری سەرەکی پێکهاتووە:

پاری یەکەم: پەیوەستە بە ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری بە لایەنی پەیامداری لە هەردوو ڕۆمانەکەدا، لە ڕووی سروشت و ئاژەڵ و کەلتوور و تاکی کورد و شوناسی کوردەوە.

پاری دووەم: ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر لایەنی جوانکاریی هەردوو ڕۆمانەکە، کە پەیوەستە بە ناونیشان و کارەکتەر و شوێن و کات و گێڕانەوە و وەسفی هەردوو ڕۆمانەکەوە.

کۆتایی توێژینەوەکە پوختە بە هەرسێ زمانەکە و ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**سنووری لێکۆڵینەوە**

سنووری لێکۆڵینەوەکە لە دوو بازنە و تەوەری گرنگدا دەسووڕێتەوە، کە ئەوانیش:

یەکەم: جەنگ و داگیرکاری

دووەم: دوو ڕۆمانی ڕۆماننووس "ماردین ئیبراهیم".

کە توانیومانە ناونیشان و کارەکتەر و شوێن و کات و گێڕانەوە و وەسفی نێو ڕۆمانەکە بە دیاردەی جەنگەوە ببەستینەوە، کە ئەمە بەشێکی لێکۆڵینەوەکەیە، خۆ سنووری جوگرافییشی هەیە کە خۆی لە سنووری کوردستاندا دەبینێتەوە و تیشکمان خستووەتە سەر هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە جەنگ و داگیرکاری لە هەرێمی کوردستان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: پێویستییەکی زانستییە کە باس لە جەنگ بکرێت لە ناو دەقی ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەی بخرێتە ڕوو، کە لەم ڕووەوە بۆشایی هەیە.

دووەم: بێبەشنەبوون، بگرە وەرگرتنی، یاخود بەرکەوتنی پشکی شێری جەنگ و داگیرکاری لە مێژوودا بۆ سەر کوردستان.

سێیەم: نەبوونی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بۆ پەیوەستکردنەوەی ئەم دیاردە واقعییە بە ژانرێکی خەیاڵی وەکو ڕۆمان.

**ئامانجی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە:**

هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە پاڵنەری چەند ئامانجێکی زانستی و هونەرییەوە دێتە نووسین، ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لە چەند ئامانجێکدا دەبینێتەوە:

یەکەم: بونیادنانی سەرچاوەیەکی زانستی بۆ بابەتی جەنگ و داگیرکاریی مێژوویی یەک لەدوای یەکی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوە و شیکارکردن و پەیوەستکردنی دوو بواری بە ڕواڵەت لە یەکەوە دوور، کە ئەویش واقع و خەیاڵە، بە مێژوو و ڕۆمان و خستنەڕووی پەیوەندییەکانیان.

سێیەم: شیکردنەوەی لایەنی پەیوەستی هەردوو ڕۆمانی ناوبراو لەگەڵ ڕەگەزەکانی ڕۆماندا.

چوارەم: شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی هەردوو ڕۆمانەکە پەیوەست بە جەنگ و داگیرکارییەوە.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە**

هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە چەندین گرفت و بەربەستدا تێدەپەڕێت، واتە کێشەی زانستیی لێکۆڵینەوەکە، کە خۆی لە وروژاندنی چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە، لێکۆڵینەوەکە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت، وەک چەندێتی و چۆنێتیی ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لە ڕۆمانەکاندا و کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەدەب و ژانری ڕۆمان بە گشتی و دوو ڕۆمانەکە بە تایبەتی لە ڕووی ڕەگەزەکانەوە.

## بەشی یەکەم/ سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی جەنگ و داگیرکاری:

### پاری یەکەم/ پێناسە جیاوازەکانی جەنگ و داگیرکاری:

### پاری دووەم/ ڕەهەندەکانی جەنگ و داگیرکاری لە مێژوودا:

## پاری یەکەم/ پێناسە جیاوازەکانی جەنگ و داگیرکاری:

### یەکەم: جەنگ

لە پاش دۆزینەوەی کشتوکاڵ و پەیدابوونی موڵکیەتی تایبەتی، مێژووی مرۆڤ زۆرتر تەژییە لە ململانێ و جەنگ، هەم لەپێناو پاراستنی ئەوەی، کە هەیانە و هەم بۆ زیادکردنی سامان، هەمیش لەپێناو ئەو بیروباوەڕانەی کە خزمەت بە سەروەرییەکانی دەکات، پێدەچێت جەنگ دیاردەیەک نەبێت، کە تەنها لە مێژوودا جێمابێت، بەڵکو ئێستا و ئاییندەش بە تەنیشت مەترسییەکانی جەنگەوە دەڕوات، تەنانەت کاتێک مرۆڤ لە ئاشتیدا دەژی، هێشتاش تارماییەکانی جەنگ بەسەر سەری ئاشتییەوەیە و هێز و تواناکانی بەرپابوونی، ڕۆژ دوای رۆژ ترسناکتر دەبێت، لە کاتێکدا وا لێکدەدرێتەوە جەنگ پێچەوانەی ئاشتییە، بەڵام جێگەی تێڕامانە، ئایا ئاشتییش پێچەوانەی جەنگە؟ ئایا ئاشتی زامنی سڕکردنی جەنگ و تفاق و تواناکانیەتی؟

جەنگ لە نێوان دوو لایەن، یاخود زیاتردا لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا، لە شوێنێکی دیاریکراوی جوگرافیادا ڕوودەدات، هەڵگیرسانی جەنگ چەندین هۆکاری هەیە و کاریگەریی لەسەر درێژبوونەوەی یاخود کۆتاییهاتنی هەیە، هەروەها ڕووبەری کاریگەریی جەنگ گشتگیرە و نەهامەتییەکان و لێکەوتنەکانی درێژدەبنەوە سەر ژینگە و ژیانی گشتی و سنوورێکی جوگرافیی فراوان دەگرێتەوە، ئەوەش گرنگیی تێڕامانمان دەربارەی جەنگ بۆ دەردەخات، مێژووی مرۆڤ بگرە زیندەوەرانیش سیخناخە بە جەنگ، بە جۆرێک لە ڕاوبۆچوونەکاندا خەریکە دەوترێت جەنگ بەشێکە لە ژیان و سروشتی ژیان، ئەوەتا گاستۆن بۆتۆل دەڵێت: "لە دوای ژیان "جەنگ" کۆنترین دیاردەی گۆی زەوییە، پێش مرۆڤیش جەنگ هەر هەبووە و لە نێوان زیندەوەران و گیانلەبەراندا ڕوویداوە (گاستۆن، ٢٠٠٥، ٩)، بەمجۆرە ئاکامی جەنگ و ئاشتی دوو چەمکی جیاوازن و لە تێڕوانینی ئێمەدا مرۆڤایەتی و ئاشتی ئامانج و ئاکاری ڕەوشتین و لە باسەکەماندا بە وردی نیشانی دەدەین، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان مرۆڤایەتی و سروشت و ژینگەش بەرپرسن، هەرچەندە لەمبارەیەوە "ابن خلدون" دەڵێت: "جەنگ و هەموو شێوەکانی کوشتن، خودا دوورە لێوەی، بەڵکو لە بنچینەدا تۆڵەکردنەوەی مرۆڤە لە یەکتر و کارێکی سروشتییە و مرۆڤ ناتوانێت لێی دەرباز ببێت"(خلدون، ١٩٨٤، ٢٧٠). کار بە جێگایەک گەیشتووە، کە ئاشی جەنگ کاراترین ئامرازی هاڕینی ژیان و بەردەوامترینیشیانە. لە سەرەتای هەڵهاتنی خۆری مرۆڤایەتییەوە، جەنگ ڕۆحی ملیۆنان مرۆڤی هەڵفڕاندووە، شار و لادێی وێرانکردووە، شارستانیی تێکداوە، دەتوانین بڵێین مێژووی مرۆڤایەتی بە جەنگ و ململانێ دەستپێکردووە، ئەگەر جەنگ لە مێژوو جیابکەینەوە، مێژوو هیچ شتێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە (الحسيني، ٢٠٠٩، ٣٥-٣٦)، لە درێژایی پێنج هەزار ساڵدا (١٤٥٥٥) جەنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە، کە بوونەتەهۆی مردنی (٢٥) ملیۆن مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهاندا، هەروەها

له (٣٤٠٠) ساڵی کۆتاییدا، مرۆڤایەتی ئاشتیی بە خۆیەوە نەبینیوە، تەنها (٢٥٠) ساڵ نەبێت، لە سەرژمێرییەکی دیکەدا هاتووە، کە مرۆڤایەتی (٢١٣) ساڵ لە جەنگدا ژیاوە، بەرامبەر بە یەک ساڵ لە ئاشتیدا، لە درێژیی (١٨٥) نەوەی مرۆڤایەتیدا، تەنها (١٠) نەوە لە ئاشتیدا ژیاون (شکری، ١٩٩٥، ٤٩٥)، هەمیشەش لە نێوان هەموو دوو جەنگێکدا جەنگی ڕەوا و ناڕەوا هەیە، ئەڵبەت هیچ جەنگێکی ڕەوا بوونی نییە، مەگەر جەنگێک بۆ بەرگریکردن بێت لە ماف و شکۆی کۆمەڵەکان، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا بە ناڕەوا خولقێنراوە، بەڵام مرۆڤ توانیوێتی، کە زۆربەی جار ڕەوایەتی بۆ ستەمکاری و ئارگیومێنت بۆ ڕەوایەتیپێدانی جەنگە ناڕەواکانیشی دابنێت، چونکە مرۆڤ زۆربەی جاران جەنگ وەک کۆتا هۆکاری چارەسەری کێشەکانی، یاخود داسەپێنەری ویستی خۆی بەسەر نەیارەکانیدا سوودی لێوەردەگرێت، ژێری یارمەتیماندەدات ئەم دیاردەیە لەسەر بنەمای کارەساتەکان شیکاربکەین، بە ڕوونی قەبارەی گەورەی زیان و سەرگەردانییەکانی جەنگ دەسەلمێنرێت، ئەمە لە کاتێکدا گەلانی دونیا هەندێک جار وەک سەروەری لە جەنگەکان دەڕوانن و خۆیان لەو ڕاستییە دەبوێرن کە لە بەرامبەر هەموو جەنگێکدا جەنگێکی تر هەیە، کە مایەی شەرمەزارییە، نەک شانازی.

بە ڕواڵەت جەنگ بریتییە لە کۆمەڵێک هەلومەرجی تێکەڵاو، بەڵام بە یاسا و پڕەنسیبی تایبەت بە خۆی، جەنگ یەکێکە لە سەرسوڕهێنەرترین ڕووداوەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، شارستانیەتە بەناوبانگەکان بەهۆی جەنگ و پێکدادان لەنێوچوون و بە جێگای ئەوان شارستانیەتی نوێ هەر بە هۆی جەنگەوە لەدایکبوون، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ماوە ماوە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان سەروەرییەکی تایبەتیان بە خۆیانەوە دیوە، کە هۆکاری هەموویان تەنها جەنگ بووە (گاستۆن، ٢٠٠٥، ١٠-١٢).

وێنە و شێوەکانی جەنگ زۆر بوون و زۆرن، بۆ نموونە شۆڕشە ناوخۆییەکان کە هەڕەشە بوون لەسەر یەکپارچەیی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان، نموونەشمان زۆرە لە ئێستا و ڕابردوودا، کە حکومەت و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانیان تێکشکاندووە و ململانێی چەکداری ڕوویداوە (عتلم، ١٩٨٨، ١٦)، یاخود ناکۆکیی نێودەوڵەتی و ململانێی سیاسی، هۆکار بوون بۆ تێکهەڵپرژان و جەنگی نێوان دوو وڵات، لە ئەنجامداماڵوێرانی و کوشتن و مردنی چەند هەزار کەسێکی بەدوای خۆیدا هێناوە.

جەنگەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، کە تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە، گۆڕانی دۆخەکە بووە لە ئاشتی و ئارامییەوە بەرەو کاولکاری و کوشتار و جەنگ، پشێوی و نەهامەتی، گرانی و سەرگەردانی، شێواندنی ژینگە و بنەما ئابوورییەکانی نیشتمان.

بێگومان نەخێر، لایەنێکیان، یاخود دەشێت هەردوو شەڕی بەرژەوەندی بکەن، وەلێ موتوربەکردنی بەرژەوەندی بە مافەوە هیچ نییە، جگەلە نیازی شێواندنی ڕەوایەتییەکانی جەنگ، کێشەی گەورەی جەنگەکان و قەبارەی زیانەکانیان پابەندە بەوەی مرۆڤ زیاتر لە هێزی سروشتیی

خۆی بەکاردەهێنێت، بە هۆی داهێنراوە زانستی و تەکنەلۆجییەکانەوە، توانیویەتی پیشەسازیی جبەخانە و چەک پەرەپێبدات و لەم ڕۆژگارەدا بەشێک لە وڵاتان تەکنیکی وەهای جەنگیان لەبەردەستدایە، کە لەبارياندايە نەک لەجەنگەکاندا سەرکەوتوویان بکات، بەڵکو ژیان لەسەر ئەم هەسارە شینەی زەوی کۆتایی پێبهێنێت. (الفتلاوي و ربيع، ٢٠٠٧، ٦٣)

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بینەری بەرەوپێشچوونی تاقیگەکانی نەخۆشیی شێرپەنجە، سیل، تاعوون و زۆر نەخۆشیی دیکەین، ئەو تاقیگانە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون و پەرەسەندن و بەرەوپێشچووندان، بەڵام بۆچی لێکۆڵینەوە لەسەر "جەنگ" ناکرێت؟ لە حاڵێکدا جەنگ بە تەنها بە ئەندازەی هەموو بەڵا و ناخۆشییەکانی سەرزەوی، قوربانیی خستووەتەوە، ماڵوێرانی و کاولکاریی کردووە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکارە:

یەکەم: جەنگ ئەوەندەی کە خراپ و تێکدەرە، بە هەمان شێوەش بۆ مرۆڤ ڕووداوێکی ئاساییە، کاولکاریی جەنگەکان نابینرێن و جێگەی سەرنج نین، چونکە خولقێنەری دەستی مرۆڤ خۆیەتی.

دووەم: بە ڕواڵەت وا دەبینرێت، کە جەنگ بە تەواوی لە ژێر چاودێری و ئیرادەی ئێمەدایە، کە سەرەتایەک و کۆتاییەکی هەیە، بۆ دەستپێکردنی و بەیاساییکردنی ئاماژە بە بەڵگەی وەها دەکرێت، کە ماوەیەک زۆر پێش ڕوودانی جەنگەکە ئامادەکاری بۆ کراوە (گاستۆن، ٢٠٠٥، ١٣-١٤).

"دەتوانین بڵێین "جەنگ" شێوازێکی سروشتییە لە ململانێکان بۆ مانەوە، مرۆڤیش بەشێکە لە سروشت و ناتوانین لێکیان جیابکەینەوە، لەو کاتەوەی مرۆڤ هاتووەتە سەرزەوی، لە هەوڵ و ململانێدایە بۆ هێشتنەوە و زیادکردنی بەرژەوەندییەکانی، هەمیشە باڵادەستیی نواندووە لەپێناو پاراستنی ویست و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی، هەتا مرۆڤ لەسەر زەوی بمێنێت، ململانێ و جەنگیش هەر دەمێنێت و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت پێشی پێبگرێت.

## جەنگ و فەلسەفە:

سەرباری ئەوەی بە کردەوە جەنگەکان بەرپادەبن، بەڵام جێگەی تێڕامانی فەلسەفی و هزرییش بوون، بەوپێیەی فەلسەفە تەنها بریتی نییە لە دەربڕینی بیروباوەڕ لەسەر بابەتە مێتافیزیکییەکان، بەڵکو فەلسەفە ئاوێزانی ژیان دەبێت و هەوڵدەدات فەلسەفاندنی لە خزمەتی جیهانی بینراو (ڕاستی)دا بێت، لەمڕووەوە زۆرێک لە فەیلەسوفان و قوتابخانە فەلسەفییەکان لەبارەیەوە هەوڵی تێگەیشتنیان لەم دیاردەیە داوە، (فەلسەفە هەوڵ بۆ بەختەوەریی مرۆڤ دەدات، لەگەڵ زانست وەک ئامراز و ئامێری تەکنیکی، کە ئامانجی نزیکخستنەوەی کۆمەڵگایە لە هێنانەدیی ئامانجەکانی (الحيدري، ٢٠١٨، ١٤٩)) هەر لەبەرئەوەشە، کە وەک بابەتی (دژەبەختەوەری) و بابەتی کاریگەری لەسەر ژیان و بەختیاری لەلایەن فەلسەفەوە بە هەند وەرگیراوە.

کێشە سیاسییەکان و ئاژاوە کۆمەڵایەتییەکان، بیر و هۆشی فەیلەسوفەکانی "گریک"ی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، و ئەم پرسیارەی لەلا وروژاندن، کە بۆچی جیهان بەو شێوە نییە، کە دەبێت ببێت؟ بە مانایەکی تر، سەرەڕای ئەوەی قەبارەی زیان و کارەساتبارییەکانی جەنگ دەرکپێدەکەین، بەڵام بۆچی پەنای وەبەر دەگرین؟

پێیانوابوو، کە دەبێت فەلسەفە ئەم کێشەیە چارەسەربکات و وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، هەربۆیە ئەم بنەمایەیان داڕشت، کە زانست و زانیاری پێویستە بە ئەرکی خۆیان هەستن و جیهان بکەنە شوێنێکی باشتر، ژیان ببەنە دۆخێکی شکۆمەندانە و کۆمەڵ بە ئامانجە پیرۆزەکانی بگەیەنن.

لەمبارەشەوە زۆرترین گوتار و گوفتاریان تەرخانکردبوو، بۆ کاروباری گشتیی گونجاو و پەیوەست بە مەبەست و یاسای جێگیر لەسەر بنەمای ژیری.

لە دوای سەرهەڵدانی "گرنگیدان بە سیاسەت"، فەیلەسوفەکان هەمان پرسیاری پێشوویان لا دروستبوو، هەروەها لەسەر خراپە و لەسەر مردن، کە چارەسەرەکەی هەمان ڕژێم و یاسای پێشتر بوو، ئەم پرسیارە " بۆچی جیهان بەو شێوە نییە، کە دەبێت ببێت؟"

تەنانەت لەمبارەوە وێنای وڵاتێک یا فەرمانڕەوایەتییەک دەکرا، کە نموونەی دەسەڵاتی یاسایی بن، وەک (کۆماری ئەفلاتون) و (پۆلەتیکای سوکرات) و (شاری شکۆمەندی فارابی).. تاد، ئەمە سەرباری یاسانووسەکانی وەک (سۆلۆنی گریکی) و (مۆنتسکیۆی فەڕەنسی) و.. چەندینی تر، کە لە بنەڕەتدا هەوڵن بۆ وێناکردنی کۆمەڵگا و سیستمی سیاسیی بەختەوەر، لەپاڵ ئەمانەشدا دەیان نووسەر و فەیلەسوفی تری وەک (تۆماس پین) و (هۆبز) و (جۆن لۆک) و (ماکیاڤیلی) و (جۆرج ئۆروێل).. تاد، کە هەریەکەیان لەمەڕ شێوازی فەرمانڕەوایی و ستەمکاری و مەسەلەی ئازادی و شکۆی کۆمەڵگا و مرۆڤ بۆچوونی جیاوازیان خستووەتە ڕوو.

ئەگەرچی بابەتی جەنگ، بابەتێکی سەربەخۆ نەبوو لە تێڕامانی فەلسەفیدا و هەمیشە هاوتا و لە بازنەی شکۆمەندیی کۆمەڵدا ناو دەهێنرا، بۆیە دەتوانین بڵێین "جەنگ" هەتا دوای دروستبوونی "زانستی سیاسی" وەک بابەتێکی سەربەخۆ دەرنەکەوت.

بۆ بەدبەختی، سێبەری بیرکردنەوە لە "جەنگ" بەردەوام لە گۆشەی ئاشتییەوە تەماشاکراوە، واتە "جەنگ" وەکو بەدیهێنەری ئاشتی دانراوە و هەوڵی بۆ دراوە و چەسپێنراوە. (الترکي، ٢٠١٥، ١٥٠)، بۆیە زۆرجار پەنابردن بۆ جەنگ، بە بیانووی چەسپاندنی ئاشتی و مژدەی ئارامیی دوای جەنگ، بانگەشەی بۆ کراوە.

سوقرات دەیویست لە ڕۆحی مرۆڤایەتیدا بە شوێن بنەماکانی زانین و هۆشیاری و بەختەوەری و یاسادا بگەڕێت، هەموو هەوڵەکانی سوقرات لەوپێناوەدا خرابوونەگەڕ، چونکە ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە هەموو مرۆڤێک هەڵگری توانا و لێوەشاوەییە، تەنها دەشێت بە یارمەتیدانێکی ئاسان مرۆڤ لە جەوهەری خۆیدا ئەو گەوهەرە ڕاستییانە ئاشکرابکات و بیاندۆزێتەوە و دواجاریش لێیان بەهرەمەند ببێت.

لەپاڵ ئەوەشدا سوقرات زانست و زانیاری وەکو بنەمای فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی سیاسی دانابوو، بۆیە سوقرات پێیوابوو کە پاشا و فەرمانڕەوایانی وڵات دەشێت پیاوانی ژیر و بیرمەند بن و سەرچاوەی ژیرییەکەشیان لە قووڵایی ئاگاییانەوە بەدەستهێنابێت و بنەماکەشی خواستی چاکەکاری بێت، ئەگەر نا، دەستەڵات لە دارمان و وێرانکاریدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەفلاتونیش لە سەردەمێکدا دەژیا، کە ئەسینا ناوەندی کەلتووری یۆنان بوو لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە لەگەڵ گەورەترین قەیرانەکاندا بەرەوڕووبوو.

فەلسەفەی ئەفلاتون لە بنەڕەتدا وەک چارەسەرێک و وەڵامدانەوەیەکە دەرهەق بەو قەیرانانەی، کە تێکشکانی ئەسینا لەلایەن سپارتاوە و لەسێدارەدانی سوقرات و دارمانی دیموکراسی و دابەزینی بواری ئەخلاقی و گەشەکردنی تاکخوازی، لە دیارترین سەرچاوەکانی ئەو قەیرانانە بوون.

فەلسەفەی ئەفلاتون درێژەپێدەری هەمان فەلسەفەی سوقرات بوو، کە مەعریفە و دەسەڵات، واتە سپاردنی دەسەڵات بە کەسانێک، کە زۆرترین فەزیلەت و مەعریفەی سیاسییان هەیە، دەتوانن کۆمەڵگە بەرەو بەختەوەری ڕێنوێنی بکەن. (پولادی، ٢٠١٩، ٥٣-٦٤)، بەڵام ئەوەی ئەفلاتون دەستی بۆ برد ڕەخنەگرتنی جدیی شێوە دیموکراسییەکەی ئەسینایی و شێوازی دیکتاتۆرانەی ئەسپارتەیی بوو، لەم دوانەدا هەوڵیدەدا ڕێگای سێهەم بدۆزێتەوە، چونکە گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە لە هەر یەکێک لەو شێوازانەدا خەوش هەیە و پێویستە بیر لە ڕێگایەکی شیاوتری فەرمانڕەوایی بکرێتەوە، کە وەڵامدەرەوەی پێداویستی و خواستەکانی کۆمەڵێکی شکۆمەندی مرۆڤی بێت.

بیروباوەڕی سیاسیی ئۆگەستینیش، بەشێکی نوێ لە ڕەوتی بیروباوەڕی سیاسییە، خاڵی پەیوەندیی نێوان بۆچوونی یۆنانیی کۆن و بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاستە، بیروباوەڕی ئۆگەستین سەرەڕای ئەوەی شتێکی نوێیە لە ڕەوتی بیروباوەڕی مرۆڤایەتیدا، بەڵام بیروباوەڕێک نییە لەپڕ سەریهەڵدابێت، زۆربەی توخمە سەرەکییەکانی بیروباوەڕی ئەگۆستن درێژەپێدەری بیروباوەڕەکانی ئەفلاتون بوون (پولادی، ٢٠١٩، ١٥٢)، بەڵام بە جۆرێک کە لەگەڵ حوکمی ئەو سەردەمی کڵێسادا بگونجایە، بە مانایەکی تر، تێگەیشتنی سیاسیی ئۆگەستین لە دوو سەرچاوەی سەرەکی و لاوەکییەوە ئاوی دەخواردەوە، سەرەکییەکەیان ئینجیل و لاوەکییەکەیان فەلسەفەی

کلاسیکی یۆنان- بە تایبەتی ئەفلاتون، بوو، بەڵام لەو دۆخەشدا ئۆگەستین پێیوابوو، کە (دەوڵەت هاوسەنگیی ناوخۆیی لە دادپەروەریدا بەرجەستەدەکات و هاوسەنگییە دەرەکییەکەشی لە ئاشتیدا بەرجەستەدەبێت) (الترکي، ٢٠١٥، ١٣٢)

ئۆگەستین دەربارەی شەڕوشۆڕ و جەنگ و ڕووخانی ئیمپڕاتۆرییەکان دەڵێت: "هەموو شتێک پەیڕەوی ویستی خودایە و یاساکانی جیهانیش لە بەرنامەی خوادا جێگای خۆیان هەیە، ئەمەش ئەو تێگەیشتنە دینییەیە، کە هەمیشە هۆکارەکانی جەنگ و ماڵوێرانی لە شکستێکی سیاسی و مرۆییەوە دەبات بەرەو چارەنووس و خواستی ئیلاهی"، هەر لەسەر ئەم نەزمە دەڵێت "سەرهەڵدان و داڕمانی دەسەڵاتەکان و ئیمپڕاتۆرییەکان ئەگەر لە لایەکەوە پەیڕەوی لە هۆکاری سروشتی دەکات، لەلایەکی ترەوە بەستراوەتەوە بە یاسایەک، کە خودا لە زاتی ئەودا دایناوە" (پولادی، ٢٠١٩، ب١/ ل ١٦٤). کەواتە لەمەوە دەردەکەوێت کە دید و ئایدیای پیاوانی ئایینی کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر هەڵگیرساندنی شەڕ و کاولکارییەکان.

## جەنگ و ئایینە ئاسمانییەکان:

پەیامە ئاسمانییەکان هەر چەشنێک بن، مرۆڤ چەق و تەوەر و بزوێنەر و وێناکەرن، بە ویست و لێکدانەوەیان لە بازنەی بەرژەوەندییەکانیاندا دەرناچن، ئەمەش جیاوازیی فیقهی و مەزهەبی لە پێناسەیەکی لێکترازانی جیاوازدا بەرهەم دێنێت.

ئایینەکان پەیامی خودایین و بنەماکانیان بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکان یەکدەگرنەوە و هاوکێشەیەکی ڕۆحی لە نێوان ئاکارە دروست و نادروستەکانی کۆمەڵگادا لە بەهایەکی پڕمانا و پیرۆزیدا دەخەنە ڕوو.

لە هەر سەردەمێکی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شێوە و فۆرمی تایبەت بە خۆی وەرگرتووە، بەڵام لە لایەنی شێوە و ڕوخسار زیاتر ئایین ڕاستینەیەکە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دۆخی زیهنی، یادگا و هزری مرۆڤ و کۆمەڵگاکەیەوە هەیە، ڕاستەوخۆ بەشێکی گرنگی کەلتووری کۆمەڵگاکەمان پێکدەهێنێت، بە تایبەتییش لایەنی ڕۆحی و ویژدانیی مرۆڤ پابەند دەکات و گرێبەستێکی ڕۆحیی نێوان مرۆڤ و پەیامە پیرۆزەکەیەتی.

خۆرهەڵاتی ناوین بە گشتی و هیلالی زێرین و میزۆپۆتامیا بە تایبەتی، شوێنگەی دەرکەوتنی زۆربەی ئایینەکانن، بە تایبەتی ئەو ئایینانەی بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبوونەتەوە و تا ڕۆژی ئەمڕۆمان کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە. بە تایبەتی هەر سێ ئایینە "ئیبراهیمی"ەکە، کە "ئاسمانین" و بۆ سێ پەیامبەر هاتوونەتەخوارەوە (ئۆجەلان، بلا تاریخ، ٤-٥)

هەموو ئایینێک هەڵگری پەیامی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییە و گرنگیدانە بە چاکسازییە هەمەلایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لێرەوە بانگەواز و بانگهێشت دەبنە چەقی گفتوگۆ و تێڕامان، پەیامی ئاشتییش لە چوارچێوەی مەزنی و پیرۆزیی مرۆڤەکان دەرناچێت و ئاشتی و ڕێزگرتن دەبنە جەوهەری پەیامەکان.

**یەکەم/ جوو:**

جوولەکە هەر وەک زۆربەی گەلانی دی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گەلی هەڵبژێراوی خودان. جوولەکە و شوێنکەوتووانی "موسا" (س. خ)، خۆیان بە گەلی چاک و هەڵبژێردراوی خودا دەزانن، خۆیان بە چاکترین نەتەوە دەزانن، (الزحيلي، آثار الحرب في الفقه الإسلامي بلا تاريخ، ٣٤)، ئەمەش لە تەوراتدا ئەرک و پەیامێکی پیرۆزی لە دووتوێی خۆیدا خۆی حەشارداوە.

ئەگەر بێت و سەیری جوولەکە، یاخود یەهودی بکەین و لێکۆڵینەوە دەربارەی بابەتی "جەنگ" بکەین، دەبینین هیچ ئایینێک وەکو ئەم ئایینە جەنگی کاولکاری و ستەمکاری و وێرانکاریی نەکردووە و فرمانی پێنەکراوە. ئەمەش لەبەرئەوە نییە، کە ئەم ئایینە توندوتیژترین و شەڕانگێزترینە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە یەکێکە لە دێرینترین ئایینەکان و زۆرترین ماوەی هەژموون و فەرمانڕەوایی تۆمارکردووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە تایبەتی لە قۆناغێکی مێژوویی وەهادا، کە دەوڵەت تەنها بریتی بووە لە زەبروزەنگ و سەپاندنی دەسەڵات.

لە پەیمانی کۆنی تەوراتدا هاتووە و دەڵێت: "بدەن بەسەر ئەو شارەدا و بە شمشێر هەموو خەڵکەکەی بکوژن و زیندەوەران و ئاژەڵەکانیشیان بکوژن، هەرچییان لە کەلوپەل و شتومەک هەیە کۆیبکەنەوە لە ناوەڕاستی شارەکەدا و بە شارەکەوە بیسوتێنن، بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خوداکەتان. " (عوكر و الفغالي، ٢٠٠٧، ٣١١)

هەروەها لە بەشی بیستەمدا دەڵێت: "ئەگەر چوونە سەر شارێک بۆ جەنگ، هەموو نێرینەکان بکوژن، هەرچی ئافرەت و مناڵ و ئاژەڵ هەیە، دەستکەوتی جەنگەکەتانە، چێژ لەو بەخششە خواییە وەربگرن، پێویستە ئەمە بەسەر هەموو ئەو شارانەدا جێبەجێبکەن، کە دوورن لێتانەوە. " (عوكر و الفغالي، ٢٠٠٧، ٣٢١). بەم شێوەیە، دەردەکەوێت ئایین ڕۆڵی هەیە لە هەڵگیرساندنی جەنگدا.

**دووەم/ مەسیحی:**

مەسیحییەکان خۆیان بەوە دەناسرێن، کە بانگەشە بۆ لێبوردەیی و خۆشەویستی دەکەن و ئەم وتەیەی "یەسوع" (س. خ) دەڵێنەوە: "هەرکەس زلەیەکی لە ڕوومەتی ڕاستت دا، ئەوا ڕوومەتی چەپیشت بهێنە پێشەوە. " (المقدس، ١٩٨٤، ئینجیلی "متی"، اصحاحی "٥"، بەشی ٣٩، ١٤٣٩)

یاخود دەڵێت: "نزیکەکانت خۆشبوێت و ڕقت لە دوژمنەکان بێت، بەڵام من پێتاندەڵێم دوژمنەکانتان خۆشبوێت و نەفرەتیان لێمەکەن، چاکەکار بن لەگەڵیان. " (المقدس، ١٩٨٤، ئینجیلی "متی"، اصحاحی "٥"، بەشی "٤٣" ل ١٤٣٩)

"عیسا" (س. خ) دەفەرموێت: "خۆشبەختان ئەوانەن، کە بەزەیی دەنوێنن." (المقدس، ١٩٨٤، ئینجیلی "متی"، اصحاحی "٥" بەشی "٧" ل ١٤٣٧)

دەفەرموێ: "بیستوتانە لە پێشینان کە وتویانە: مەکوژن، ئەوەی بکوژ بێت لە بەردەم دادگای دادپەروەردا دادگایی دەکرێت، بەڵام من پێتاندەڵێم: ڕق لە براکەتان هەڵمەگرن، ئەوەی ڕق بەرامبەر کەسێک هەڵبگرێت و ڕقی لێی بێت، لەبەردەم دادگای دادپەروەردا دادگایی دەکرێت و سزا دەدرێت. " (المقدس، ١٩٨٤، ئینجیلی"متی" اصحاحی "٥" بەشی "٢١-٢٢" ل ١٤٣٨)

دەفەرموێ: "بیستوتانە کە پێشینان وتویانە: چاو لە مافی چاودا دەردەهێنرێت و ددان لە مافی ددانیدا دەشکێنرێت، بەڵام من پێتاندەڵێم: درێژە بە خراپەکاری مەدەن، هەرکەس زلەیەکی لە ڕوومەتت دا، ڕوومەتەکەی تریشی بخەرە بەردەست. " (المقدس، ١٩٨٤، ئینجیلی "متی"، اصحاحی "٥"، بەشی "٢١-٢٢" ل ١٤٣٨)

لێرەوە بنەمای گشتیی ئایینەکان ئاشتی و بانگەشە بووە لە سەرەتادا و لە قۆناغی دواتردا هێز و جەنگ دوو فاکتی سەرەکیی سەپاندنی ئایینەکان بوون.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەرچۆن "عیسا"(س. خ) بانگەشەی بۆ ئاشتی و ئارامی و ئاسایش کردووە، بە هەمانشێوە بانگەشەی بۆ جیهاد و جەنگ کردووە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و جیاکردنەوەی باوەڕدار لە بێباوەڕان. (الزحيلي، آثار الحرب في الفقه الإسلامي بلا تاريخ، ٣٧).

**سێیەم/ ئیسلام:**

سەرەتا و پێش باسکردنی جەنگ لە ئایینی ئیسلامدا، چەند ئایەتێک و واتاکانیان دەهێنین، کە لە سەرچاوەی یەکەمی ئایینی ئیسلامدا هاتوون (قورئان)، دەربارەی جەنگ دەفەرموێت:

له قورئاندا هاتووه: (فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ) (سورەتی ئەنفال (ئایەتی ٥٧) واتە: ئەگەر لە جەنگدا بەسەریاندا زاڵبوویت، وایان لێبکە با ئەوانەی لە پشتیانەوەن، پەرتوبڵاوببن و پەند و عیبرەت وەربگرن، بەشکو بیربکەنەوە و دەست لە خیانەت هەڵبگرن. (یۆ. محمود، ٢٠٠٩، ٣٨٥)

له قورئاندا هاتووه: (فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّىٰ إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّىٰ تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ۚ ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ ۗ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ) (سورەتی محمد (ئایەتی ٤)) واتە: کاتێک گەیشتن بە بێباوەڕەکان، لە جەنگدا، لە گەردنیان بدەن، بجەنگن تا کاتێک لاوازیان دەکەن بە کوشتارلێکردنێکی زۆر و شکاندنیان، ئینجا ئەوانەی کە ماون دیلیان بکەن و بیانبەستنەوە، ئینجا دواتر دەتوانن یان بە خۆڕایی و منەتباری ئازادیانبکەن، یان بڕە پارەیەکیان لێبسەنن و ئازادیانبکەن، هەتا ئەو کاتەی جەنگ تەواودەبێت. (یۆ. محمود، ٢٠٠٩، ٩٧٩)

لەگەڵ ئەمەشدا، ئایینی ئیسلام هەر ئایینی جەنگ و داگیرکاری نییە، بەڵکو بە دیوەکەی تریدا ئاشتییە، هەروەها کوشتن و شەڕ دواقۆناغە، هەروەکو لە قورئاندا هاتووە: (وَإِن جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) (سورەتی ئەنفال (ئایەتی ٦١))، واتە: ئەگەر دوژمنانی دینی خوا مەیلی ئاشتەوایی و ئاگربەسیان کرد و ملیان ڕاکێشا بۆی، تۆیش ئەی پێغەمبەر! دەتوانی قبوڵی بکەیت و وەڵامیان بدەیتەوە، بە مەرجێ بەرژەوەندیی و سەروەری و سەربەرزیی موسڵمانانی تێدا بپارێزرێ، هەر بە خواش پشت ببەستە، چونکە تەنها خۆیەتی بیسندە، زانا و ئاگادارە بە هەموو شتێک. (یۆ. محمود، ٢٠٠٩، ٣٨٦).

وشەی "جیهاد" لە زمانەوانیی عەرەبیدا بە واتای "هەوڵ و تێکۆشان" دێت (مصطفى، وآخرون بلا تاريخ، ب١/ل١٤٣). بەڵام لە ئیسلامدا بەمشێوەیە پێناسە کراوە: هەوڵ و تێکۆشانە لە جەنگی دژ بە بێباوەڕاندا (العسقلاني، ١٩٥٨، ب٦/ل٣)

جیهاد هەوڵ و کۆششە لە جەنگ و کوشتاری بێباوەڕاندا، یاخود بەرگریکردنە لە خاکی موسڵمانان بە جەنگ، یاخود بە سەروەت و سامان، یاخود بە زمان (الزحيلي، ٢٠٠٧، ب٦/ل ٥٦٤٣)

لە ئایینی ئیسلامدا بنەماکانی جیهاد و شەڕ لەپێناوی خودادا بە ڕوونی بەرچاوە و جەنگ و جیهاد دواقۆناغە کە پەنای دەبرێتە بەر لە کاتێکدا کە هیچ پاساوێکت بۆ ئەنجامدانی جیهاد نامێنێت.

## دووەم/ داگیرکاری:

وشەی (ئیستیعمار) بە تایبەتی بۆ شاڵاوی داگیرکاریی ئەوروپییەکان لە سەروەختی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام تێرمی ئیستیعمار هەڵگری ئەوەیە، کە گوایا وڵاتانی

داگیرکاریی ئەوروپی بۆ بیناکردنەوەی وڵاتانی داگیرکراو هاتوون، کە ئەمەش زۆرتر بۆ پەردەپۆشکردنی سیاسییانەی شاڵاوە داگیرکارییەکانیان بووە.

یەکێک لە پێناسەکان، داگیرکردن بە داگیرکردنی وڵاتێک پێناسەدەکات، کە لەلایەن وڵاتێکی ترەوە، یاخود داگیرکردنی خەڵکانی ناوچەیەکە بۆ ناوچەیەکی تر، بە مەبەستی زەوتکردن و بردنی سامان و هێزی ناوچەکە بۆ خۆیان و لایەنی داگیرکەر (مصطفى وآخرون، بەبێ مێژوو، ب٢/ ل ٦٤٧)، واتە لە ناواخنی هەر نیازێکی داگیرکاریدا، زەوتکردن و تاڵانکاری ئامادەیە، وشەی تاڵان یان زەوتکردن لە جەوهەردا مەبەست لێی کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایەی داگیرکارە.

هەندێک کەس ئەم دیاردەیە وەک دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتی لێکدەدەنەوە، واتا پاساوی ئەوەی بۆ دەهێننەوە، کە کۆمەڵی مرۆیی بە فیترەت هەبوویەکی داگیرکارە. "کۆڵۆنیالیزم یاخود "داگیرکاری" پێویستییەکە لە پێویستییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئاواتەخوازییەکی سروشتییە لەنێو نەوەکاندا بۆ کۆچکردن و پەلهاویشتن بۆ ئاسۆیەکی دوور". (زوزو، ٢٠٠٩، ٢٠))

لە حەقیقەتدا داگیرکاری لە پاش سەرهەڵدانی موڵکیەتی تایبەتییەوە پەیدادەبێت و بەرلەوە بوونی نەبووە، کەوابێت داگیرکاری لێکەوتەی چاوچنۆکیی ئابووری و موڵکیەتی خاسەیە، نەک دۆخێکی فیتری و سروشتی لە مرۆڤدا.

کۆڵۆنیالیزم سەرباری ئەوەی خۆی وەک ئەنجامە، بەڵام ئەنجامی نوێتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، وەک دەستخستنی هێزی مرۆیی و ئابووری و پێگەی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی.

ئەم پێناسەیە هەموو جۆرەکانی داگیرکاری لەخۆدەگرێت، بە کۆن و تازەوە، پێویستمان بە شیکردنەوەی واتاکەی هەیە بەمشێوەیە:

– ئەنجام، یاخود کۆمەڵە ئەنجامێکە: وەک ئاماژەمانپێدا، داگیرکاری ئامانجە، وەلێ نەک ئەنجامێکی فیتری و سروشتی، بەڵکو پاش دۆزینەوەی کشتوکاڵ و موڵکیەتی خاسە دەرکەوت، کە لە ئەنجامی هەڵپەی ئابووری و دەسەڵاتداری دەستی بۆ برا، بێگومان بە جۆرێکە کە دەکرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بێت، کە ئەم شێوەیە لە مێژوودا زۆر دووبارەبووەتەوە، یاخود بە کڕینی ناوچە و زەویی وڵاتێک بێت لەلایەن وڵاتێکی ترەوە، بۆ نموونە ئەمریکا ناوچەی "ئەلاسکا"ی لە ڕوسیا کڕییەوە، یاخود بە ڕازیبوونی وڵاتی داگیرکراو بەو داگیرکارییە لەسەر خاکەکەی لە بەرامبەر کارێکدا، وەکو داگیرکاریی بەریتانیا بۆ سەر دوورگەی قوبرص، کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا بوو، بە ڕازیبوونی ئیمپڕاتۆریەتەکە لە بەرامبەر چەند خزمەتگوزارییەکی تایبەتدا.

– چەسپاندنی دەسەڵات و هێز: واتا پێویست ناکات هەموو داگیرکارییەک بە هێز و کرداری چەکداری بکرێت، بەڵکو بە چەسپاندنی دەسەڵات و سیاسەتی لایەنی داگیرکەر بەسەر خاک و ناوچەیەکدا ڕوودەدات، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٩ سیاسەت و دەسەڵاتی ئیتاڵیا لەسەر ئەلبانیا هەبوو، کاریگەریی سیاسەتەکانی لەسەر ناوچەکان لە هەموو ڕوویەکەوە بەدەرکەوتبوو، هەربۆیە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ئەو وڵاتە داگیربکات لە هەموو ڕوویەکەوە، یاخود وەکو ئەو هەژموونەی کە ئێران و ئەمەریکا لە عێراقدا دەیگێڕن، بەڵکو ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەمڕۆی جیهاندا پەیڕەوی دەکات، کە هەندێک نووسەر و بیریار بە (امرکە) بە ئەمەریکاییکردن ناویدەبەن.

– کۆمەڵە کەسێکی ڕێکخراو واتە دەکرێت داگیرکاری لە ڕێگەی ڕێکخراوێک، یاخود کۆمپانیایەکەوە بکرێت و ئەنجامیشی هەبێت، (بۆ نموونە داگیرکاریی "ڕێکخراوی داعش" بۆ سەر وڵاتانی سوریا و عێراق)، یاخود لە ڕێگەی کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان، کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەڕۆن و خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتانە فەراهەمدەکەن، لە بەرامبەر زەوی و خاکدا (د. محمد ١٩٥٧، ٣٧-٤٠).

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لینین و کاوتسکی و نووسەرانی تریش مانایەکی نوێیان بە "ئیمپریالیزم"بەخشی، ئەویش لەڕێی بەستنی بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی سەرمایەدارییەوە (لومبا، ٢٠٠٨، ٢٣). واتە "ئیمپریالیزم" لە دوای پەرەسەندنی سەرمایەی وڵاتێکەوە کاریگەرییەکانی دەکشێت بەرەو ناوچەکانی دەوروبەر. بە مانایەکی تر، مارکسییەکان پێیانوابوو دیاردەی ئیمپریالیستی دیاردەیەکی گرێدراوە بە چاوچنۆکیی کاپیتالیزمەوە و هەبوویەکە لە دەرهاویشتەکانی سەرمایداریدا دێتەدی، بەڵام "کۆڵۆنیالیزم" بە گوێرەی ئەم واتایە تەنها پەلهاویشتنی هێزە ئەوروپییە جیاوازەکان لە ئاسیا، یان ئەفریقا، یان هەردوو ئەمەریکاکەدا لە سەرەتای سەدەی شازدەیەم بۆ سەرەوە نییە، چونکە "کۆڵۆنیالیزم"، یاخود "داگیرکاری" سیمایەکی دووبارە و بەربڵاوبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا لەسەدەی دووەمی زاینی لە ئەرمینیاوە بۆ ئۆقیانووسی ئەتڵەسی کشا، مەغۆلەکان لەسەدەی سیازدەهەم لەژێر حوکمی جەنگیزخاندا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چینیان داگیرکرد.

پاشان ئیمپڕاتۆریەتی ئەزتیک لەسەدەی پازدەیەم تا شازدەیەم دامەزرا، ئەویش کاتێک گروپێکی نەژادی، کە لە دۆڵی مەکسیک نیشتەجێ بوون، هەندێک گروپی تری کردە کۆیلە، دانیشتوانی ئەزتک لەناوچە داگیرکراوەکان باجیان دەردەکرد لەبەرامبەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، وەک ئەوەی ئیمپڕاتۆریەتی ئەنکا کردی، کە گەورەترین دەوڵەت بوو لە هەردوو ئەمریکاکەدا لە قۆناغی پێش پیشەسازی.

لە سەدەی پازدەیەمیشدا هەندێک مەملەکەت لە باشوری هیند ملکەچی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی فیجاینجار و عوسمانی بوون کە وەک ئیمارەتێکی ئیسلامی لاوەکی لە خۆرئاوای تورکیا دەستیپێکرد و بۆ هەموو ناوچەکانی ئاسیای بچووک و بەلقان پەلیهاویشت، لەسەدەی هەژدەمیشدا هێشتا لە دەریای ناوەڕاستەوە بۆ ئۆقیانووسی ئەتڵەسی پەلیدەهاویشت بۆ ناوەڕاستی ئەورووپا و ڤییەنا.

داگیرکاری و پاوانخوازی، دوو دەستەواژەی نامۆ نین بە کەسایەتیی کوردی، لە پێش زاین و پاش زاین و جیهانی نوێشدا، قسەکردن لەسەر پاوانخوازی و نووسین لەسەر پاوانخوازی، بەبێ قسەکردن لەسەر کورد دروست نییە و لە لێکۆڵینەوەکەشماندا پارێکمان تەرخانکردووە بەو بابەتەوە و بە درێژی باسمان لێوە کردووە.

**پاری دووەم/ ڕەهەندەکانی جەنگ و داگیرکاری لە مێژوودا:**

١. ڕەهەندی ڕامیاری:

هەموو جەنگەکان هەڵگیرساوی ئامانجە سیاسییەکانن و مۆتیڤێکی شاراوە لە پشت سیناریۆکانیانەوە خۆی حەشارداوە.

کاتێک فەڕەنسییە جووتیار و شۆڕشگێڕەکان توانییان ڕژێمی پاشایەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بڕووخێنن، توانییان کۆمارێکی دیموکرات دابمەزرێنن، ئەویش کاتێک پاشایەتییەکەیان تووشی نشوست و کورتیی کردبووەوە، کاتێک خاوەن زەوییەکانیان لاواز کردبوو، ئەمەش بەهۆی شێوازێکی شۆڕشگێڕانەوە، کە سیاسەتی چینی شۆڕشگێڕ بوو، تەنانەت توانی بونیادەکانی ئۆتۆکراتیەت و تزاری و ئیمپڕیالی و نیمچە فیودالیی ئەوروپی بلەرزێنێت، هەروەها بەردەوامێتیی خۆلێلانەدەرەکەی سیاسەتی چینی شۆڕشگێڕی سەرکەوتوو لە فەڕەنسا ئەو جەنگە بوو کە هەموو نەتەوە پاشایەتییەکانی ئەوروپای ناچارکرد بچنە ناو هاوپەیمانیەتییەکەوە و جەنگی دژە شۆڕش هەڵگیرسێنن (لینین، ٢٠١٩، ٤٩-٥٠).

کەواتە جەنگەکان دانەبڕاون لە سیستەمە سیاسییەکان، کە هەڵگیرسێنەری جەنگەکانن.

٢. ڕەهەندی ئابووری:

بیروباوەڕی گشتی لەوەدا کۆکە کە فاکتەرە ئابورییەکان هۆکاری بنەڕەتیی تێکڕای جەنگەکانن، تەنانەت هەندێک لەو بیروڕایانە زۆربەی هۆیەکانی هەڵگیرساندنی جەنگ بە شتی ڕواڵەتی و فریودەر دەزانن.

زاراوەی ئابووری لەبەر واتای بەربڵاوی، لە ڕاستیدا تۆوی گومان دەنێژێت، ئەم زاراوەیە بۆچوونی جۆراوجۆر و تەنانەت دژ بە یەک لەخۆدەگرێ، بۆ نموونە:

ئەو جەنگانەی بە هۆی نەداری و برسێتی، یان لەسەر تێری و دەستڕۆشتوویی، یان ئیرەیی و چاوتێرنەبوونی ئیمپریالیستییەوەن.

بێگومان هەموو جەنگەکان بێ لەبەرچاوگرتنی هۆیەکانیان دەبنەهۆی شێواویی ئابووری و ئاکامی ئابوورییان لێدەبێتەوە، کە بە تێپەڕبوونی کات سەرهەڵدەدا، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە کە بە تایبەت لای هێرشبەر، جەنگ ڕیشەی ئابووریی هەیە، هێزی جوڵاندنی سوپا و خستنەگەڕی لە بابەتە پەیوەستەکانی ئابوورییە.

جەنگی کۆمەڵە سەرەتاییە ئابوورییەکان، کە خەسڵەتێکی داخراویان هەبووە، تەنها ئامانجێک کە لەپێناویدا جەنگیون، بەدەستهێنانی پاشەکەوتە خۆراکییەکان بووە.

دوو جۆرە هاوسەنگیی ئابووری دەتوانرێت خوڵقێنەری شەڕ بێت: یەکەم نەبوون، دووەم زۆربوون.

جەنگی "تریاک"ی نێوان ئینگلیز و چین، بە یەکێک لەو جەنگانە ئەژمار دەکرێت کە ئامانجی ئابووریی لە پشتەوە بوو، هەڵقوڵاوی تێرکردنی خواستە ئابوورییەکانی بەریتانیا بوو.

ئامانجی زۆرینەی جەنگەکان دەگەڕێنەوە سەر بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات و سەرەنجام خواستە ئابوورییەکان بزوێنەری ڕیشەیی ئەو جەنگانەن.

دەوڵەتەکان کاتێک دەبنە هێزی بەرهەمهێنی زەبەلاح، ئەوا خواستی جەنگ و ئەگەرەکانی داگیرکاری دەبنە مەترسیی چاوچنۆکی بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو و چاویان دەبڕنە سەر ئەو وڵاتانەی خاوەن کانزا جۆراوجۆرەکانن.

دەتوانین بڵێین ئەو کاتەی، کە جەنگی دووەمی جیهانی دەستیپێکرد، ئەڵمانیا زلهێزترین و بەهێزترین و دەوڵەمەنترین دەوڵەتی ئەورووپی بوو، لە کاتێکدا کە ویست و خواستی زیاتر، جەنگی کردە دەستپێکی بەدەستهێنانی خواستەکانی.

لە جەنگە داگیرکارییەکانیشدا، دەوڵەتە ئەورووپییەکان لەوپەڕی دەوڵەمەندیدا بوون. ئارامیی زلهێزەکان و زیادبوونی خواست لەسەر کاڵاکان و چاوچنۆکی و داگیرکاریی وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند دەبنە ئامانجی سەرەکی و دەبنە مۆتەکەی سەرسنگی وڵاتانی داگیرکراو، ئەمانە هەموو بەهایەک ژێر پێ دەنێن و چاوچنۆکی و تێربوونی خواستەکانیان لە وتەیەکی ماکیاڤیلیدا دەبینینەوە کە دەڵێت هۆکارەکان پاساوی ئامانجەکانن. کاتێک وڵاتە داگیرکارەکان هێرشیانکردە سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵات، تووشی سەرلێشێواوی و نسکۆ هاتن، ئەفریقا بە هەمانشێوە لە دۆخی هەژاریدا مابووەوە، کە ئەورووپییەکان هێرشیان بۆ کرد، ڕۆمیش لەوپەڕی توانای ماڵی خۆیدا بوو، کە وڵاتی "ڕنانی" و "داسی" داگیرکرد، ئەم ڕاستییە تەنها سیاسەتی کێبڕکێی ئابووریی نێوان دەوڵەتەکان پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەوەی کە لایەنی ئابووری و سەرمایەداری هەڵگیرسێنەری جەنگە، بە هەمانشێوە بۆ لایەنی هێرشکەر و بەرگریکار لەناوچوونی ئابوورییە، چونکە جەنگ کە لە قۆناغی هێرشکردن تێپەڕی پێویستی بە چارەسەرکردن و تەرخانکردنی بودجە هەیە، کاتێک جەنگ هەڵدەگیرسێت پێویستی بە جۆرێک لە سەرمایەدانان هەیە، دەبێت چەک دابینبکرێت، دەبێت سوپایەک ئامادەبکرێت بە هەموو

پێداویستییەکانی جەنگەوە، دەبێت خواردن و خواردنەوە بۆ سەربازەکان و کەلوپەلی مانەوە و ڕۆشتن دابینبکرێت، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خۆی لە تانک و تۆپ و تەیارە و سەیارەدا دەبینێتەوە، زۆربەی وڵاتانی جیهان گەورەترین بودجە بۆ لایەنی سەربازی تەرخان دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوپێشیدەبەن، کە ئەمەش گلدانەوەیەکی گەورەی سەرمایە و ئابووریی ئەو وڵاتەیە، کە کاریگەریی گەورەی لەسەر پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان دەبێت (گاستۆن، ٢٠٠٥، ٣١-٣٩)

ئاکامەکانی جەنگ،ماڵوێرانی و کاولکارین و دەبێتە هۆکاری سەرەکیی داڕمانی ژێرخانی ئابووری و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەڵاوسانی ئابووری.

جەنگ سەرباری ئەوەی بە هۆکاری ئابوورییەوە بەستراوە، گەشەسەندنەکەشی بە شێوازی نوێی ئابوورییەوە بەستراوە.

٣. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:

نەهامەتییەکانی جەنگ ڕاستەوخۆ بە ڕووبەری تەواوی چینەکانی کۆمەڵگادا درێژ دەبنەوە، بە جۆرێک دوور بن لە بەها کۆمەڵایەتییەکان و پیرۆزییەکان لەناو بچن و کاریگەرییشی لەسەر لایەنی دەروونی لە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵدا حاشاهەڵنەگرە، نموونەی جەنگی عێراق-ئێران، عێراق-کوێت، ڕووسیا-ئۆکراین.

لە هەر شەڕێکدا ئاکامی جەنگەکان بارگرانی و نەهامەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شێواندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی جێ دەهێڵێت.

ئێمە لەم باسەدا تیشکدەخەینە سەر کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر کۆمەڵگە، ئەگەر تەماشابکەین هەموو جەنگەکان بەپێی گەورەیی و بچووکیی جەنگەکە، قوربانی و کوژراوی لە هەردوو لایەن خستووەتەوە و کاولکاری و ماڵوێرانیی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆ نموونە:

جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لەساڵی ١٩٨٠دا زیاتر لە یەک ملیۆن سەرباز و هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی، کە ئەمە گەورەترین کاریگەریی جەنگە لەسەر کۆمەڵگە. (واشنطن، ٢٠٢٠، (https://www. alhurra. com

هەروەها لە هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ عێراق و ڕووخاندنی حکومەتی بەعس بوو بە هۆکاری کوژرانی سەدان هەزار هاوڵاتیی سڤیلی عێراقیی بێتاوان و کوژران و برینداربوونی هەزاران سەربازی عێراقی و ئەمریکی و وێرانبوونی چەندین شار و لادێ و ناوچەی نیشتەجێبوون. (bbc، ٢٠١١، (/https://www.bbc.com

ئەمە بەربژێرێکە لە دەرئەنجام و کاریگەریی جەنگەکان، کە دەتوانین بە ئاسانی بیانبینین و دەرکیپێبکەین، خۆ ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە و مێژووی هەموو جەنگەکانی سەر ڕووی زەوی بخوێنینەوە، دەبینین بە هەزاران ئەوەندەی خەڵکی سەر ڕووی زەوی، کوژراو و قوربانیی جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی مرۆڤایەتیمان هەیە.

ئەم جەنگانە کە هۆکاری کوژران و مردن و قوربانی وماڵوێرانی بوون، بە هەمانشێوە هۆکارن بۆ لایەنی دەروونیی مرۆڤە زیندوەکان و چەندین کاریگەریی نەرێنی لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، کە بە چەندین ساڵ و نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێتەوە.

٤. ڕەهەندی دەروونی:

جەنگ کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان، یەکێکی تر لەو کاریگەرییانە، کاریگەریی دەروونییە لەسەر مرۆڤ و دەروونی مرۆڤ، بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، هەر لە بڵاوبوونەوەی پەتا و داڕوخانی ئابووری و پیسبوونی هەوا و سەرچاوەی ئاوی. لە سەدەی حەڤدەیەمدا ڕاڤەی دەروونی هاتە ئاراوە، پاش سەرهەڵدانی، بوو بە ڕاڤەی بەشێک لە دەقە ئەدەبییەکان.

جەنگ، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، بەدەستهێنانی ئاکامی سیاسییە بە شێوازێکی تر، ڕوونە کە لێکەوتەکانی جەنگ جگە لە ماڵوێرانی و دەربەدەری و کاولکاری... هتد، زیانەکانی پەلدەهاوێژن بۆ شێواندنی بار و گەشەکردنی منداڵ و دەربەدەریی هاوڵاتیانی سڤیل و لەدەستدانی چەندین ڕۆح کە لە بەرەکانی شەڕدا وەک سەرباز دەبنە قوربانی و سووتەمەنیی هەر جەنگێک.

منداڵ زیاتر کاریگەریی جەنگی لەسەرە، لەبەر ئەوەی بە قۆناغێکی هەستیاریشدا تێدەپەڕێت، کاریگەرییەکان لەسەر دەروونی درێژخایەن دەبن و دەروونیان تێکدەدات، بە تایبەتی ئەو منداڵانەی کە لەناو جەنگدا گەورەدەبن و چاکە و خراپە لە ڕوانگەی منداڵییانەوە تێکەڵدەبێت و کاردەکاتە سەر مێشکیان و هەڵسوکەوتی دوژمنکارییان لێدەوەشێتەوە.

هاووڵاتیانی سڤیلیش کە لە ناوچەی جەنگیدا دەژین، هەڕەشە لەسەر ژیانیان دروست دەبێت، بۆیە پەنا دەبەن بۆ کۆچکردن بۆ ناوچەکانی تر. ئەمەش جارێکی تر کاریگەریی جەنگ لەسەر دەروونیان دەردەکەوێت، لەوانە، تێکەڵنەبوون و نەبوونی متمانە و ترسی بەردەوام و هەستنەکردن بە ئارامی.

ئەو سەربازانەش کە خۆیان ئەزموونی جەنگ دەکەن و لە بەرەکانی جەنگدان، جەنگ ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروونیان دادەنێت، بۆیە دوای تەواوبوونی جەنگ ئەوان لە باری نائارامی و ترسدا دەژین و هەرگیز ناتوانن وەک کەسانی ئاسایی بژین، ئەمە جیا لەوەی کە دەبنە کێشە بۆ

خێزانەکانیان، کە کەس نییە پاڵپشتییان بکات. ئەم بارودۆخانەش جیابوونەوە و دوورکەوتنەوەی ئەندامانی خێزانی لێدەکەوێتەوە.

## بەشی دووەم/ جەنگ و داگیرکاریی پەیوەست بە دونیای ئەدەبەوە

### پاری یەکەم/ پەیوەندیی نێوان جەنگ و داگیرکاری و ئەدەب:

یەکەم: کاریگەریی مێژوو لەسەر ئەدەبیات

دووەم: کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەدەبیات

سێیەم: کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەفراندنی ڕۆمان

### پاری دووەم/ جەنگ و داگیرکاری بە نموونەی ئەدەبیاتی جیهانەوە

١. جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی ئەوروپیدا
٢. جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی عەرەبیدا
٣. جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی فارسیدا
٤. جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی کوردیدا

### پاری سێیەم/ جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە دونیای ڕۆمانەوە

١. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە ناونیشانەوە
٢. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە کارەکتەرەوە
٣. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە شوێن و کاتەوە
٤. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە گێڕانەوەوە
٥. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە وەسفەوە

## پاری یەکەم: پەیوەندیی نێوان جەنگ و داگیرکاری و ئەدەب:

### یەکەم: کاریگەریی مێژوو لەسەر ئەدەبیات:

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە جەنگ و کارەساتە جەنگییەکان، بەو پێیەی ئەدەبیش بەشێکە لە بونیاتی گشتیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەدەر نییە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی جەنگ و ئاکامە کاولکارییەکانی. لێرەوە ئەرکی ئەدەب نیشاندانی واقیعی جەنگ و دەرئەنجام و ئاکامەکانیەتی، کە دەتوانێت لە مێژوویەکی زیاتردا ببێتە ئاوێنەیەکی دروستی نیشاندانی ڕاستییەکان، هەر ئەمەش لە شاکارەکانی هۆمیرۆسدا (ئەلیادە و ئۆدیسە) بەدی دەکەین.

مێژووی مرۆڤ پڕە لە جەنگ، کەواتە پێکهاتەی بەشێک لە ڕابردووی مرۆڤ، کارەسات و شەڕ و شۆڕ و جەنگەکانە، کە نووسەر ئەو ڕابردووە بە نووسینی دەقێکی ئەدەبی دێنێتەوەیاد و لە تیکستێکی ئەدەبیدا ئاشنای دەکاتەوە بە خوێنەران، ئەدەبیش وەک بەشێک لە زمان، ڕووداوی مێژوو کەرەستەی جەنگی لەڕووداوەکانی ڕابردوو و سەرگوزەشتە و حیکایەتەوە وەرگرتووە و جاریکی تر دایڕشتوونەتەوە، بۆئەوەی کاریگەریی مێژوو لەسەر ئەدەب بخەینەڕوو، پێویستە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و زمان هەروەها ئەدەب بە یادەوەری و ڕووداو و ئەوەی تایبەتە بە بەسەرهاتە مێژووییەکانەوە پیشانیبدەین...

کەواتە ئەدەب بە هەموو شێوەکانی، چ پەخشان، چ هۆنراوە، یان چیرۆک، گوزارشتن لە هەست و سۆزی خودی نووسەرەکەی دەکات، یان ئاوێنەی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە تێیدا سەرهەڵدەدات و خۆشی و ناخۆشی و بیروبۆچوون و پێداویستییەکانیان دەخاتەڕوو، یان بەرپەرچدەرەوەی ئەو واقعە بووە کە تێدا ژیاوە.

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەدەب و مێژوودا هەیە. نووسەران هەوڵیانداوە لە ڕابردوودا سوود لە کەرەستە مێژووییەکان وەرگرن و تێکستی ئەدەبی لێ بخولقێنن و شیکردنەوە و ڕاڤە و وردبینیی خۆیانی تێکەڵبکەن، هەڵبەت ئەگەر چاوێک بە ئەدەبیاتدا بخشێنین، دەبینین بەشێکی زۆری ئەدەبیات لە ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکانەوە وەرگیراون و بەرهەم و کاری ئەدەبی جوانی لێ بەرهەمهێنراوە.

بێ جیاوازی لە ئەدەبیاتی هەموو میللەتان بە تایبەت لە ئەدەبی کلاسیکیدا، گەلیک گێڕانەوە هەن پڕن لە کارەسات و ڕووداوی مێژوویی، کە دەقەکانیان دەماودەم لەناو میللەتانی دونیادا وتراوەتەوە و لاساییان کراوەتەوە، کە ئەمانە کرۆکی بابەتەکانیان لە ڕووداوی واقعی کۆمەڵگاکان وەرگیراون و بەرگی ئەدەبی بە باڵایاندا پۆشراوە، کە چێژی بە خوێنەرانی گەیاندووە.

مێژوو هەمیشە ئەرکی تۆمارکردنی ڕووداوەکان بووە، پاشانیش هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی ئەو ڕووداو و کارەساتە مێژووییانە، بەڵام ئەدەب بە شێوازێکی جیاوازتر کاردەکات، نووسەر کاتێک کرۆکی بابەتەکەی لە مێژوو وەردەگرێت، ئەوا ئەو ڕووداوە ڕاستەقینە ئاوێتەی خەیاڵ و هزر و ئەندێشەی خۆی دەکات، ئەوەش لەبەرئەوەی چێژی تایبەت بە گێڕانەوەکان و خەیاڵەکان ببەخشێت.

جیاوازی لە نێوان مێژوو و ئەدەبدا هەیە، هەروەها لە نێوان ئەدیب و مێژوونووسدا، مێژوونووس لەسەر ئەو ڕووداوانە دەنووسێت و گفتوگۆدەکات، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، گفتوگۆ و شیکردنەوەش هەر لە سنوور و چوارچێوەی مێژوو و ڕووداوەکە دەرناچن، بەڵام نووسەرانی بابەتی ئەدەب ئەگەر کەرەستەکەش ڕووداوی واقیعیی ناو کۆمەڵگاکەش بێت، هەر ئەوەندە دەستی بە نووسین کرد، ئەوا توخمی خەیاڵ بەسەر دەقە ئەدەبییەکەدا زاڵدەبێت، کەواتە دەقی ئەدەبی زادەی بیر و هەست و سۆز و خەیاڵە، کە پانتایی دەقەکە داگیردەکات.

ڕۆمانی مێژوویی، ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداو و ڕاستییە مێژووییەکانە و پاراستنی ئەو فەرهەنگ و کەلتوور و کەلەپوورانەیە، کە لەناوچوون، کە لە باوباپیرانەوە بۆ نەوەکان ماونەتەوە، هەڵبەت پاراستنی ئەو مێژووە کەوتووەتە سەر شانی ڕۆشنیران و نووسەران، کە ئەو ڕاستیانە دەگوازنەوە بۆ ناو دەقە ئەدەبییەکانیان، خەمخۆرانی ئەم بوارە ئەم کارەیان بە گرنگ داناوە، چونکە پەیوەندی بە پاشخانی ڕۆشنبیری و کەلتووری گەلانەوە هەیە کە لە دوای خۆیان بۆ نەوەکانیان جێدەمێنێت.

دکتۆر حەمە مەنتک لە ئارکیۆلۆژیای ڕۆمانی کوردیدا دەڵێت: (ئاشکرایە مێژوو بریتییە لە باسکردن و خستنەڕووی ڕاستییە مێژووییەکان، بۆیەش کاتێک ئەو ڕاستییە مێژووییانە بۆ کارێکی ئەدەبی وەکو کەرەستەی خاو سوودی لێ وەردەگریت، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەگەزی مێژوویی بۆ ڕەگەزی ئەدەبی دەگۆڕدرێت، پاراستنی ئەو ڕاستییە مێژووییانە ئەرکی ڕۆماننووسە، وەکو "لۆکاش" لە کتێبی "ڕۆمانی مێژووییدا" دەڵێت: ڕۆمان دەبێت مێژوو بپارێزێت، هاوکات کارەکتەر بخولقێنێت، تیمەکەیشی خەیاڵی بێت). (مەنتک، ٢٠٢١، ٢٨٧-٢٩٦)

ئاشکرایە کاری ئەدەب و مێژوو پێکەوە گرێدراون، لە کوێ مێژوو تەواو بێت ئەدەب دەست بە کاری خۆی دەکات، ئەدەب و مێژوو سەرچاوەی یەک ڕووبارن کە چەند مەوداکانیان دوور بێت لە کۆتایدا هەر یەکدەگرنەوە، مێژوو هەوڵئەدات بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێ و تۆماریانبکات، بەڵام ئەدەب پشت بە خەیاڵ دەبەستێت و کاری هەژاندن و چێژبەخشینە، بە تایبەت ڕۆمان، چونکە ئەم ڕەگەزە زیاتر لە هەموو ڕەگەزەکانی تر لە واقعی ژیانی کۆمەڵگاکانەوە نزیکە.

عەتا قەرەداخی لە "گەڕان لە نێوان واقع و خەیاڵدا" دەڵێت: "مێژووی ڕۆمانی مێژوویی تا ئەندازەیەک دوور و درێژە و هاوشانە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆماندا وەکو ژانرێکی ئەدەبی، دیارە

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی بە گشتی بە ئەدەبی قۆناغی شار یان ئەدەبی کۆمەڵگەی شار دادەنرێت". (قەرەداغی، ٢٠١٧، ٤٣٩-٤٤٠)

هەر لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگا و شارەکان توخمێکی نوێی ئەدەبی سەریهەڵدا، ئەویش توخمی ڕۆمانە، کە بە ئەدەبی قۆناغی شار دادەنرێت و هاوشانە لەگەڵ ڕۆمانی مێژووییدا، کە زیاتر پشت بە ڕاستییە مێژووییەکان دەبەستێت.

سەرەتای ڕۆمانی مێژوویی بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە لە ئەورووپا، لەسەر دەستی واڵتەر سکۆت پەیدابوو. دواتر ژمارەیەک لە نووسەران شوێنپێی ئەویان هەڵگرت.

ڕۆمانی "Aaverley " لە ساڵی "١٨١٤" بە یەکەم ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێت، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ماوەیەکی مێژوویی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شرۆڤە بکات، ئەم ڕۆمانە بەرەگەزە داستانی و مێژووییە سەر شاربووەکەی بە خەیاڵ دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ڕۆمانی مێژوویی لە ئەوروپا و جیهان بە گشتی بەردەوام گەشە دەکات، هەرچەندە ئامانجی نووسینی ئەم جۆرەی ڕۆمان دەگۆڕدرێت، ڕۆمانی مێژوویی لەپێناو کێشە نوێیەکانی مرۆڤ دەنووسرێن، کێشەکانی تاک لە ناو کۆمەڵدا، بۆ نموونە ڕۆمانی "دیواری لیشبۆنە" لە نووسینی ژۆزێ ساراماگۆ لە ساڵی ١٩٨٩دا "مەسیح ئینجیل" دەگێڕێتەوە، لە نووسینی "گابرێل گارسیا مارکیز" لە ساڵی "١٩٩٢"دا ڕۆمانی "کۆشکی گورگەکان" لە نووسینی "هیلای مانتڵ" لە ساڵی "٢٠٠٩"دا و زۆری دیکە.

نابێت ڕۆمانی جەنگ و ئاشتی "لیۆ تۆڵستۆ"ش نادیدە بگرین کە ڕووداوەکانی جەنگی داگیرکەرانەی فەرەنسییەکان دەگێڕێتەوە لە وڵاتەکەیدا (ڕووسیا)، کە بە یەکێک لە هەرە شاکارە ئەدەبییەکان دادەنرێت دەربارەی مێژوو و جەنگ و داگیرکاری.

هەروەها زۆربەی ڕۆمانی کوردی دەچنە خانەی جۆری ڕۆمانی مێژووییەوە، بە تایبەت ڕۆمانی ڕۆماننووسانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتیی مێژوویی هەستیاری دەوێت، چونکە ڕۆماننووس نابێت مێژوومان بۆ بگێڕێتەوە، کەم ڕۆمانمان هەیە سوودیان لە مێژوو وەکو کەرەستەی خاو وەرنەگرتبێت، لە یەکەم ڕۆمانی کوردییەوە ئەگەر تەماشا بکەین، مێژوو ئامادەیی هەیە، هەر لە "شڤانێ کورد"ی "عەرەب شەمۆ" و نۆڤلێتی "لە خەوما"ی "جەمیل سایبەوە" تا ڕۆمانەکانی "جان دۆست". (مەنتک، ٢٠٢١، ٢٨٧-٢٩٦).

ئەوە ڕوونە، کە گەلی کورد لەسەر خاکەکەی بە درێژایی مێژوو بێ ئەوەی بستێ خاکی دراوسێیەکی داگیرکربێت، هەمیشە یەکێک بووە لەو گەلانەی کە زۆرترین هێرش و دەستی

داگیرکاری بۆ درێژکراوە، هەڵبەت هەر کاتێکیش زوڵم و ستەم دەرکەوتبێت، ئەوا کۆمەڵێک بزووتنەوە و چینی ڕۆشنبیر دەردکەوتوون، کە بە نووسینەکانیان هەم دژی ئەو ستەمە وەستاون، هەمیش پارێزگاری و بەرگری لە خۆیان بە نووسین و ئەدەبەکەیان کردووە..

کەواتە ئەدەب و مێژوو دوو بابەتی پەیوەست و پێکەوە گرێدراون و ڕابردوو و ڕووداوە مێژووییەکان کەرەستەیەکی سەرەکی ڕۆمانن، بە تایبەت ڕۆمانی مێژووی، ئەم توخمەی ئەدەب واتە ڕۆمانی مێژوویی لەبیرکراوەکان لە ڕابردوودا دێننەوەیاد و دەیانخزێننەوە ناو دەقە ئەدەبییەکان و جارێکی تر بە خوێنەرانیان ئاشنا دەکانەوە، هەمیشە لە فەوتان ئەو هەموو ڕووداو و بەسەرهاتانە دەپارێزرێن، کە بەشێکن لە ڕابردوو و مێژووی گەلانی دونیا بێ جیاوازی، ئەوەتا بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی ناوەڕۆکی دەقەکانیان کەرەستەی مێژوون و گەلێک کارەسات و جەنگ و ڕووداوی واقعی ناو کۆمەڵگایان گوێزاوەتەوە ناو ئەدەب کە لە بەشەکانی دواتردا بە وردی دەیانخەینە ڕوو هەروەها لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین.

### دووەم: **کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەدەبیات:**

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەدەبیاتی جەنگ، جەنگ یەکێک بووە لە تێما هەرە سەرەکییەکانی ناو ئەو بوارە، کە بە شێوەیەکی باو و ئاشکرا ڕەنگدانەوەی هەبووە لە ناو باس و کرۆکی ئەدەبیاتدا لە لای هەموو گەلانی دونیا، بەو هۆکارەی کە جەنگ هەڵگیرسێنەری پشێوی و ئاژاوەیە و دەبێتە هۆکار بۆ لەدەستدانی ماڵ و مرۆڤ. نەهامەتییەکان فرەلایەن و ناخهەژێنن، لێرەوە ئەدەب ئاوێنە و جەوهەری ڕووداوەکان لە خۆیدا بەرجەستە دەکات.

جەنگ و داگیرکاری، هەروەکو چۆن کاریگەریی نەرێنییان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە و هەبووە، بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر بیر و هۆش و بیرکردنەوە و مەعریفەش هەیە، کاتێک نووسەرێک یان ئەدیبێک دەقێک بەرهەم دەهێنێت، ئەوا بێگومان دەبێتە مێژوویەکی ڕەهەندئامێز، کە تەواوی ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە دووتوێکانیدا هەڵدەگرێت؛ هەر بۆیە جەنگ لە ڕوانگەیەکەوە وەکو "ئامێرێکی گەورەی هاڕین" دێتەبەرچاو، کە هەر شتێک لە مرۆڤ و دار و درەخت ڕووبەڕووی بێتەوە دەیهاڕێت، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بهێڵێتەوە.

بەم جۆرە جەنگ ئامێری هاڕینی سۆز و ویژدان و بەها ڕەوشتی و سروشتییەکان و سەرگەردانی و کاولکاری لە ئاکامەکانیەتی.

جەنگ و داگیرکارییەکانی مێژوو کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان هەبووە، قوتابخانەی "دادا" یاخود "دادائیزم" زادەی ئەو نائومێدی و پەشێوی و پەرێشانی و ئاژاوەیە بوو کە لە ئەنجامی وێرانکاری و مرۆڤ کوژی و بێدادی یەکەم جەنگی جیهانییەوە سەریهەڵدا و

دروستبوو، زمانحاڵی کەسانێکە کە ئومێدیان بە جێگیری و بەردەوامیی هیچ کارێک نییە و هیچ شتێک لە ژیاندا بە پایەدار و شکۆدار ناژمێرن، مەبەستی پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە جۆرە یاخی بوونێکە دژی هونەر و ئەخلاق و کۆمەڵ. هەر وەک دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە پەرتوکی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا دەڵێت: "ئەم گروپە هەموو پێوەرێکی ئایدۆلۆژی و ئیستاتیکی و سەردەمی خۆیان ڕەفز کردەوە و دەیانویست بێ هودەیی و بێ واتایی و ناماقوڵێتی سەردەمە پرچەنگەکان دەربڕن. " (پیرباڵ، ٢٠٠٤، ٣١٥).

لە گەرمەی جەنگدا نەوەیەک دەرکەوتن، کە هەر لە گەڵ پێگەیشتنیان هەر زوو لە ناو خێزان و خوێندنگاکانەوە بێ ویستی خۆیان ڕاست ڕاپێچی بەرەکانی جەنگ کران، جگە لەو دیمەنە ترسناک و تۆقێنەرە کە چوارساڵی ڕەبەق بەرۆکی بەرنەدان ئەوان تەنها ئەو دیوە دزێو و ترسناکەیان دەبینی، کە پڕ بوو لە زەبر و زەنگ و بارودۆخێکی تۆقێنەر کە مرۆڤ لە سەردەمی ئەو دوو جەنگە مەترسیدارە پێیەوە دەیانناڵاند، هیچ شتێکی دیکەیان نەدەبینی و مامەڵەیان لەگەڵ هیچی دیدا نەدەکرد.

ئەم حاڵەتە جۆرە تەقینەوەیی و نائاگایی ئەوتۆی گرتبووە خۆ دەبینرا چارەنووسێکی تاریک لەبەردەم ئەدەبیاتی ئەوروپادایە، ئەو پشێویە فیکری و ڕەشبینی و هەستی تۆڵەسێنی و پەرێشانییە ڕۆحییە یاخیگەرییەی بەسەر هەموو قوتابخانە و شێوازە ئەدەبییەکانی ڕابردوودا زاڵکردبوو، وەچەی لاوانی بەرەو ئاژاوە و سەرگەردانی و بێ سەروبەری لە ئەدەبیاتدا برد، ئەمە بوویە هەوێنی لەدایک بوونی ڕێباز و قوتابخانەی "دادا"، کە لە یۆلیۆی ساڵی "١٩١٦" یەکەم بەیاننامەی بزووتنەوەکە بڵاوکرایەوە و بە خێرایی بە ئەوروپادا گەشەیکرد و هونەرمەندان و ئەدیبانی لە دەور کۆبووەوە.

هەروەها لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕەوت و ڕێباز و ئامانجە تازەکانی شیعر زۆر لێکدی جیاواز بوون و وا دەهاتە بەرچاو کە هەر شاعیرێک بە ڕێگایەکی تازەدا دەڕوات، گەلێک لە شارەزایان پێیانوابوو کە جیهانی شیعر پاش هەرەسی قوتابخانەکان کەوتۆتە ناو گێژەنگی ئاژاوە و هەرایەکی بێ سەمەر و بێ ئامانجەوە، هەڵبەتە مایەی سەرسوڕمانە، کە لە پڕێکدا و لە ساڵی "١٩٢٢"دا قوتابخانەیەکی تازە بە هەموو تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەکانی دیکەوە، واتە بە مژدەدەران و پێشڕەوان و دامەزرێنەران و بەیاننامەوە دێتە مەیدان و ناوی "سوریالیزم" لە خۆدەگرێت.

ئەم قوتابخانەیە لە کاتێکدا سەریهەڵدا و تەشەنەیکرد کە قوتابخانەکانی دیکە دووچاری شکست بوو بوون، بۆیە ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ قوتابخانەی ناوبراو، کار گەیشتە ئەوەی کە فەرەنسای لانکەی "سوریالیزم" لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی "١٩٤٥" چاوێک بە ڕابردووی شیعری خۆیدا بخشێنێتەوە و ئامار و هەڵسەنگاندنی پێویست لەو بارەیەوە ڕێکبخات، ئەنجام دەرکەوت، کە هەر لە "دە" شاعیری هاوچەرخ "نۆ"یان سەر بە قوتابخانەی "سوریالیزم" بوون. (حسەینی، ٢٠١٨، ٢٢٣- ٢٣٤).

لەبەر ئەم کاریگەرییە گەورانەی جەنگ و داگیرکاری ئەدەب و ئەدەبیاتی ناوچەکانی جەنگ، یاخود ناوچە داگیرکراوەکان پەلیانهاویشتووە بۆ دەربڕینی هەست و نەست و ناخ و بیرۆکە و ئازارەکانیان بە نووسین، یاخود بەرگیری کردن لە خۆیان و خاک و نیشتیمانیان بە دەقە ئەدەبییەکان، هەربۆیە ئەدەبیاتێک لەم ڕوانگەیەوە پەیدا بووە پێیدەوترێت ئەدەبیاتی بەرگری، ئەدەبی بەرگریی کۆی ئاوات و خولیا و ویست و داخوازیی نەتەوەیەکە، کە باس لە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکا. ئەو ئەدەبە هەندێک جار تووڕە و بێڕەزایە، هەندێک جاریش تراژیدییەکی قووڵە و جار جاریش وەک هەوری پاییزی دەگرمێنێ و ترس و سام دەخاتە دڵی نەیارانییەوە، ئێمە بە درێژایی مێژوو ئاگاداری بەرخۆدانی نەتەوە ژێردەستەکانی هەموو جیهانین بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە ئەدەبی بەرگریی مەجارستان لە سەردەمی داگیرکەرەکانی ئۆتریش، ئەدەبی بەرگریی یۆنانییەکان لە سەردەمی کۆیلەداری و داگیرکاری تورکەکاندا، ئەدەبی بەرگریی فەڕانسە لە سەردەمی شەڕی جیهانیی دووهەم لە بەرامبەر نازییەکانی ئاڵمان، ئەدەبی بەرگریی ئیتالیا لە سەردەمی ڕێنێسانسدا، ئیسکاتلەندییەکان و ئیرلەندییەکان لە پاش ڕێنێسانس، ڕووسەکان لە سەر و بەندی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧، لە ئێستاشدا دەتوانین ئاماژە بە کوردستان بکەین، کە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەدەبی بەرگریی بە تایبەتی لە بواری شیعر، بەردەوام بە گژ داگیرکەرەکاندا دێنەوە و ڕەنگە زۆر لە هێزە چەکدارەکانییان کاریگەرتر بووبێتن. لە وەها قۆناغێک، کە وڵاتێک تێیدا ژیان بەسەردەبا، ئەدەبی بەرگری بەدیدێت و کاریگەرترین زەفەر بە نەیاران و داگیرکەران دەبات. (کوردستان، ٢٠١٥، ئینتەرنێت).

کەواتە ئەدەبی بەرگری جگە لەوەی جەنگ و ئاکامەکانی بە لاوە پەسەند نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکە لە ڕاستیی نەتەوەیی، بەشێکە لە شێوازی بەرگریی نەتەوەیی. گەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بخشێنین، لە ئەدەبی زارەکی تا دەگاتە ئەدەبی نووسراو، دەبینین پڕە لەو جۆرە ڕاز و هاوارەی، کە نووسەران دەقەکانیان پێ ڕازاندووەتەوە بۆ مەبەستی بەرگری و پاراستنی مێژوو و ئەدەبەکەیان، هەمیش بۆ دەربڕینی ئەو ئازار و زیانەی، کە جەنگ پێیگەیاندوون لە ماوەی ئەو دوو جەنگە گەورەیەی جیهاندا، ترس و تۆقین و هەژاری و برسێتی بەرۆکی خەڵکی بەرنەدا، کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هەست و سۆزی مرۆڤەکان جێهێشتووە، بۆیە دەبینین هەوڵیانداوە بە ڕێگایەک گوزارشت لەو ترس بارە دەروونییە خراپە بکەن، کە بووەتە مایەی نائومێدکردنیان، لەم ڕێگەیەوە هەم گوزارشتیان لە دەرد و نەهامەتییەکانی خەڵک کرد هەم بەم ئەدەبە بەرگریان لە بوون و مانەوەی خۆیان کردووە، کە ئەمە جۆرێک بوو لە ئەدەبی بەرگری، کە لە زۆربەی ئەدەبیاتی گەلانی دونیادا بەدیدەکرێت، چ لە ئەدەبی هۆنراوە یا ئەدەبی پەخشان کە ئەوانیش چیرۆک و ڕۆمان و گێڕانەوە و... دەگرێتەوە.

بەشی هەرە زۆری ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە بەرەنگاربوونەوەی بندەستیی نەتەوایەتی و داگیرکراویی خاک و بەکۆلۆنیاکردن و دابەشکردنی نیشتمانەکەمانە، بەشێکی بەرچاویشی هاندانی مرۆڤی کوردە بۆ لای هێماکانی شارستانیەتی و پێشکەوتنی فەرهەنگی و زانستی و پیشەسازیی ڕۆژاوای دنیا، وەکو پیشەسازیی چاپ، سیستەمی خوێندن، دروستکردنی قوتابخانە، دەرکردنی ڕۆژنامە و دادپەروەری، ئازادی، ماف، ئەرک، یەکسانیی ژن و پیاو و... تاد.

سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ

ڕۆزنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان

بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبتوڕەبتی میللەت

دەینێرنە ئورووپا گەورە و بچووکی خۆیان (کۆیی، ٢٠١١، ٩٤)

______________

لە غوڕابی خەوێ دای، دوژمنت بێدارە کوردە گیان!

هەڵستە لەم خەوە ئیمڕۆکە جەنگەی کارە کوردە گیان (موکریانی، ٢٠٠٨، ٤١٨).

هەڵبەت نووسەر پەیامەکەی ڕوونە کە دەیەوێت بڵێت سەردەم سەردەمی ڕۆژنامە و گۆڤارە، چونکە لەسەردەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دەرکەوتنی چاپ وچاپەمەنی ئیدی لەوێوە ڕەگەزە نوێیەکانی تری ئەدەب دەرکەوتن، هەر وەک ڕۆمان و چیرۆک، کە ئاوێنەی ئەو کۆمەڵگا نوێیانە بوون کە تێیدا خولقان و بوونە دەربڕی ئەو بارودۆخ و ئازار و مەینەتی وێرانکارییەی، کە شەڕوشۆڕ هینابونییە ئاراوە.

هەرچەندە بابەت و گوتارگەلی فەرهەنگی لە هەموو سەردەمێکدا بە شێوەیەکی جیاواز بەدیاردەکەون، بەڵام ئەدەبی بەرگریی ئێمە زنجیرەیەکی تێکئاڵاو و نەپساوەیە و تەنانەت زۆر بە کەمی بواری ئەوەی بۆ ڕەخساوە، کە گوتاری خۆی بگۆڕێت.

بەشێک لە توێژەرانی بواری ئەدەبیات لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەدەبیاتی بەرگری، لە سەردەمێکدا بە گوێرەی بارودۆخی ڕۆژگار دەڕمێ، بەڵام بەدوای گۆڕانی بارودۆخەکەدا (سەقامگریی سیاسی و کۆمەڵایەتی) ناچالاک دەبێت و لە گۆڕەپانی ئەدەب کلا دەکرێت، ئەم بۆچوونە وەک "حوکمێکی گشتی" ڕاست نییە، بەڵام لە لایەنی پێویستیی گۆڕانی گوتار و شێوازی دەربڕین بە گوێرەی پێداویستیی کات و شوێن جێی لێوردبوونەوەیە، یەکەم لەبەرئەوەی کە لە مێژووی ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی دنیادا هیچ سەردەمێک نییە کە بەرەنگاربوونەوەی کەم و کوڕییەکان و شکاوی بێت و لە شیعر و وتە و

واتای نووسەران و شاعیرانی ئەو نەتەوەیەوە نەدوێت، ئەوپەڕەکەی بە گوێرەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زاڵ، شێوەی دەرکەوتنی ئەدەبیاتی بەرگری گۆڕانی بەسەردا دێت و خۆی بۆ گەیاندنی دۆخ و گوتاری کۆمەڵگە دەگونجێنێت، هەرچۆنێک بێت ئەدەبیاتی بەرگری هەر هەبووە، جا لە فۆرمی شیعر، شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان و هەر ژانرێکدا، هەبوونی خۆی نیشان داوە، دووەمیش لەبەرئەوەی بە تایبەتی ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە، کە دەربڕی ئەو ڕەنج و ستەمەیە کەوا بە درێژایی مێژوو بەسەر نەتەوەکەمان هاتووە و خاکی نیشتمانەکەمان پارچە پارچە کراوە، بەردەوام سەکۆی نواندنی لێکدژەکان بووە، مەرگ لە بەرامبەر ژیاندا، ئازادی و سەربەستی لە بەرامبەر ژێردەستیدا، ستەملێکراو لە بەرامبەر ستەمکاردا و ...تاد.

خۆ "ڕەنج و ستەم"، "مەرگ و ژیان" و "ئازادی و بندەستی" کۆمەڵێک بابەت و واتای سەردەمی نین، ئەوەندە نەبێت کە لەوانەیە لە هەندێک قۆناغدا ڕوونتر بن، بۆیە ئەدەبیاتی بەرگری، وەک سەکۆی نواندنی لێکدژەکان هەرگیز ناچالاک نابێت.

لە ڕاستیدا دیاریکردنی جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی بەرگری چەندی ئاسان دەنوێنێت هێندە و پتریش دژوارە، چونکە لە لایەکەوە دەزانین چییە، لە لایەکی دیکەشەوە بەستێنی گوتارییەکەی زۆر بەربڵاوە، تەنانەت لە ڕوانگەیەکەوە کە هونەر و ئەدەبیات بە جۆرە بەرەنگارییەک لە بەرامبەر کەموکوڕیی ڕاستەقینە و سرووشتدا دانراوە، سەرانسەری ئەدەبیات دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی بەرگری و بەرەنگارییەوە، هونەری ئەدەبیات تەنیا نیشاندانەوەی سرووشت نییە، بگرە جۆرێک ڕاسانە لە بەرامبەر ڕاستەقینەی هەیی و هەڵوەشاندنەوەی و دووبارە ئەفراندنەوەی ڕاستییەکی بزر، ئەم ئەفراندنەوەیە لە بەکارهێنانی تەواوی کەرەستەکان و پێداویستییەکانی زمان دەکرێت، واتا گوتاری ئەدەبی کۆمەڵێک توخمی جیاوازی سیستەمی زمان دەخاتە خزمەت خۆیەوە و چۆنایەتییەکی تایبەتییان پێ دەبەخشێت، ئەو چۆنایەتییانەی کە لە گوتاری ئەدەبیدا بە زمان و توخمەکانی دەدرێن، لە زمان و کردەوەکانی زمان دەکەونەوە و واتا بە دەق دەبەخشن.

**لە ئەدەبیاتی کوردیدا**

لە پاش شەڕی چاڵدێران (٢٣ی ئەگۆستی ١٥١٤) و دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا، کۆمەڵێک میرنشینی کورد لە کوردستانی بندەستی عوسمانییەکاندا دامەزران، کە سەرباری ناکۆکیی ناوخۆیان و دنەدانی عوسمانییەکان بۆ بەردەوامیی ئەو ناکۆکییانە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی لە سێبەری ئەو میرنشینانەدا بەدیارکەوت و گەشەی کرد و شاعیرانی وەکو مەلای باتێ، مەلایێ جزیری، عەلی هەریری، و فەقێ تەیران، و ئەحمەدی خانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییان خولقاند. بەرهەمە گەورەکەی ئەحمەدی خانی، داستانی "مەم و زین" و شیعرەکانی فەقێ تەیران و ... هەر لەو بەرەبەیانەی دەقی کوردییەوە وەک ئەدەبی

بەرگریی کوردی بۆ بوژاندنەوەی ناسنامەی کوردی هاواریانکرد، دواتر لە سەدەی ١٨ی زایینیدا پاش ئەوەی کەریم خانی زەند، دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئێرانی بەدەستەوەگرت، لەو بەشەی کوردستانیش ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی سەریهەڵدا و شانامەنووسانی وەکو ئەڵماس خانی کەنوولەیی و شاعیری داستاننووسی وەکو خانای قوبادی و ... تاد، گەشەیانکرد و لە بەرهەمی ئەوانیشدا ئەدەبی کوردی بانگ بۆ زیندووڕاگرتنی هەویەتی کوردی دەدات:

راســەن مواچان فارســـــی شـــەکەرەن

کوردی جە فارسی بەل شــیرینتــەرەن

پەی چێش نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش

مەحزووزەن هەرکەس بە زوبان وێش

ڕاستە دەڵێن زمانی فارسی شەکرە، بەڵام کوردی لە فارسی شیرینترە، چونکە لە دەورانی ئەم دنیا هیچ و پوچەدا هەرکەس بە زمانی خۆی شاد و بەختیارە. (قوبادی، ٢٠١٦، ٢٩-٣٠)

دواتر لە سەردەمی میرانی ئەردەڵان و باباندا ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی زیاتر گەشەیکرد و "تەبعی شەککەرباری" شاعیری کورد "نالی" ئیمتحانی خۆی دەکرد و هەست و دەربەستی بوژاندنەوەی زمان و فەرهەنگ و داستان و ئەفسانەی کوردی بەرەنگاری دەیان سەدە بێدەنگیی ئەدەبیات و زمانی کوردی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان بووەوە، تا لە کۆماری کوردستاندا بەرگ و فۆرم و زمانێکی نوێی بە بەردا کرد و تا ئێستاش ئەو ئەدەبیاتە هەر بەردەوامە لە گەشە و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی کۆلۆنیالیستی.... (ئەحمەدی، ٢٠٢١، https://jineftin.krd/).

ئەگەر بشزانین دوای شەڕی چاڵدێران فارس و تورکەکان هەریەک بە دیدێک لە واقیعی کوردستانیان ئەڕوانی، ئەوە بوو فارسەکان هەر زوو ئیمارەتی ئەردەڵانیان لەناوبرد و هەرچی تورکەکانە، شێوازێکی تری سیاسییان بەرامبەر بە میرنشینە کوردەکان گرتەبەر و بگرە بەشێک بوون لە بەهێزکردنی ئیمارەتەکان. ئەمە بە مەبەستی سوودوەرگرتنە لەو ئیمارەتانە لە دەمێکی تایبەتدا. کاتێکیش ڕۆڵی ئیمارەتەکان ئامانجەکانی عوسمانییەکانی تێرکرد، ئەوانیش وەک فارسەکان خەونی دەسەڵاتی ئیمارەتە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لەناوبرد.

## سێیەم: کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئەفراندنی ڕۆمان:

ڕۆمان هونەرێکە لە هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبی، ڕۆمان تەنها چیرۆکێک نییە بگێڕدرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵە ڕووداوێک نییە، کە دەکرێت ڕوویاندابێت یاخود گریمانەی ڕاستیان هەیە، کارەکتەر و کەسایەتی نییە بە تەنها کە ڕووداوەکان لە چوارچێوەی ئەم کارەکتەرانەدا بخولێتەوە، بەڵکو کارێکی هونەرییە، کە لە ڕێگەی گێڕەرەوە دەگێڕدرێتەوە، و چەندین ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جێژ و پەروەردەیی و... تاد لەخۆدەگرێت.

بەوپێیەی کە ڕۆمان ڕەگەزێکی نوێی ئەدەبییە و زیاتر لە ژیانی واقعی مرۆڤەوە نزیکە و دەربڕی چۆنییەتی ژیان و گوزەرانی ئەوانە، کەواتە ئەکرێ پێناسەکەی "ڕێنیە وێلک" و "ئۆستن وارن" بۆ ڕۆمان پێناسەیەکی لەبار و گونجاو بێت کاتێک دەڵێن: "ڕۆمان دیمەنێکە لە بارەی ژیانی واقعی و داب و نەریتی خەڵک و ئەو سەردەمەی لە بارەیەوە دەنووسرێت." (مەنتک، ٢٠٢١، ٣٩).

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە چەند ڕۆمان ئەندێشە و خەیاڵی نووسەر بەسەریدا زاڵبێت، سەرباری ئەمەش، ڕۆمان هەر ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە، کە زیاتر لە هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تر، نزیک بێت لە ئازار و دەردەسەرییەکانی خەڵک، بە تایبەت ئەو جۆرە ڕۆمانانەی کە تایبەتن بە جەنگ و داگیرکاری و کارەساتە مرۆییەکان.

جەنگ و پرۆسەی داگیرکاری یەک لەدوای یەکەکان بە تەنها بە مێژووەوە نەلکاون، بەڵکو خۆیان خزاندووەتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکان، کە ڕۆماننووسان تیایدا ڕاستییەکانیان شانبەشانی خەیاڵ و ئەندێشە گەیشتوون و ئامانجیشیان ئاشکراکردن و دژایەتیکردنی تاڵی و نەهامەتی و ناشیرینیی جەنگەکانە، چونکە جەنگ مرۆڤایەتی پەلکێشدەکات بۆ جەنگی دۆڕاوی یەک لەدوای یەک، کە جگە لە کاولکاری هیچ لێکەوتەیەکی دیکەی نییە، بۆیە "لۆکاش" دەڵێت: ڕۆمان گێڕانەوەی پەخشانێکی خەیاڵییە یان حەکایەتێکی درێژە، کە تیایدا خستنەڕووی کەسێتی و ڕووداوەکانی ژیانی ڕاستەقینەی ڕابردوو، ئێستا وێنا دەکرێت لە گرێچنێکی زۆر یان کەم ئاڵۆزدا. (لوکاش، ١٩٨٦، ١١).

ئەم بەرهەمە ئەدەبییە، کە زادەی خەیاڵە و ڕووداوی ڕاستەقینەی ڕابردووش تۆماردەکات لە ئێستادا، کەواتە نووسەر هەوڵدەدات هەمیشە داهێنانەکان بە بیر و هزری خۆی بێت، بەڵام سوودی لە هونەر و تەکنیکی نووسەرانی دونیای بێگانەش وەرگرتبێت لە پاڵیشیدا کرۆکی بابەتەکەی پشتیبەستبێت بە کەلتوور و مێژووی ڕاستەقینەی گەلەکەی خۆی، چونکە بەرهەمی ئەدەبی ئەگەر بەرهەمێکی زیندوو بێت، ئەبێت هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە نووسەر تێیدا ژیاوە، بەڵکو بۆ ئەوە بێت کە بەرهەمە ئەدەبیەکە ڕابردوویەکی ڕاستەقینە لە دەقەکەیدا وێنابکات.

لە پۆلێنکردنی ژانرییانەی ڕۆماندا، دەکرێت ڕۆمانگەلێک کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دیاردەی "جەنگ" بە هەموو چەشنەکانییەوە دەکەن بە تێمی سەرەکیی خۆیان وەک ڕۆمانی جەنگ پێناسەدەکرێن.

ڕۆمانی جەنگ لە دوو جۆردا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: ڕۆمانێک کە لە شوێن و کاتی جەنگەکەدا دەنووسرێت، وەکو ڕۆمانی "جەنگەکەم: کاتکوشتن لە عێراق" کە سەربازێکی ئەمریکی نووسیویەتی بە ناوی "کۆڵبی بزل"، کە خۆی بەشداریی جەنگ و داگیرکاریی ئەمریکا لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٤ کردووە و پاشان دۆخی دەروونیی تێکچووە.

دووەم: ڕۆمانێک کە بە هۆکاری سۆز و ویژدان و باسکردنی یەکێک لە جەنگەکان و مەرگەساتەکان و باسکردنی ڕووداوەکانەوە دەنووسرێت، بەبێ بەشداریکردن تێیدا، کە نموونەش لەم جۆرە لە ڕۆمان و گێڕانەوەدا زۆرە، کە بە درێژی باسی لێوە دەکەین. (القاسمي، ٢٠١٥، ئینتەرنێت)

هەندێک لە نووسەران، جیا لەوەی کە ڕۆماننووس بوون یاخود نووسەر بوون لە هەر بوارێکی تری ئەدەبیدا لەگەڵیشیدا خۆیان بە ڕاستی ئەزموونی جەنگیان کردووە و بەشدارییان کردووە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ وەکو سەرباز، لە هەموو وڵاتانی دوونیا بۆ نموونە نووسەری ئەڵمانی"ئەریش ماریا ریمارک" لە ڕۆمانی "هەموو شتێک ئارامە لە بەرەی ڕۆژئاوا"کە ئەم ڕۆمانە سەرکەوتنێکی ئێجگار زۆری بەخۆیەوە بینی و بۆ زیاتر لە سی زمانی بێگانە وەرگێڕدراوە، هۆکاری سەرکەوتنەکەشی، بەشداریکردنی نووسەر بووە لە جەنگەکەدا، هەروەها نووسەری ئەمریکی "ئارنێست هەمنگوای" کە ئەمانە بە چاوی خۆیان جەهەنەمی جەنگیان بینیوە، ئەم نووسەرانە لە بەرهەمەکانیاندا بە گێڕانەوە وەسفی وردودرشتی ڕووداوەکانی ناو جەرگەی سەربازگەکان کردووە لە جەنگدا، کە هەر لە گرمەی تۆپ و دەنگی فیشەک و هاوار و پاڕانەوەی بریندارەکانی جەنگ، کە ئەمانە بەرهەمەکانیانی گەیاندبووە ئاستێکی بەرز. (ایران کتاب، iranketab.ir)

کەواتە جەنگ ڕۆڵێکی سەرەکیی بینیوە لە ئەفراندنی تێکستە ئەدەبییەکاندا نووسەران هاتوون لە جەنگ و داگیرکاری دواون و ترس و غەم و تراژیدیاکانیان خستووەتەڕوو، یەکێک لە هەرە ڕۆمانەکانی دونیا ڕۆمانی "جەنگ و ئاشتی"یە، کە لەسەردەمی جەنگەکەی "ناپلیۆن" دا زۆر جوان وێنەی خەم و ئازار و برسیەتی و هەژاری کۆمەڵگەی ڕووسی تێدا کردووە.

ئەمانە هەموو پێماندەڵێن جەنگ بە ڕوویەکدا کاولکاری و کارەساتی مرۆیی و مەرگ دەخولقێنێت، کە هەرگیز سوودی نەبووە لە دۆڕان زیاتر، بەلایەکی تریشدا جەنگ و داگیرکاری و زوڵم و زۆر و کوشتوبڕی و هەژاری و برسێتی، کە هەموو لێکەوتەکانی جەنگن، کاردەکەنە سەر ناخ و دەروونی

مرۆڤ و هەست و سۆزی دەبزوێنن، ئەم هەست و سۆزە کە لە ناخی مرۆڤدایە لەلای ئەدیب و رۆشنبیران دەردەهاوێژرێتە دەرەوە بۆ ناو دەقێکی ئەدەبی و دواجار ڕووداوە ڕاستەقینەکان کارەساتە مەرگ بارەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و فانتازیا و ئەندێشەی نووسەر دەبن و دەبنەهۆی لەدایکبوونی دەقێکی ئەدەبیی زیندوو.

هەروەکو "هاشم ئەحمەدزادە" دەڵێت: "گرنگیی ئاوڕدانەوەی ڕۆمانییانە لە دیاردەی جەنگ بەر لە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستیەی کە جەنگ بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاردەکاتە سەر دەروونی مرۆڤەکان و هەستی ڕق و کوشتن و بڕین، جێگا بە هەستی میهرەبانی و بەزەیی و لێبوردەیی مرۆڤەکان لێژ دەکات، ڕۆمانی سەرکەوتووی بواری جەنگ بە دەرخستن و شیکردنەوەی ورد و هەمەلایەنەی هەستەکانی مرۆڤ لەم کاتەدا، دەبێت بەو کەرەستە گرنگەی، کە فایلی مرۆڤە جەنگاوەرەکان و ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەکانی جەنگ دەکاتەوە و وەک بەڵگەیەکی مێژووی دەبێتە تۆمارگەی ئاکارەکانی مرۆڤ دژی هاوڕەگەزەکانی خۆی." کاردانەوەی جەنگ لە کۆمەڵدا و کارتێکەریی لەسەر کەسیایەتیی مرۆڤەکان، زۆر جاران دەبێتە سووژەی ڕۆمانگەلی مۆدێرنیستییش و نووسەرانی وەک ویلیم فاکنێر و یرجینیا و ۆلفیش لەو پەڕی توانایی ئەدەبیدا دەبنە گێڕەرەوەی خەمی قووڵ و هەناسەی ساردی مرۆڤ لە ئاکامی جەنگدا. (زادە، ٢٠١٨، ٧٩-٨٢)...

لەوەوە ڕوونبووەوە، کە گەلێک بەرهەمی ناوازە کە هەندێکیان لە ئاستی جیهاندا دەنگیانداوەتەوە، بەرهەمی ئەو ڕۆژگارە تاڵ و شکستییەکانی جەنگ بوون کە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانی پێدا تێپەڕیوون.

ئەوەش لەیادناکەین، کە تێگەیشتن و بۆچوونی نووسەرانی نوێ سەبارەت بە جەنگ و داگیرکاری و شەڕوشۆڕەکان گەلێک جیاوازترە لە بۆچوونی نووسەرانی پێشوو سەبارەت بەو بابەتە، نووسەرانی نوێ هەوڵیانداوە بە نووسینەکانیان دیوی ناشیرینی جەنگ نیشان بدەن و دژایەتیی بکەن، لەمەشدا سەرکەوتوو بوون، هەروەک نموونەکانی پێشتر و دواتر کە باسیان لێوە دەکەین، بەڵام لە گێڕانەوە کۆنەکاندا کاتێک کە نووسەران دیمەنی جەنگەکانیان لە تێکستە ئەدەبییەکاندا دەخستەڕوو، زیاد لە پێوانەی خۆی ڕووداوەکانیان گەورە دەکرد و بەشان و باڵی جەنگاوەرەکاندا دەهاتن و خودی جەنگەکەشیان بەرز و پیرۆز ڕادەگرت و لە تێکستەکاندا دەما و دەم و نەوە دوای نەوە دەگێڕانەوە و دەبوونە جێگەی شانازیکردن و پیاهەڵدان، هەروەکو داستانی "ئەلیازە" و "ئۆدێسا"ی ئیغریقی.

هەڵبەت هەندێکجاریش ڕێککەوتووە، کە هەندێک نووسەر لە گێڕانەوەکانیاندا بۆ مەبەستی بەدەستکەوتنی پارە و پلە و پایە کەسانێک هاتوون بە بیر و بۆچوونەکانیان تەواو ڕووداوە مێژووییەکانیان شێواندووە، کە ئەمە لە ئاییندەدا کارێکی مەترسیدارە نەوەکانی ئاییندە کاتێک مێژوو دەخوێننەوە ڕاستییەکانیان وەک ئەوەی هەبووە پێناگات، بۆ نموونە پارێزەر"خليل عبود الدليمي" لە کتێبی "صدام حسين من الزنزانة الامريكية: هذا ما حدث"، لە پێشکەشکردنەکەیدا دەڵێت (ومنهم و مني،

الى شهيد الحج الاكبر... صدام الحسين)، ئەم بە پیرۆزکردن و بە فریشتە لەقەڵەمدانە سەرلەبەری مێژوو و ڕووداوە ڕاستییەکان دەشێوێنێت، چونکە مێژوو گەواهیدەرە لە سەروبەندی فەرمانڕەوایی ئەو فەرمانڕەوایەدا نەک هەر کوشتن، بەڵکو هاونیشتیمانیانی خۆی لە پرۆسەی ئەنفالدا قڕکرد و لە ساڵی "١٩٨٨" شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و هەزاران مرۆڤی بەبێ تاوان لەناوبرد، هەروەکو لە بەشی پێشتریشدا ئاماژەمانپێداوە.

## پاری دووەم/ جەنگ و داگیرکاری بە نموونەی ئەدەبیاتی جیهانەوە:

### ١. جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی ئەوروپیدا:

باسکردنی جەنگ و داگیرکاری لە ڕۆماندا دەچێتە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە، کە سەرەتاکەی بۆ سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە، لە دەوروبەری شکستی ناپلیۆن و کاتی پەیدابوونی فیکرەی ناسیۆنالیزم.

ئاشکرایە ڕۆمانتیکەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی فیکری ناسیۆنالیستیدا هەبوو.

واڵتەر سکۆت بە باوکی ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێت، هەموو ئەوانەی دواتر ڕۆمانی مێژوویی دەنووسن، کاریگەریی ئەویان بەسەرەوەیە..

شێوازی نووسینی ڕۆمان لە لای ئەو زیندووکردنەوەی ماوەیەکی مێژووییە، کە بوونی نەبووە، بەڵام ئەو دەهات لە ڕێی کەسایەتییە مێژووییەکانەوە ماوەیەکی مێژوویی دروستدەکرد، ئەویش لەپێناو پیشاندانی سەردەمەکەی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە.

ڕۆمانی مێژوویی لە ئەوروپا لە ماوەی ساڵانی (١٨٢٥بۆ ١٨٥٠)دا بە تەواوی دەردەکەوێت، وەکو ڕۆمانی "پێنجی مارس"ی "ئەلفرێد دۆفینیێ" لە ساڵی (١٨٢٦)دا، ڕۆمانی مێژوویی "سەردەمی شارلی نۆزدەیەم"ی "بروس پێرمیریمێ" لە ساڵی (١٨٢٩)دا، ڕۆمانی "قەمبورەکەی نۆتێردام"ی "فیکتۆر هۆگۆ" لە ساڵی (١٨٣١)، ڕۆمانی "کلۆدیۆس" لە نووسینی "ڕۆبێرت گریفێس" لە ساڵی (١٨٣٤)دا، ڕۆمانس "سێ سوارچاک" لە نووسینی "ئەلیکسەندەر دۆماس" لە ساڵی (١٨٤٤)دا. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەشدا چەندین نموونەی ڕۆمانی مێژووییمان هەن، لەوانە "هێنری ئازمۆند" لە نووسینی "ویلیەم ساکاری" لە ساڵی (١٨٥٢)، "سالام بۆی فلوبێر" لە ساڵی (١٨٦٢)دا، "شاژنی میسر" لە نووسینی "ئیبرێس" لە ساڵی (١٨٦٤)دا. (مەنتک، ٢٠٢١، ٢٩٣-٢٩٥).

کەواتە ئەدەب بە هەموو شێوەکانی، چ هۆنراوە چ پەخشان، گوزارشتە لە هەست و سۆزی ناخی مرۆڤ، ئەدەبی زیندووش ئاوێنەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە نووسەری تیا ژیاوە، ئەرکی هونەریش پیشاندانی ئەو ترس ئازار و واقعە تاڵەیە کە جەنگ دوای خۆی، نەک هەر لەسەر ناخ و دەروونی مرۆڤەکان جێدەهێڵێت، بەڵکو ژینگە و هەوا و سەر زەوی و ژێر زەوی وێراندەکات، بە جۆرێک نە مرۆڤەکان ئەو کەسە ئاساییانەن، کە پێش جەنگ هەبوون، نە سروشت و ژینگەش ئەو سەرزەمینەی پێشووترن، لەوەوە بۆمان دەرکەوت، کە لە هەناوی جەنگەوە چەندین داستان و چیرۆک و ڕۆمان لەدایکبوون، کە مەبەست لێیان وێناکردنی ئەو تراژیدیا ترسناکە بووە. گەر کوژرای دەکوژرێیت، نەشکوژرێیت هەتا لە دونیا دەردەچیت بە ڕۆحێکی تێکشکاو و غەمبار دەژیت..

هەروەها جەنگی جیهانیی یەکەم، کە لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ روویدا، هەموو دامەزراوەکانی رۆژئاوای وروژاند و کارەساتێکی گەورەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆی دروستکرد، کە بەهۆیەوە کاریگەری لەسەر هەموو پنتێکی کۆمەڵگا بە کەلتوور و ئەدەبیاتیشیەوە دروستکرد.

یەکێک لەو لایەنە کەلتوورییانەی کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دروستبوو، ئەدەبیاتی روژئاوا بوو، ئەدەبیاتی ئەوروپا لەو سەردەمەدا رەنگدانەوەی دیمەنە تۆقێنەرەکانی جەنگ بوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەهۆی جەنگەوە بەسەر کۆمەڵگادا دەهات، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی گۆڕانکاری لە شێوازی کاری ئەدەبیی پێش و دوای جەنگدا ڕووبدات.

لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم "کازوئۆ ئیشیگورو"، نووسەری ژاپۆنی-بەریتانی ڕۆمانێکی بە ناونیشانی "A Pale view of Hills" واتە "دیمەنێکی ڕەنگپەڕیوی گردەکان"، کە یەکەم ڕۆمانی نووسەرە و لە ساڵی "١٩٨٢"دا بڵاوکراوەتەوە و پاڵوێراوی خەڵاتی نۆبڵە، داستانی ئەم ڕۆمانە لە لەندەنە و دوای جەنگی جیهانی دووەمە، بەڵام بیرەوەری کەسیی ڕۆمانەکە دەمانباتەوە بۆ دیمەنەکانی کاولکاری و کوشتاری دەورانی جەنگەکە، ڕاوی داستانەکە ژنێکی ژاپۆنی یيە بە ناوی "ئات سۆکۆ" کە بەتەنیا لە بەریتانیا دەژی و ئەم ڕۆمانە دوو زەمەنی جیاواز نیشاندەدات، کە یەکێکیان لە بەریتانیای ساڵەکانی "١٩٨٠"یە و دووەمیش ژاپۆنە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، کە لە بیرەوەرییەکانی "ئات سۆکۆ" پێکەوە دەبەسترێنەوە.

داستانەکە بە سەرگوزشتەی کچی یەکەمی "ئات سۆکۆ" دەستپێدەکات، کە کچەکەی لەگەڵ پیاوێکی بەریتانیدا هاوسەرگیری دەکات و پاش ماوەیەک لە شاری "ماجستیر" خۆی دەکوژێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی، کە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە پاش جەنگی جیهانیی دووەم لە "ناکازاکی" ڕوویاندابوو، وەبیربێنەوە.

ڕۆمانی بەناوبانگی جیهانی "جەنگ و ئاشتی" نووسەری بەناوبانگی ڕووسی "تۆڵستۆی"، کە پێشتر ئاماژەمانپێدابوو، ڕۆمانەکەی لە ساڵی (١٨٦٥-١٨٦٩)زایینی بڵاوبووەتەوە، تۆڵستۆی بە هۆکاری ئەوەی خۆی یەکێک بووە لە بەشداربووانی جەنگی "کەریمە" و نووسراوەکانی مێژووی جەنگی ناپلیۆنی خوێندبووەوە، بوونە هۆکارێک بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە جەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی "جەنگ و ئاشتی".

ڕۆمانی "جەنگ و ئاشتی" خوێندنەوەیەکی پانۆرامییە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمی ڕووسیا، کە هەموو وردەکاری ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ڕاستەقینەی لەخۆگرتووە، بە یەکێک لە باشترین و پڕخوێنەرترین ڕۆمانەکانی جیهان دادەنرێت. (یکتا، ٢٠٢٢، https://www.yektapress.com/).

بەشێکی تری نوسەرانی ئەوروپیش دیمەنە تۆقێنەرەکانی جەنگیان لە دوو توێی ڕۆمانەکانیاندا خستووەتەڕوو، کە دەرخەری ئەو واقعە تاڵە بووە کە تاکی ئەرورووپی تێدا ژیاوە.

### ٢. جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی عەرەبیدا:

سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە دوای ساڵەکانی (١٨٦٧) کە لەسەر بنەمای دوو هۆکار دەنووسران:

یەکەم: داخ و پەژارە بۆ ڕابردوو.

دووەم: لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی ئەدەبی ڕۆژئاوا.

سەرەتای نووسینی ڕۆمانی عەرەبی لەو قۆناغەدا بە مەبەستی ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە نووسراون، لەسەر شێوەی ڕۆمانە ئەوروپیەکان پێش شۆڕشی پیشەسازی، کە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان پڕبوون لە خەیاڵات و ململانێ و هۆنراوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە جیهانی ڕۆمانی عەرەبی چەندەها ڕۆمانی نوێی بە خۆیەوە بینی، کە مێژوو وەکو کەرەستەیەکی خاو تێیدا بەکارهاتبوون، بەڵام بە ڕێگەیەکی زانستی و ئیستاتیکی تایبەت کە کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسییان پێوە دیاری بوو، دیدگایەکی نوێیان بۆ جیهان و مێژوو هەڵدەگرت، لەوانە "فرح ئەنتۆن" لە ڕۆمانەکەیدا بە ناونیشانی "ئۆرشەلیمی نوێ" و "جۆرجی زەیدان" و "فوئاد سروف". (فاخوري، ١٩٨٦، ٢١-٣٥).

نووسەرانی عەرەبیش هەروەک گەلانی تری داگیرکراو و بندەست بۆیان دەرکەوت، کە سەردەم سەردەمی هۆنراوە و گێڕانەوەی چیرۆک و داستانی پڕ خەیاڵات بۆ سەردەمێکی پڕ زوڵم و داگیرکاری، دەردی کۆمەڵگا چارەسەر ناکات، بۆیە ئەمانیش هەوڵیاندا شوێنپێی ڕۆژئاواییەکان بگرن بە نووسینی ڕۆمان پێداویستییەکانی کۆمەڵگاکەیان بخەنەڕوو و بەرگری لە مێژوو و کەلتووریان بکەن.

یەکێک لەو ڕۆمانە بەناوبانگانەی، کە تەوەری جەنگی لە خۆ گرتووە، ڕۆمانی "پارێزەری ئاو" لە نووسینی "هدى بركات"ە، کە بەشێوەیەکی خەیاڵی باس لە جەنگی بەیروت دەکات و وێنای ئەو شار و وڵاتە دەکات پێش جەنگ و پاشان لەسەر بارودۆخی ئەکتەرەکان شێوەی دوای جەنگ نیشاندەدات و هەموو کاولکاری و سووتان و خۆڵەمێشی پاش ماوەی جەنگ بە شێوەیەکی تراژیدی نیشانی خوێنەر دەدات. (بنباقي، ٢٠١١، https://thakafamag.com)

عەرەب یەکێکن لەو میللەتانەی، کە لە دێرزەمانەوە گرنگییان بە جەنگ و ململانێکانیان داوە، لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە جەنگ و هێرش و شۆڕشەکانیان بە هۆنراوە دەماودەم ڕۆشتووە، هەربۆیە بەشێکی زۆری ڕۆمانی عەرەبی بە جەنگەکان داپۆشراوە..

ئاشکرایە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام و فتوحاتدا ئەو ئەدەبە بە تایبەت هۆنراوە، کە بۆ پیاهەڵدانی پاڵەوان و جەنگاوەرە عەرەبەکاندا بووە لە کاتی بەشداریکردنیان لە جەنگدا، کە بۆ مەبەستی فتوحاتی ئیسلامی بووە، نەک پیشاندانی دیوە ناشیرینەکەی جەنگ و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو جەنگە لەسەر ڕەوشی خراپی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە، کە ئەمەش جۆرێک بووە لە ئینتیما بۆ خێڵ و ئایدۆلۆژیای ئەو حیزبە و دەربڕینی پاڵپشتییان بۆ ئەو لایەنە بۆ بەشداریکردنی جەنگی زیاتر و کوشتاری زیاتر، بەڵام ئەمە لە ئەدەبی نوێدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و ئەدەب بۆ نەفرەتکردنە لە کردە قێزەونەکانی جەنگ.

لەو ڕۆمانانەش، ڕۆمانی "کەمپەکانی عبداللەی عاشق" لە نووسینی "عبدالخالقی الرکابی" و "ئەرجۆان" لە نووسینی "محمد مختار جنات"، "ئۆبیلیسک" لە نووسینی "نبیل سلیمان". (نجم، ٢٠٠٥، https://www.albayan.ae).

یەکێک لەو جەنگە بەناوبانگانەی، کە لە میسر ڕوویداوە جەنگی (ئۆکتۆبەری ١٩٧٣)یە، کە زۆر ڕۆمان و داستانی لەسەر نووسراوە، لەوانە:

ڕۆمانی "ڕوفاعی" لە نووسینی "جمال غیطانی"یە، کە باسی یەکێک لە پاڵەوان و شەهیدەکانی ئەو جەنگە دەکات بە ناوی "ابراهیم روفاعی"، کە نووسەر توانی لە ڕێگەی ئەزموونی خۆی وەکو پەیامنێر ڕووداوەکان ببینێت و پاشان لە دووتوێی ڕۆمانێکدا بینووسێتەوە.

ڕۆمانی "هەنگاوەکانی سەر زەوییەکی زیندانیکراو" لە نووسینی "محمد حسین یونس" یەکێکە لەو ڕۆمانە دیارانەی، کە باسی خێزانێکی ناوچەکە دەکات لە کاتی ڕوودانی جەنگی "ئۆکتۆبەر" لە ناوچەکەدا.

هەروەها ڕۆمانی "زیندانییەکان لە سەنگەرەکاندا دەمێننەوە" لە نووسینی "فوئاد حجازی" باسی زیندانیانی ئەو جەنگە دەکات و ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتی داگیرکەر لەگەڵ زیندانیان لەخۆدەگرێت، کە یەکێک لە ڕۆمانە ڕاستەکان و کورتەکان دادەنرێت لە ڕووی مێژووی ئەو کاتەوە. (عادل، ٢٠١٩، https://www.idaat.com٢)

### ٣. جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی فارسیدا

ڕۆمانی فارسی پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی "کۆماری ئیسلامی ئێران" چەند ڕۆمانێک زیاتر ناتوانین وە چنگ بخەین لە بارەی جەنگ و داگیرکەوە نووسرابن، بەڵام پاش هاتنە کایەی ئەم دەسەڵاتە و پاش ڕوودانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق و ئێران) چەندەها نموونە و نووسراو و ڕۆمان لەو بارەیەوە هاتنەکایەوە، کە دەتوانین بەسەر سێ جۆردا دابەشیان بکەین:

١. هەندێک لەو ڕۆمانانە تەنها تیشکێک خراوەتە سەر جەنگ و لایەنێکی بچووکی داستانەکەی پێکهێناوە.

٢. هەندێک لە ڕۆمانە نووسراوەکانی دیکە، نووسەر حوکمی بەسەر جەنگدا کردووە و لایەنی باش و خراپی دەستنیشانکردووە و بیرۆکەی خۆی بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵکردووە.

ئاشکرایە، کە جەنگ هیچ لایەنێکی باشی نییە و نەبووە، تەنها کاولکاری بە دوای خۆیدا دەهێنێت، هەتا ئەو کاتەش کە بۆ مەبەستی بەرگرییە لە سنووری وڵات و هێرشی داگیرکاری، ئەو کاتەش هەر مایەی ئافاتە، وەک ئەوەی لە دونیای ئێستادا دەبینرێت بە پیشاندانی دەیەها هۆکار و بیانووی پڕوپووچ.

٣. هەندێکی دی لە نووسەران هاتوون لەسەر زاری ئەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەوە باسی ڕووداوەکانیان کردووە و پاشان حوکمی خۆیان لەسەر نووسیوە و زەقکردووەتەوە. (ئاروین، دادور، حسینی ٢٠١٩، https://journals.atu.ac.ir).

یەکێک لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی جەنگ بە ناوی "زەویی سوتاو" لە نووسینی "ئەحمەد مەحمود"ە، کە لەبارەی سێ مانگی سەرەتای جەنگی نێوان عێراق و ئێران دەدوێت، کە سەرەتای داستانەکەی بە کوژرانی براکەی نووسەر دەستپێدەکات و بە مەبەستی هێنانەوەی تەرمی براکەی دەچێتە بەرەکانی جەنگ و بەشداری جەنگ دەکات و بیرەوەرییەکانی خۆی لەوبارەیەوە دەنووسێتەوە.

ڕۆمانێکی تر بە ناونیشانی "سەفەر بە نیشانەی ٢٧٠ نمرە" لە نووسینی "ئەحمەد دهقان"ە، کە بەشێوەیەکی تایبەت و بە وردی باسی جەنگی نێوان عێراق و ئێران دەکات، کە داستانی مێردمنداڵێکە بە ناوی "ناسر"، کە دەچێتە قووڵایی بەرەکانی جەنگەوە و ڕووداو و پێشهاتەکان و ژیانی ئەو لاوە لەخۆدەگرێت.

ڕۆمانێکی تر بە ناونیشانی "شەترەنج بە ترۆمبێلی قیامەت" لە نووسینی "حەبیبی ئەحمەد زادە"یە، یەکێکە لەو سەربازانەی، کە بەشداریی جەنگی عێراق و ئێرانی کردووە لە ناوچەی "ئابادان" بە ڕوانگەیەکی فەلسەفی لەم جەنگەی ڕوانیوە، کە داستانی سێ ڕۆژە لە حەسارەی ""ئابادان" دەگێڕێتەوە، کە لەوێدا کوڕێکی حەڤدە ساڵان دەبێتە شۆفێری ترۆمبیلی خواردنهێنان و باس و خواسی ئەو ڕووداوانەی لەخۆگرتووە، کە لەو چەند ڕۆژەدا ڕوویانداوە.

ڕۆمانێکی تر بە ناونیشانی "پردی هەڵواسراو" لە نووسینی "محمد ڕەزای بایرامی"، کە لەو ڕۆمانەدا باس و داستانی سەربازێک بە ناوی "نادر سەدیق" دەکات، کە بە زۆرەملێ چووەتە سەربازی، بەڵام لە نیوەی سەربازییەکەیدا دایک و باوک و خوشکی دەمرن، بەهۆکاری هەستی

تاوانباری خۆی لە مردنی ئەوان دەزانێ، لە بیری هەڵهاتن لە ڕابردووی خۆیەتی و ژیانی لەگەڵ جەنگدا گرێدەدات. (دروستی، ٢٠١٨، https://www.khabaronline.ir/news).

### ٤. جەنگ و داگیرکاری و کاریگەری لە ڕۆمانی کوردیدا

کورد گەلێکی بێپشتوپەنا و دابەشکراو و داگیرکراوە، مێژووەکەی پڕە لە زوڵم و ستەم و جەنگ و داگیرکاری، هەمیشە بە درێژایی مێژوو جەنگ وەک میرات بۆیان ماوەتەوە و بەرۆکی بەرنەداون، ئەم زوڵم و ستەمە لە بەشێک لە دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، جا ئەو ڕەنگدانەوەیە لە شیعردا بووبێت یا پەخشان، ئەوا بەشێکی فراوانی پانتای ئەدەبەکەمانی داگیرکردووە و نووسەران ئەو بارودۆخ و ڕاستییە تاڵەیان گواستووەتەوە بۆ ناو تێکست و کارە هونەرییەکانیان، گوزارشتیان لە ئازارو غەمەکانیان پێکردووە...

وەکو پێشتر ئاماژەمانپێدا، جەنگ و داگیرکاری و ڕووداوەکان دەچنە خانەی "ڕۆمانی مێژووییەوە"، و سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی هۆشیارییە بەرامبەر مێژووی نەتەوەی کورد، ڕۆماننووسان بە مەبەست مێژوویان وەکو کەرەستەی خاو بۆ ڕۆمانەکانیان هەڵبژاردووە، ڕۆمانووسێکی وەکو عەرەبی شەمۆ بەهۆی ئاشنابوون و ئاگاداربوونی لە ڕەوتی ڕۆشنبیری ڕووسییەوە، ڕۆمان بە باشترین هۆکار بۆ زیندووکردنەوەی مێژووی کورد دەزانێت.

لەنێو جیهانی ئەدەبیات و ڕۆماندا دەبینین کۆمەڵە ڕۆمانێک بە شێوەیەک لە شێوەکان جەنگ دەکەنە تێمی سەرەکی خۆیان و بە ڕۆمانی "جەنگ" یاخود "شەڕ" پێناسەدەکرێن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە جەنگ گەورەترین دیاردەی کۆمەڵایەتی و مێژووییە، کە سەرنجی خوێنەران و توێژەران ڕادەکێشێت بە لای خۆیدا، جەنگ یەکێکە لە نیشانە هەرە دیارەکانی مێژوو، بەشێوەیەک جەنگە مێژووی دروستکردووە، جەنگە شارستانییە پێشکەوتووەکانی لەناوبردووە و کردونییەتە مەیدانی لێکۆڵینەوە لە پاش خۆی.

هەر وەک دکتۆر حەمە مەنتک دەڵێت: نووسینی ڕۆمانی مێژوویی لە لای نووسەران و ڕۆماننووسانی کورد، بەسێ قۆناغدا ڕۆیشتووە:

یەکەم: دەکرێت بە قۆناغی ڕۆمانی مێژوویی لاسایی ناوبنێین، هاوکات قۆناغی سەرەتا و پەیدابوونی ڕۆمان بە گشتی و ڕۆمانی مێژوویی بە تایبەتیە، لەم قۆناغەدا ڕۆمانووسانمان ماوەیەکی مێژوویی، کەسایەتیەکی مێژوویی، یان ڕووداوێکی مێژووییان وەرگرتووە و بە ڕۆمان دایانڕشتووەتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە لە ڕووی بینای هونەرییەوە، ڕۆمانەکان لاوازن.

عەرەبی شەمۆ ڕۆمانی "ژیانا بەختەوەر" لە ساڵی (١٩٥٩)بڵاودەکاتەوە، باسی کوردانی ڕووسیا دەکات، کە چۆن لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمدا دەچەوسێنرێنەوە، کوردان بەردەوام خەبات دەکەن دژ بە ئاغا و دەرەبەگ، کە دەسەڵاتی ڕۆم پاڵپشتیان دەکات (مەنتک، ٢٠٢١، ٢٩٧).

گێڕانەوەکە گێڕانەوەیەکی ئاسایی حەکایەتخوانییە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی لاساییەوە.

بە هەمان شێوە لە ڕۆمانی "قەڵای دمدم" لە ساڵی (١٩٦٦)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم ڕۆمانە باسی ڕووداوێکی مێژوویی لە ساڵی (١٦٠٨)زاینی دەکات، کە داستانی قارەمانییەتی خەڵکی قەڵای دمدم بە ڕابەرایەتیی "خانی لەپزێڕین" بەرامبەر "شا عەباسی فارسی"، کە دەیەوێت قەڵاکە داگیربکات، چونکە بیستویەتی "خان" بە تەمای دامەزراندنی میرنشینێکە بۆ کوردان، ئەم ڕووداوە مێژووییە ڕووداوێکی واقیعییە و لە مێژووی گەلی کورددا ڕوویداوە.

نووسەر هاتووە بە گێڕانەوە ئەو نەهامەتی و ململانێیە پیشاندەدات کە چۆن داگیرکەر لەپێناوی ویستی خۆی، پێ بەسەر هەموو پیرۆزییەکان و ڕۆحی ئەوانی تردا دەنێت، هەڵبەتە لەپاڵ نووسینەکاندا کە پڕن لە شەڕوشۆڕ و کوشتار و جەنگ، نووسەر دیوێکی تری ڕووداوەکانی خستووەتەڕوو، دیارە ڕووداوەکان بۆ ئەوە ڕوونادەن کە لە ناو سوچی کتێبخانەکاندا بمێننەوە و هەڵگیرێن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کەپەند و عیبرەت و وانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕابردوو وەربگیرێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە ئەمڕۆمان ڕۆشنتر بکەینەوە، ئەمە سەرەڕای تۆمارکردنی ڕووداو و ڕاستییە مێژووییەکان و پاراستنایان لە فەوتان.

قۆناغی دووەمی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەدەبی کوردیدا، قۆناغێکە ڕۆمانە مێژووییەکان پێشکەوتووتر و هونەریترن لە قۆناغی یەکەم، دەتوانین ئەم قۆناغە بە ڕۆمانی مێژوویی واقعی ناوببەین، ئەم قۆناغە لەژێر کاریگەریی ڕێبازی ڕیالیزمدا پەیدا دەبێت، کە ڕۆمانی لە گێڕانەوەیەکی سادەوە بۆ گێڕانەوەیەکی هونەری گواستەوە، کەواتە ڕۆمانی واقعی ڕۆمانێکە لە جیهانبینییەکی هونەرییەوە بۆ جیهان دەڕوانێت، لێکدانەوەی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان هەیە. (مەنتک، ٢٠٢١، ٣٠٣)

کەواتە ڕۆمانی مێژوویی هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نا ئەویش بە کاریگەری و دەرکەوتنی ڕێبازی ڕیالیزم لە ئەدەبیاتدا، ڕوونە ڕۆمانی مێژوویی کەرەستەکانی لە واقعی ناو کۆمەڵگاوە هەڵگۆزیوە، بەڵام بە گۆشەنیگایەکی جیاوازتر و جیهانبینییانە شرۆڤە و لێکدانەوەیان بۆ بارودۆخ و ڕووداوەکان کردووە.

ڕۆمانی "ژانی گەل" لە نووسینی "ئیبراهیم ئەحمەد"، هەرچەندە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا نووسراوە، بەڵام ساڵی (١٩٧٢) بڵاوکراوەتەوە، ڕۆمانێکە سوودی لە کەرەستەی مێژوویی وەرگرتووە و دەقێکی ئەدەبیی پێ ئەفراندووە. ئەم ڕۆمانە باسی کەسێک دەکات بە ناوی "جوامێر".

جوامێر ژنەکەی خەریکە منداڵی دەبێت، ئەویش دەچێتە دەرەوە بە دوای "ماماندا"، بەڵام لە دەرەوە خۆپیشاندانە و بووەتە تەقە، لێرەدا لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێت و دەساڵ زیندانی دەکرێت، کە ئازاد دەکرێت، دەبێتە شۆڕگێڕ و دەچێتە ڕیزەکانی شۆڕش.

گێڕەرەوە لە ڕۆمانی ژانی گەلدا باس لەو ڕووداوانە دەکات، کە لە سەردەمی پاشایەتیدا لە عێراقدا ڕوویانداوە کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ژیان و مێژوو جێهیشتووە، بە تایبەت ئەو فەرمانڕەوا و لایەن و مرۆڤانەی، کە دڵیان پڕ لە ڕقوکینە و تاریکی بووە، کە بە ئاکاری شەڕانگێزییان گۆمی خوێن و مەرگ دەخوڵقێنن.

جوامێر لە چەند دێڕێکی ڕۆمانەکەدا بە حەسرەتەوە دەڵێت: (ئەوەشی لای من لە هەمووی ناخۆشترە، بەڕاستی لەوەدا لە مەعنا دەرچووە! ئەم هەموو بێتاوانە ئەکوژرێ، ئەم هەموو ماڵ وخانوە وێران ئەکرێ، ئەو هەموو زەوی و زارە ئەسوتێنرێت، هەر ئەمەشە وا لە خەڵک ئەکات لێی بێزاربێت، زوڵمە تەڕ و وشک پێکەوە بسوتێنرێت، خۆزگە شتێکی واتان ئەکرد نەختێ لەم ئازار و دەرد و کوێرەوەرییەی خەڵک کەم ئەبووەوە، ئەوەی ڕاستی بێت من بەزەیم بە تەڕە بێ گوناهەکەدا دێتەوە کە بە هۆی وشکەکەوە ئەسوتێ). (ئ. ئەحمەد، ٢٠٠٧، ١٨٧).

کەواتە ڕوونە ڕۆمان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا تەنها گوزارشت بووە لە گێڕانەوەی ڕووداو و دەردەسەرییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، جا چ دەردی کۆمەڵایەتی بووبێت یان شاڵاوی داگیرکاری.

"هەروەها یەکێکی تر لە ڕۆمانەکان کە باسی زوڵم و زۆر و ڕووداوی مێژوو و واقعی ناو کۆمەڵگای کوردی دەکەن، محەممەد مەولوود"ە لە ڕۆمانی "ڕێگا"دا کە ساڵی (٢٠٠١) بڵاوکراوەتەوە، باس لە قۆناغەکانی مێژووی گەلی کورد لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا دەکات، هەر لە برسیکردن و هەتککردنی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئینگلیز و دەسەڵاتی عێراقەوە، کە دیسان ئەمەش هەر وەک ڕۆمانە مێژووییەکانی تر باسی ئەو سیستمە دەکات کە لەو سەردەمەدا حوکمڕانییان کردووە و کۆمەڵگایان پەلکێشی بارودۆخی گرانی و هەژاری و جەور و ستەم کردووەتەوە.

هەروەها دکتۆر حەمە مەنتیک ئاماژە بە قۆناغی سێیەمی ڕۆمان دەکات و دەڵێت: (قۆناغی سێیەم لە ڕۆمانی مێژوویی بە قۆناغی ڕۆمانی مێژوویی نوێ ناودەبەین، لەم قۆناغەدا ڕۆمانی مێژوویی لە ژێر کاریگەریی ڕەوتی ڕۆمانی نوێدا خۆی نوێدەکاتەوە، بە واتایەکی دیکە، ڕۆمانی نوێ کاریگەریی

لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستە خاوەکەی ڕۆمانی مێژوویی‌دا هەبووە، ڕۆمانی مێژوویی بەرەو نوێبوونەوە و نوێکاری و ڕۆمانبوون دەچێت، لێرەدا مێژوو دەبێتە کەرەستەیەکی خاو بۆ داهێنان، دەبێتە ئامانجێک بۆ ڕەخنەگرتن لە خود، سوود وەرگرتن لە هەڵە و کێماسییەکانی ڕابردوو.) (مەنتک، ٢٠١٣، ٣٢٠)

کەواتە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێ ڕۆماننووس دەرکەوتن، کە تەواو لە تەکنیک و شێوازەکەی پێشوو جیازبوون، واتە نووسەر کەرەستە مێژووییەکە دەهێنێت و بەرگێکی هونەریی بەبەردادەکات و هەم کەرەستە مێژوویەکە هەم ڕووداوە واقعییەکەش ئەخاتە خزمەت ڕۆمانەکەی و تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشە و بیر و بۆچوونی خۆی دەکات و بە یاریکردن بە وشە و زاراوە دەقێکی ئیستاتیکی دەئافرێنێت.

ڕۆمانی "بەهاری ڕەش" لە نووسینی "ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل"، کە لە ساڵی (٢٠٠٣) بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە باس لە شاڵاوی ئەنفال دەکات لەسەر دەستی ڕژێمی عێراقیدا و هەندێ ڕووداوی تر، کە نووسەر تێکەڵی گێڕانەوەکانی کردوون، ڕۆمانەکە دڕەندیی ئەو داگیرکەرە دەخاتەڕوو کە تینوێتی بە هیچ نەدەشکا، تەنها بە خوێن نەبێت، تا بەها و بنەمای کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ئابووریی کوردی لەناو ببات و تەنانەت لە دەستدرێژکردنە سەر نامووسی ژنانی کورد دەستپاریزیی نەکرد و بەمەش سنووری تەواوی پیرۆزییە مرۆییەکانی بەزاند، ئەمەش پێچەوانەی ڕێزگرتنی خودایە لە بەندەکانی، وەک ئەوەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً)، بەمەش بارێکی دەروونیی لە ناخی هەموو تاکێکی کورددا ڕواند و ئاسەوارەکانی تا ئێستاش بەردەوامییان دەبینرێت، هەروەها ڕەخنەگرتن لە خۆفرۆشانی خاک و نەتەوە و چاوساغانی ڕژێم (جاش) بەشێکی گرنگە، کە خیانەت وەک مێژوو لە واقیعی ژیانی ئەو سەردەمەدا تۆمار دەکات. "ئەوەی نێرینە بوو لە ترسی گرتن بۆی دەرچووبوون، لە ئافرەت و مناڵ و پەککەوتە بەولاوە، کەس لە ئاوایدا نەمابووەوە، چەند سەربازێک و ڕەوە جاشێک دێنە ناو ئاواییەوە... ماڵەکان دەپشکنن... ماڵی کاکەوڵا لەم پەڕەوە بوو دوو سەرباز دەچنە ژوورەوە تەنها حەبە لە ماڵە.. حەبە لە ژێر شوقە لەتکە جاجمێکی بەخۆیا دادابوو خۆی مت کردبوو.. کە جاجمەکە ڕادەکێشن حەبە دەبینن، ئیتر بەزۆر تووخنی دەکەون.. ئێوارە کە ئاوایی دەگەڕێتەوە، کاکەوڵا لە ناو حەوشەکەدا کۆمەڵێ زوخاڵ دەبینێ، تومەز حەبەیەو خۆی سوتاندووە و بەکۆمەڵێ زووخاڵ بووە.. کاکەوڵاش هەر بەو شەوە سەری خۆی هەڵدەگرێ، ئیستەش کەس نەیزانی لە کوێیە..." (ئیسماعیل، ٢٠٠٣، ٥١).

نووسەر بە وردی دیمەنی سەردەمی ڕژێمی عێراقی بە شێوەیەکی هونەری و سەرنجڕاکێش، وێنای پرۆسەی ئەنفال و ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان و کوشتنی گەنجان و هەتککردنی ژنان و کاولکردنی خانوو و ماڵ و بەهەدەربردنی سەروەت و سامانیانی کردووە..

هەروەها "بەختیار عەلی" لە ڕۆمانەکانی "مەرگی تاقانەی دووەم" (١٩٩٧)، "ئێوارەی پەروانە" (١٩٩٨)، "دواهەمین هەناری دونیا" "شاری مۆسیقا سپییەکان"(٢٠٠٥) "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" (٢٠٠٩)، "غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ"(٢٠٠٨)، هەموویان باس لە کاریگەریی جەنگ لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان لەسەر تاک و کۆمەڵگای کوردی دەکەن.

بەختیار عەلی جیاوازتر لە نووسەرانی پێش خۆی و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ، لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا بە وردی دەستی خستووەتە سەر ژان و برینی ناسۆری گەلەکەی و لە ڕۆمانەکانیدا بوێرانە و بە ئاشکرا وێنای ئەو ڕۆژگارە پڕ تراژیدیایەی کردووە، کە گەلی کورد تیایدا ئەزموونی جەنگی کردووە و تیایدا ژیاوە و ئەو جەنگە چ کارەساتێکی خولقاندووە، هەم لەسەردەمی ڕژێمی دەوڵەتی عێراق، هەم لە دوای پرۆسەی ڕاپەڕین، کە هەر لە سەردەستی هەمان بەرە، کە ڕۆژگارێک کۆمەڵێک دروشمیان هەڵگرتبوو شەڕیان لە بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەر پێدەکرد، دروشمەکانی (ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی)، کەچی لەگەڵ بە دەستکەوتنی هێز و پارە، هەمان کردەی کوشتنوبڕینیان لەسەر یەکتر لەبەرامبەر هاونیشتیمانییەکانی خۆیان ئەزموون کردەوە، کە شەڕی ناوخۆ یەکێکە لە هەرە قێزەونترین ئەو ڕووداوانەی ساڵانی نەوەدەکان.

(بەهار و هاوینی ساڵی١٩٩١ گرنگترین سەردەمی ژیانی ئێمە بوون، لەو سەردەمەدا گۆڕانکاریی گەورە ڕوویاندا، لە کۆتایی هاوینی ئەو ساڵەدا هێزەکانی "سەدام حوسەین" دوای چەند شەڕێکی گەورەی سەرجادە و کۆڵان، بۆ هەتاهەتایە شارەکەمانیان بەجێهێشت و سەردەمێکی تر لە مێژووی ئێمەدا دەستی پێکرد، حیزبە کوردییەکان کە تا ئەوکات چەکیان بەدەستەوە بوو، لەچیاکان دابەزین و ئەو حوکمڕانییەیان دامەزراند کە ئەمڕۆ بەرقەرارە، ئەوە گەورەترین سەرکەوتنێک بوو کورد لە دوای ڕوخانی ئەمارەتی بابانەوە بەدەستی هێنابێت). (ب. عەلی، ٢٠٠٩، ١٥٩).

هەر لە هەمان کاتدا و لە بەشێکی تری ڕۆمانەکەیدا، ڕووداوەکان پێچەوانەدەبنەوە و لەسەر زاری یەکێک لە کارەکتەرەکان ڕەخنەی توند ئاڕاستەی شۆڕشگێڕانی دوێنێ دەکات بە درێژەپێدەری هەمان کەلتووری داگیرکەر ناویاندەبات و دەڵێت: (ئەوەی تۆ دەیکەیت.. سەعات سێی شەو بدەیت بەسەر ماڵی مندا ڕەوشتی ئەمنەکۆنەکانم بیر دەخاتەوە... تێدەگەیت، بۆئەوەی بتوانین قسەبکەین و تیبگەم بۆ ئەم هەموو هێزەت هێناوەتە سەر ئەم ماڵە، هەر ئێستا ئەم چەکدارانە لە حەوشە و هەیوانی من دووربخەرەوە) (ب. عەلی، ٢٠٠٩، ٢٧٩).

نووسەر لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا دید و بۆچوونی تازە دەخاتە ڕوو سەبارەت بە شۆڕش و شۆڕشگێڕانی کورد، هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن جەنگ ئەوانیشی کردە دڕندە و چاوچنۆک، پێماندەڵێ جەنگ چۆن ئەو مرۆڤانەی گۆڕی لە مرۆڤی ئاسایی و جوامێرەوە بۆ مرۆڤی خۆپەرست و دڵڕەق، کە لەپێناوی مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ئامادەیە بێ دوودڵی و ترس

هەرچی بێتە سەرە ڕێی، ملی هەڵپرۆکێنێ، کە لە ڕۆمانەکانیدا بە ڕوونی دیارە، هەروەها ڕەخنەش لە شۆڕشگێڕان و دەسەڵاتدارانی ناو شۆڕشی کورد دەگرێت.

لە گێڕانەوەکیدا بەختیار عەلی لە ڕۆمانی "غەزەلنووس" و"باغەکانی خەیاڵ" لەسەر زاری یەکێک لە کارەکتەرەکانی دەڵێت: (بارۆنی کولەکە یەکێکە لەو بارۆنە کەمانەی زوو زوو دێت بۆ یانەکە، شبر زانیارییەکی تەواوی لەسەر بارۆنی کولەکە هەبوو، ئەو گوتی "بارۆنی کولەکە، لە بارۆنە ڕاستەقینیەکان نییە، کابرا تا ساڵی نەوەدوپێنجێش، کەسبێکی ئاسایی بازاڕ بوو، سەرەتا لە کولەکە فرۆشتنەوە دەستی پێکردووە، دەستپێکی ژیانی وەها دەستکورت دەبێت، ماوەیەک لە عەلوەکە کۆڵکێشی دەکات، ئەوەی بارۆن دروستدەکات و دەیکات بەو پیاوەی ئەمڕۆ، فەرهوودی ڕاپەڕینە) (ب. عەلی، ٢٠٠٨، ٤٣٠).

کەواتە بەشێکی نووسەرانی ڕۆمان تەنها قۆناغ و ڕووداوەکانی مێژوویان نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو هاتوون شرۆڤە و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییان بۆ تاکی ناو کۆمەڵگای کوردی کردووە و باسی کاریگەریی جەنگ لەسەر مرۆڤ و بەشداری لە شۆڕشەکانی دژی داگیرکەریی عێراقی چ تاکێکی بەرهەمهێنا؟ چۆن چاوچنۆکی مرۆڤ دادە ماڵێت لە هەست وسۆز و بەزەیی و ویژدان؟

کەواتە ئەو ڕۆمانانەی سوودیان لە تێمی جەنگ وەرگرتووە لە قۆناغی نوێدا، تەنها کاریان گێڕانەوە بە کەرەستە نەبووە، بەڵکو بە کەرەستە مێژووییەکە داهێنانیان کردووە و دەقی ئیستاتیکیی ناوازەیان ئافراندووە، نەک هەر دووبارەکردنەوە و گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان..

"جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد" (٢٠١٠)، "کەشتی فریشتەکان"(٢٠١٣)، "هەورەکانی دانیاڵ" (٢٠١٥)، "دەریاس و لاشەکان"(٢٠١٩)، دەچنەخانەی ڕۆمانی مێژوویی نوێوە، کە بە تەکنیکێکی نوێ بۆ نموونە ڕیالیزمی جادوویی نووسەراون، "بەختیار عەلی" وەکو ئارکیۆلۆژیستێک مێژووی کورد لە سەرەتای هەشتاکانەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ هەڵدەکۆڵێت، وەکو گەڕۆکێک لە ڕووی ئەدەبیاتەوە لەناو مێژووی شۆڕشەکان، مێژووی نوشووستەکان، ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆڕەوی کوردان، شەڕی براکوژی حیزبەکان، لە نێو ڕۆمانەکانی ئامادەییان هەیە. (مەنتک، ٢٠٢١، ٢٩٦-٣٢٨).... .... ..

ئەسپەنجیر یەکێکی ترە لەو ڕۆمانە کوردییانەی، کە باس و خواسی جەنگی لەخۆگرتووە، لە نووسینی "تەیفوور بەتحایی". ئەسپەنجیر، وەک نووسەر لەسەر بەرگی نووسیویە، بەرگی دووەمی ڕۆمانی "ژیان بەدەم زریانەوە"یە و بە قەڵەمی تەیفوور بەتحایی، نووسەر و هونەرمەندی خەڵکی سنە نووسراوە.

ئەم تێکستە گێڕانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتە دوای ڕووداوەکانی نەورۆزی سنە و شەڕی سێ مانگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەسپەنجیر، هەڵێنجراوی ئازار و برک و لێکەوتەکانی جەنگە، جەنگێک کە بەرۆکی مرۆڤی کوردی گرت، بەسەرهاتی نەهامەتی، هەژاری، بێباوانی و بێدەرەتانیی "ژیان" دەگێڕێتەوە، ژیان منداڵێکە بەرهەمی پەیوەندیی نێوان پێشمەرگەیەک و ژنێکی لایەنگری شۆڕشە کە دوای هەڵگیرسانی شەڕ و چۆڵکردنی شار لەلایەن پێشمەرگەوە، لەدایک دەبێت، پاشان دایکی لەلایەن سوپای پاسدارانەوە دەگیرێت و ژیان لەلایەن دایە "ئامە" کەسێکی نزیکیانەوە بەخێو دەکرێت، ئامە گوتبووی ئەو ڕۆژەی بە دنیا هاتی، پاسدار و جاش گەیشتنە نێو دێ، وڵاتیان دایە بەر تۆپ. پێشمەرگە هەتا ئێوارە شەڕیان کرد و دوای پاشەکەشەیان کرد، شەوی نەورۆز بوو، بەرەو شاخە بەرزەکان ڕۆیشتن و ئیتر نەگەڕانەوە. کێ کوشتیانی؟ کێ بە کوشتی دان؟ ئامە ئەمەی نەدەزانی. (فەلاح، ٢٠٢٠، https://jineftin.krd/).

ئەمە و چەندین بەیتی فۆلکلۆریی سەرزارەکی و تا دەگاتە ئەدەبی نووسراو، هەر لە داستان و چیرۆک و ڕۆمان و شیعریش لە ئەدەبی کوردیدا سیخناخن لە تێمەی جەنگ و ڕووداو و کارەساتی مەرگئامێز، کە نووسەران سوودیان لێ وەرگرتوون بۆ ئەفراندنی تێکستی ئەدەبی. هەڵبەت کورد یەکێکە لەو میللەتانەی دونیا، کە زیاتر لە هەموو گەلانی دونیا بەر شاڵاوی داگیرکاری کەوتووە و زەبروزەنگی زۆری بەرکەوتووە، نووسەرانیشی بە چڕوپڕی ئەو ڕووداوانەیان لە شێوەی چیرۆک و ڕۆمان خستووەتە بەردەستی خوێنەر، هەندێکیان بۆ زیندووکردنەوەی کەسایەتییە مێژووییەکان و پاراستنی ئەو مێژووە لە فەوتان، هەندێکیشیان ڕۆمان و تێکستەکانیان کردووەتە مینبەر تا دەنگ و پەیامیان بگەیننە خوێنەری کورد و لە ڕێگەی نووسینەکانیان شرۆڤەی سیاسی و کۆمەڵایەتیان کردووە، تا خوێنەری کورد سوود و پەند لەو کارەسات و ڕووداوە مێژووییانە وەرگرێت و نەهێڵێت دووبارە ببنەوە و وەک لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت و لەو ڕێگایەوە تاکی کوردی هۆشیار ببێتەوە، چونکە دەبین ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکان لە کوردستاندا دووبارەبوونەتەوە بێئەوەی پەندی لێوەربگیرێت.

## پاری سێیەم: جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە دونیای ڕۆمانەوە

### ١. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە ناونیشانەوە

ناونیشان ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕۆماندا کە جێگای هەڵوێستەلەسەرکردن و ڕامانە لەلایەن نووسەرەوە، چونکە ناونیشان دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو دەقی ئەدەبی و ڕۆماننووسان گرنگییەکی زۆری پێ دەدەن و لای هەندێکیشان ناونیشان کۆدێکی داخراوە و خوێنەر لەسەریەتی بەدوای ڕەهەند و مەبەستە شاراوەکانیدا بگەڕێت. هەندێکیش لە نووسەران نووسینەکانیان بە ناوی شار و کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکەوە ناودەنێن، یان خۆیان وشەیەک دادەڕێژن کە هەڵگری کرۆکی باسەکەیان بێت و پەیوەندی پێوە هەبێت و هەڵگری ئەو پەیامە بێت، کە لە ناوەڕۆکدا باسکراوە، دەقی ئەدەبی بێناونیشان وەک مرۆڤی بێشوناس وایە و هەمیشە ونە، بۆیە ئەمڕۆ نووسەران بایەخ بەو توخمە ئەدەبییە دەدەن و هەوڵدەدەن لە ناونیشاندا هێز و توانای خۆیان دەردەخەن، بۆیە دەبینین هەندێک نووسەر زۆر بە سەلیقە و شارەزایی و هەناسەی شیعرییەوە ناونیشان هەڵدەبژێرن و سەر بەرگی دەقەکەی پێدەڕازێننەوە، بە شێوازێکی ئیستاتیکی کە هەر لەگەڵ یەکەم بەرچاوکەوتن ئارەزووی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بە لای خۆیدا ڕاکێشێت.... وەک دەوترێت (ناونیشان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەق، هیچ ڕۆمانێک و دەقێک بەبێ ناونیشان نابێت، بە نەبوونیشی کەم و کورتییەکی گەورە دەکەوێتە نێو بونیادی تێکست و ڕۆمانەکەوە، چونکە ناونیشان پێکهاتەیەکی گوشراوی زمانییە، بە گشتی پەیوەستە بە ڕوانینی کرۆکی تێکستەوە، دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی بەشێک یان زیاتری تێکست، پەیوەندیی هەمەلایەنە و نەپچڕاوی هەیە لەگەڵ هەرسێ لایەنی پێکهاتەیی هەیکەلی داهێنان (نووسەر – تێکست - خوێنەر)، کە بە گشتی لە بچووکترین دانەی زمانی دەستپێدەکات تا گەورەترین دانەی زمان.

بە بڕوای "جیرار جینیت" ئەرکی ناونیشان خۆی لە چوار ئەرکی سەرەکیدا دەبینێتەوە:

١. سەرنجڕاکێشان: ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و ئاڕاستەکردنی
٢. سروشبەخشین: نیشاندان و ئاماژەبەخشین.
٣. دیاریکردن: ناساندنی تێکست و کارنامەکەی.
٤. وەسف: ناساندنی تێکست لە ڕێگەی ناونیشان و وەسفکردنی بەشێک، یان زیاتری بابەتی تێکستی دیاریکراو). (یعقوب، ٢٠٠٤، ١٠٢).

کەواتە ناونیشان چەند وشەیەک نییە، کە گوزارشت لە کارێک بکات، یان تەنها پێناسی دەقێکی ئەدەبی بێت، بەڵکو ناونیشان پردی پەیوەندییە لە نیوان خوێنەر و دەقدا، کە ئاسانکاری دەکات بۆ ئاشنابوون بە جەوهەری بابەتەکە.

ناونیشان لە ڕەخنەی کۆندا گرنگییەکی کەمتری هەبووە و لێکۆڵینەوەکان لە چوارچێوەیەکی سنووورداری گۆشەگیردا بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەناو پێکهاتەی تێکستی باویشدا گرنگییەکی بەرچاو بەم ڕەگەزە نابینرێت، تەنانەت لە هەندێک لە تێکستەکانیشدا هەر بوونی نییە و فەرامۆشکراوە، بۆیە دەکرێت بڵێین، تێڕامان و گرنگیدان بە ڕەگەزی ناونیشان بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخە. (عزیز، ٢٠١٤، ١٤٥).

هەڵبەتە نووسەرانی قۆناغی پێشووی ڕۆمان، ناونیشانیان بە توخمێکی گرنگ نەزانیوە و پشتگوێیانخستووە، چونکە ئەوان مەبەستیان گێڕانەوەی ڕووداو و کارەساتەکان و گەیاندنی ئەو پەیامە نەتەوەیی و ڕامیارییە بووە، کە پەیوەست بوون بە تۆمارکردنی ڕووداوەکان لەو بارودۆخ و ڕۆژگارەدا، بەڵام نووسەرانی قۆناغی نوێی ڕۆمان، بایەخێکی ئێجگار زۆر دەدەنە ناونیشان، چونکە بە دەروازە و پێناسی کارەکەیانی دەزانن.

هەموو دەقە ئەدەبییەکان خاوەنی ناونیشانن، کە خوێنەران بەو ناوە دەیانناسنەوە، بەرهەمە ئەدەبییەکان، چ شعر بن چ پەخشان، ناونیشانەکانیان هەڵگری ناوەڕۆک و چڕکراوەی دەقە ئەدەبییەکەیە.

پێمانوایە هەندێک ناونیشان هێندە سەرنجڕاکێش و سیحراوین هەر لەگەڵ بینینی ناونیشان نووسەر وەک کارێکی جادوویی، دڵ و ویستی خوێنەر بۆ بابەتە ئەدەبییەکەی دەفڕێنێت و پەلکێش و تامەزرۆی خوێندنەوەی دەکات، کەواتە ئەوە جۆرێکە لە سەلیقەی ڕۆماننووس و شارەزایی لە هەڵبژاردنی ناونیشان، ئەگەر ناونیشان بە جۆرێک نزیک بێت لە شیعرەوە، ئەوە بە دڵنیایی قەشەنگتر دەبێت.

دەبێت ئەوەش بڵێین، کە نابێت ناونیشانی ڕۆمان هەڵگری دوو فەزای جیاواز بن، کە هەریەکەیان بەرەو ئاڕاستەیەک ڕێچکەبگرن، بەڵکو دەبێت خوێنەر والێبکات لە نێو هەردوو فەزا جوداکەوە دەروازەیەکی هاوبەش بۆ چوونە ناوەوە و ئاشنابوونی زیاتر بە جیهانبینیی ڕۆمانەکە بدۆزێتەوە. (عزیز، ٢٠١٤، ١٤٧).

کەواتە دەبێت ناونیشان لەگەڵ کرۆک و ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی یەکانگیربێت و پەیوەست بن بەیەکەوە، واتە ناونیشان دەبێت لە خزمەتی دەقدا بێت و گوزارشت لە سەرگوشتە و بەسەرهاتی ناو بەرهەمە ئەدەبییەکە بکات، نەک ناونیشان وشەیەک یان دەستەواژەیەک بێت زۆر دوور بێت لە کرۆک و ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکەوە، یان هەر پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە نەبێت.

ناونیشانی ڕۆمان پێویستە چەند تایبەتمەندییەکی خۆی تێدا بێت، تاوەکو سەرنج و هزری خوێنەر بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، خوێنەر هەستبکات لەگەڵ بابەتێکی نوێ ڕووبەڕوودەبێتەوە، بە بڕوای "ئیبراهیم یونسی" ئەو تایبەتمەندییانەش لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:

١. دەبێت تازە و هاوچەرخ بێت، واتە بۆنی کۆنی و بەسەرچوویی لێنەیەت.
٢. جوڵێنەری هزری خوێنەر بێت و وایلێبکات وا هەستبکات لەگەڵ ناونیشان و بەرهەمێکی ڕێکوپێکدا هەڵسوکەوتدەکات.
٣. دەبێت فریودەری خوێنەر بێت، ڕاکێشەر بێت و نیگاری داگیربکات.
٤. پێویستە شیعریەتی تێدا بێت و لە کاتی دەربڕین و بیستندا بە شێوەیەکی هارمۆنی بەر گوێی خوێنەر بکەوێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە پێویستە ڕۆماننووس کۆمەڵێک ناونیشان هەڵبژێرێت و لەبەر خۆیەوە چەند جارێک بیڵێتەوە، تاوەکو گونجاوی لایەنی ئاواز و دەربڕینی یەکیانی بۆ دەربکەوێت و بیکاتە ناونیشانی ڕۆمانەکەی، واتە خۆخستنە جێی خوێنەربوونی ڕۆماننووس لەپێناو بەدەستهێنانی ناونیشانێکی گونجاو و سەرکەوتوو.
٥. ناونیشانەکە لەوە بچێت، کە ڕۆمانە و سەروکاری لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، چونکە ئەگەر وانەبوو، خوێنەر هەستدەکات، کە چاوبەستی لێکراوە یان هەڵخەڵەتێنراوە.
کەواتە بۆ ئەوەی ڕۆمان بەهێزبێت، گرنگە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، کاتێک خوێنەر دەستیدایە یەکەم لاپەڕە و دەستیکرد بە خوێندنەوە، حەزی بەردەوامبوون پەلکێشی ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی بکات، نەک هەر لە گەڵ یەکەم لاپەڕە هەڵدانەوە، هەست بە بێزاری بکات و دەست لە خوێندنەوەی هەڵگرێت.
٦. نابێت کرۆکی سەرەکی، یان هەناوی بابەتی ڕۆمانەکە ئاشکرابکات، چونکە ئەگەر وانەبوو، ئەوا هەموو ماندووبوونی ڕۆماننووس بەهەدەردەڕوات و لای خوێنەریش وەک ناونیشانێکی بەهێز دەرناکەوێت.
٧. پێویستە ناونیشانێکی سواو، یان دەستەواژەیەکی کۆن، یان کلێشەیەکی داڕێژراو، یان پەندێکی پێشینانی جوێنراو نەبێت، چونکە ئەم جۆرانە لە ناونیشان بۆ ڕۆمان دەستنادات. (یونسي ٢٠٠٩، ١١٠).

لەبەر ئەو گرنگییەی ناونیشان لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا، نووسەران بە بایەخەوە ئاوڕیان لەم توخمە ئەدەبیەکە داوەتەوە و هەوڵیانداوە هێز و لێهاتوویی خۆیان لەو دەروازەوە دیاربخەن، یەکێک لەو ڕۆمانانەی، کە ناونیشانی "جەنگ"ی کردووەتە ناونیشانی ڕۆمانەکەی، ڕۆمانی "جەنگ"ە لە نووسینی "سەلاح عومەر"ە لە ساڵی "٢٠٠٣"، کە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

(بەر لەوەی دایکم دەرگا و پەنجەرە داخراوەکانی دڵی بە ڕووی جیهاندا بکاتەوە و نهێنیی ئاوارەبوونی خۆی و تەلیسمی شمشاڵ و نووسینی سەر ئەو کاغەزەی لەناو گۆڕەکەی باوکم جێ مابوون بدرکێنێ، من خۆم بە دەیان جار ئەو پرسیارانەم ڕووبەڕووی خۆم و ئەو کردبۆوە: من کێم،

باوکم کێیە و ئێمە خەڵکی کام وڵاتین، دایکم لە کوێ هاتۆتە ئێرە، بۆ لە زێدی بابوباپیرانی پەڕاگەندە بووە، و لێرە و لەم شارە گیرساوەتەوە، ئەگەر باوکم ماوە، کوا لە کوێیە و چی لێهاتووە، ئەگەر نەماوە یان کوژراوە، کوا گۆڕەکەی لە کوێیە، یا ئەگەر کوژراوە کێ کوشتوویەتی و لەبەرچی کوژراوە، دایکم لە چ شار و وڵاتێ شاردوویەتییەوە و گۆڕستانەکە کەوتووەتە کوێ، ئەی بۆ لەو ماوە دوورودرێژەدا کە ڕەنگە چل ساڵێک بێ، تاقە یەک جار نەچوو سەردانێکی گۆڕەکەی بکات). (عومەر، ٢٠٠٣، ٥).

یەکێکی تر لەو ڕۆمانانەی کە ناونیشانی شێوە جەنگی لەخۆدەگرێت، ڕۆمانی "مەرگی بێ کۆتا"ی "ڕزگار کەریم" لە ساڵی "٢٠٠٢"، کە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکاتە سەرچاوەی خولقێنەری ڕووداوەکان و بە شارەزاییەوە ناونیشان بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەیەوە دەبەستێتەوە، بۆ نموونە گێڕەرەوە لە چەند دێڕێکدا دەڵێت:

(لە سەراوە تا دەری هەڵەبجە و ناوچەی کانی ئاشقان ودەوروبەری شار کیمیایی بەرکەوتبوو.. شاری هەڵەبجە لە مێژووی پڕ مەینەتی پێشوودا هەرگیز بەڵاو نەهامەتی وا نەهاتبوو بەسەریدا… ژێر زەمینی ماڵان پڕ لە جەستەی خەڵک بوو، لە دەروازەی شار تا سنورەکانی دەوروبەرو چوارچێوەی بە لاشەی مردوو گیرابوو، کۆڵانەکانی پیر محەمەد بە ڕیز خەلکی لەملاو لەولا کەوتبوون ژیان لەشاردا ڕێچکەی بەستبوو ماڵئاوایی دەکرد، مەرگیش باڵادەست بوو بەسەریاندا و سۆز و بەزەیی بۆ خەڵکی بێنەوا نەدەهاتەجۆش.. دار و درەختەکان بە هێواشی دەلەرینەوە و مەلی ئاسمانیش بەرشاڵاوی کیمیاوی دەکەوت و دەست لە ملانی مەرگی ئاژەڵ وگیاندارانی هاوەڵی دەبوو) (ڕ. کەریم، ٢٠٠٢، ٥٨٠)

ڕزگار کەریم لە ڕۆمانەکەیدا وردودرشتی ئەو تراژیدیایە نیشان دەدات، کە مەرگ و جەنگ چی کارەساتێکی بەسەر ئەو شارەدا هێناوە، داگیرکەر وەک دراکۆلا بە مرۆڤ کوشتن و لەناوبردنیان نەوەستاوە، بەڵکو زۆر بێویژدانانە دەستدرێژییشی کردووەتە سەر سروشت و ئاژەڵانیشی قڕکردووە و ئەو ڕووداوە تراجیدیە پڕ بە پێستی ئەو ناونیشانەیە کە نووسەر هەڵی بژاردووە، مەرگ بەرامبەر کیمیاباران و پۆل بە پۆل کەوتنی تەرمی ئادەمییەکان، هەڵبەت ئەو مەرگە تا ئێستاش کۆتای نەهاتووە، دەردەدارەکانی دوای کیمیاباران زەلیلی دەستی نەخۆشی و حەسرەتی دووری دۆست و یارانیانن.. ئەوەتا ئێستاش ونبووەکان بە دوای خێزان و کەسوکاریاندا دەگەڕێن، بێسوود و تەنها و غەریبی وڵاتان گوزەری ژیان دەکەن و مەرگ بۆ کوردی ئەم کوردستانە کۆتایی نەهاتووە،

هەروەها ڕۆمانی "هەڵاتن لە هەرێمی مردووەکان"ی "ئارام حەمە" لە ساڵی "٢٠١٥" ڕۆمانێکە باسی کارەساتی ئەنفال دەکات، ناونیشانەکە ئاماژەیە بۆ ڕاکردن و هەڵاتن لە شوێنی مردووەکان، دیارە مەبەستی بیابانە، کە بووەتە گۆڕستانی کوردان.

بەمشێوەیە دەستپێدەکات (کە هەواڵی مەرگی "کامەرانی وەنەوشە"م بیست تەواو ڕاچڵەکیم، من هەرگیز بڕوامنەدەکرد مردبێت، ئەو هێشتا لە نێو کۆڵانەکانی شاردا جێ پێی دیاربوون، هێشتا بۆنی بەرۆکی هەر لە هەوادا بوو، سەیر بوو بەڕاستی ڕووداوێکی سەیر بوو). (حەمە، ٢٠١٥، ٩).

ناونیشان بەگشتی پاشکۆی ڕۆمانە، کە زۆربەی ڕۆماننووسان دوای لەدایکبوونی ڕۆمان دیاری دەکەن، وەک "ئیبراهیم یونسی" لە دانانی ناونیشاندا دەڵێت: (باشتر وایە دانانی ناونیشانی ڕۆمان کاتێک بێت، کە ڕۆمانەکە بە کۆتا گەیشتبێت، ئینجا ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ورد ناونیشانێک بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژێرێت). (یونسي، ٢٠٠٩، ١١٣).

زۆرێک لە نووسەران ناوەڕۆکی دەقەکە دەخەنە خزمەتی ناونیشان، بە جۆرێک ناونیشان کۆک بێت لەگەڵ جەوهەر و مانا و مەبەستی ڕۆماندا.

هەندێک لە نووسەرانی کورد بە هەڵبژاردنی ناونیشان هەم داهێنان هەم پەیامی قوڵی کۆمەڵایەتی و سیاسییان گەیاندووە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم) دا "شێرزاد حەسەن" بە ناونیشان ئاماژەی بۆ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کردووە، هەر بۆ خۆی وشەی حەسار گوزارشت لە سنووردانان و قەدەغەکردنی بینینی دنیای دەرەوە و مۆنۆپۆلکردنی هەموو شتێکی دەوروبەرە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، سەگیش بە واتای مرۆڤی گوێڕایەڵ و وەفادار و پاسەوان و خزمەتکاری گەورەکەی دێت.

بۆ نموونە کاتێک گێڕەرەوە دەڵێت (کەی بێ و بتوانم دەرگاکانی حەسار واڵاکەم) (حەسەن، ٢٠١٧، ٥٥).

ئەمە و چەندین نموونەی جوانی تر، کە سەلیقە و شارەزایی نووسەران پیشاندەدات لە هەڵبژاردنی ناونیشانی دەقی ئەدەبیدا، کەواتە ناونیشان توخمێکی ئەدەبیی گرنگە و جێی بایەخە لای نووسەرانی قۆناغی نوێی ڕۆمان و دواتر لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر ڕوونیدەکەینەوە.

### ٢. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە کارەکتەرەوە

کارەکتەر ئەو کەسانەن، کە هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکانن لە شوێن و کاتی دیاریکراودا لە ناو ڕۆماندا، ئەم توخمە گرنگە نووسەران بە بایەخەوە تەماشایدەکەن، هەر وەک دکتۆر نەجم ئەڵوەنی دەڵێت: (کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکییە گرنگەکانی ڕۆمان و بەبێ ئەو هیچ ڕۆمانێک نانووسرێت و سەرجەم ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێک پەیوەندی بە ژیان و کار و کردەوەکانی ئەوەوە هەیە). (ن. ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ٩).

بە درێژایی سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆمان و هەتا ئێستەش، گرنگییەکی زۆر دراوە بە کارەکتەر، کە یەکێکە لە بونیاتەکانی ڕۆمان  لە سنوری تێکستی ڕۆماندا، نووسەران و ڕەخنەگرانەوە بە بیر و تێڕوانینی تایبەتیانە چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ کارەکتەر کردووە، لە هەموو کات و سەردەمێکدا وەکو هەموو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانی جێگەی بایەخ و گرنگپێدان بووە.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ڕۆمان پانتایی فراوانە و گۆڕانکاری و ڕووداوی زۆر لەخۆدەگرێت.

پاشان نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسفکردنی کارەکتەرەکانییەوە بە ڕێگەی هونەری و تەکنیکی هونەری ڕۆمان، ڕۆڵ و پێناسی کارەکتەرەکانی پیشاندەدات و دەیانخاتەڕوو، کەواتە کارەکتەرەکان بەپێی تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی هەڵسوکەوت وبیرکردنەوە جوڵە و ڕەفتاریان بە خوێنەر دەناسرێن.

کارەکتەر یان کەسێتی، کەسێکە لە کاری گێڕانەوەدا نیشان دەدرێت، بۆ نموونە کاتێک باسی کارەکتەر یاخود کەسێتی دەکرێت، قارەمان و دژەقارەمانە، یاخود کارەکتەری سەرەکیی (تەوەری)، یاخود ناسەرەکی دێت.

جۆن لۆک دەربارەی کارەکتەر دەڵێت: هەستکردنی تاکە بە بوونی خۆی لەڕێی درێژبوونەوەی کاتەوە. (وات، ٢٠٠٩، ٢٩).

نووسەرانی قۆناغی نوێی ڕۆمان بایەخێکی زۆریان بە پرۆسەی داڕشتنەوە و سازاندنی کارەکتەر داوە، چونکە کارەکتەریان بە تەنیا هەڵسوڕێنەر و گێڕەرەوەی ڕووداوەکان دانەناوە، بەڵکو ئەوان واتە نووسەران لە پشتی ئەو پرۆسەی دەستکاریکردن و ئەفراندنی کارەکتەرە مەبەستی قوڵتریان هەبووە، ئەویش گەیاندنی بیروبۆچوون و ئایدیای نووسەرە لە ڕێگەی کارەکتەرەکانییەوە، هەڵبەت ئەم پەیامەش دەگاتە گوێی خوێنەر لە ڕێگەی کارەکتەرەوە، بۆیە پرۆسەی ئەفراندن و سازاندنی کارەکتەر لە لایەن نووسەرانەوە بە کارێکی گرنگ دادەنرێت.

مرۆڤیش هەر بەو شێوەیە بەپێی تێپەڕبوونی کات، ڕەفتار و کردەوە و بیرکرنەوەی دەگۆڕێت و ئەو کارەسات و ڕووداوانەی دێنە سەر ڕێگای، هەم ژیان هەم بیرکردنەوە و کەسایەتی، هەم ڕەفتاریشی دەگۆڕێت، جا ئەگەر هاتوو کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان خەیاڵی بن ئەوا نووسەر بە ئارەزوو ویستی خۆی دەستکاریی کەسایەتی و ڕەفتاری کارەکتەرەکان دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو کارەکتەرەکان کەسایەتیی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگابن ئەوا لەو کاتەدا نووسەر ناتوانێت زۆر بە ئازادی دەستکاریی کەسایەتیی کارەکتەرەکە بکات، بەڵام هەندێ جار دەتوانێت کەسایەتییەکە تێکەڵ بە بیر و خەیاڵی خۆی بکات، کەواتە کارەکتەر ئافرێنراوی دەستی نووسەرە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نووسەر هەموو ئازادییەکان لە کارەکتەر وەربگرێتەوە و بە ئارەزووی خۆی

هەڵیسوڕێنێت و تەواو ڕەنگدانەوەی بیرو دەستی نووسەر بێت و هەرچۆن بیەوێت بیجوڵێنێت و ڕووداوەکانی پێ بگێڕێتەوە، بەڵکو دەبێت ڕۆماننووس و کارەکتەر ئەڵقەیەکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا هەبێت تا ڕۆمان لە کەسایەتیی بێهێز و نووسینی لاواز بەدوور بگرێت.

کەواتە ئاشکرایە کردەی ئەفراندنی کارەکتەر کارێکی ئاسان نییە و لەسەر توانا و سەلیقە و شارەزایی ڕۆماننووس وەستاوە، کە چۆن کارەکتەرێکی بەهێز بخوڵقێنێت کە بە ئاخاوتنی کاریگەر و بەهێز و هەڵسوڕانی ڕووداوەکان لە کات و شوێندا ڕۆمانێکی بەپێز بخاتەڕوو، کەواتە خولقاندنی کارەکتەر یەکێکە لە کارە گرانەکانی ڕۆماننووس..

لە کۆندا نووسەران لە هەندێک بارودۆخدا کارەکتەرەکانیان ئاژەڵ بوون و لە سەر زاری ئەوانەوە پەیام و بیری خۆیان گەیاندووە، ئیتر ئایا لە بەر ترس و پاراستنی ژیانیان بووە لە دەست زۆردار، یان بۆ هەر مەبەستێکی تربووە، گرنگ گەیاندنی ئەو پەیامە بووە کە نووسەر ویستوویەتی بیدا بە گوێچکەی خوینەراندا، یان نووسەر ویستوویەتی پەیامێکی قووڵی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی بگەیەنێت، بۆ نموونە لە کتێبی هەزارویەک شەوە، کە لە گێڕانەوەیەکدا گێڕەرەوە لە سەر زاری شەهرەزاد دەڵێت: (ئەوە بزانە پاشا، گورگ و ڕێویەک کۆنێکیان کردە کولانە، پێکەوە ژیانیان تیا بەسەردەبرد.. ماوەیەک پێکەوە مانەوە، جارێکیان ڕێوییەکە ئامۆژگاری گورگەکەی کرد، کە نەرم و نیان بێت ولە خراپە دوور بکەویتەوە) (مەحموود، ٢٠٠٧، ب١/ ل ٢١)، هەڵبەت ڕوونە گورگ و ڕێوی نە دەتوانن بئاخێون، نە ژیریشیان هەیە ئامۆژگاری یەکتر بکەن بۆ چاکەکاری، لە بنەڕەتیشدا ئەو دوو ئاژەڵە بە فێڵباز و دڕندە ناوبانگیان دەرکردووە، کەواتە نووسەر لەمبارەدا دەیەوێت پەیام بە کەسانی دەوروبەر لە سەر زاری ئاژەڵان بگەیەنێت یان ئامۆژگاریی کۆمەڵگا و مرۆڤی پێبکات، یان شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ بارودۆخێک بکات.

دەکرێت جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆماندا لەم چوار جۆرەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

١. لە ڕووی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕۆمانەکان: کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی هەن.
٢. لە ڕووی بوونی کاریگەریی ڕووداوەکان لەسەریان: کارەکتەری چەسپاو و پەرەسێن هەن.
٣. لە ڕووی دەرکەوتنیان لە نێو تێکستدا: کارەکتەری سادە و بازنەیی هەن.
٤. لە ڕووی چۆنیەتیی ئەو کارانەی لە ناو تێکستدا ئەنجامیاندەدەن: کارەکتەری ئەرێنی و نەرێنی هەن. (حاجی، ٢٠٠٩، ١٧٦).

بۆ دیاریکردنی جۆر و شێوەکانی کارەکتەر، چەندین بۆچوونی جیاواز هەن، بۆ نموونە: عەبدوڵڵا سەڕاج چەند جۆرێک لە کەسایەتی دیاری دەکات لەوانە، کەسایەتیی سەرەکی و لاوەکی، کەسایەتیی ساکار و بەگرێ، کەسایەتیی سەنگین و گاڵتەجاڕ، کەسایەتیی ئاسایی و شاز، کەسایەتیی ڕەسەن و کارتۆنی، کەسایەتیی واقعی و خەیاڵی، کەسایەتیی ڕاستەقینە و هێما، بەڵام دابەشکردنی کارەکتەر بۆ

چاک و خراپ و ژیر و نەفام هەڵەیە، جۆرەکانی کارەکتەر لە ناو ڕۆماندا زۆر و جۆربەجۆرن، بەپێی ئامادەبوونیان لەناو ڕووداوەکانی ڕۆماندا دەبن بە دوو بەشی سەرەکییەوە، کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری لاوەکی:

یەکەم: کارەکتەری سەرەکی:

کەسێتیی سەرەکی، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە پێشکەوتنی ڕووداو و گێڕانەوەی دەقی ڕۆماندا، ئەم کەسایەتییە زۆرجار لە لایەن هەندێک ڕۆماننووسەوە ئەرکی گێڕەرەوەی پێدەدرێت، واتە هەم گێڕەرەوەیە و هەمیش کەسایەتیی سەرەکییە. (ه. حوسێن، ٢٠١٠، ٢٢٧).

کەواتە ڕوونە لە ناو ڕۆماندا تەنها یەک کارەکتەری سەرەکی بوونی هەیە و ڕۆڵدەگێڕێت و تەوەری سەرەکییە و کارەکتەرەکانی تر، کە بە کارەکتەری لاوەکی ناودەبرێن، لە ناو ڕۆماندا هەموو دەخرێنە خزمەت کارەکتەری سەرەکییەوە بۆ هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکان لە ناو ڕۆماندا.

هەندێکجار ڕۆماننووس خۆی لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ڕۆڵ و پێگەی کەسایەتیی سەرەکی دیاریدەکات، یان وەکو پاڵەوان نمایشی خۆی دەکات، هەندێکجاریش نووسەر لە دەرەوەی دەق دەوەستێت و تەنها تەماشاکەرە و کەسایەتی و کارەکتەری ناو ڕۆمان تەواو دوورە لە کەسایەتی نووسەرەوە، ڕەنگە بە ویستی خۆی بێت، یان نا، هەندێک جار بیر و بۆچوونی نووسەر لە ناو ڕەفتاری کارەکتەردا ڕەنگبداتەوە، ئیدی ئەوە کەوتووەتە سەر نووسەری ڕۆمان خۆی، کە دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر دەقەکەیدا هەیە چونکە خۆی خاوەنی دەقە هونەرییەکەیەتی.

دووەم: کارەکتەری لاوەکی:

ئەگەر کەسێتیی سەرەکی تەوەر و هەڵسووڕێنەری ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان بێت، ئەوا کەسێتیی لاوەکی هەمیشە ڕۆشنایی و ڕووناکی زیاتر دەخاتە سەر ژیان و هەڵسوکەوت و جوڵەی کەسێتیی سەرەکی، کە ئەمە دەبێتە هۆی خولقاندنی ڕووداوی زیاتر و چێژی زیاتر دەبەخشێتە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان لە کاتی خوێندنەوەدا، کەواتە کەسایەتی لاوەکی و درێژە بە کاروکردەوەی کەسێتیی سەرەکی دەدەن لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان.

کارەکتەر بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە سەرەتای لەدایکبوونی ڕۆمانەوە بووە بە کۆڵەکەیەک لە بونیادی ژانری ڕۆماندا، کارەکتەری سەرەکییش شوێنێکی دیاری لە چنینی ڕووداوەکان داگیرکردووە.

هەروەها بابەتی ناونانی کارەکتەر لە ڕۆماندا بابەتێکی دێرینە، لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی ڕۆماندا هاتوەتە ئاراوە، بابەتێکە پەیوەستە بە نیشاندان و دیاریکردن و ئەفراندنی کارەکتەر، چونکە لە ڕووی لۆژیکییەوە هەموو کارەکتەرێک پێویستی بە ناساندن هەیە، کە خۆی لە چوارچێوەی ناوێکدا

دەبینێتەوە، بەڵام بێ ناوی کارەکتەر خۆی لە نەبوونی ناوی کارەکتەردا دەبینێتەوە، لەبری ئەوەش پەنادەبرێتە بەر ڕاناوەکان، کە بەپێی کۆنتاکی ڕستە و هەلومەرجی بەکارهێنانیان بگونجێت، ئەم ڕاناوانەش کە جێگەی ناو دەگرێتەوە زیاتر قورسایی و ڕاڕایی گێڕانەوەی ڕووداوەکانیان دەکەوێتە سەر. (ژووڤ، ٢٠١٢، ٥٥).

کەواتە بابەتی ناونانیش ئەرکێکی ترە لە سەر شانی نووسەر، کە جێگەی بایەخە، چونکە ناو و شوناس ناسێنەری مرۆڤەکانن و بەبێ بوونی ناونیشان، شوناس لەدەستدەدرێت. زۆرجار ناوەکان ناوی ئاسایی ناو کۆمەڵگەن و کەسایەتیی ناو ڕۆمانی پێ ناودەنرێن، هەندێکجاریش نووسەران لە پشت ناوی کارەکتەرەکان مەبەستیانە واتا بگەیەنن، یان بە مەبەست ناوەکان گرێدەدەن بە چیرۆک و ڕووداوی رابردووەوە تا زیاتر نووسەر توانا و سەلیقە و ڕۆشنبیری خۆی نیشانبدات.

کارەکتەرەکان ڕووداو ئەنجامدەدەن و کێشە و ململانێ بەرپادەکەن، هەر کەسە لە ڕۆماندا شوێنەکان ئاوەدان دەکاتەوە و بوون پڕ دەکات لە هاوار و دەنگە دەنگ و هەرا و زەنا، هەر ئەویشە لەگەڵ کاتدا یەکدەگرێت و واتایەکی نوێ بە کات دەبەخشێت. (عبدوڵڵا، ٢٠٠٠، ٥).

کەواتە ڕوونە کارەکتەر بزوێنەری ڕووداوەکانە و بە پێی تێپەڕبوونی کات ئەو کارەکتەرانە تووشی ڕووداو و ململانێ دەبنەوە لە شوێندا، ڕوونیشە کە کات و شوێن پانتاییەکی فراوان لە ناو ڕۆماندا داگیردەکەن، ئەم یەکانگیرییەی کارەکتەر و کات و شوێن و ڕووداو، فەزای نوێ لە ناو ڕۆمانەکە دەخولقێنن تا درێژە بە بابەتەکە دەدەن، لە کۆتایشدا ئەم ڕەگەزانە هەموویان پەیوەندیی توندوتۆڵ بەیەکەوە گرێیاندەدات، کە نەبوون یان فەرامۆشکردنی ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانەی ڕۆمان کەلێن دروستدەکات لە کرۆکی گێڕانەوە یان باسەکەدا، هەرگیز لە واقعیشدا نەگونجاوە ڕووداو ڕووبدات بێ کارەکتەر و بێ شوێن و بێ کات.

کەواتە هەموو توخمەکانی ناو ڕۆمان وەکیەک گرنگ و جێی بایەخن و هەموویان لە ناواخندا پەیوەست و گرێدراون بە یەکەوە و تەواوکەری یەکترن، نەبوون، یان کەمیی هەر یەکێکیان گرفت و لەنگی بۆ ناوەڕۆکی باسەکە دروست دەکات، نە کارەکتەر بێ ڕووداو دەتوانێت هەڵسوڕێت، نە ڕووداویش بێ شوێن ڕوودەدات، نە ڕووداو و شوێن بێ کارەکتەر دەتوانن ڕۆمان بخولقێنن، کەواتە ئەم ڕەگەزە هونەرییانە تەواوکەری یەکترن لە ئەفراندنی دەقێکی هونەریدا.

نووسەر زۆر بە وردەکارییەوە دەچێتە ناو دنیای کارەکتەرەکان و دەوروبەریان، چ وەک شوێن، چ وەک کات، لە ڕۆمانی سەرکەوتوودا لە کاتی خستنەڕووی ڕووداوە چاوەڕواننەکراو و شازەکاندا، وەسفی گێڕەرەوە و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان بە جۆرێک وێنا دەکرێن، کە خوێنەر هەست بە جۆرێک لە هاو زاتی لەگەڵ ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان دەکات. (زادە، ٢٠١٥، ٣١).

کەواتە ئاساییە خوێنەر لە ئەنجامی ڕۆچوون و قوڵبوونەوەی لە کاتی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکەدا بگەڕێ بە دوای ئەو کەسایەتییانەی کە لە کەسێتی خۆیەوە نزیکن، ئەوەش بەهۆی بزواندنی هەست و سۆزی نووسەرە لە کاتی خوێندنەوە و چێژ و کارتێکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانە لە سەر کەسێتیی خوێنەر.

ڕۆمانی "خاتێ خانم" لە نووسینی "عەلیێ عبدولرەحمان"، کە لە ساڵی "١٩٥٨"دا بڵاوکراوەتەوە، باسی کارەکتەرێکمان بۆ دەکات بە ناوی "خاتێ خانم" کە پاش مردنی مێردەکەی سەرۆکایەتی عەشیرەتەکەی دەگرێتە ئەستۆ، ئەم عەشیرەتە بە سەرۆکایەتی "خاتێ خانم" جەنگ دژی تورکەکان دەکات، بە تایبەت دوای ئەوەی کوڕەکەی بە ناوی"سوڵتان" دەکەوێتە دەست تورکەکان و ئازادیدەکات. (مەنتک،٢٠٢١، ٢٩٧)

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر کارەکتەر بە چەق بەستووی و بێ گۆڕانکاری ناهێڵێتەوە، بەڵکو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و بەپێی تێپەڕ بوونی کات، کارەکتەرەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، وەک "خاتێ خانم" کە لە پێشدا کار و پیشەی لە ماڵدا هەم دایک بووە هەم پەروەردەکار، کەچی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان، کار و پیشە و کەسایەتیی ئەویش دەگۆڕیت و دەبێتە جێگرەوەی مێردەکەی پاش ئۆغرکردنی، دەبێتە ڕزگارکەر و فریادڕەسی کوڕە دزراوەکەی.

کارەکتەرسازی پرۆسەکی تری هونەرییە، کە نووسەر سەرلەنوێ هەوڵی داڕشتنەوە و سازاندنی کارەکتەرەکانە تا لە چەقبەستووی و دۆخی وەستاو دەریانبکات، کە ئەمەش تەکنیکێکی نوێ و هاوچەرخە پەیوەستە بە لێهاتووی و توانای نووسەر، کە بە وردی لە بەشی دواتردا لە لێکۆڵینەوەکەماندا دەیخەینەڕوو..

بۆ نموونە "جوامێر" لە "ژانی گەل"دا هەمان ئەو جوامێرە نییە، کە لە ماڵ دێتەدەرەوە و بە دوای ماماندا بگەڕێت، "جوامێر" لە زیندان ورە و ئازایەتی پەیدادەکات و بەرگەی هەموو سزایەک دەگرێت، لە کەسێکی ئاساییەوە دەبێتە شۆڕشگێڕ و خاوەن بڕوا.

### ٣. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە شوێن و کاتەوە

شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە هونەرییە گرنگەکانی ناو ڕۆمان، کە ڕووداوەکان تیایدا ڕوودەدەن و کارەکتەرەکان تێیدا دەجووڵێن و لە وێوە ڕووداو و کارەساتەکان سەرهەڵدەدەن بەپێی تێپەڕبوونی کات، شوێن بەگشتی هەموو ئەو فەزایەیە، کە لە چواردەوری مرۆڤدایە، کە هەموو بەش و ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانی گرتووەتەخۆ، بە هەمان شێوە کاتیش جوڵە و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان بەڕێوەدەبات، کات و شوێن تەواو پێکەوە گرێدراون و پەیوەستن بە یەکەوە لە ناو ڕۆماندا، لە ژیانی

واقعیشدا مرۆڤ بێ شوێن نەیتوانیوە بژی و پەیوەستە بە شوێنەوە و هۆگریەتی و خۆشی دەوێت، بۆیە لە ڕۆمانیشدا ئەم توخمە گرنگیی پێدراوە، چونکە ڕۆمان زیاتر لە ڕەگەزەکانی تر لە ژیانی خەڵکەوە نزیکە.

شوێن، وەک قەوارە و چوارچێوە لە ژیانی مرۆڤ دا بەهایەکی گەورە و خاسیەتی خۆی هەیە، شوێنەکانیش هەمەجۆرن، بە تایبەت لە گێڕانەوەی ڕۆماندا نووسەر شوێنەکان دیاریدەکات و ناویاندەهێنێت، هەندێکجار ئەو شوێنانە شوێنی ئەندازەیی و واقعین خوێنەر هەر لە گەڵ خوێندنەوەدا شارەزای شوێنەکان دەبێت و دەیانناسێتەوە، هەندێکجاریش شوێن ئافرێندراوی هزر و خەیاڵی نووسەرن، هەندێکجار نووسەر شوێن دەخوڵقێنێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی شوێنێکی ڕاستەقینەی پێدەدات و خوێنەر دەتوانێت بەپێی ئاماژەکان بزانێت شوێن کوێیە؟ هەندێکیش لە نووسەران بە مەبەست ناوی ئەو شوێنانە دەهێنن، کە هەندێک ڕووداوی مێژووی تیایاندا ڕوویداوە و بووەتەهۆی ڕوودانی کارەساتی مرۆیی گەورە، تا بتوانن لەوێوە مەزلومیەتی گەلێک پیشانبدەن یان ئەو ڕووداو و کارەساتە لە ڕێگەی ڕۆمانەوە بە دونیای دەرەوەی بگەیەنن.

شوێن ڕووبەڕی فەراهەمهێنانی ڕۆمانە، ڕەگەزی کۆکەرەوە و لەخۆگرتنی سەرجەم ڕەگەزەکانی ترە، ئەو توخمەیە کە هیچ شتێک بەبێ ئەو ڕوونادات، پشتگوێخستنی شوێن، و فەرامۆشکردنی لە ڕۆماندا کەم و کوڕی لە تێکستەکەدا دروستدەکات و کەلێن دەخاتە نێو بینای هونەری ڕۆمانەوە، هاوکات ڕۆمان گەر لە ئامێزگرتنی شوێن، دوورکەوتەوە لایەنە ڕیالیزمەکەی لەدەستدەدات. (ئەسعەد و ساڵح، ٢٠١١، ٤٥).

کەواتە ڕوونە شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ناو ڕۆمان، کە وەکماڵێک وایە هەموو ئەندامەکانی تری سەر بەو خانەوادە لەخۆگرتبێت، بەهەمان شێوە کاتیش ڕووداوەکان دەباتبەڕێوە، ئەم دوو توخمە تەواو پێکەوە پەیوەستن ناکرێت باسی یەکێکیان بکەین و ئەوی تر فەرامۆشبکەین، ئیتر ئەوە کەوتووەتە سەر نووسەر کە خەیاڵ و بیری خۆی چۆن دەخاتەکار بۆ خولقاندنی شوێن و کات، بۆ نموونە هەندێکجار نووسەر شوێنی خەیاڵی دەخولقێنێت و هەندێکجاریش نووسەر بە ئاشکرا ناوی شوێنەکان دەبات وەک شار و شارۆچکەو گوندەکان و هەرچی لەو ناوەندەیە وەک باخچە و کۆڵان و کتێبخانە و... هتد

تانیا ئەسعەد بە گشتی شوێنی لە ڕۆماندا کردووە بەم چەند جۆرەوە:

١. شوێنی واقعی: شوێنی واقعی ئەو شوێنەیەکە وەرگر هەست بە بوونی واقیعێک دەکات، کە وێنەکانی ئەو شوێنە لە واقیع نزیکە بە هەر جۆرێک بێت

٢. شوێنی خەیاڵی: ئەو شوێنەیە، کە بوونێکی ڕاستەقینەی نییە، بەڵکو لە ئەندێشەی نووسەر، یان ڕۆماننووسەوە دروستدەبێت.

٣. شوێنی هۆگر: هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە تێدا ژیاوین هەستمان بە ئارامی کردووە، بە شوێنی پشوودانی دادەنێت ئارامی و ئاشنای تێدا بەدیدەکرێت.

٤. شوێنی ناهۆگر: ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ تیایدا هەست بە ئاشنایەتی و خۆشی ناکات، بەڵکو هەست بە دژایەتی و ڕقلێبوونەوەی دەکات و جۆرە کێشەیەک لەنێوان شوێن و کارەکتەردا دروستدەبێت.

٥. شوێنی کراوە: تایبەتە بە هەموو کەس و ئەو شوێنانە، کە لە شوێنە دەرەکییەکان پێکدێت، ئەم جۆرە شوێنانەش تایبەت بە کەسێک، یان چەند کەسێکی دیاریکراو نییە و هەموو کەسێک توانای بەکارهێنانیانی هەیە و لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە، دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تێیدا بێن و بچن.

٦. شوێنی داخراو: بەو شوێنانە دەوترێت کە لەبەردەم هەموو کەس کراوە نییە، داخراوە ڕووبەرێکی جوگرافیی دیاریکراوی هەیە، هەڵسوکەوتکردن تێیدا بۆ کەسەکانی سنوردارە، هەندێکجاریش ئەمجۆرە شوێنە لە گۆشەنیگای ڕۆماننووسەوە دروستدەبێت.. (ئەسعەد و ساڵح، ٢٠١١، ٤٥).

نووسەران لەناو ڕۆماندا گرنگییەکی زۆر بە شوێن دەدەن، شوێن دەخولقێنرێت و وەک تابلۆیەک بە خوێنەری ئاشنا دەکەن، کە ئەمە جێی بایەخە لە دونیای ڕۆمانی هاوچەرخدا، شوێنسازی کردەی خولقێنەری ئەو شوێنانەیە، کە نووسەر هەم شوێنەکان، هەم تێکەڵکردنی هزر و خەیاڵ و ئەندێشەی فراوانی خۆی بەشێوەیەکی هونەری گرێدەدات و دیمەنێکی وەها دەئافرێنێت، کە خوێنەر پەلکێشی ناو ڕۆمان و ڕووداوەکان دەکات، کە بە چێژەوە بیخوێنێتەوە و بەشێوەیەک خوێنەر هەندێکجار وا هەستبکات، کە خۆی لەناو ڕووداوەکاندایە و گوێی لە دەنگ و ڕەنگە و بینەری تەواوی ڕووداوەکانە..

زۆربەی لێکۆڵەران سەرەڕای داننانیان بە بەبوونی فەزای دەقدا وەک سپێتی و خشتە و پەراوێزەکان، بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە پێویستە تەرکیز بخرێتە سەر لێکۆڵینەوەی فەزای ڕۆمان، کە دیمەنێکی خەیاڵی، یان گێڕانەوەییە، مەبەستیشیان ئەو شوێن و کاتەیە، کە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، یاخود ڕۆمانەکە تیایاندا ڕوودەدەن، بیانووشیان بۆ ئەمە ئەوەیە، لێکۆڵینەوەی فەزای دەق و فەزای چاپکراو توێژەر دەکەن بە دانەری خشتە و نەخشەی تۆپۆگرافی، ئەم کارەش نووسینی وشەیی وتارە ڕەخنەییەکە دەگۆڕێت بۆ زمانی خشتەیی نەخشە تۆپۆگرافیەکە، چونکە ڕۆمان لە بنەمادا لەسەر لاسایی دامەزراوە، ئەمەش پێویستی بە ڕووداوێکە، ڕووداویش پێویستی بە کات و شوێنە. (پ. ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٢٩).

فەزای ڕۆمان و شوێنی ڕۆمان، دوو زاراوەن، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەرچی چەمکەکانیان جیاوازە، کە شوێنی ڕۆمان واتای شوێن، یاخود چەند شوێنێکی ئەندازەیی و دیاریکراو دەکات لە نێو ڕۆماندا، بەڵام فەزا مەبەست پێی هەموو شوێنەکانی نێو ڕۆمانەکەیە، کە نووسەر خەیاڵ و هەست وسۆز وزمانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەفراندنی شوێن و فەزای فراوانتر تا داهێنان بکات لە ڕووی لایەنی هونەری ئیستاتیکاوە.

سەبارەت بە کات..

کات ڕەگەزێکی گرنگی تری ڕۆمانە، کە ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان پیایدا تێپەڕ دەبن و بێ ڕەگەزی کات، ڕۆمان بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.

کات ڕەگەزێکی تری ڕۆمانە و کاریگەریی بەسەر ڕووداو و کارەکتەرەکانەوە هەیە، بریتییە: لەو کاتە ڕێژەییەی، کە چۆنییەتیی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جوڵانەوەی کەسایەتییەکان لە ئێستا و ڕابردوو و ئاییندەدا، بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێکدەخات و بە گونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیکریی ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەکات و فەلسەفەی ژیانیان لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشاندەدات. (ن. ئەڵوەنی ٢٠٠٤).

کەواتە ڕوونە هەموو ڕووداوێک لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدات و کاتێکیش دەگێڕدرێتەوە بە دەمی ڕابردوو باسدەکرێت ئەمە لە ژیانی ئاساییدا، بەڵام لە ڕۆماندا تەکنیک و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە.

کەواتە ڕۆمان هونەری کاتە، کاتی گێڕانەوەش گوزارشتە لە گۆشەنیگای گێڕەرەوە بەرامبەر ژیان و مرۆڤەکان لەو شوێنەدا، کە تێیدان و کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیان دیاریکراوە یان لە ڕابردووە، یان ئێستا، یان کاتی ئاییندە، هەندێکجار ئەو ڕووداوانە ڕووداوی ڕاستەقینەن و کاتەکانیش دیاریکراون و نووسەرەکە دەیکاتە دەقێکی ئەدەبی و دەستکارییاندەکات، هەندێکجاریش نووسەر خۆی هەم خوڵقێنەری ڕووداوە و هەم کاتیش، بۆ بەرهەمهێنانی تێکستێکی ئەدەبی.

هەر وەک عەتا قەرەداخی دەڵێت:

"کات بریتییە لە کاتی ڕوودانی ڕۆمان، یان درێژەی ئەو کاتەی، کە ڕۆمانەکە دەیخایەنێت، هەر وەک دەشێ کاتیش چەند ئاستێکی هەبێت، وەکو کاتی ڕوودانی ڕووداو کە دەشێ ئەویش ڕووداوی واقیعی بێت کە لە دەرەوەی جیهانی تێکستەکە ڕووی دابێت و نووسەر بە دەستکاری و گۆڕانکاری پێویستەوە بیهێنێتە ناو تێکستەکەیەوە، یاخود کاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانە بێت، کە نووسەر خۆی لە سنووری تێکستەکە دروستیان دەکات." (قەرەداغی، ٢٠١٧، ٢٩)..

ئەگەر ڕۆمان گێڕانەوەی ڕووداوێک بێت، ئەوا ئەو ڕووداوانە پێویستە بەپێی کات ڕێکبخرێن، چونکە ناکرێت ڕووداوەکان لە دەرەوەی بازنەی کات بن، هەربۆیە ڕۆمان و کات پەیوەندییەکی پتەو پێکەوە دەیانبەستێتەوە.

دەتوانین کاتی ڕۆمان بکەین بە دوو بەشەوە:

کاتی حەکایەت: ئەو کاتانە دەگرێتەوە، کە دەبێت ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا لەدایکبووبێت.

کاتی گێڕانەوە: ئەو کاتەیە، کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی پێ گێڕدراوەتەوە. (ن. ئەڵوەنی، ٢٠٠٤، ٥٥)

یەکێک لەو ڕۆمانانەی ناونیشان و ناوەڕۆکەکەشی باسی شوێنێک، شارێک، ناوچەیەک لەم گۆی زەوییە دەکات، ڕۆمانی "ئەستەنبوڵ"ی "ئورهان پامۆک"ەوە نووسراوە و "بەڕێز کەریم" کاری وەرگێڕانی بۆ کردووە، کە ڕۆمانەکە زیاتر لە شێوەی یاداشتی نووسەردا خۆی دەنوێنێت و بەم شێوەیە دەستپێدەکات: (هەر لە قۆناغێکی منداڵیمەوە، وا گومانم دەبرد کە جیهانەکەی من، لەوە زیاترە کە دەیبینم، لە هەر گەڕەکێک یان خانوویەکی تری هاوشێوەی ئەوەی ئێمە، ئورهانێکی تر دەژی، کە ئەوەندە لە من دەچێت، تەنانەت برای جمکم بێت، بە باشی لە بیرم نییە، ئەم بیرۆکەیەم چۆن یان لە کوێوە بۆ هات، ڕەنگە لە تۆڕێک قسە و قسەڵۆک، هەڵە تێگەیشتن، وەهم و ترسەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام لە یەکێک لە بیرەوەرییە کۆنەکانمدا، بە ڕوونی دیارە کە چۆن ئەم هەستەم دەربارەی تارماییەکەی دیکەی خۆم بۆ هاتووە.) (پاموک، ٢٠١٨، ١٣).

هەوڵمانداوە چەند نموونەیەکی ڕۆمانی کوردی بخەینەڕوو، کە چۆن نووسەران کات و شوێنیان لە ڕۆمانەکانیاندا پێکەوەگرێداوە، چونکە بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی بە تایبەت لە گێڕانەوەدا هەم شوێن هەم کاتیان بە زەقی دیاریکردوە، ئەمەش چەند نموونەیەک لە ڕۆمانی کوردی تایبەت بە شوێن و کاتی جەنگەوە: "عەرەبی شەمۆ" لە ساڵی "١٩٥٩" ڕۆمانێک بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی "ژیانا بەختەوەر"، کە باسی کوردانی ڕووسیا دەکات، کە چۆن لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمدا دەچەوسێنرێنەوە، کوردان بەردەوام خەبات دەکەن دژ بە ئاغا و دەرەبەگ، بۆیە لە ساڵی "١٨٧٧" سوپای ڕوسیا دەگاتە ئەو ناوچانە، خەڵک دەبینن، کە سەربازانی ڕووسیا چەندە پاک و ڕێزدارن، کارەکتەر و کەسایەتیی نێو ڕۆمانەکە، "سەهیدێ تەمەر" کە دژی "سلێمان بەگ" یاغی دەبێت، دەگێڕێتەوە، ئەم ڕۆمانە باسی مێژووی کوردان لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدە دەکات، لە وڵاتی ڕوسیا.

بە هەمان شێوە ڕۆمانی "قەڵای دمدم" لە ساڵی (١٩٦٦)دا بڵاودەکاتەوە، ئەم ڕۆمانە باسی ڕووداوێکی مێژوویی لە ساڵی (١٦٠٨)زاینی دەکات، کە داستانی قارەمانێتیی خەڵکی قەڵای دمدم بە ڕابەرایەتیی "خانی لەپزێڕین" بەرامبەر "شا عەباسی فارسی"، کە دەیەوێت قەڵاکە داگیربکات، چونکە بیستویەتی "خان" بە تەمای دامەزراندنی میرنشینێکە بۆ کوردان، ئەم ڕووداوە مێژووییە ڕووداوێکی واقیعییە و لە مێژووی گەلی کورددا ڕوویداوە، ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی دابەشی چەن بەشێک کردووە، لە هەر بەشەی لایەنێکی قەڵاکەمان نیشاندەدات.

لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆمانەکەوە، کاتی دەستپێکردنی وەرزی بەهار دەکات و دەڵێت: (بەهار هەمیشە درەنگ دەگەیشتە ئێرە، بەڵام ئەمساڵ بەفر هەر لەسەر چیا گەردن کەشەکانی سپی

دەچووەوە، بەهارەکەی قەڵای دمدم تازە پێڕۆکە بووبوو، بەفر تەنیا ئەوانە مابوون کە زستانان با لە پەناو پەسێو و چاڵە قوڵەکانی دەکردن، ئەوانەش تا گەرمای هاوین دادەهات نەدەچوونەوە).

هەر خۆی وشەی بەهار و هاوین و زستان و ئەمساڵ و درەنگ، ئەمانە کات دیاریدەکەن، هەروەها قەڵای دمدم و پەناو پەسێو و چاڵە قوڵەکان.. شوێنن کە نووسەر ناویهێناون.

ئینجا باسی شوێنێکی دیاریکراوی نێو قەڵاکە دەکات، کە ئەویش "بازاڕە" و دەڵێت: "بازاڕی قەڵا پڕبوو لە خەڵک، لە دەشتەکی کۆچەر، لە ئازربایجانی و لە خاڵکی وانێ، لە خەڵکی وڵاتی ئاسۆریان و لە خەڵکی زۆر ناوچەی دیکەش، هەندێک شمەکیان هێنابوو دەیانفرۆشت هەندێ هاتبوون شمەکیان دەکڕی و بۆ دەرێیان دەبرد، ئیدی بازاڕ جمەی دەهات، دیاربوو خەڵکی چیاکانی کوردستان لە سەرما و سۆڵەی زستانێ ڕزگاریان بووبوو، هەموو دڵخۆش و ئاسوودە بوون، کڕیاران دەستیان لەنێو دەستی دووکانداران دەنا و پاش هەندێ دەست ڕاتەکاندن نرخیان لەماڵی فرۆتەنی دەنا، بەڵام دووکانداران لەو نرخەی گوتبوویان نەدەهاتنە خوارێ و پوولێکیان لێ نەدەشکاند..." (شەمۆ، ٢٠١٠، ٢٣-٢٤)

ڕزگار کەریم لە هەردوو ڕۆمانی "مەرگی بێ کۆتا" و "فەرمانڕەوا و کاسە لێس" هەردوو ڕووداوی مێژووی کارەساتی کیمیابارنی هەڵەبجە و ئەنفال وەردەگرێت، لە ڕۆمانی "مەرگی بێ کۆتا"دا کیمیابارانی هەڵەبجە دەکاتە سەرچاوەی خوڵقاندنی ڕووداوەکان، لەپاڵ کارەساتی هەڵەبجەدا دەیان ڕووداوی دیکە دەگێڕێتەوە لە ڕەشبگیری خەڵکی شاری سلێمانی، دەتوانین لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم ڕۆمانەدا کات و شوێن وەکو نموونە دیاری بکەین، کە لە چەند دێڕیکدا گێڕەرەوە دەستپێدەکات و دەڵێت:

"کات ساڵەکانی هەشتایە و شوێن شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستانە، میرزا سلێمان بەیانی زوو وەک عادەتی لەماڵ چووە دەرەوە پاش ئەوەی نوێژی بەیانی لە مزگەوتی پاشا کرد، کە مزگەوتی پاشا شوێنێکی واقعییە، کاتیش بەرەبەیانییە و تازە تارمایی شەو دەڕەوییەوە و سپێدەی بەرە بەیانیش بە هێواشی باڵی دەکێشا بەسەر هەڵەبجەدا و خەڵکی گوندە نزیکەکانی دەوری شار بە سواری وڵاخ و پیادە بە ماست و دۆ و بەروبومەوە بەرەو شار لە دامێن و قەراخی شارەوە دەهاتن..." (ڕ. کەریم، ٢٠٠٢، ٣).

ئەو نموونانەی سەرەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، کە کات و شوێن دوو توخمی تەواو گرێدراون پێکەوە، بە ئەدەبی کوردییشەوە، هەڵبەت ڕوونە بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی لە قۆناغەکانی پێشوودا، هەمان تەکنیکیان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەکارهێناوە و کات وشوێنیان بە دوای یەکدا باسکردووە، ئەوەتا لەو نموونەیەی سەرەوەدا لە دەستپێکی گێڕانەوەکدا دەڵێت: کات ساڵی هەشتاکانە

و شوێن هەڵەبجەی باشوری کوردستانە... گێڕەرەوە یەکسەر توخمی شوێنی بە دوای کاتەکەدا هێناوە و درێژەی بە ڕووداوەکان داوە، کە ئەمە دیاردەیەکی باوی گێڕانەوەی ڕۆمانە لە قۆناغی پێشووی ڕۆمان، بە تایبەت ئەو ڕۆمانانەی، کە کارەسات و ڕووداوی مێژوویی ناو کۆمەڵگای کوردی دەگێڕنەوە.

لە ڕۆمانی "فەرمانڕەوا و کاسەلێس"دا نووسەر بە گێڕانەوە لەسیغەی ڕابردوودا باسی ئەو کچانە دەکات، کە لە کارەساتی ئەنفالدا وەک کەنیزەک بە دەوڵەمەندانی کەنداو فرۆشراون، کە چارەنووسیان تاوەکو ئێستا دیار نییە و چەندەها پرسی تر لە ڕووداوەکانی پێش شۆڕش و دوای شۆڕش و هاتنە سەر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕان و دەرخستنی ڕووی شاراوەی هەریەکێک لەو بەرپرس و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانە لەسەر زاری یەکێک لەوان، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە تا کۆتایی کارەکتەری سەرەکی و قسەدەکات و دەگێڕێتەوە.

### ٤. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە گێڕانەوەوە

چەمکی گێڕانەوە لە بنەڕەتدا، گوزارشتە لە شێواز و ڕێگاکانی پێشکەشکردنی چیرۆک، یان ڕۆمان، کە لەو ڕێگەیەوە ڕووداوەکان دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، هەڵبەت هەر هونەرێکی ئەدەبی، شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ گەیاندن، بۆ نموونە گێڕانەوە لە بەرهەمە شانۆییەکان، یان هونەری وێنەکێشان تا دەگاتە ڕۆمان و چیرۆک، هەریەک ئامرازی گەیاندن بە جۆرێکە.

لە زمانی کوردیدا گێڕانەوە، وشەکانی: ڕاز، بەسەرهات، گێڕانەوە، حیکایەت، نەقڵ، قەول، سەرگوزەشتەشی بۆ بەکاردەهێنرێت، بابەتێکی دێرینە هێندەی مێژووی مرۆڤایەتییە.

گێڕانەوە وەک چەمکێکی ڕەخنەیی و ئەدەبیی نوێ، وەک کێشەیەکی ئەدەبی ئاڵۆز کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لە ناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند هەنگا و وەرچەرخانی و گۆڕاندا تێپەڕیوە. (م. ئەحمەد، ٢٠١٢، ٣٤١).

هەڵبەت گەر چاوێک بە ئەدەبیاتی پێشوماندا بگێڕین، دەبینین کە چیرۆکی کوردی گێڕانەوەکانی زیاتر تایبەت بوون بەو ڕۆژگار و بارودۆخە ناجێگیرەی، کە پڕ بوون لە ترس و ڕووداو و کارەساتی ماڵ وێرانکەر، بۆیە دەبینن لە گێڕانەوەدا تەنها گەیاندن و گێڕانەوەی ئەو واقع و ڕووداوانە بووە بە زمانێکی زۆر سادە، کە مەبەست لێی گەیاندنی پەیامی ڕووداوەکانی ڕابوردوو و ئامادەکردنیەتی لە ئێستادا، ئەمەش پێگەیشتنی مێژووی ڕووداوەکانە لە هەناوی مێژووی نەتەوەدا، بۆیە گێڕانەوەکان هەموو یەک تایپ و یەک شێوەیان هەبووە، کە هەڵبەتە لەگەڵ پێشکەوتنی

تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگاکان وردە وردە ئەم توخمەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ئەو قۆناغ و شێوازەی گێڕانەوەی تێپەڕاندووە و خۆی نوێکردووەتەوە.

باسکردنی یادەوەریی منداڵی و ساتە تراژیدی و کۆمیدییەکان، هەموو ئەمانە پڕن لە گێڕانەوە، هەندێکیان ڕووی هونەرییان زاڵە، هەندێکی تریان لە سنووری گێڕانەوەی ئاساییدا دەمێننەوە (محمەد، ٢٠٢٢، ٥-٦)، کەواتە گێڕانەوە کارێکە سنووری نییە و هەموو گوتارە جیاوازەکانی ئەدەبی و نائەدەبی دەگرێتەوە.

کەواتە ئەو ساتەی بەرگێکی هونەری بە بەری گێڕانەوەی ئاساییدا دەکرێت و نووسەر بە پەیڤ و دەستەواژە جوانەکانی دەقەکەی دەڕازێنێتەوە، پاشان زمانێکی بەرز و ڕێگایەکی هونەری دەخاتەگەڕ بۆ گوزارشت لە ڕووداوەکان، ئەو کاتە گێڕانەوە دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگ لەناو ڕۆماندا، کەواتە ئەگەر گێڕانەوەکان نەبن، ئەوا چیرۆک و ڕۆمانیش بوونیان نییە و هەر ڕووداوێکن و ڕوویانداوە و خەڵک دەیانبیستێت.

گێڕانەوەش لەناو ڕۆمان، یان چیرۆکدا، نووسەر خۆی پێیەهەڵدەستێت و دەنگی خۆی تێکەڵ بە دەنگی گێڕەرەوە دەکات و دەست بە گێڕانەوەکانی دەکات و بیروبۆچوونی خۆشی تیکەڵ بە گێڕانەوەکان دەکات و هەست بەو لێکچوون و نزیکییە دەکرێت.

"جۆناسان کۆلەر" لەمبارەیەوە دەڵێت: سەردەمانی پێشین مەبەست لە ئەدەبیات لە سەروو هەموو شتێکەوە شیعر بوو، ڕۆمان تازە پێگەیشتبوو، نزیکییشی لە ژیاننامە و بەسەرهاتی ڕاستەقینەوە وەهای کردبوو، کە لە سنووری ئەدەبیاتی جدیدا تەماشانەکرێت وەکو بابەتی ڕەشۆکی تەماشابکرێت، بەڵام لە سەدەی بیستەوە بابەتەکە گۆڕا. (کالر، ١٣٨٩خ، ١١١).

کەواتە مەبەستی نووسەر ڕوونە و لەقۆناغەکانی پێشووی ڕۆمان گێڕانەوەکان هێندەی گەیاندنی مەبەست و پەیام گرنگ نەبووە، چونکە ڕۆمان و چیرۆک لەو سەردەمە تاکە هۆکار بووە بۆ گوزارشتکردن لەو نەهامەتی و هەژاری و ستەم و دەردەسەرییەی، کە بەرۆکی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگای گرتبووەوە، واتە ڕۆمان زادەی ئەو واقعە تاڵە بووە، کە هەم نووسەر هەم کۆمەڵگا پێیداتێپەڕیوە.

گێڕانەوە بە شێوەیەکی گشتی هەر لە دێر زەمانەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ویستەکانی زەینی مرۆڤەوە هەبووە، ئاست و شێوازی گێڕانەوەکان هەڵقوڵاوی ژینگەی هزری و سروشتی و جۆغرافیایی دیاریکراو بووە، ئایین و زمانە جیاوازەکانیش شێوازی جۆراوجۆری گێڕانەوەیان بەکارهێناوە تا پەیامی خۆیان بە گوێی جەماوەری خۆیان بگەیەنن. (زادە، ٢٠١٨، ٧).

کەرەستەی گێڕانەوە زمانە، زمانیش بە دڵنیایی هەڵگری کەلتووری ناو کۆمەڵگایە، ڕۆشنبیری و ڕەفتار و شێوازی ژیانکردن ئەمانە لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە، کەواتە کاتێک نووسەر دەست بە گێڕانەوە دەکات چەند بیەوێت لە دەرەوەی دەق بوەستێت و ئازادی تەواو بداتە دەست کارەکتەرەکانی لە کاتی گێڕانەوەدا، هێشتا لە زمانی دەربڕینیدا هەستونەست و بیروبۆچونی خۆی ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش کردەیەکی ئاساییە، چونکە نووسەر هەندێکجار بەو ڕۆژگارە گوزەری کردووە، کە دەیگێڕێتەوە، ئەدەبیش هەڵقولاوی ناو ئەو واقع و کۆمەڵگایەیە، کە مرۆڤی تێدا ژیاوە، بە تایبەت ئەو گێڕانەوانەی، کە باسی جەنگ و داگیرکاری دەکەن، گەر نووسەر خۆی ڕۆژگارەکەی بینیبێت ئەوا جوانتر دەتوانێت بە زمان گوزارشت لە ڕووداوەکان بکات و بیانگەیەنێت بە خوێنەر بۆ نموونە هەندێک لە نووسەران کاتێک باسی جەنگی ناوخۆ دەکەن، چونکە خۆیان ئەو ڕۆژگارە تاڵەیان بینیوە وەها ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، کە خوێنەر ئەو دیمەنانە لەناو زیهن و مێشکیاندا بمێنێتەوە.

کەواتە گێڕانەوە واتە چۆنیەتیی بونیادنانی ڕۆمان بە زمانێکی هونەری، واتە بەرجەستەکردنی ڕۆمان، هەربۆیەش پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆمان.

بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان، چەند جۆرێک لە گێڕانەوەمان هەیە، ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمان، پەنا بۆ یەک لەو جۆرانە دەبات، ئەوانیش: گێڕانەوەی تاکدەنگی، گێڕانەوەی دوو دەنگی، گێڕانەوەی فرەوەرگێڕی یان فرەدەنگی، هەریەک لەم جۆرانە خاسییەت و تایبەتمەندیی خۆیان هەن:

یەکەم: گێڕانەوەی تاکدەنگی:

گێڕانەوەی تاکدەنگی، بریتییە لە گێڕانەوەی، یان پەیڤی یەک دەنگ "کارەکتەر، وەگێڕ" لە نێو ڕۆماندا، بە واتایەکی دی پەیڤینە، لەگەڵ خۆ، یان خۆ دوواندنە.

دەسەڵاتی نووسەر لە ڕۆمانی تاکدەنگی دا بە شێوەیەک دیکتاتۆرانەیە، کە ڕێ بە هیچ دەنگی تر نادات، دەربڕی ناخی خۆی بێت، وەگێڕ لە بری کارەکتەرەکان دەپەیڤێت، تەنانەت لەبری ئەوان بیردەکاتەوە.

لە گێڕانەوەی تاکدەنگی بەشێک، یان هەموو لە ڕۆمان، یان شانۆنامەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆی تەرخانبکەی. (مەنتک، ٢٠١٣، ٦٥-٧١).

ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بە جێناوی سەربەخۆی (من)، یاخود جێناوی لکاوی (م) دەبەسترێتەوە و خوێنەر هەستدەکات، کە کەسێک بۆی دەدوێت و ڕووداوەکان بە ژیانی خۆیەوە پەیوەستدەکاتەوە و هیچ نێوەندگیرێک لە نێوان ڕووداوەکان و خوێنەردا دانانرێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە

گێڕەرەوە نابێتە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، چونکە تەنها دەگێڕێتەوە و چالاکیی نییە، ئەم دوو دەستەواژەیە و ڕۆڵانە جیاوازییان هەیە، چونکە کارەکتەر پەیوەندیی بە کاتی ڕووداوەکەوە هەیە و گێڕەرەوەش پەیوەندیی بە کاتی گێڕانەوەکەوە هەیە.

ڕۆمانی تاکدەنگی، بە تەواوی پشت بە مەنەلۆگ دەبەستێت، هەروەها سێ جۆر لە گێڕانەوەی تاکدەنگیمان هەیە، کە بریتین لە:

یەکەم: تاکدەنگیی دەروونی

دووەم: تاکدەنگی شانۆیی

سێیەم: خۆدواندن (خودپەیڤی).

یەکەم: تاکدەنگیی دەروونی:

دەتوانین ئەمجۆرەیان شەپۆلی هۆشی پێبڵێین، لێرەدا وەگێڕ "کارەکتەر" بە جێناوی سەربەخۆی "من"، یان جێناوی لکاوی "م" دەپەیڤێت، پەیڤەکانیشی زیاتر لەگەڵ دەروونی خۆیەتی.

دابڕانێکی تەواو لە نێوان وەگێڕی دەروونی و جیهانی دەرەوە هەیە، چونکە وەگێڕی دەروونی تەنها لەگەڵ دەروونی خۆی دەپەیڤێت، لە دەروونی خۆیەوە لێکدانەوە بۆ دەرەوە دەکات، هەڵیاندەسەنگێنێت، زمانی پەیڤینی لە وڕێنە دەچێت، بە نموونەی ئەوەی چۆن منداڵێک لە کاتی یاری کردندا بە تەنیا لەگەڵ خۆی دەپەیڤێت، بە واتای هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نییە، کە کەسێکی دی ڕوو لەو بکات، یان وەڵامیبداتەوە. (صادقي، ١٣٨٠ خ، ٧٢).

بۆ نموونە گێڕەرەوە لە حەسار و سەگەکانی باوکمدا، کە دەست بە گێڕانەوە دەکات، دەڵێت: "ئەوەتا گوێم لێیانە چی دەکەن، هاوار و قیژەی ئەوانە کە کاسیان کردووم..." (حەسەن، ٢٠١٧، ٥)، کە جێناوی (م) دەگەڕێتەوە بۆ گێڕەرەوە خۆی، کە بە تەنیا لەگەڵ خۆیدا دەپەیڤێت.

دووەم: تاکدەنگیی شانۆیی:

ئەمەشیان جۆرێکی تری گێڕانەوەی تاکدەنگییە، لەڕێیەوە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دەگێڕدرێنەوە، لەمجۆرەیاندا وەگێڕ "کارەکتەر" بۆ کەسی بەرامبەری دەپەیڤێت، واتە لێرەدا خوێنەر دەزانێت، کەسێک لە بەرامبەر وەگێڕ "کارەکتەر" هەیە، بەڵام خوێنەر ئەو کەسە نابینێت، بەڵام بوونی هەستپێدەکات و ئامادەیە، وەگێڕیش هەست بەو کەسە نادیار و ئامادەیە دەکات و وەکو کارەکتەرێک لەسەر شانۆ ڕووداوەکانی ئەو شانۆیە بۆ بینەرانی شانۆییەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام بینەر هیچ وەڵامێکی وەگێڕ "کارەکتەر" ناداتەوە، تەنانەت جوڵەیش ناکات.

هەر لەڕێی وەگێڕی تاکدەنگیی شانۆییەوە، کات و شوێن و پێناسەی کارەکتەر و جێگەکەی دەزانرێت، واتە وەگێڕ ئاگاداری هەموو شتێکە لە هەمان کاتدا تەنیا دەنگی ئەو دەبیسترێت.

سێیەم: خۆدواندن (خودپەیڤی):

ئەمجۆرەیان لەگەڵ جۆری دووەم "تاکدەنگیی شانۆیی" زۆر لە یەکترییەوە نزیکن، لێرەش وەگێڕ ڕووی گێڕانەوەی لە کەسی بەرامبەرە، وەگێڕ لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا کەسی بەرامبەر "مخاطب"، لە هەموو بیر و هەستێکی خۆی لە ڕێی پەیڤەکانییەوە ئاگادار دەکاتەوە، ئاشکرا نیشاندان و گوتنی ئەمانەیش یارمەتیی بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دەدات، یەک جیاوازی لە نێوان ئەم جۆرە و تاکدەنگیی شانۆییدا هەیە، لە تاکدەنگیی شانۆیی وەگێڕ ئاگادارە و هەست بە بوونی بەرامبەرەکەی دەکات، بەڵام لەمجۆرەیاندا وەگێڕ لە ئامادەیی و بوونی کەسی بەرامبەر بێئاگا و هەواڵێکی نییە. (مەنتک، ٢٠١٣، ٦٥-٧١).

دووەم: گێڕانەوەی دوو دەنگی:

شێوەیەکی تری گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا، ئەمجۆرەیان بریتییە لە هەبوونی دوو دەنگ، کار لە یەکتری دەکەن، دەبنە هۆی هێنانەدیی دیالۆگ، بە واتای هەر دەنگێکی، بەرهەمهێنەری دەنگی ترە، ئەمە پرۆسەیەکە لە نێوان دوو ئاخێوەر "قسەکەر" ئەنجامدەدرێت، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی پەیڤ.

کاتێک لە ڕۆماندا دوو دەنگ دەبێت، ئەو کاتەی گوێگر گوێی لە ئاخێوەر گرت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە پەیڤی ئاخێوەر دەتوانێت بە ئاراستەی گوێگردا بڕوات، بەڵام ئەگەر گوێگر گوێی لە پەیڤەکانی ئاخێوەر نەگرت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە گوێگر نایەوێت ئەو پەیڤانەی بۆ بگوازرێتەوە، واتە دوو دەنگی ڕوونادات، دیالۆگ ڕوونادات. (مەنتک، ٢٠١٣، ل٧٦-٧٧)

کاتێک دەنگەکان لەگەڵ یەکتری دەکەونە گفتوگۆ، هەر لەمڕێیەوە پرۆسەی گێڕانەوە دەستپێدەکات، واتە لە کاتی ئەنجامدانی دیالۆگ، لە هەمان کاتدا لە نێو پرۆسەی گێڕانەوەدان، کەواتە دیالۆگ، یەکسانە بە گێڕانەوە.

هەروەها هاوسەنگی لە نێو بەشەکانی گێڕانەوە ڕادەگرێت، لەگەڵ دیالۆگدا جۆرێک لە هاوسەنگی و یەکسانی لە نێوان بەشەکانی گێڕانەوەدا دروستدەبێت. (عبدالسلام، ١٩٩٩، ٤٢).

بۆ نموونە لە ڕۆمانی ژانی گەلدا، کاتێک کارەکتەری ڕێبوار و جوامێر و هێمن پێکەوە دانیشتوون، هێمنیش زۆر لەسەرخۆ و بە پێکەنینەوە دەڵێت:

- دەسا بەسەری هەردووکمان منیش تەرکم کردووە...

–ئەترسم تۆ پانزە ساڵ لەمەوبەر تەرکت کردبێ..

–نا من وام نەوتووە، تەنانەت ناشڵێم ئیتر عارەق ناخۆمەوە، هەروەها خواردنەوەکەشم بە مەرجی قورسەوە نابەستمەوە وەکو کاکە جوامێر! (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ل١٠٠)

سێیەم: گێڕانەوەی فرەدەنگی:

ئەم تەکنیکە، هونەرێکی تازەیە و لە ئەدەبیاتی گەلانی ترەوە وەرگیراوە و هاتووەتەناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، بە جۆریک، کە کارەکتەرەکان لە کاتی گێڕانەوەدا هەر کەس دەنگی خۆی هەیە و بە ئازادی دەئاخێوێت، کە هەریەکێکیان بە هۆی بەکارهینانی جێناوەکانەوە گوزارشت لە کارو کردەوە وبیرکرنەوە و هەستونەستی خۆی دەکات و بەو شیوە تێکەڵی ڕووداوەکان دەبیت.

هەندێک کاری ئەدەبیی ڕۆمان ناوەڕۆکی خۆیان لە چەندەها دەنگدا دەبینێتەوە لە ئاخاوتن و ڕووداوەکاندا، بە جۆرێک لە دووتوێی ڕۆمانەکەدا ڕووداوی پەیوەست بە چەندەها کارەکتەرەوە دەبینین و گوتەی چەندینی تر دەبیستین، بە شێوەیەک، کە چیرۆک و ڕووداوەکان لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە سەرچاوەدەگرن، یاخود ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە هەرجارێک و لە گۆشەنیگای کارەکتەرێکەوە دەخرێنەڕوو.

تەکنیکی فرەدەنگی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتنی ڕۆماننووس لە کارەکەیدا هەیە، چونکە بەهۆی ئەم تەکنیکەوە چەند گێڕانەوەیەکمان دەبێت، هەر دەنگە و خاوەنی چیرۆک و گێڕانەوەی خۆیەتی، بۆ ئەمەیش ڕۆماننووس دەبێت لە هەوڵی ئەوەدا بێت، هەریەک لەم دەنگانە ناوێکی هەبێت، یان لە ژێر جێناوێکدا بۆچوونی خۆیان دەرببڕن، دواتر لە ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان کات و شوێن و ڕەگەزی تری لەگەڵ تێکەڵاو دەبێت، ڕاستە کەشی گشتیی ڕۆمان لە کات و شوێنێکی دیارەوە بۆ نموونە شارێک، گوندێک... تاد، بەڵام هەر کارەکتەرە و خاوەن دنیابینیی خۆیەتی، هەر کارەکتەرە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی. (مەنتک، ٢٠١٣، ٣٩)

بۆ نیشاندانی ڕەنگ و دەنگی جیاواز، ڕۆماننووس دەبێت شارەزاییەکی چاکی لە هەموو لایەنێکی کۆمەڵگەکەی هەبێت، ئەو شارەزاییە بۆ دەرخستنی دەنگی جیاواز لە ناو ڕۆماندا زۆر گرنگە، چونکە لەوێدا هەر کارەکتەرە خاوەن دەنگی خۆیەتی، ناکەونە ژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووس، بەڵکو ئەوە خۆیانن دەدوێن، هەڵسوکەوتدەکەن، لەم ڕۆمانەدا "دیستۆیفسکی" شارەزای هەموو لایەنێکی کۆمەڵگەکەیەتی، چونکە ڕۆماننووسەکان توانای ئەوەیان هەیە، کە وردەکاریی پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕوونی نیشانبدەن، کە لای ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە گرنگن.

کەواتە نووسەر دەبێت پاشخانێکی باشی ڕۆشنبیری و کەلتووری و زمانی هەبێت، کە بتوانێت بچێتەناو ناخ و دەروونی کەسەکانەوە و گوزارشت لە هەست و بیر و سۆزیان بکات، کە ئەوەش کارێکی ئاسان نییە بۆ نووسەر، چونکە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆری دەوێت.

گرنگیی ئاوڕدانەوەی گێڕانەوەی ڕۆمانییانە لە دیاردەی جەنگ، بەر لە هەر شتێک، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ڕاستییەی، کە جەنگ بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاردەکاتە سەر لایەنی دەروونیی مرۆڤەکان و هەستی ڕق و کوشتن و بڕین، جێگا بە هەستی میهرەبانی و بەزەیی و لێبووردەیی مرۆڤەکان لێژدەکات.

ڕۆمانی سەرکەوتووی بواری جەنگ بە دەرخستن و شیکردنەوەی ورد و هەمەلایەنەی هەستەکانی مرۆڤ، لەم کاتەدا دەبێت بەو کەرەستە گرنگەی، کە فایلی مرۆڤە شەڕکەرەکان و ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی جەنگ، دەکاتەوە و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی، دەبێتە تۆمارگەی ئاکارەکانی مرۆڤ دژی هاوڕەگەزەکانی خۆی. (زادە، گێڕانەوەناسی ٢٠١٨، ٧٩).

گێڕانەوەی جەنگ لە نێو ڕۆمانی مێژووی لە هەمان نموونەی ڕەگەزەکانی تری ڕۆماندا خۆی دەبینێتەوە، ئەو ڕۆمانانەی کە ناونیشانی جەنگ و داگیرکارییان بەکارهێناوە، گێڕانەوەیەکی جەنگییە لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا، بە هەمان شێوە شوێن و کاتی جەنگەکەیان دیاریکردووە و هەروەها کارەکتەرەکانی جەنگیان لە گێڕانەوەکانی نێو ڕۆمانەکاندا باسکردووە، بۆ نموونە: ڕۆمانی "جەنگ"ە لە نووسینی "سەلاح عومەر"، ڕۆمانی "برۆ – سەرهەڵدانا ئاگریا" لە نووسینی "یەڵماز چامبەل" کە لە ساڵی "٢٠٠١" بڵاوکراوەتەوە، ڕۆمانێکە باسی کارەکتەرێک دەکات بە ناوی "برۆ"، کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بۆ ساڵی "١٩٢٦"دەگەڕێتەوە، کە سەروبەندی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئاگری داغ دەستپێدەکات، ڕۆمانی "قەڵای دمدم" لە ساڵی (١٩٦٦)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم ڕۆمانە باسی ڕووداوێکی مێژوویی لە ساڵی (١٦٠٨)زاینی دەکات، کە داستانی قارەمانێتیی خەڵکی قەڵای دمدم بە ڕابەرایەتیی "خانی لەپزێڕین" بەرامبەر "شا عەباسی فارسی".

هەمیشە لە پشتی کردەی گێڕانەوەوە، هەر لە کۆنەوە لەناو مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بۆ مەبەستی کاتبەسەربردن و چێژبەخشین بووە بە گوێگران و بیسەران، کە ئەمە کردەیەکی باوی ناو کۆمەڵگای کوردی بووە لە سەردەمی کۆندا، چونکە لە ژیانێکی سادەی ئەو وەختەدا، هیچ شتێکی وەها نەبووە کاتی پێبەسەر ببەن بە تایبەت لە شەوانی درێژی زستاندا، کە خەڵکانێک لە دەوری ئاگردانەکان کۆبوونەتەوە بۆ مەبەستی کاتبەسەربردن.. هەڵبەت گێڕانەوەکان بەپێی سەردەم دەگۆڕێن و لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگاکان و ژیان و باری گوزەرانیان، ئەو هونەرانەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی پێویستیی مرۆڤ.

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ هەوڵیداوە لە ڕێگەی هونەری چیرۆک و بەسەرهاتە مێژووییەکانەوە پەی بە نهێنییەکانی ژیان و دەوروبەریان ببەن و بیانخەنەڕوو لە ڕێگەی گێڕانەوەکانیانەوە، کە چێژیان لەو کردەیە وەرگرتووە.

### ٥. جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە وەسفەوە

وەسف یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی تری ڕۆمان، کە بایەخی کەمتر نییە لە ڕەگەزی گێڕانەوە و لە ڕۆمانی نوێدا ئەو دووانە هاوشانی یەکدێن.

ئاشکرایە هەموو زاراوەیەک، هەڵگری واتا و چەمکێکی تایبەت بە خۆیەتی، بە هەمان شێوە زاراوەی "وەسف"یش، بارگاوییە بە چەمکێکی واتایی، کە ئەویش خستنەڕووی لایەنی زیاتری بابەتی وەسفکراوە، بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر و فراوانکردنی ئاستی دنیابینی و لێکدانەوە و ڕۆچوونی پتری خوێنەر، یان بینەر، یان گوێگر، لەو بابەتەی وەسفکراوە.

زاراوەی وەسف لە زمانی کوردیدا بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکاردێت، کە لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا وشەکە گۆڕانێکی فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە و لەسەر شێوازی گونجاو لەگەڵ زمانی کوردی بەکاردێت.

وشەکە لە "وصف"ەوە گۆڕاوە و کراوە بە "وەسف"، یان هەندێکجار وشەی "پەسن"، یان "وەسپ"یش بەکاردەهێنرێت.

لە فەرهەنگی "خاڵ"ی "شێخ محمد خاڵ"دا لە بەرامبەر وشەی وەسف وشەی پەسەن، پەسەند، پەسەندان، بە واتای ستایش کردن و مەدح کردن. (خاڵ، ٢٠٠٥، ٧٥).

بێگومان لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی سەردەم و گرنگیدانێکی زیاتر بە بواری ئەدەب، وەسفیش وەک پایەیەکی سەرەکی لە نێو ئەدەبدا لە بەرەوپێشچوون نەوەستاوە.

هەروەها لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"ی هەژاریشدا، بەمجۆرە وشەی وەسف لێکدراوەتەوە: پەسندان، تاریفکردن، مەتحکردن، یان پەسندکردن، بە چاک زانین، هەڵبژاردن. (هەژار، ١٣٦٩، ١٢١)

چەمکی وەسف، باشترین لێکچواندن ئەوەیە، لە نێوان دوو شتدا ڕوودەدەن، یاخود هەیە، سیفاتە هاوبەشەکانیان زیاتر بن لە جیاوازییەکانیان، ئەم لێکچوونی سیفەتانەیش تا ڕادەی یەکگرتن لێک نزیکدەبنەوە، یاخود باسکردنی شتێک و ئەو بارودۆخ و شێوانەی، کە دەیانگرێتەخۆ.

بێگومان وەسف تەنها خستنەڕووی شتە بینراوەکان نییە، کاری وەسفکاریش هاوشێوەی کاری فۆتۆگرافەرێک نییە، چیی بینی وەک خۆی بیگێڕێتەوە، یاخود بینووسێتەوە، بەڵکو وەسف دەتوانێت پەی بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ ببات و ببێتە چرایەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ناخ و دەرخستنی هەست و

دۆخی دەروونی کەسی وەسفکراو، (قاضی، ٢٠٢١، ١٢)، هەروەها دەتوانێت وەسفکراو لەبەر چاوی بینەر و بیسەر و خوێنەر بەو شێوەیە لێبکات، کە وەسفکەر مەبەستیەتی، دەتوانێت ناشیرینەکان جوان بکات و بە پێچەوانەشەوە، دەتوانێت مەبەستەکان و ئامانجەکان بگۆڕێت و بەلاڕێدا ببات.

کەواتە وەسف یەکێکە لە گرنگترین پێکهێنەرە بنەڕەتییەکان لە بینای ڕۆماندا و هەروەها یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی گەیاندنی زمانی، کە مرۆڤ لە زۆر لە بوارەکانی ژیاندا بەکاریاندەهێنێت، بە تایبەت گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆماندا. ئەویش کاتێک کە نووسەر بیەوێت وەسفێکی وردی شوێن، یان کات بکات، یان وەسفی کارەکتەر بکات و بە ناخیدا ڕۆبچێت و گوزارشت لە هەست و سۆز و بیری لایەنە شاراوەکانی ناخی ئەم کاراکتەرە دیاربخات، کە چی دەوێت و چی دەکات.

ئەفلاتوون بە سەرەتایەکی بنەڕەتی دادەنرێت، کە قسەی لەسەر ئەدەب بە گشتی و شیعر و شاعیر بە تایبەتی کردووە، دواتر ئەرستۆ وردتر باسەکەی فراوانتر کردووە، قسەی لەسەر ئەرک و ڕۆڵی ئەدەب و جۆرەکانی و ڕەگەزی هەر جۆرێکیانی دیاریکردووە.

ژانرەکانیشی بەسەر سێ ژانری سەرەکیدا (لیریک، ئیپیک، دراما) دابەش کردووە، ئەم باسەی ئەرستۆ بووەتە بنەمایەک بۆ چەند سەدە دوای خۆی، ئەو بیروباوەڕەی کە لەو قۆناغەدا پەیڕەوکراوە، جەختی لە سنوور جیایی نێوان ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب دەکردەوە، کە بە پاکژی ژانرەکان و تێکەڵاونەبوونیان دادەنرا، دواتر لە سەدەی هەژدەوە وردەوردە سنوورەکان کاڵبوونەوە و ژانرەکان ئاوێتەی یەکتر بوون، لێرەوە ڕۆڵی وەسف وەک هۆکارێک بۆ چێژبەخشین بە گێڕانەوە و نووسین و نمایشکردن... تاد، هەرجۆرێکی دیکەی هونەر دەستپێدەکات.

نووسەر لەسەر زاری گێڕەرەوە هەوڵدەدات کۆمەڵێک وشەو دەستەواژەی جوانی زمانی، کە هەندێکجار لای نووسەران زمانی شیعرییەت لە گێڕانەوەکاندا بەدیدەکرێت، دەستدەکات بە گێڕانەوە و وەسفی کارەکتەر و ڕووداوەکانی پێدەکات، کردەی وەسف لە بنەڕەتدا بۆ خاوکردنەوەیان دێت، درێژکردنەوەی ڕووداوەکانە تا گێڕەرەوە بتوانێت هاوکێشەی گێرانەوەکان ڕابگرێت و هێنانی ئەو کۆمەڵە وشە و زاراوەیە بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە و جوانترکردنی گێڕانەوەکەیە.

وەسف پایەی سەرەکییە و ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە بەخشینی چێژ بە هەر دەقێکی هونەری، چەندین زانای دیکە گرنگی و بایەخی وەسف لە بۆتەی بابەتە زمانەوانییەکاندا دەبیننەوە، وەک "د. نبيل أيوب" لەمبارەیەوە دەڵێت: "وەسف بریتییە لە دەرخستنی یان ئاماژەکردن بە شتێک یان شوێنێک یان گیاندارێک، یان مرۆڤێک، لە ڕێگەی وێناکردنی زمانەوانییەوە ناکەوێتە ژێر دیدی خوێنەرەوە، بەڵام بە شێوازی گوزارەیی تێیدا وێناکردن یەکسانە بە بابەتی وەسفکراو، یان بە شێوازێکی نەبینراو، بە سۆز

و خەیاڵ وا دەکات دەربڕین یان بابەتی وەسفکراو تێپەڕێنێت و سەرلەنوێ لە گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ شتەکان یان ڕووداوەکان دروستی بکاتەوە." (أیوب، ٢٠٠١، ١٧٥).

لەم پێناسەیەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە وەسف ڕۆڵی بینادنانی وێنە دەگێڕێت لە بیر و هۆشی کەسی بەرامبەردا، هەربۆیە وەسف چالاکیی خۆی تەنها لە شتە بینراوەکاندا کورتناکاتەوە، بەڵکو هۆکارە بۆ وێنەکێشانی بیروباوەڕ و نەبینراو بۆ بینراو و پێشبینیکراو.

واتە وەسف وەک وێنەیەک وایە نووسەر لە ڕێگەی گێڕەرەوە، کە ئامڕازەکەی زمانە، دەیخاتە بەر دیدی خوێنەر تا ڕوونتر کەسایەتی و ڕووداوەکان پیشانبدات، کە ئەم کردەیەش ئامانج لێی، چێژبەخشین و ڕوونکردنەوەی زیاترە.

لە قۆناغی ڕۆمانی نوێدا، نووسەران زۆر بە بایەخەوە سەیری ئەم توخمە دەکەن و وەسف بە بەشێکی گرنگی ڕەگەزی گێڕانەوە دادەنێن، بۆیە بە زمانێکی هونەری و ئاستێکی بەرز لە دەربڕین وەسفی کارەکتەر و ڕووداو و شوێنەکان دەکەن، تا گێڕانەوەکان ڕوونتر بکەونە پێش چاوی خوێنەر و چێژیان لێوەربگیرێت.

وەسف وەکو یەکێک لە تەکنیکەکانی خاوکردنەوەی تێکست دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

یەکەم: وەسفی وەستاو.

دووەم: وەسفی جووڵاو.

دەتوانین بڵێین جۆری دووەم بەشداری لە بەردەوامیی کاتی گێڕانەوەدا دەکات، چونکە ئەگەر لە جۆری یەکەمدا ڕۆماننووس وەسفی شت و کەسەکان لە حاڵەتی وەستاندا بکات، لە جۆری دووەمدا وەسفی ئەوان لە دۆخی جووڵانەوەدا نیشاندەدات، لەبەرئەوەش لە جۆری دووەمدا کاتی گێڕانەوە بەرەوپێشدەچێت، بەڵام لە یەکەمدا ئەوەندە سست و خاو دەبێتەوە، کە خوێنەر هەستبکات لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە و جولانەوەی تێدا نەماوە.

لە لایەکی ترەوە بەقەد ئەوەی، کە بڕگە وەسفییەکان خێرایی کاتی گێڕانەوە ڕادەگرن، یان سستی دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا زەمەنی خوێندنەوەی تێکستەکە زیاتر بەرەوپێشدەبەن، بە تایبەتی ئەگەرهاتوو بینای وەسفەکە سەرنجڕاکێش و ئەنجامدانەکەی بە شێوەیەکی داڕێژراو و دروستبێت، بە پێچەوانەی ئەو وەسفانە، کە تێکستەکە تووشی هەڵئاوسان دەکەن و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خوێنەر لە بەردەوامیی ڕووداوەکان دادەبڕن و کەلێنێکی دەروونی لە نێوان ڕاگرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان و دەستپێکردنی بڕگە وەسفییەکان لەلای خوێنەر دروستدەکەن. (ن. ئەلوەنی، ٢٠٠٤، ٣٠٣-٣١٠).

کەواتە وەسفی وەستاو، وەسفی کەسەکان دەکات لە دۆخی وەستاودا واتە وەسفێکی گوزارەیی، بەڵام جۆری دووەم وەسفی کەسەکان دەکات لە دۆخی جووڵاودا بەپێی تێپەڕبوونی کات، ئەوەش کاتێک کە گێڕەرەوە هەست بە خێرایی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکات، بۆیە بە وەسف هەوڵی خاوکردنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەکات تا هاوکێشەی گێڕانەوەکان ڕابگرێت، لە هەمان کاتیشدا بەو وەسفە وردە زمانییە چێژ و ئیستاتیکا دەبەخشێتە گێڕانەوەکان و وادەکات ئەو دیمەنانە لە خەیاڵی خوێنەردا بمێننەوە.

لە ڕۆمانی "جەنگ"ی "سەلاح عومەر"دا پاش ئەوەی دایکی هەموو بەسەرهاتەکانی خۆی و کوشتنی باوکی و ڕفاندن و بێسەروشوێنبوونی براکەی دەگێڕێتەوە، نهێنیی شاردنەوەی نهێنییەکانی دایکی بەمشێوە وەسفدەکات و دەڵێت: "ئەوەم نەدەزانی کە ڕابردووی دایکم ئێستا و داهاتووی من دەکەوێتە بەر مەترسی و ئەویش دەبێتە لکە پووشێکی سووک و ناخی گڕ دەگرێ، یا وەک شووشەیەک دەشکێ و دەبێتە پارچەی بچووک بچووک، ئەوسا هێزی جارانی نامێنێ و لە بەردەم ڕەشەبای ڕۆژگاردا هەر زوو دەچەمێتەوە." (عومەر، ٢٠٠٣، ٩ ).

کەواتە ڕوونە وەسف کردەیەکە بۆ ڕازاندنەوەی دەق بەکاردێت لە کاتی گێڕانەوەدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی ڕووداوەکان، هێندە نووسەران لەم سەردەمەدا بایەخیان پێداوە، هەمیشە لەگەڵ چەمکی گێڕانەوەدا، چەمکی وەسفیش دێت، کە بە تەواوی سەروکاریان پێکەوەیە.

ڕۆمانی "عەفرین" لە نووسینی "جان دۆست"، کە نووسەرێکی بەناوبانگی کوردە و خەڵکی ڕۆژئاوایە، "وریا غەفووری"، وەریگێڕاوە.

لە ڕۆمانی "عەفرین، یان ڕێڕەوی ئارام" نوسەر باس لە کارەساتی داگیرکردنی ئەو شارە دەکات لە لایەن سوپای تورکەوە، هەروەها باس لە بارودۆخی نا جێگیری منداڵان دەکات کە دەنگی تۆپ و تانک ژیانی لێ کردوون بە دۆزەخ، وە ترسی لە ناو دڵ و دەروونیان چاندووە.

"جان دۆست" لە ڕۆمانەکانی "کۆبانی، سێ هەنگاو و سێدارەیەک، میرنامە و مژاباد" و بەرهەمەکانی دیکەیدا، دۆخی دەروونیی منداڵانی شەڕمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەو وێرانییەی شەڕ لە ڕۆحی منداڵاندا دروستیکردووە، بەرجەستە و وەسفدەکات.

"ڕەحیمی قازی" لە ڕۆمانەکەیدا بە ناوی "پێشمەرگە"وە، وێنا و وەسفی گوندی "کانی سەوزە" دەکات و دەڵێت: ""گوندی کانی سەوزە" کە لە نزیک "سەقز" هەڵکەوتووە گوندێکی هەرە خۆش و بە دیمەنی کوردستانە، لە قەتپاڵی چیایەکی بەرز هەڵکەوتووە، هەر چوار لای مێرگ و باخ و چیمەنە، ئەو کانییانەی کە لە هەموو لاوە هەڵدەقوڵێ و لە قەت پاڵەکانەوە بە خوڕەخوڕ بۆ لای دۆڵەکان سەرەو

ژێر دەبێتەوە و بە نێو دۆڵی ئاشەکاندا تێدەپەڕێ، جوانییەکی تایبەتی سروشتی بە "کانی سەوزە" بەخشیوە".

هەروەها نووسەر لە هەمان ڕۆماندا کاتێک وەسفی "پیرۆت" دەکات، کە کارەکتەری نێو ڕۆمانەکەیە دەڵێت: "پیرۆت لاوێکی کەڵەگەت و چوار شانە و چاو و برۆ ڕەش و سینگ پان و خۆش مەشرەف و سەحەت سووک بوو، پیرۆت دەنێو لاوانی کانی سەوزەدا زۆر شۆخ و بەقووەت بوو، هەمیشە زستانان کاتێک خەڵکی دێ لەبەر دەرگای مزگەوت وەکۆدەبوون لەسەر سەرانگوێلکەی ماڵە ئاغا کە لە نێزیک مزگەوت زۆرانیان بە لاوان دەگرت، پیرۆت تەواوی هاوتاکانی خۆی لە عەرزی دەدا و هیچ کەس نەیتوانیبوو پشتی وی لە عەرزی بدا، پیرۆت سمێڵێکی ڕەشی باریکی پڕی هەبوو و گەلێک جار کە دەهاتە نێو خەڵکەکە دەیانگوت: ئەها پاڵەوانی سمێڵبابڕی، هات."

کاتێکیش باسی "مرۆت" دەکات، کە کیژێکی جوانی لەبەردڵانی کانی سەوزە بووە و خۆشەویستی "پیرۆت" بووە، کە بە فیت و لەخشتەبردنی "فاتم"ناوێک دەچێتە کێو بۆ کۆکردنەوەی گیای بەهارە، بە بێ ئاگاداربوون لە پلانی "میمکە فاتم" و "مینە ئاغا" کە "مرۆت" تا دەرەنگانێک لەو کێوە بهێڵێتەوە دەڵێت: "مینە ئاغا لغاوی ئەسپەکەی بە لقەدارێکدا هەڵواسی و وەک چلۆن ورچ بۆ سەر نێچیرەکەی خۆی هێرش دەبا، هەر بەوجۆرە شاڵاویکردە سەر مرۆت و توووند توووند لەئامێزیگرت، مرۆت ئیتر لە مەبەستی وی ئاگادار بووەوە و یەک بەخۆی قیژاندییە سەر مینە ئاغا و گوتی

"دەبەرم دە سەگبابی وا و والێکراو، هەی قوڕم بە دەمی باوکت، بەرم دە، ئەمن لەوانە نیم کە تۆ خەیاڵت کردووە."

مرۆت هەر ئەوەندەی گوت و بە دەست و پێ حەولی دەدا خۆی لە ئامێزی ئەو بەرازەکێوییە ڕزگار بکات، هەر دەتگوت کۆترە و لەبەر چنگی باشۆوە یا ئاسکە و لەبەر کەڵپی گورگ پەلەقاژەی دەکات، بەڵام پەلەقاژەی ئەو ناسک و نازدارە لە چنگ ئەو سەگە هارە بێفائیدە بوو..." (ڕ. قازی، ۲۰۰۸، ۱۹-۵۸).

"ئارام حەمە" لە ڕۆمانی "هەڵاتن لە هەرێمی مردووەکان" وەسفی مردن و قات و جلە ڕەشەکانیان دەکات، کە دەڵێت: "کە مردن دێت، هیچمان خاوەنی ڕۆح نین، هیچ کەس ناتوانێت بەر بەو هاوکێشە جادوویە بگرێت، دێت و یەخەمان دەگرێت، من نازانم ئەو بۆچی مرد و بەیەک جاری بەرەو ئاسمانان هەڵکشا، من بە زامداری، بە بیماری و بە گیانکێشتەوە سەیری وێنەکانی ژوورەکەمم دەکرد، کە لە نێو ئەلبوومەکانمدا هەروا بۆنخۆش مابوون و ڕووناکییان بە دڵ و ئەندێشەکانم دەبەخشی، زۆر سەیر بوو ئەو مردنە، ئێستاش لە بیرمە کە دەیگوت: ڕۆژێک دێت لەم وڵاتە ڕادەکەین، ئێرە

جەهەنەمە، جەهەنەم، بۆنی ئەهریمەنەکان لە هەموو کووچەکانی دێت، گوڵەکانی ئێرە ڕەشترن لەو کراسەی لەبەرتدایە."(حەمە، ٢٠١٥، ٩).

زۆرێک لە ڕۆماننووسەکانی ئەم سەردەمە، هەوڵیانداوە گۆڕانکاری بکەن لە تەکنیک و شێوە باوەکەی نووسەرانی پێشوو و خۆیان و ڕێگە و تەکنیکی نوێ لە نووسینەکانیاندا بگرنەبەر، واتە لە گێڕانەوەی ڕووداو و واقعە مێژووییەکان، بۆیە لە نووسینەکانیاندا ئەو جیاوازییە بەدیدەکرێت، بۆ نموونە، هەوڵی خولقاندنی کارەکتەر و سەرلەنوێ دارشتنەوەی و دروستکردنی فەزای نوێ بە شێوازێکی هونەری و ستاتیکی بۆ نمایشکردنی ڕووداوەکان، زۆرێک لە نووسەرانی تری کورد ئەو ئەزموونەیان تاقیکردووەتەوە.

خەندان لە ئێوارەی پەروانەدا بەمشێوەیە دەدوێت:

"من هەستم دەکرد دەنگم دەرنایەت، کەچی لە هەمانکاتدا گوێم لەسەدای حەرفەکانی خۆم بوو کە لە هەوا و ڕەشەبا و ڕاڕەوەکاندا دەنگی دەدایەوە، تا من زیاتر هاوارم بکردایە ڕەشەباکە زیاتر هەڵی دەکرد و خێراتر و بەهێزتر دەرگا و پەنجەرەکانی دەدا بەیەکدا، لرفەی باکە بە ئەندازەیەک ترسناک بوو، هەموو شتەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، کتێبەکان لە قەفەزەکانیان دەکەوتنەخوارێ و با بەخێرایی بە ڕاڕەو و ژوورەکان و داڵانەکاندا دەیڕفاندن، پەردەکان با دەیبردن، من لە باکەدا دەمقیژاند زەینەب، پەپوولەکانم بەرەوە، هەموو ئەو قوتابخانەیە لەسەر لرفەلرفی ئەو با ترسناکە بە ئاگا دەهاتەوە، هێدی هێدی ئەو با ترسناکە بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبووەوە، تا دەگەیشتە نهۆمەکانی دیکەی قوتابخانەکە، دەگەیشتە نهۆمەکانی سەرەوە، متیلەکانی هەڵدەگرت و پێخەفەکانی بەرز دەکردەوە، کتێبەکانی دەدا بە دیوارەکەدا، پەرداخ و قاپەکانی دەخستە خوارێ، جلەکانی دەفڕاند...". (ب. عەلی، ٢٠٠٧، ٢٥٥-٢٥٦).

بڕوا ناکەم خوێنەر کاتیک گەشتبێتە ئەم لاپەڕەیە، لە کاتی خوێندنەوەدا، وێنەکان نەهاتبێتنە پێش چاوی، یان هەستی بە لرفەلرفی ئەو بایە نەکردبێت.

ئەگەر چاوێک بە ڕۆمانی کوردیدا بخشێنین، ئەوا کۆمەڵێک وەسفی ورد و جوان دەبینین، کە نووسەران لەسەر زاری گێڕەوەرەکانیان کۆمەڵێک وشەی بریقەدار و جوانیان هێناوە بۆ جوانکردنی چوارچێوە و دیکۆری دەقە ئەدەبییەکە، هەندێکجاریش پەنایانبردووە بۆ بەکارهێنانی هێما و سیمبوڵ بۆ ڕازاندنەوەی دەق و ورد لە شوێن و ڕووداوەکان دواون، هەڵبەت لە بەشەکانی پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە ئەم کردەیە زیاتر لە قۆناغی نوێی ڕۆماندا بایەخی زیاتری پێدراوە، هەروەها دەکرێت وەسف لە ڕێگەی ڕووداوێکەوە وەسفی مەبەستەکەی بکات و بیەوێت ڕووداوێک زەقبکاتەوە و زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت.

کەواتە ڕوونە مەبەستی سەرەکیی کردەی وەسف، بۆ ڕازاندنەوە و چێژبەخشینە بە خوێنەر و ڕاڤەو شیکردنەوەی زیاتر دەدات بە ڕەگەزی کارەکتەر و شوێن و ڕووداو لە ڕۆماندا..

**بەشی سێیەم: جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە هەردوو ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) و (مەرگی مەیموون)دا**

**پاری یەکەم: ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر لایەنی پەیامداری لە هەردوو ڕۆمانەکەدا:**

١. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر سروشت:

٢. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاریی ئاژەڵ

٣. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر کەلتوور و شوناسی کورد

٤. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر تاکی کورد

**پاری دووەم: ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر لایەنی جوانکاری لە هەردوو ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) و (مەرگی مەیمون)دا**

ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکە پەیوەست بە دونیای جەنگ و داگیرکارییەوە

ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە ناوی کارەکتەرەکانەوە

ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە شوێن و کاتەوە

ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر کۆی گێڕانەوەی هەردوو ڕۆمانەکە

ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر وەسف

## پاری یەکەم/ ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر لایەنی پەیامداری لە هەردوو ڕۆمانەکەدا:

### ١.  ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر سروشت

ئەو کاتەی مۆتەکەی جەنگ بەرۆک بە مرۆڤایەتی دەگرێت، تەنها مرۆڤ و ئاژەڵ ڕووبەڕی زیان نابنەوە، بەڵکو سروشتیش هاوشێوەی ئەوان ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە دەبێتەوە. خاک و خۆڵ و ئاووهەوا، کە پێکهێنەری سروشتن، کە هەموو زیندەوەران لەوێدا دەژین، هەریەکێک لەو توخمانە ڕووبەڕووی زیان و مەترسی دەبنەوە، بێگومان ئەوانەی چواردەوریشی، پریشکی ئاگریان بەردەکەوێت. هەڵبەت هەتا تەکنەلۆژیا و زانست زیاتر پێشبکەون، سروشت زیاتر وێراندەبێت. ئەوەتا لە دونیای سەرمایەداریی ئەمڕۆدا داگیرکەر هەزارەها مرۆڤ قڕدەکا بە بیانووی جۆراوجۆر و بەکارهێنانی جۆرەها چەک و تەقەمەنی و گازی ژەهراوی.

جەنگ و داگیرکاری وەکو پێشتر باسمانکرد، کاریگەرییان لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هەیە، چ باری ڕامیاری بێت، یا ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی، بە هەمان شێوە ئەم کاریگەرییانە لەسەر سروشت و ژینگە و خاک و جوگرافیای جەنگەکە ڕەنگدەدەنەوە. جەنگ وێرانکەرێکی ترسناکە، ڕوو لە هەر مەملەکەتێک بکات، زەویوزار وشک دەبێت و بە هۆی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و گازە ژەهراوییەکان، ئاووهەوا پیسدەبێت، پاشان خاک و خۆڵ دەسووتێت و دواتریش زەوییەک بۆ کشتوکاڵ نامێنێت، ئەمەو کوشتوبڕی هەردوو یەخەی مرۆڤایەتی دەگرن و مەرگ و برسێتی و هەژاری و دەرد و نەخۆشی و بەڵا بە دوای خۆیاندا دێنن..

لەم پارەدا بە وردی گوزەرێک بەناو هەردوو ڕۆمانەکەدا دەکەین و هەموو ڕەنگدانەوەکان و کاریگەرییەکانی ڕووداوەکان لەسەر چەند لایەنێکی بەرکەوتەی جەنگ و داگیرکارییەکان دەخەینەڕوو:

ڕۆمانی "کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا" دوو ڕووداو و جەنگی گەورەی مێژوویی لەخۆدەگرێت ئەوانیش داگیرکردنی دیمەشق لەلایەن مەغۆلەکانەوە و پاشان جەنگی عێراق و ئێران، کە نووسەر ئەم ڕووداوانەی وەکو کەرەستەیەکی خاو بەکارهێناوە بۆ چنینی ڕۆمانەکەی و تیشکدەخاتەسەر کاریگەرییەکانی ئەو جەنگانە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر سروشت.

پاش هاتنەناوەوەی "تەیمووری لەنگ" و سوپای مەغۆل بۆ ناو شاری "دیمەشق"، دەبینێت کە فەرمانڕەوای شارەکە لەگەڵ یانزە لە وەزیر و کاربەدەستانی دەوڵەت خۆیان ژەهرخواردووکردووە، گێڕەرەوە دەڵێت: "تەیموور هەرزوو حاڵی دەبێت ئەوە مانای چییە، چونکە ئەوە یەکەم جار نابێت

کەسانێک دەبینێت مردنیان پێ باشترە لەوەی سیمای ئەو ببینن. بۆیە فەرمان دەکات بۆ سەربازەکانی کە هەرچییەکیان پێ خۆشە لە ناو دیمەشقدا بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک ئازاد بن بیکەن.

ئەو بڕیارەش بەس بوو بۆئەوەی هەر زوو پەلاماردانی ژنان و هەڵواسینی پیاوان، تاڵانکردنی گەنجینەی شار و ماڵان، گووکردن لەناو دیوەخانەکان و سوتاندنی کتێبخانە و سەربڕینی مریشک و بزنی خەڵک، شکاندنی گۆزەی دۆشاو و ئاگرکردنەوە لە حەوشەی ماڵان و سورکردنەوەی ئەو مەڕانە دەستپێبکات، کە خاوەنەکانیان ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆیان، ڕەنجیان دابوو بۆئەوەی ببنە خاوەنیان.

دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی تەیموور دابووی بە سەربازەکانی تا هەرچی پێیان خۆشە بیکەن، "دیمەشق" بە ڕادەیەک کاول ببوو، زۆر بەزەحمەت دەناسرایەوە". (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٨)

سروشتی دیمەشق بە تەواوی تێکچووبوو، لە هەر کووچەوکۆڵان و ماڵێکدا کوژراو و هەڵواسراو و سوتاو و بریندار هەبوو، بۆنی مردوو لە شارەکە نیشتبوو، ئەوانەشی کە هێشتا زیندووبوون، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ مردووەکاندا نەبوو، کۆشک و خانوو مزگەوت و قوتابخانە و تاقیگە و دوکان و بازاڕ نەمابوو، کە دەستی سوپای مەغۆلی پێنەگەشتبێت، ئەوەی دەیانویست، دەیانبرد و ئەوەشی نەدەبرا، وێران و کاولیاندەکرد.

هۆلاکۆ لە ساڵی (١٢٥٩زاینی) جەزیرە و دیاربەکر و هەکاری و ماردینی وێرانکرد، لە دوای مردنی حاکمی موسڵ، جەنگ لە نێوان موسڵ و مەغۆلدا ڕوویدا، کە کورد بەشێکی گەورەی سوپای موسڵی پێکدەهێنا.

لە سوریاش کە دەوڵەتی مەمالیک بەرامبەر مەغۆل وەستایەوە، بە هەمان شێوە سوپاکە لە کورد و عەرەب و تورک پێکهاتبوو. (هوتسما، وآخرون، ١٩٩٨، ب٢٧/ل ٨٥٥٧)

ئەمە وێنای شاری دیمەشقی مەڵبەندی بازرگانی و زانست و زانیاریی ئەو سەردەمەیە، پاش هێرشی مەغۆل، ئەمە ڕەنگدانەوەی داگیرکارییە لەسەر سروشتی ناوچەکە بە گشتی و دیمەشق بە تایبەتی.

لە وێناکردنی هێرشی سەربازانی عێراق و ئێراندا، گێڕەرەوە دەڵێت:

"ئەوە چی بوو پاڵی بە سیامەند و سەربازانی دییەوە دەنا بەرەوپێشەوە ڕابکەن و شێتانە و مەرگویستانە تەقە بکەن؟ ڕقی ئەوان بوو لە (سەربازانی ئیسلام) وەکو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران بڵاویان دەکردەوە؟ یاخود خۆشەویستی بوو بۆ ئەو جەهەننەمەی پێیاندەوت (عێراق) وەکو بێژەرە

بێشەرەفەکانی تەلەفزیۆنە پڕوپووچەکەی بەعس و نووسەرە تەرەسەکانی ڕۆژنامە عێراقییەکان دەیانوت؟

نا ئەمانە هیچیان نەبوو، بەڵکو کینەی قووڵ و پەنگخواردووی ئەوان بوو بەرانبەر جەنگ و ئاشووبە یەک لەدوای یەکەکانی وڵاتێک، کە تەنیا شایستەی ئەوە بوو گووی تێبکرێت." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٥٩).

سروشتی عێراق بەهۆی جەنگ و ئاژاوە یەک لەدوای یەکەکانەوە، بە جۆرێک لەبەرچاو دانیشتوانەکەیدا بووبووە جەهەننەم، کە وەک گێڕەرەوە دەڵێت، شایستەی ئەوە بوو گووی تێبکرێت، نەک خوێنی بۆ بڕژرێت و ببنە قوربانی، چونکە لە بنەڕەتدا جەنگ لەپێناوی هیچدایە. کوردیش وەک بەشێک لە عێراق، نە شەڕ، شەڕی ئەو بوو، نە ئەو خاکەش هیی ئەو بوو، کە شەڕی لەسەرکرا. بۆیە بە کارەسات و دەستی بەتاڵ وماڵی وێران کۆتاییهات.

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی عێراق و ئێران، گێڕەرەوە دەڵێت:

"ئەو ڕۆژانەی مەلیکی تاریکییەکان سەری دەخستە ژێر بەتانییەکەی، لە دەرەوە خەڵکی شارەکان هەڵدەپەڕین و سوپای تێکشکاوی عێراقیش لە شەڕگەکانەوە هێنرابوونە کوردستان و دەستیان کردبوو بە ڕووخاندنی گوندەکان، تاڵان و بڕۆ، گرتنی گوندییەکان و زیندەبەچاڵکردنیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٧٠).

ئەمانە هەموو نموونەی زیندووی ناو ڕۆمانەکانن، کە سەلمێنەری ئەو واقعەن، کە گەلێک تیایدا ژیاوە.

ئەگەر تەماشای مێژوو بکەینەوە لە هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر دیمەشق و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و کاولکاری و سوتاندنی ماڵ و خانوو و بەتاڵانبردنی سەروەتی گشتی و تاک و هێرشی سوپای عێراق پاش جەنگی عێراق و ئێران بۆ ناوچەکانی کوردستان و گرتن و کوشتن و بڕین و بۆمبارانکردن و کیمیاباران و زیندەبەچاڵکردنی کوردزمانان، جگەلە کاریگەرییە مرۆییەکان، بە هەزارەها کاریگەریی سروشتی و ژینگەیی لێکەوتووەتەوە، کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و زیندەبەچاڵکردنی خەڵکەکەی چ زیانێکی گەورەی بە سروشتی ناوچەکە گەیاندووە، کە تا ئێستاش کاریگەریی لەسەر ئابووریی ئەم وڵاتە دیارە.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە جگەلە کارەسات و زیانی مرۆیی، ئافاتیش بوو بۆ جوگرافیا و سروشت و ژینگە و خاک و خۆڵی ناوچەکە، بە دڵنیاییەوە سروشت لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دووچاری زیان بوون، ژەهراوییوونی خاک و لەناوچوونی چەندەها جۆر گیانلەبەر و پیسبوونی ئاووهەوا و چەندەها

نەخۆشیی ترسناک، وەک نەخۆشیی شێرپەنجە و نەزۆکی و نەخۆشییەکانی سنگ و پێست، کە تا ئێستاش خەڵکی ئەو شارە پێوەی دەناڵێنن.

لە دوای ئازادبوونی سیامەند لە گرتووخانەکانی ئێران و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، گێڕەرەوە دەڵێت: "هەر بە گەیشتنیان بە دەڤەرەکە واتە کوردستان، لووتیان تەقی بە لووتی گوندی ڕووخاوی قەراخ جادەکان، دارستانی سوتاو". (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٥).

نووسەر وەک تابلۆیەک وێنەی ئەو ڕۆژگارەی ساڵانی هەشتاکانی خستووەتەڕوو، کە چۆن گوندەکان تەختکران و دار و درەخت سوتێنران و مەڕومالات فەرهودکران، گەر خوێنەر ئەو ڕۆژگارەی نەبینیبێت، لەگەڵ خوێندنەوەی هەردوو ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا و مەرگی مەیموون) بە خەیاڵ گوزەر بەو ڕۆژگارەدا دەکات، چونکە ڕێک ئەو واقعە لە ناو ڕۆمانەکانیدا هەستیپێدەکرێت.

لە دێڕێکی تردا گێڕەرەوە دەڵێت: "دەمەوعەسرێکی درەنگ بوو "سیامەند" و "باوکی لوقمان" لە پەنا دیواری حەوشەکەی ماڵی سیامەند لەسەر دوو تەنەکەی بەتاڵ دانیشتبوون، تەماشای کاولەکانی گوندیان دەکرد." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٩).

ئەوەی دوای جەنگ بەجێما، ئەو تەنەکە بەتاڵانە بوو، کە باوکی لوقمان و سیامەند لەسەری دانیشتبوون، هەڵبەت لەگەڵ پرۆسەی ڕاگوستن و شالاوی ئەنفالدا، جگە بگرە و بکوژە، هەرچی سەروەت و سامان و مەڕو ماڵاتی دانیشتوانی گوندەکان بوون، لەلایەن سەرباز و پیاوانی سەر بە دەسەلاتی ڕژێمی ئەو سەردەمەی عێراقەوە تالانکران.

دیسان گێڕەرەوە وێنای سروشتی ئەو ڕۆژەمان بۆ دەکات، کە سوپای عێراق دەڕژێنە ناو بۆرەقەلا و بە مەبەستی گرتن و پاشان زیندەبەچاڵکردنی خەڵکەکە و دەڵێت:

"لەو بگرەوبەردەیەی ئەو ڕۆژە باراناوییەدا، کە زیلەکان بە گرەگڕ قوڕی خەستی بۆرەقەلا گێرەدەکەن، لە کێشمەکێشمی سەرخستنی ژنان و منداڵانی تۆقیوی بۆرەقەلا بۆ ناو زیلە گەورەکان، لەناو گرمەی هەور و باران و هەورە بروسکەی ئەو بەهارە تەڕوتووشەدا، لەناو قیژە و هاواری بۆرەقەلاییەکاندا و لە گەرمەی تەقینەوەی دینامیتی ژێر بیناکان و ڕووخاندنی ماڵەکاندا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٠١).

ئەمە پرەنسیپ و ڕەوشتی هەموو داگیرکەرێکە، ئیتر سەر بە هەر نەتەوەیەک بێت جیاوازی نییە، چونکە داگیرکەر هەر داگیرکەرە و یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش دەستکەوتنی هێزی زیاترە بۆ کوشتار و کاولکاریی زیاتر. ئەو داگیرکەرە نەک مرۆڤ، بەڵکو هەرچی بهاتایەتە سەرڕێی،

خاپووریدەکرد، گرتن و زیندەبەچاڵکردن و ئەنفال و ڕاونان و کاولکردن و تەختکردنی گوند و شارەکان تینوێتیی دەشکاند.

ئەمە و چەندین نموونەی تر، کە نووسەر گوزارشتی لەو واقعە تاڵە کردووە، کە لە ساڵانی هەشتاکاندا بەسەر مرۆڤی کورد و ژینگەکەیدا هاتووە لە کوردستانی باشوور، کە هەموویان نموونەی زیندوو و واقعین، کە ڕوویانداوە.

ڕۆمانی مەرگی مەیموون تێکەڵەیەکە لە دوو ڕووداو، یەکێکیان کوردستانە و ئەوی دی ئینگلاندە و "ئەردەڵانی" تێیدا ژیاوە. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەم ڕۆمانەدا لەسەر سروشت بە شێوەیەکی ئاشکرا تێیدا بەدیناکرێت، گێڕەرەوە لە پەڕەگرافێکدا لەسەر زاری "ئەردەڵانی" باسی سروشتی "ئینگلاند" دەکات و دەڵێت: "ئەو باوەشی بۆ کردمەوە، ئەو کاتەی جەنگ و کارەسات ڕاویاننام." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ١٢).

گێڕەرەوە لەسەر زاری ئەردەڵانی دەگێڕێتەوە و لە ڕۆمانەکەدا دەڵێت: "لە گوندە قوڕاوییەکان، کە بۆنی شیاکە و هەژاری و فەرامۆشییان لێدەهات، برسیمان بوو، بەڵام ئومێدی سەرکەوتن تێری دەکردین... لە ئەشکەوتە سارد و شێدارەکاندا وەک گوێرەکەی تازە لەدایکبووەکانی وەرزی زستان هەڵدەلەرزین... بزنەڕێ بەبەفر داپۆشراوەکانمان تەی دەکرد و پێڵاوەکانمان پڕ دەبوو لە بەفراو و پەنجەکانی پێمان دەتەزین... بەڵام دوای هەرەسی گەورەی هەشتاوهەشت، دوای ئەوەی گوندەکانمان مەحف دەبوونەوە، مزگەوتەکان بە زەبری دینامێتەکان بە منارە و قورئان و گومەز و مینبەرەکانەوە دەچوون بە ئاسماندا، لە کانییەکانەوە ژەهر هەڵدەقوڵا، دەغڵەکان لە ناو ئاگرێکی بێئاماندا دەسووتان، وڵات وەک تابلۆی ئاگرە گەورەکەی لەندەنی هونەرمەند "جان گریفیەر" وابوو، لە هەموو جێیەکەوە بڵێسەی ئاگر تاوی سەندبوو." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٩٩- ١٠٠).

هەر بۆ خۆی وشەی (مەحف) ئەوە دەگەیەنێت، ئەو داگیرکەرە بە مرۆڤکوشتن نەدەوەستا، بەڵکو دەیویست لەسەر نەخشەی جوگرافیا مەحفیانبکات و بیانسڕێتەوە و ناسنامەیان نەمێنیت. ئەمە وێنای سروشتی ساڵەکانی هەشتاوهەشتە، کە سوپای عێراق ئەنفال و ڕاگواستن و کاولکاریی گوندەکان و کیمیابارانی دەستپێکرد، چەندەها گوند و سروشتی جوانی ئەم خاکە لەو شاڵاوەدا لەناوچوون و هەتا ئێستەش نەتوانراوە ئاوەدانبکرێنەوە، ماڵ و مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە تەقێنرانەوە، دەغڵودان و موڵک و سامانی ئەم میللەتە هەژارە کرا بە خۆڵەمێش.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەڵادا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕووبەر و فەزا فراوانەی، کە نووسەر کاری تێداکردووە لەناو ڕۆمانەکەدا، هەروەها زۆریی بەشداریی کارای کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە لەگەڵ تێکەڵکردنی چەند

ڕووداوێکی تر بە شێوازێکی هونەریی بەرز، کە نووسەر ڕووداو و کارەکتەر و شوێنەکانی تێکەڵ بە فانتازیا و خەیاڵی داهێنەرانە کردووە، کە بتوانێت دەقێکی ئیستاتیکی بەرز بئافرێنێت، جیاواز بێت لە ڕۆمانی مەرگی مەیموون. وابکات لە ڕۆمانی مەرگی مەیموون لە ڕووی هونەری و تەکنیکییەوە ئاستی بەرزتربێت. بۆیە کاریگەریی جەنگ و داگیرکاری لەسەر تاک و سروشت و ئاژەڵ و کەلتووریش، زیاتر بە زەقی دیاربێت.

### ٢. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ئاژەڵ:

لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤ ئاژەڵی بەکارهێناوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر، بۆ نموونە گوێدرێژ و ئێستر و حوشتر بۆ بارهەڵگرتن و سەگ بۆ پاسەوانی و هەندێکیشیان بۆ مەبەستی خواردن، یا بازرگانیکردن، کەچی لە بەرامبەردا مرۆڤ هەر خودی خۆی هۆکارە بۆ لەناوبردن و ئازاردانی ئەم گیانلەبەرانە. بە تایبەت لە کاتی هێرشە داگیرکارییەکاندا، کە ئەمانیش وەک مرۆڤ ڕووبەڕووی هێرشی داگیرکاری و ئازار و لەناوچوون بوونەتەوە.

جەنگ بە هەمان شێوەی توخمەکانی تر، کاریگەریی لەسەر ئاژەڵان داناوە و بووەتەهۆی لەناوچوون و برسیکردن و کوشتنیان، بگرە دەتوانین بڵێین بەهۆی نەبوونی ژیری لە نێو ئاژەڵاندا، زیاتر لە مرۆڤ تووشی زیان بوون، لەم نێوەندەشدا بوونەتە قوربانیی ململانێکانی مرۆڤ، هەروەها بەهۆی تۆپبارانکردن و کیمیابارانکردن و دانانی مین و تەقەمەنی، دووبارە مەترسی لەسەر ژیانیان دروستبووە و لەناوچوون، لەناوچوونیشیان زیانی بە سەروەتی ئاژەڵی گەیاندووە، کە دواجار ئەوەش زیانە بۆ کەرتی ئابووری، کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەمانپێداوە. مرۆڤ بەوە نەوەستاوە، کە یەکتر بکوژێت و خاکی یەکتری داگیربکات و قڕبخاتە یەکتری، ئەم دەستدرێژییەی تەنها بۆ سەر مرۆڤ نەبووە، بەڵکو مرۆڤ هێندە دڕندەبووە، کە دەستدرێژیی بۆ سەر ئاژەڵانیش کردووە، ئەوەتا گێڕەرەوە لە دێڕێکدا دەڵێت: "ئەوان بە چیدا بزانن مرۆڤ ئەو جانەوەرە لووت بەرزە شەڕانگێزە، دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر هەموو شتێک، ئەو مەخلووقە بێوەیانە چۆن بزانن مەخلۆقێک هەیە دەیەوێت هەموو جوگرافیا و مەوداکان بکاتە مەیدانی تاقیکردنەوەی کەڵکەڵە نەفرەتییەکانی خۆی." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٨٣). گێڕەرەوە لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا وشەی شەڕانگێزیی بەرامبەر بە مرۆڤ بەکارهێناوە، هەر لەو بارەوە (عصام نەکادی) دەڵێت: "لە بیردۆزی یەکەمیدا لە بارەی پاڵنەرەکانەوە فرۆید پاڵنەری مرۆیی دەگەڕێنێتەوە بۆ پاڵنەری شەڕانگێزی و لیبیدۆیی، واتە ئەو پاڵنەرانەی کە مرۆڤ هەستیان پێدەکات لەو کاتەی ناتوانێت ئەو هێز و ئارەزووە غەریزی و سێکسییانە تێر بکات، کە لە ئەنجامی ئەم ئارەزووانە لە نائاگاییدا کۆدەبنەوە و دواتر بە شێوەی توندوتیژی و تێکدەرانە دەردەکەون." (نکادی ٢٠٢٠، https://m. ahewar. org/)

کەواتە نووسەر بە ئاگاییەکی باشەوە گوزارشت لە پێشینە و ڕەفتاری مرۆڤی داگیرکەر دەکات، بە تایبەت ئەو کاتەی کردەی توندوتیژی ئەنجامدەدات، چ بەرامبەر خودی مرۆڤ خۆی، یان ئاژەڵ و سروشت، دەیگێڕێتەوە بۆ بارودۆخە دەروونییەکەی کە هۆکارە بۆ ئەو شەڕانگێزییە، ئەوەتا نووسەر لە ڕۆمانەکەدا ورد گوزارشت لەو بارودۆخە دەکات و شرۆڤەی کردەی شەڕانگێزیی ئەو سەرهەنگ و بەرپرسانەی جەنگ دەکات و لە گێڕانەوەکەدا دەڵێت: "ئەو سەرهەنگانەی ساڵی دووجار بۆیان نەدەڕەخسا سەردانی ماڵەوە بکەنەوە... وەکو سەگی هار پەلاماری سەربازانی کەساس و بێچارەیان دەدا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٥٩).

یان لە دێڕێکی تردا نووسەر بە زمانێکی ئیستاتیکیی هونەری، ڕووداوەکان تێکەڵ بە خەیاڵ و فانتازیا دەکات و گوزارشت لە سوێ و ئازاری ئەو ئاژەڵانە دەکات لە کاتی گوزەرکردنیان بە بیابانەکاندا جەستەیان بەر مینەکان دەکەوێت و هەپروون دەبن و دەڵێت: "سەرەڕای ئەوەی ئەو شەوە تا بەیان ئەنگووت، بە بێداری مانەوە، کەچی هیچ ڕووی نەدا، تەنیا جاروبار نەبێت نەسیمی سەحەر دەنگی بەسوێی حوشترێکی بریندای لە ناو کێڵگەی مینەکانەوە لەگەڵ خۆی دەهێنا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٨٢).

هەروەها لە دێڕێکی تردا گێڕەرەوە ئەو دیمەنە تراژیدییانە دەگوێزێتەوە ناو دەقەکەی و دەڵێت: "یەکەمجار لە ژێر قاچی بەچکە حوشترێکدا مینێک تەقییەوە و بەچکە حوشترەکە کەوتە ئاسمان و لە بەرزایی دوو مەتر زەوییەوە مرقاندی و دەمە بچکۆلەکەی پڕبوو لە شەونم و تریفە، کاتیک کەوتە سەر زەوی، خوار سکی هەڵدڕابوو و قاچێکیشی قرتابوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٨٣).

نووسەر مەبەستییەتی بڵێت کاتێک جەنگ هەڵدەگیرسێت، تەنها مرۆڤەکان نابنە قوربانی، وەک سیامەند کە کارەکتەرێکی سەرەکییە لە ڕۆمانەکەدا، بەهۆی جەنگەوە کەمئەندام بوو، ئەوەتا ئەو ئاژەڵە جوان و بێگوناهانە لە ژینگەی خۆیاندا دەژین، کەچی مەترسیی جەنگ یەخەی ئەوانەشی گرتووەتەوە و لەناودەچن.

کاتێکیش لەسەردەستی سەرهەنگەکان لەناودەچن، تفیان بەڕوودا دەکەن، چونکە مینەکان بەهەدەرچوون، وەک ئەوەی ئەوان مافی ژیانیان نەبێت.

لە دێڕێکدا نووسەر دەگێڕێتەوە و شەڕانگێزی و دڕندەیی ئەو ئەفسەرە پیشاندەدات و دەڵێت: "سەرهەنگ هات بۆ شوێنی ڕووداوەکە و ئەو هەموو حوشترەی بینی، زۆر تووڕە بوو و تفێکی بە ئاڕاستەی حوشرەکاندا هەڵدا و وتی: ئەو حوشترە حیزانە ئەو هەموو مینەیان لێ خەسار کردووین!" (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٨٦).

کاتێک جەنگ لە ناوچە بیابانەکان دەستیپێکرد، حوشترەکان یەکەم زەرەرمەند بوون، کە لە ڕۆمانی بۆرەقەڵادا، نووسەر بە ئاژەڵی هێمن و سەلار پەسنیکردوون، کە یەکێکن لەو ئاژەڵانەی، کە لە بیاباندا دەژین و بۆ زۆر بوار مرۆڤە بیابانشینەکان ئەو ئاژەڵەیان بەکارهێناوە، بۆیە نووسەر بە شێوازێکی هونەری و گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێش دیمەنی لەسەرخۆ و هێمنی ئەوانی تێکەڵ بە ڕووداوەکان کردووە و مرۆڤیشی لە بەرامبەر ئەوان بە شەڕانگێز ناوبردووە.

کەواتە جەنگ جیاوازی ناکات لە نێوان مرۆڤ و گیاندار و بێگیانەکاندا، ئەوەتا هەر لە دیمەنێکی دیکەی نێو ڕۆمانەکەدا نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو، کە داگیرکەر بە هەر شوێنێکدا تێپەڕیبێت، هەرچی هاتبێتە سەرەڕێی، هەپرووتیکردووە، هەر لە مرۆڤ و گیاندار و گوند و مزگەوت و کتێبخانە، "سیامەند و دوو سەربازی تر، کە خەڵکی ناوچەکانی کوێستان بوون، سەیارەیەکی کرۆنایان بەکرێگرت و بەرەو کوردستان گەڕانەوە و هەر بە گەیشتنیان بۆ دەڤەرەکە، لوتیان تەقی بە لوتی گوندی ڕووخاوی قەراخ جادەکان، دارستانی سووتاو، کەر و ئەسپی مرداری لاڕێ، ئوردوگای خۆڵاویی پڕ لە بێوەژنی غەمبار، گەنجانی بێزار و تۆزاوی، کچانی دڵتەنگ کە لە ژێر قورسایی ژیانی تاڵ ئەو سەتڵە ئاوانەی لە شوێنی دوورەوە دەیانهێنان، پیر بووبوون." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٨٦).

کەواتە ئاژەڵ و سروشتیش بە هەمان شێوەی مرۆڤ لە جەنگدا توشی کارەسات و لەناوچوون بوونەتەوە. نووسەر بەو زمانە سادە پڕ ئەندێشەیە و تێکەڵکردنی کەرەستە مێژووییەکە بە خەیاڵ و فانتازیا و ئیستاتیکا، هەروەها کردەی ئەفراندنی کارەکتەر و فەزا دروستکردن، وەها گوزارشی لەو مەرگەساتە کردووە و ڕۆمانەکەی پێڕازاندووەتەوە، لە هەندێک شوێندا، خوێنەر وا هەستدەکات فیلمێک دەبینێت.

لە ڕۆمانی "مەرگی مەیموون"دا کەمتر باس لە کاریگەریی جەنگ کراوە لەسەر ئاژەڵ و سروشتیش، چونکە ڕۆمانەکە باسی ڕووداوێک دەکات، کۆمەڵێک گەنجن، دەبرێنەبەر پەتی سێدارە و گوللەباران دەکرێن، واتە قەبارەی ڕووداو و کارەساتەکان لە ڕۆمانی مەرگی مەیموونندا لەچاو کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتیکی کۆندا جیاوازترە، بەڵام گێڕەرەوە لەسەر زاری کارەکتەری "ئەردەڵانی" بە ئاماژەیەک باس لەو کاریگەرییەی جەنگ و داگیرکاری دەکات لەسەر ئاژەڵان، لەو کاتەی باسی هەرەسی گەورەی ساڵی هەشتاوهەشت دەکات، دەڵێت: "مانگا و کەر و ئێستر و مەڕە تۆقیوەکان بەناو کێڵگە سووتاوەکاندا، هەڵدەهاتن و هەڵدەهاتن و هەڵدەهاتن." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ١٠٠).

وەک لە پێشەوە ئاماژەمانپێدا، لە هەڵێنجاندنەکانماندا بۆمان ڕوونبووەوە، کە هەرچەندە هەردوو ڕۆمانەکە باس لە کارەساتی جەنگ و داگیرکاری دەکەن، بەڵام ڕۆمانی "کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتیکی کۆندا" و شێوازی بەهێزی زمانی دارشتنی نووسەر، کە تێکەڵە لە فانتازیا و خەیاڵی داهێنەرانە، هەروەها بەشداریی زیاتری کارەکتەرەکان لە ئاخاوتن لەو ڕووداو و فەزا فراوانەی

ڕۆمانەکەدا وایکردووە، بەهای دەقی ڕۆمانی بۆرەقەڵا لە ئاستێکی هونەریی بەرزتردا بێت لەچاو ڕۆمانی "مەرگی مەیموون"دا، هەر لەبەرئەوەشە کە کاریگەرییەکان کەمتر لە ڕۆمانی مەرگی مەیموون لەسەر سروشت و ئاژەڵ دەرکەوتوون و تەنها بە چەند دێڕێک ئاماژە بە لەناوچوونیان دراوە.

### ٣. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر شوناس و کەلتووری کورد:

کەلتوور، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی مادی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییە، کە ئەندامانی کۆمەڵگەی پێدەناسرێتەوە و لەسەری ڕێککەوتوون و "بەجۆرێکی هۆشیارانە، یا ناهۆشیارانە لەشێوەی بیروڕاو نەریت و نرخ پێداندا لەخۆی دیاری دەدا و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەجێدەهێڵێ، بەواتایەکی تر، کولتوور بریتییە لە ئاوێتەیەکی پتەوی ئەو بیرو سەرنج و هونەر و زانیاری و ئایین و تاقیکردنەوانە کە لە چوارچێوەی نەریت و خورەوشتدا خۆیان دەنوێنن." (نەبەز، ٢٠٠٧، ٣٠). لە سەرانسەری دونیادا هەزاران کۆمەڵگە بەها و زمان و بیرۆکە و پراکتیک و شێوازی ژیانیان هاوبەشە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە و دەیانکاتە کۆمەڵگایەک، بە شێوەیەکی گشتی دانیامیکیەکی جوانە لە دونیای ئێمەدا کە دەبێت بەهەندوەربگیرێت و ڕێزیلێبگیرێت، بەڵام جەنگ هەڕەشە لە خودی بوونی ئەم دینامیکە دەکات، جەنگ نەک هەر ئابووری و سیاسەت پەکدەخات، بەڵکو لە ئاستێکی قوڵتردا کۆمەڵگە لەکەداردەکات و بۆ هەمیشە شوناسی کەلتووریی ئەو کەسانە دەگۆڕێت.

بێگومان کەلتوور یەکێکە لە پایەکانی هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، ئیتنیکی هەر وڵاتێک، هەر کۆمەڵگەیەک، جا هەرکاتێک جەنگ ڕوودەکاتە هەر وڵاتێک دەستناپارێزێت لە هەموو ئەو شتانەی، کە دێنە بەردەمی، ئەو داگیرکەرە هەمیشە ئیشی کاولکاری و لەناوبردن و ڕووخاندنی بوونی گەلێکە، یاخود وڵاتێکە.

بەگوێرەی، ئەوەی ئێمە، کە کوردین لە خاکی کوردستاندا ژیاوین، لە هەرچوار لاوە ڕووبەڕووی جەنگ و داگیرکاری بووینەتەوە، هەڵبەتە هەمیشە ئەم دوژمنانە ئامانجیان لەناوبردنی جەستەی کورد و شوناسەکەی بووە، یەکێکیش لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی شوناس، بریتییە لە کەلتوور و کەلەپووری نەتەوەیی ئەو گەل و کۆمەڵگەیە.

کەلتووریش بریتییە لە پایەیەکی سەرەکیی بەرهەمهێنانی شوناس، ڕەگەزی کەلتوور لەلای هەموو میللەتێک پێکهاتووە لە (ئەدەب، هونەر، فۆلکلۆر، داب و نەریت، ئەدەبی زارەکی، ئەدەبی نووسراو، جلوبەرگ و بۆنە و زمان.... تاد)، ئەمانە هەموو پێکەوە کەلتووری گەلێک پێکدەهێنن.

عەلادین سەجادی سەبارەت بە کەلتووری کوردەواری دەڵێت: "ئەو شتانە کە نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیا دەکاتەوە، زمان، وار، ڕەوشت و عادەت، خاک و مەڵبەند و سنور و ئەدەبە." (سەجادی، ١٩٧٤، ٣).

ڕێگریکردن لە داب و نەریتە کوردەوارییەکان، یان یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان وەک جەژنی نەورۆز، یاخود هەر بۆنەیەکی نەتەوەیی تر، وەکو ئەوەی لە ساڵی هەشتاکاندا ڕژێمی بەعس ڕێگربوو لە کردنەوەی ئاگری نەورۆز و پۆشینی جلوبەرگی کوردی، یاخود ڕێگریکردن لە ئاخاوتن بە زمانی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکو باکور و خۆرهەڵات، هەندێکجار داگیرکەری عەرەب و تورک و فارس، هەوڵیانداوە بە هەرجۆرێک بێت، ڕێگەبگرن لە پەرەسەندنی کەلتووری کوردی، ئەو هەوڵی تێکشکاندنەش بە ڕێگەگرتنە لە زمانی کوردی، کە پایەیەکی گرنگی کەلتوورە، کە ڕێگەنەدەن کورد بگەڕێتەوە بۆ هێما و ڕەمزەکانی ڕابردووی خۆی، بۆ نموونە، ڕێگریکردن لە گۆرانی و مۆسیقا و سروود و... تاد، ڕێگەگرتن لە زیندووکردنەوەیان چونکە ئەمانە پایەیەکی گرنگی نەتەوەن.

هەندێکجاریش داگیرکەر جۆرە سیاسەتێکیان بەکارهێناوە، ئەویش ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو داگیرکارییەوە زۆرێک لە مۆسیقا و گۆرانی و میلۆدی کوردی و فۆلکلۆری کوردی کردوویانە بە ناوی خۆیانەوە، هەتاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانن شوناسی کورد بسڕنەوە و گەر بۆشیان بکرێت، جوگرافیا و نەخشەی وڵاتەکەشیان لەسەر زەوی بسڕنەوە.

هەمیشە داگیرکەر بۆئەوەی شوناسی نەتەوەیەک دابماڵێت و بیسڕێتەوە، ئەو داگیرکارییەی بە جەنگ ئەنجامداوە و خاکەکەی داگیرکردووە و خەڵکەکەی قڕکردووە و لە زێدی خۆیان دەربەدەری کردوون و هەموو سەروەت و سامانەکەشی بە تاڵانبردووە.

جەنگێکی تر کە بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو بە بێ بەکارهێنانی چەک داگیرکەر ئەنجامیدەدات، جەنگی کەلتوورییە، کە هەمیشە ئەو داگیرکەرە بە شێوەیەکی کاوەخۆ کاری بۆ کردووە، ئەویش ئەوەیە کە هەوڵیداوە ڕێگەبگرێت گەلی کورد بە زمانەکەی خۆی بدوێت و بخوێنێت و بنووسێت، یان گۆرانی و مۆسیقاکەی بە زمانی خۆی تۆماربکات، چونکە داگیرکەر زانیویەتی ئەم بنەمایانەی کەلتوور شوناسن بۆ زیندوێتیی نەتەوەیەک، کە ئەمانەش هۆکارن بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەلای گەلی داگیرکراو، کە ئەمانە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و بەرخۆدان و شۆڕش لەپێناوی پاراستنی خاکەکەیدا.

ئەم هەوڵی لەناوبردنی کەلتوور و سڕینەوەی شوناسە بۆ ئەوە بووە، کە داگیرکەر ویستوویەتی وابکات کۆنەستی کوردەواری بسڕێتەوە، بۆئەوەی هەرچی یادەوەری و ڕابردووی هەیە، ون ببێت، هەر مرۆڤێکیش ڕابردووی ون بوو، دەبێتە مرۆڤێکی ونبوو.

ئەم کردە داگیرکارییە تا ئێستەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تاکی کورد هەیە، بۆیە تا ئێستە نەیتوانیووە نە لەسەر پێی خۆی بوەستێت، نە خاوەنی دەوڵەتێک بێت، نە یەکگرتوو بێت، تا بتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات و ئازادی فەراهەم بکات.

شوناسیش بریتییە لە ناسنامەی نەتەوە، بۆئەوەی ناسنامەی نەتەوەمان هەبێت، دەبێ نەتەوە بگاتە ئاستێک، کە بوونی خۆی بسەلمێنێت. نەتەوەش بۆئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێت، پێویستی بە کۆمەڵێک ڕەگەزی گەورە هەیە "یەکێک لە بوونی ئەو پایانە کەلتوورە" (قەرەداغی، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن) چەمکی کەلتوور یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی، کە بووەتە جێگەی سەرنج و بایەخپێدانی زانستی کۆمەڵناسی. چەمکی کەلتوور جیاوازە لە چەمکەکانی دیکە، چونکە سروشتێکی کەڵەکەبوویی و بەردەوامی هەیە. کەلتوور لە بەرەنجامی پەیمان و ڕێککەوتنەوە نایەتەبوون، بەڵکو کەلەپووری کۆمەڵایەتیی گشت نەوەکانە و لە هەموو گەل و نەتەوە و کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەبووە و هەیە و بەردەوامدەبێت.

ئاشکرایە کەلتوور هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە (ماددی، مەعنەوی) و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە، ئیدی ئەو کۆمەڵگایە سادە بێت یاخود ئاڵۆز، پێشکەوتوو بێت، یاخود دواکەوتوو، خاوەن کەلتووری تایبەت بە خۆیەتی.

ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکارییش لەسەر کەلتوور بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارە و دەبینرێت و هەستپێدەکرێت. کەلتووری کۆمەڵایەتیی هەر ناوچەیەک، لە هەزاران ساڵەوە سەرچاوە دەگرێت و هەموو لایەنەکانی ژیان پەیوەست دەبن بە کەلتوورەوە، بەڵام کاتێک مەترسیی مەرگ و ژیان یەخەی مرۆڤایەتی دەگرێت، ئیتر جێگەیەک بۆ کەلتوور نامێنێتەوە.

هەر کاتێک داگیرکەر هێرشی هێنابێت، یەکەم شت دەستیبۆبردبێت، تێکشکاندنی کەلتوورە، بۆ نموونە ئەنفالی یەکەم و ئەنفالی دووەم، کە ئەم تاوان و داگیرکارییە لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە بە دوو قۆناغ ئەنجامدرا، لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران-عێراق لە ساڵی ١٩٨٨ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنی هێزە کوردییەکان لە کوردستانی باشوور. "لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ لە ١٩٨٨/٨/٨ ڕژێمی ئەفلەقی بە چەند قۆناغیک هێرشی کردە سەر ناوچە کوردییەکان و سەرەتای ئەنفالی دەستپێکرد." (قوربانی، ٢٠٠٨، ٣١)، هەروەها جیا لە کردەی ئەنفال، ڕژێمی عێراقی دەستی بە پرۆسەی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان کرد بە مەبەستی گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیایی ناوچە کوردستانییەکان، ئەو کەلتوورە شۆڤێنییەش بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد بووە لەسەر زێدی باوباپیری خۆی. "حکومەتی عێراقی هەوڵدەدات بۆ گۆڕانکاری لە گۆڕینی ژمارەی دانیشتوان (دیمۆگرافیا)ی ناوچە کوردییەکان لە ڕێگای سەرژمێری گشتی لە ناوچەکاندا." (قوربانی ٢٠٠٨، ٢٤-٢٥) هەروەها هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا، هەر لە مێژووی کۆنەوە،

بۆ نموونە، لە سەردەمی بەدرخانییەکان و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری. کەمال مەزهەر لە پەرتووکی (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا)، دەڵێت: "لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی نۆزدە لەشکری شێخ عبەیدوڵڵا خۆی دەدا لە سی هەزار چەکدار، دوای نوشستهێنانی ڕاپەڕینەکەی دوورخرایەوە ئەستەمبووڵ تا کۆچی دوایی لە گەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕە گەورەیدا لەوێ مایەوە، عەبدولقادر لە ئەستەمبوڵ مایەوە و بووە ئەندامی پەرلەمانی ڕژێمی نوێی ئەو وڵاتە، شێخ سدیقی کوڕە بچووکی شێخ عەبدوڵلا لە کوردستان مایەوە و وەک دەڵێن بووە گەورەترین قاچاخچی تووتن." (مەزهەر، ٢٠٠٩، ١٣٩–١٤٠). ئەم کەلتووری پەرتکردنە، جۆرە سیاسەتێکە هەمیشە داگیرکەر کاری بۆ دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر ڕق و تووڕەیی خەڵک و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکان. بە هەمان شێوە شۆڕشەکانی شێخ عبدالسلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دەرسیم، دەیان هێرش کراوەتە سەر ناوچەکانی کوردستان، هەر لەگەڵ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینێک، سەرکردەکانیش لەسێدارەدراون، کە لە بەشەکانی پێشەوەی لێکۆڵینەوەکەمان بە وردی خستوومانەتەڕوو. بە تایبەت دەوڵەتی عێراقی کە هێرشیکردووە، جگەلە مرۆڤ، کەلتوور و ئەدەب و زمان و جلوبەرگ و گۆرانی و مۆسیقا و نووسین و هەر هەمووی لەناوبردووە، ئەمەش وایکردووە کە تاکی کورد هەمیشە هەست بە نامۆبوون بکات..

یەکێک لە پایەکانی کەلتوور، ڕۆمان و ئەدەبە، ڕۆمانیش ڕەگەزێکی ناو ئەدەبە بە تەنها لە ڕێگەی ڕۆمانەوە نا، بەڵام ڕۆمان و چیرۆک و هەموو ڕەگەزەکانی ئەدەب بریتیین لەو توخمانەی، کە بەشدارییەکی سەرەکی دەکەن لە بونیادنانەوەی کەسیەتی و ڕابوونەوەی نەتەوەییدا. (قەرەداغی، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)

یەکێک لە دیاردە نەرێنییەکانی تری جەنگ، ئەوەیە خەڵک بە ناچاری لەپێناو سەلامەتیی خۆیان و داهاتوویەکی باشتردا کۆچ دەکەن، کە لەگەڵ خۆیاندا کەلتوورەکەیان هەڵدەگرن، لەم پڕۆسەیەدا گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنن، لەگەڵ کارلێککردنی ئەم زمان و نەریتانە لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ خێرابوونی پڕۆسەی جیهانگیریدا دەستدەکەن بە گۆڕانکارییەکی توند و زیاتر، کە ئێمە وەک مرۆڤەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ئەو فرەچەشنییە کەلتوورییە لەدەستدەدەن، کە ئەم جیهانە زۆر ناوازە و سەرنجڕاکێش دەکات و لەگەڵ دەستپێکردنی کارلێکردنی ئەم کەلتوورانە، هەموو ئەم کارلێککردنانە ئەرێنی نابن، کە دەبێتەهۆی پێکدادانی نێوان کەلتوورەکان و ململانێ و توندوتیژیی زیاتر لە ئەنجامی جەنگ و کۆچ دروستدەبێت و لێکەوتەی خراپ بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لە لایەکی ترەوە ململانێ دەبێتەهۆی تێکچوون و لەناوبردنی چەندین جۆر لە دەستکەوتەکانی مرۆڤ، لەوانەش ناسنامەی گەلێک بە تایبەتی لەگەڵ جەنگی چەکداریدا، شوێنەوارە کەلتوورییەکان مەترسیی زیاتریان لەسەرە کە زیانیان پێبگات.

جەنگێکی تر هەیە، کە داگیرکەر چەک و تەقەمەنی بەکارناهێنێت، بەڵکو جەنگێکی کەلتووری لەگەڵ ئەو گەلانەدا دەکات، کە کەوتوونەتە ژێردەستی، کە مەبەستی داگیرکەر سڕینەوەی شوناسی گەلێکە بە لەناوبردنی کەلتووری زمان و ئاخاوتن و نووسین، بۆیە یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی داگیرکاری ئەوەیە، کە دەوڵەتی داگیرکەر بندەستەکانی ناچاردەکات بە زمانی خۆیان نەنووسن، بەڵکو بە زمانی داگیرکەر بنووسن و بئاخێون، لەو ڕێگەیەشەوە زمان و فەرهەنگ و کەلتووری خۆی بەسەر وڵاتی داگیرکراودا دەسەپێنێت. بۆ نموونە، لە کوردستاندا زۆرێک لەو نووسەرانەی کە کوردن و بە زمانی خۆیان نەیاننووسیوە، وەکو "سەلیم بەرەکات"، کە کوردێکە خەڵکی کوردستانی سوریایە و بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، هەروەها "یەشار کەمال"، کە کوردێکی باکوری کوردستانە، کەواتە لێرەوە داگیرکەر بەو جەنگە کەلتوورییە هەم خۆی و زمان و فەرهەنگەکەی دەسەپێنێت، هەم وڵاتانی بندەست ملکەچدەکات کە دەست لە کەلتوور و زمان و فەرهەنگی خۆیان هەڵبگرن، کە ئەمە مەترسیدارترین کردەی داگیرکردنە بە بێدەنگی.

لەلایەکی تریشەوە یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی جەنگی کەلتووری بۆ سڕینەوەی ناسنامەی گەلێک، ئەو سەرچاوە و کتێبانەن، کە نووسەرەکانیان دڵڕەق و کینە لە دڵ و ڕەگەزپەرستن بەرامبەر بە گەلانی بندەستیان، بۆ نموونە "شەرەفخانی بەدلیسی" لە کتێبی "شەرەفنامەدا" گوتەیەکی هێناوە، کە گوایە وتراوە کورد لە نەوەی جنۆکەکانی سەردەمی سولەیمان پێغەمبەرە. (بەدلیسی، ٢٠٠٦، ٢٣-٢٤). لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە داگیرکەر تەنها نایەوێت وڵاتەکە داگیربکات، یاخود ناسنامە بسڕێتەوە، بەڵکو دەیەوێت لە مرۆڤبوونیش دایبماڵێت و وەکو دڕندەیەک بیناسێنێت، بێگومان ئەمەش یەکێکە لەو جەنگە کەلتوورییانەی بەرامبەر کورد و تاکی کورد ئەنجامدراوە.

هەروەها کاریگەرییە نەرێنییەکانی جەنگ و داگیرکاری لەسەر کورد لە سەردەمی ئەنفال، زیندەبەچاڵکردن و فرۆشتنی کچانی کورد بوو بە وڵاتانی دراوسێ و کردنیان بە کەنیزەک و سەبایا. هەروەها کاریگەرییەکی دیکەی ئەم جەنگانە، دیاردەی دەرۆزەکردنە/ کە بەشێک نەبووە لە کەلتووری ئێمە.

بە بڕوای ئێمە، ڕەگەزی ڕۆمان ڕەگەزێکی زۆر کارا و گرنگە لە بەرهەمهێنانی شوناسی نەتەوەیەکدا، کەواتە ئەگەر گەلی کوردیش وەک ڕۆماننووسەکانی دونیا وەک (دۆستۆیفسکی، تۆڵستۆی، چارلس دکنس) ڕۆمانە گرنگەکانی دونیامان هەبووایە، ئەوسا لە ڕێگەی ئەدەبەوە، بە تایبەت چیرۆک و ڕۆمان، جیهانمان ناچاردەکرد ئەدەبەکەمان بخوێننەوە، کە بتوانرێت لە ڕێگەی ئەدەبەکەمانەوە بناسرێینەوە وەک نەتەوەیەک. گەلی کورد لە مێژووی دەرکەوتنییەوە هەزاران شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخۆدانی کردووە تا لە ڕێگەیەوە شوناسی خۆی وەک نەتەوەیەک بە گەلانی

دونیا بناسێنێت، هەڵبەت دەستی داگیرکەر زۆر لەو هەولانە بەهێزتر بووە، هەربۆیە نەتوانراوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەبەرئەوە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەدەبەوە ئەو کارە ئەنجامبدرێت.

بۆ نموونە ڕۆماننووسێکی وەک (یەشار کەمال)، کە دەنگێکی دیارە لە ئەدەبیاتی جیهاندا، هەرچەندە بە ڕەگەز کوردە، بەڵام بەرهەمەکانی بە زمانی تورکی نووسیوە، لەبەرئەوەی بیرۆکەی ڕۆمانەکانی و ئەو واقعەی ئەو لێی نووسیووە، واقعی کوردەوارییە و زۆربەشیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و سویدی.

بەشێکی زۆر لەوانەی خوێنەری بەرهەمەکانی (یەشار کەمال)ن، دەزانن ئەوەی (یەشار کەمال) نووسیویەتی، بەشێکە لە شوناسی کەلتووری کوردی، هەروەها بەشێکە لە جوانیناسی ئەدەبی کوردی، و ئەو کەسێتییانەی کە ئەو بەرجەستەی کردوون، بریتین لەو کەسێتییە کوردانەی، کە لە سایەی زەبروزەنگ و ستەمکاریی داگیرکەردا وەها دەجوڵێن.

"ماردین ئیبراهیم" لە هەردوو ڕۆمانەکەی "کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا" و "مەرگی مەیموون"دا ئاماژەی بە جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق - ئێران) و پڕۆسەی ئەنفال و ڕاگواستن و کیمیابارانکردن و کاولکردنی گوند و شارەکانی کوردستان کردووە، هەروەها کاریگەریی ئەم جەنگانە گوازراوەتەوە بۆ سەر هاوڵاتیانی دانیشتووی شارەکان و لە تێکدان و لێکترازانی خێزانەکان و دەربەدەربوون و ئاوارەبوون و... تاد ڕەنگیداوەتەوە.

قیامەتی هەشتاکان، هەتا ئەم ساتەوەختەش ڕەنگدانەوەی لەسەر شوناسی کورد هەیە، تاک بە تاک و خەیاڵاتی ڕابردووی گەلێک پڕە لەو ڕووداوانە، چەندەها ناوچە و شوێن بەم شاڵاوە نەفرەتییە دەناسرێنەوە. کوردیش بە گشتی لە وڵاتان بە ئەنفال و چەند کارەساتێکی تر باسدەکرێت و دەناسرێتەوە و وەکو دەڵێن بە جیهانی ناساند.

نووسەر دەیەوێت بڵێت، دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمە بە جەنگ و داگیرکاری و ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیاباران ڕەنگدانەوەی لەسەر زمانی خەڵکی بە ئاشکرا دیاربوو، کاتێک باسی سەربازە خانەقینییەکە دەکات، کە دێت بۆ بۆرەقەڵا و هەواڵێکی جەرگبڕ بۆ سیامەند دەهێنێت، زۆر جار دەیوت: "کاکە وەڵا من عەرەبێکی کوردم." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٩). لێرەدا دەبینین حکومەت و دەسەڵاتی عێراق تا چەندێک سەرکەوتووبوون لە شێواندنی شوناسی کورددا، هەر لە کوشتن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەم گەلە، تا دەگاتە ڕاگواستن و تێکدانی زمان و دانانی پاشگری عەرەب بۆ خەڵکانێکی بە ڕەچەڵەک کورد.

لای هەموو کوردێک ڕوونە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، حکومەتی عێراق هێرشیکردە سەر ناوچە کوردییەکان، بە بیانووی ئەوەی، کە تەنها "کورد" بوون. ئەو

هێرشانەی ڕژێمی داگیرکەری عێراق بۆ سەر خاکی کوردستان ئەنجامیدان، هەر لە شاڵاوی ئەنفال و پرۆسەی ڕاگواستن و ڕووخاندنی مزگەوت و سووتاندنی کتێبخانە و گوندەکان، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر نەریت و کەلتووری گوندنشینەکان جێهێشت. بۆ نموونە، گوندنشینەکان دەستڕەنگین بوون و خاوەنی کەلەپووری خۆیان بوون و بە کاری کشتوکاڵکردن و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵبوون. ئەو فەرهەنگ و کەلەپورەیان لەدەستدا لە کاتی کۆچکردنی زۆرەملێیان بۆ ناو شار و کۆمەڵگە دروستکراوەکان. دواتریش ئەمە بووەهۆی زیانگەیاندن بە کەرتی ئابووریی کوردستان، چونکە ئەو چینە بەرهەمهێنەرە، بوونە چینێکی بەکارهێنەر.

لە ڕۆمانی "مەرگی مەیموون" دا بەهەمان شێوە و هەمان بارودۆخ ڕەنگدەداتەوە، گێڕەرەوە دەڵێت: "لەگەڵ توندبوونەوە و تاوسەندنی جەنگی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان دژی حکومەت باروودۆخەکە زیاتر دەشڵەژا و ئەگەری ئەوەی هەریەکێک لە ئێمە بەهۆی جەنگەکەوە سەرمان بە فەتارەت بچێت، ئەگەرێک بوو تا دەهات گەورە تر دەبوو، بەڵام نە من و نەهیچ کەسێکی تر لە هاوسەردەمانمان، بە خەیەڵاماندا نەهاتبوو ڕۆژێک منداڵانی شار وەک کەروێشک لە لانەکانیان دەهێننە دەرێ و دەیانکوژن." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٣٢).

لەو سەردەم و بارودۆخە تاریکەی لەسەر گەلی کورد بووە، هەمووان هەستیان بە مەترسی لەسەر خۆیان کردووە، کەواتە ئەمە ڕەنگدانەوەیەکە لەسەر ویستی لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیەک.

کەواتە نووسەر لە بەرهەمەکانیدا هەوڵیداوە ئەو ئازار و تاڵییەی، کە بەسەر گەلەکەیدا هاتووە، لەگەڵ کاریگەریی نەرێنیی جەنگ و داگیرکاری، کە لە ڕۆژگاری ڕابردوودا ڕوویانداوە، بگوازێتەوە ناو تێکستێکی ئەدەبی و بیخاتە بەر دیدی خوێنەری کورد لە ڕێگەی هەردوو ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتیکی کۆندا و مەرگی مەیموون)دا.

کاریگەرییەکی تری جەنگ لەسەر کەلتوور ئەو دیاردە قێزەونە بوو، کە لە ئاکامی ئەو داگیرکارییە یەکلەدواییەکانەی بەسەر کوردستاندا هاتبوون، لەگەڵ نزمیی ئاستی هۆشیاری و بێدەرامەتیدا، هەندێک بۆ برێک پارە و پۆست، شوێن داگیرکەر دەکەوتن و ڕێنیشاندەریان بوون بۆ گرتنی هاونیشتیمانیانی وڵاتی خۆیان و کاولکردنی گوندەکان، کە بە جاش و خۆفرۆش ناودەبران و دەستیان هەبوو لە کوشتن و ڕاپێچکردنی ملی چەندەها گەنجی کوردستان بەرەو پەتی سێدارە. لەپاڵێشیدا داگیرکەر خەڵات و ستایشی دەکردن. نووسەر لە سەر زاری کارەکتەری سیامەند لە چەند دێڕێکی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بەو کەلتوورە قێزەونە دەدات و دەڵێت: "جارێکی دیش میداڵ ونیشانەی دەبەخشییە کۆمەڵێک جاشی کورد، سیامەند ئەو هەموو وێنانەی هاتەوە پێش چاو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٣٧). ئەوانەش دیوێکی ناشیرینی جەنگ بوون، کە لە ئاکامی داگیرکارییەوە کاریان کردبووەسەر گۆڕینی کەلتووری کورد.

## ٤. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر تاکی کورد:

جەنگ ڕووی لە هەر مەملەکەتێک کردبێت، گێژەڵووکەئاسا تەواوی بوونەوەر و شتەکانی هەڵلوشیوە و دڕندانە هەپروونیکردوون، جا ئیتر ئەو قوربانیانە ئاژەڵ بن، یاخود مرۆڤ، یان دارودرەخت و کەلوپەل و پێداویستییەکانی بووبن. ئەو بوونەوەرانەی لە سەردەمی جەنگدا ژیاون، هەرگیز ئەوانە نین، کە پێش جەنگ ژیاون، بە تایبەت مرۆڤەکان، کاتێک کە بە پڕۆسەی جەنگدا تێپەڕیون بە شێوەیەکی وەها گۆڕاون، کە نەناسرێنەوە، یاخود گران بووە بناسرێنەوە. نە مرۆڤەکان ئەو مرۆڤە ئاساییانەی پێشوون، نە ئاژەڵەکان، نە ژینگە ئەو ژینگەیەی پێشووە، نە ئاووهەواکەش ئەو ئاووهەوایەی جارانە، کە خاوێن و تەندروست بووە.

جەنگ ئەگەر مرۆڤەکان لە ڕووی فیزیکییەوە نەکوژێت، ئەوا لە ڕێگەی هەستوسۆزەوە دەیانکوژێت و گۆڕانکاری بەسەر کەسایەتییەکانیاندا دێت، هەردوو ڕۆمانەکە "کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا" و "مەرگی مەیموون" تەژین لە تراژیدیا و مەرگ و کارەساتی جەرگ بڕ، وەک جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و شاڵاوی ئەنفال و کوشتنی چل منداڵ و... تاد. نووسەر پێماندەڵێت جەنگ وەک مۆتەکەیەک وابووە ساڵەهای ساڵە بەسەر سەرمانەوە وەک تارمایی دێت و دەچێت، کونوکەلەبەر و ماڵ بە ماڵی ئەم کوردستانە نەماوە دەستە پیسەکانی بۆ نەبات و خۆشییەکانی ژیانیانی نەکردبێتە گریان و فۆغان. جەنگ ڕەنج و جوانی و تەمەنی زۆرێک لە لاو و پیر و منداڵ و ژنی ئەم کوردستانەی بەبابردووە.

جەنگ هەست وسۆز و ڕۆحی تاکی ئەم کۆمەڵگایەی تێکشکاندووە، هەر کارەکتەرێکی لاوی خێرنەدیوی دڵشکاوی نێو ڕۆمانەکە، نموونەن لە ژیانی هەزارەها گەنجی دانیشتووی ئەم خاکە، کە جەنگ و داگیرکاری ژیانی لێکردوون بە تراژیدیا.

لە ڕۆمانی "کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا" گێڕەرەوە دەڵێت: "یەکەم شت کە سیامەند دەیکرد دوای لەخەو هەستان، بەستنی ئەو قاچە دەستکردە بوو، کە ساڵانێکی زۆر بوو وەک مەلۆتکەیەک لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕا، وەک ئازارێک، وەک نەعلەتێکی ئەبەدی بە دووی خۆیدا ڕایدەکێشا، قاچە دەستکردەکەی لەو بەشەی ڕانی بەست، کە دوای بڕینەوەی قاچی مابوەوە و بە ئەسپایی هەستایە سەر پێ." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٣٤).

جەنگی عێراق و ئێران بە ملیۆنان بریندارى لێکەوتەوە لە کورد و عەرەب و فارس، کە بە درێژایی مێژوو دەماودەم و پشتاوپشت دەگوازرێتەوە و دەنووسرێتەوە، لە کاتێکدا ئەم جەنگە جەنگی کورد نەبوو، جەنگی عەرەب و فارس بوو، کە هۆکارەکەی چاوچنۆکی و داگیرکاری بوو.

یەکێکی تر لە نەفرەتییەکانی جەنگ و شالاوی ئەنفالی ئەو سەردەمە لە بیرەوەریی خەڵکیدا دەمێنێتەوە و لەبیرناکرێت، ئەوەتا سیامەند لە کاتی بینینی تەرمی "صدام حسێن" لە دوای لەسێدارەدانی، هەستی خۆی بەمجۆرە دەردەبڕێت، "سیامەند ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و لەسەر چرپاکەی دانیشتەوە، سەیرێکی وێنەی کچ و ژنەکەی و قاچە دەستکردەکەی خۆی کرد و گریانێکی بەکوڵ گریا، دەستێکی لەسەر قاچە دەستکردەکەی دانا و بەدەم گریانەوە وتی: ئەو قاچە بە قوونت سەرۆکی فەرماندە... ئەو قاچە بە قوونی ئەژداد و ئابادت سەرۆک." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٣٦).

کارەکتەری سیامەند ئاماژەیە بۆ ئەو گەنجانەی، کە لە جەنگی عێراق و ئێراندا نەمردن، بەڵام بۆ ئەبەد بوونە مرۆڤێکی غەمبار، "سیامەند دەگریا و دەیگوت: "ئای خوای گەورە، چیت لە من دەوێت؟ چیت لە پیاوێک دەوێت هەشت ساڵ دیل بووبێت، قاچێکی پەڕی بێت، ژن و منداڵەکەی تیاچووبن؟ ئای خوای من ئەو دەنگە چییە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٨).

نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا "سیامەند"ی کردووەتە نوێنەری هەموو ئەو گەنجە کوردانەی کە بەو جەنگەدا تێپەڕین و هەتا کۆتایی تەمەنیان پیشەیان ئاە هەڵکێشان و حەسرەت و گریان بوو، لە کاتێکدا ئەوان پێش جەنگ، کەسانێک بوون دڵیان پڕ بوو لە هیوا و ئاوات، کەچی جەنگ چارەنووسیانی بە شێوەیەکی نەخوازراو و ترسناک گۆڕی.

جەنگ چەندین تاکی ئەم کوردستانەی بێسەروشوێن و بێگۆڕ و بێناونیشان کرد، بە ڕادەیەک کە کێلێک لەسەر گۆڕیان نەبێت، تا دایک و باوکیان خەمی چاوەڕوانییان برەوێتەوە و ئیدی دڵیان ساکین بێ، کە مردوون، "پێنج ڕۆژ دوای کوژرانی حوشترەکان، تەیران ونبوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٠).

کوژرانی سەربازان و لەناوچوونیان، شتێک نەبوو کۆتایی بابەتەکە بێت، بگرە سەرەتا بوو بۆ کەسوکاری کوژراوان، ئەوەتا "باوکی تەیران هەر ڕۆژەی سەری دەکرد بە ماڵی فاڵچییەکدا، بەختگرەوەیەک، لەپی دەست خوێنەرەوەیەک، هەرچی پارەی هەبوو سەرفی کرد بۆ ئەوەی هەواڵێکی تەیران بزانێت و نەیزانی)). (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٤).

مەلیک کەیکاوس یەکێکی تر بوو لە گەنجەکانی بۆرەقەڵا، کە هەمیشە چاوەڕوان بوو جەنگەکە کۆتاییبێت و بگەڕێتەوە بۆرەقەڵا و دڵخوازەکەی، کە ئامینەی کچی وەهاب بوو، بیکاتە هاوژینی خۆی، پێکەوەژیان بە خۆشی بگوزەرێنن، کەچی جەنگ جەستەی ئەوی سوتاند و شێواندی. لە یەکێک لەو ڕۆژانەی کە خواردنی لە چێشتخانەکەدا ئامادەدەکرد، کەوتنی ناپاڵمێک بەسەر ژوورەکەدا لە کاتی بۆمبارانکردندا، سەرلەبەری ژیانی گۆڕی. "مەلیکی مەملەکەت شێوا و چیدی خۆی بە مەلیک نەدەزانی، نەک هەر ئەوە، بگرە خۆی بە نەفرەتلێکراوێک دەهاتە بەر چاو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٦٨).

کارەکتەری مەلیک کەیکاوس بە هۆی سووتان و شێوانی ڕوخساریەوە، هەمیشە خۆی لە ئاوەدانی دەشاردەوە تا کەس نەیبینێت. "ڕۆژانە لە ناو کونی شاخ و کلۆرەدار و ئەشکەوتەکانی دەوری ئاوایی، خۆی حەشار دەدا و شەوانیش وەک تارماییەک بە کشووماتی خۆی بە گونددا دەکرد، و تا بەری بەیان سەیری ماڵی ئامینەی دەکرد، و گوێی بۆ قسەکانی سیامەند و باوکی لوقمان دەگرت کە هەمیشە ماتەم کۆی دەکردنەوە، .... شەوێکی تر تارمەییەکە لە حەوشەی ماڵی ئامینە، بە سەتڵ ئاوی لە بیرەکە هەڵدەکێشا و ڕەیحانەکانی حەوشەی ئاو دەدا، جارێکی تر باوکی لوقمان گۆلکێکی لێ ونبووبوو، دوای ئەوەی دەستی لە دۆزینەوەی شتبوو، بۆ شەوەکەی تارماییەکە گوێرەکەکەی هێنابووەوە ناو گەوڕەکەیان، ئیتر وردە وردە وای لێهات تارماییەکە بوو بوو بە دۆست، بە ئاشنا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٠٥-١٠٧).

هەڵبەت ڕوونە لە سەردەمی شەڕی ئێران-عێراقدا، زۆر خەڵک لە بەرەکانی جەنگدان، یا بەهۆی بۆردومانی شارەکانەوە بریندابوون و جەستەیان شێوا، ئەو شێوان و بارە دەروونییە قورسەش، وای لە بەرکەوتووانی جەنگ کردبوو، کە گۆشەگیربن و تا کۆتایی تەمەنیان بە ئازار و تەنیایی لە سووچی ماڵەکانیاندا بژین.

یەکێکی تر لەو کارە قێزەونانەی ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە سەربازەکان کردوویەتی، کوشتن و تیربارانکردنی ئەو سەربازانە بووە، کە لە جەنگ هەڵهاتوون، بە تۆمەتی ناپاکی، "ئەریوان عومەر" کە ئاماژەیە بە کارەکتەرێکی واقعی، کە بە "شەهید ئەریوانی عومەر دەوڵەت" ناسراوە، کە لە سەرەتای پرۆسەی ڕاپەڕیندا لە شاری سلێمانی شەهید دەبێت، هەڵبەت نووسەر زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم کەسایەتییە بووە، بۆیە کەسایەتییەکەی هێناوە و تێکەڵی خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی کردووە و کردوویەتییە کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەی و لە کەرەستە مێژوویی و واقعییەکەی داماڵیوە و کردوویەتییە کەرەستەیەکی ناو ڕۆمان و بەمە شارەزایانە لە بواری جوانناسیدا داهێنانی بۆ کردووە. "شەوێکیان پێیان وتن سبەینێ گوللەبارانتان دەکەن، ئەو شەوە تا بەیانی کەسیان نەخەوتن، بە بێدەنگیەکی سامدار خەریکی نووسینی نامە بوون بۆ کەسوکاریان... جا ئەوان گوللەیان بۆچی بوو؟ خۆ هەر لەگەڵ خڕەی کردنەوەی دەرگاکە، ڕۆحی کەسیرەیان ئەوانی جێهشتبوو.. هەریەکەیان بە ستوونێکەوە بەسترانەوە، گوللەیەک سەر سنگی ئەریوانی سمی و وێنەی سەر ئەو ناسنامەشی کون کرد، کە لە گیرفانی کراسەکەیدا بوو، کە لەوکاتەدا ئەریوان سەیری ئەستێرەی کاروانکوژەی دەکرد." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٦٣-٨٥-٩١).

یەکێکی تر لە دیاردە هەرە ناشیرینەکانی نێو سەربازگەکانی جەنگی عێراق و ئێران، دەستدرێژیکردن بووە بۆ سەر گەنجەکان لەلایەن بەرپرسەکانیانەوە، "ماردین ئیبراهیم" پێماندەڵێت ئەوە جەنگە مرۆڤ دەکاتە دڕندەیەکی قێزەون، کە گوێ بە هیچ بەهایەکی مرۆڤی و ئەخلاقی نادات،

ئاژەڵئاسا بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی، پەنادەباتە بەر دەستدرێژیکردن بۆ سەر جەستە و کەرامەتی ئەوانەی لەبەردەستیدان، بە جۆرێک کە لە یەک کاتدا قوربانییەکان هەم بکوژ بن و هەم کوژراو بن.. "ئەو کاتەی سەرهەنگ دەستیبرد بۆ داکەندنی بیجامەکەی لوقمان حەکیم، لە خۆشی ئەو ساتە و هەستکردن بە چێژی تەسلیم بوونی لوقمان، ئاگای لەوە نەبوو لوقمان لەگەڵ پاڵکەوتنیدا دەستی بۆ ژێر نوێنەکەی خۆی درێژکردوە و مشتووی چەقۆکەی توند گرتووە، سەعات یەک و سی و شەش دەقەی نیوەشەوە و لوقمان حەکیم بە هەموو توانای خۆیەوە، چەقۆکەی ڕاوەشاند و دای لەسەر دڵی سەرهەنگ عەبدولجەبار." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٨٩).

نووسەر ژنی کوردیشی فەرامۆشنەکردووە لە ڕۆمانەکەیدا، بۆیە هاتووە ژنی کردووە بە سونبولی ئازایەتی و ئاوەدانکردنەوە، کە ئەمانە لە سەردەمێکدا ئەو ژنانە بوون، کە پڕبوون لە جوانی و وەفاداری و میهرەبانی. ئامینەش وەکو نموونەی هەموو ئەو ژنانەی کە لە کوردستاندا بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبوون، بەڵام ئامینە بەخت یاوەری بووبوو، بە هۆکارێک لەگەڵ باوکی لوقمان ڕزگاریان بووبوو، گەڕابوونەوە گوندەکەی خۆیان و ئاوەدانیان دەکردەوە. "یەکەم کەس کە پەیدا بوو ئامینەی کچی وەهاب بوو، سیامەند لە دوورەوە ئامینەی ناسیەوە، "ئامینە سەرەڕای مردنی باوکی و نەبوونی هیچ هەواڵێک لە مەلیک کەیکاوسەوە و قیامەتی ئەو چەند ساڵانەی دوایی، پیریان کردبوو بەڵام هێشتا بە بەژنە زراڤەکەی لە دوورەوە دەناسرایەوە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٦).

لە هەمان کاتدا پریشکی جەنگ و داگیرکاری هەر بەر گەورەکان نەکەوتووە، بەڵکو چەندین منداڵی کورد لە پڕۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستندا پەپوولەئاسا تەمەنیان بەخشی بە مەرگ، (سورمە)ش یەکێکە لەو منداڵانەی کە بە کامی دڵی خۆی نەژیا و هەر بە منداڵی بوو بە قوربانیی شاڵاوی ئەنفال ((دەمە دەمی نیوەڕۆ بوو کە سورمەیان ناشت، لەو کاتەدا مەلیک بە دووربینێکەوە لەناو دەغڵە دوورەکانەوە سەیری ئەو کەرنەڤاڵی مەرگەی دەکرد)). (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٠٦).

"ماردین ئیبراهیم" لە ڕۆمانی "کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا" لایەنێکی دزێو و ناشیرینی ناو کۆمەڵگەی کوردیی فەرامۆشنەکردووە، کە وەک پەڵەیەکی ڕەش هەمیشە لە مێژوودا دەمێنێتەوە، ئەویش جەنگی ناوخۆیە، کە بە گروپ ناویاندەبات و ئەم گروپانە جارێکی تر لە دوای کەوتنی ڕژێمی عێراق و ئازادبوونی کوردەکان لە باشووری کوردستان، کە جارێکی تر لەسەر دەستی ئەم گروپانە کوردستان بووەوە بە مەیدانی خوێنڕشتن و بەربەرییەت. "دوو ساڵ بەسەر شەڕەکەدا تێپەڕی و هێز و گرووپی زیاتر بە شەڕەکانەوە پەیوەست دەبوون، سەنگەری قووڵتر لێدەدران، تەپۆلکەی زیاتر داگیردەکران." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٠٨).

لە شوێنێکی تردا نووسەر لە ئاستی نەوتراودا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە دوو پارتی سیاسیی کوردستان دەدات، کە کاتی خۆی بەرامبەر ڕژێمی داگیرکەری عێراقی وەستابوون لەپێناوی

یەک ئامانجدا، کە ئەویش ڕزگارکردنی خاکی کوردستان بوو، بەڵام دواتر جەنگ ئاراستەی ژیانی ئەم کارەکتەرانەشی گۆڕی و کردنییە دڕندە و بەربوونە گیانی یەکتر لەناوخۆدا. "چەکداری کراس زەردەکان بە تەنیشت یەکەوە لە لای ڕاستی ئاودڕەکەوە لەسەر سک خۆیان بە عەرزەکەوە نووساندبوو، و پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان بوو، کراس سەوزەکانیش لای چەپی ئاودڕەکەیان گرتبوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٠٨-١٠٩). نووسەر پێماندەڵێت: لە ململانێی نێوان کۆنە شۆڕشگێڕەکاندا لەسەر دەستگرتن بەسەر تەپۆڵکە و گردی زیاتر و هێز و دەسەڵاتدا، جارێکی تر خەڵکێکی زۆریان کرد بە قوربانی. هەروەها ماردین ئیبراهیم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە پارتێکی دیکەی سیاسی لە کوردستان دەدات، کە ئەوانیش لە نێوان دوو پارتەکەی تردا لە ململانێدا بوون. "تارمایییەکە گەیشتە ئەو شوێنەی تیایدا ئاودڕەکە کەمێک تەنگ دەبووە و لە پڕ هەموو لایەک ئەویان بەدی کرد، کراس سەوزەکان وایان دانا تارمایییەکە تەتەرێکی کراس زەردەکانە و بۆ سۆسەکردنی ناوچەکە هاتووە، کراس زەردەکان وای بۆ چوون سەر بە گروپی کراس سەوزەکانە، ڕیشدارەکان دڵنیابوون ئەگەر سەر بە کراس زەردەکان نەبێت بێگومان یەکێکە لە کراس سەوزەکان، بۆیە هاوکات لە سێ لاوە گوللە بەسەر تارمایییەکەدا داباری." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٠٩).

هەڵبەتە لە هەردوو ڕۆمانەکەدا "نووسەر" لە ئاستی نەوتراودا ئاماژەی بە حزب و دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان داوە، جیا لەوەی بە کراس زەرد و کراس سەوزەکان و ڕیشدارەکان ناویبردوون، چەند جارێک ئاماژەی بە وشەی "چەکدار"ە کوردییەکان داوە، کە ئەم وشەیە تایبەتە بە گروپێک یان دەستەیەکی چەکداری، کە سەر بە خێڵ و عەشرەتن و کار بۆ گەورەکەیان دەکەن، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بەهایەکی مرۆڤی و ئەخلاقی بدەن، ڕوونە نووسەر باسی جەنگی ناوخۆی لە باشووردا کردووە و بە شایستەی نەزانیوە وشەی "پێشمەرگە" بداتەپاڵ ئەو کەس و لایەنانەی، کە لە جەنگی ناوخۆدا بەربوونە گیانی هاونشتیمانیانی خۆیان و لەپێناوی هێز و دەسەڵات و پارەدا، کوردستانیان بەرەو جەنگێکی مەترسیدار پەلکێشکرد. ڕوونە وشەی "پێشمەرگە" لە سەردەمی ڕژێمی داگیرکەری عێراقیدا بەو ڕۆڵە جوامێر و ئازایانە دەوترا، کە ئامادەبوون بە گیانی خۆیان قوربانییدەن بۆ ڕزگارکردنی خاک و هاونشتیمانییانی وڵاتەکەیان، لەمەوە دەردەکەوێت، کە "نووسەر" لە ڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە نەفرین لە جەنگ و ئەو کەسانەش دەکات، کە دەبنە هۆکاری جەنگ و بەکوشتدانی ڕۆڵەکانی نیشتیمان.

هەروەکو حەمە مەنتک دەڵێت: "ڕۆماننووس تەنێ مێژووی شۆڕشەکانی کوردمان بۆ شرۆڤەناکات، بەڵکو ڕەخنەش لە شۆڕش و سەرانی شۆڕشگێڕ دەگرێت، کە ئەیانەوێ مێژووی شۆڕشە کوردییەکان خۆی پاتە بکاتەوە، بەڵکو دێت ڕەخنەیان لێ دەگرێت بۆ ئەوەی دیوێکی تری ئەو شۆڕشەمان نیشان بدات." (مەنتیک، ٢٠٢١، ٣٣٢).

ڕۆماننووس هاتووە دیوە قێزەون و ناشیرینەکەی دوای ڕاپەڕینی خستووەتەڕوو و باسی ئەوە دەکات، کە شۆڕشەکانی کورد چ جۆرە مەخلوقێکیان ئافراند، کە تەواو جیاوازە لەو ڕۆمانانەی قۆناغی پێشوو، کە بە شان و باڵی شۆڕشەکان و شۆڕشگێڕەکاندا هەڵیانداوە، لە سەردەمی داگیرکارییەکان بۆ سەر خاکی کوردستان.

کەواتە هەر کاتێک شاڵاوی داگیرکاری بۆ سەر ناوچەیەک دێت، کاریگەرییەکانی بە شێوەیەک لەسەر تاک بەجێدەهێڵێت، کە بە ئاسانی نەتوانرێت مرۆڤ خۆی لێی قوتاربکات. جەنگ هەندێکیانی غەمبارکرد و هەندێکیانی کوشت، هەندێکیانی کەمئەندام کرد و هەندێکیانی کردە دڕندە، بە شێوەیەک سیما و خەسڵەتەکانی کارەکتەرەکانی گۆڕی، کە لە شێوە و خەسڵەتی پێش جەنگ جیاوازبوون، بەڵام لە "مەرگی مەیمون"دا ڕووداوەکان جیاوازترێکن لە ڕۆمانەکەی پێشوو، هەڵبەتە لەم ڕۆمانەدا باس لەو چل منداڵەی شاری سلێمانی دەکرێت کە لە ساڵی هەشتاکاندا بە ناهەق گوللەبارانکران، بە تۆمەتی خیانەت بە نیشتیمان، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو گەنجانە هێندە منداڵ بوون، نەک بێئاگا بوون لە ناپاکی لە نیشتیمان، بەڵکو ڕەش و سپیی خۆشیان جیا نەدەکردەوە، "گرتنی مەیموون و دواتر تیربارانکردنی ماڵەکەی شێواند، باوکم بە شێوەیەکی ترسناک ڕووخا... ئەو لە هەموو تەنگژەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا وەک کۆڵەکەیەک وابوو دەستمان پێوە دەگرت بۆ ئەوەی نەکەوین، بەڵام ئەو ڕووخا)). (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ١٢٧).

"ماردین ئیبراهیم" لە "مەرگی مەیموون"دا باسی ئەو کەسانە دەکات، کە سەر بە ڕژێمی بەعس بوون و بە کەسێکی بێمۆڕاڵ ناویاندەبات، کە بۆ دەسکەوتنی بڕێک پارە، نەک خاک، شەرەفی خۆشیان دەفرۆشت. هەڵبەتە لە سەردەمی ڕژێمی داگیرکەری عێراقی، زۆر بوون کە منداڵی گەڕەکەکەی خۆیان و هاوڕێ نزیکەکانیان و خزمەکانیان پەلکێشی سێدارە دەکرد، لە بەرامبەر بڕێک پارەدا، "مامۆستا عەزیز" یەکێکە لە نموونەی ئەو کەسە خۆفرۆشانە، ئەوە داگیرکەرە، کە هەمیشە دەستی هەبووە لە بەکرێگرتنی هاونشتیمانیان و بەکارهێنیان لە دژی یەکتر، ئەوە جەنگە، کە کەسایەتییەکی وەکو ئەردەڵانی لە کەسێکی ئاسایی و ئاشقێکی دڵپڕ لە ئەوین و هیوا و ئاوات و پیاوێکی جوامێرەوە بۆ پیاوێکی تۆڵەسێن و کینەلەدڵ گۆڕی. "هەم لە ڕێگەی چیرۆکی خوێندنەوەی چیرۆکی پۆلیسی و هەواڵی ڕۆژنامەکان دەربارەی ڕووداوی کوشتن، هەم دواتریش لە ڕێگەی ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە تێگەیشتم مرۆڤ کوشتنیش وەک خواردنی سەروپێ وایە، هەر یەکەم جاری زەحمەتە." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٢).

سورەیا، خوشکی مەیموون، باسی خۆی دەکات و دەڵێت منیش تاڵی سپی لە قژمدا پەیدا بوو. "هەرچەندە تەمەنی من هیی ئەوە نەبوو قژم سپی ببێت، بەڵام دەمزانی ئازارەکەم بایی سپیکردنی قژی خێڵێکی گەورە دەبێت، بە سەیرکردن و گەڕان بە دوای مووی سپیی ترەوە لە قژمدا

بەسەردەبرد. ئیتر کردم بە خوو، ناوەناوە پرچەکانم دەپشکنی و جار لە دوای جار زیاتر تاڵی سپیم دەدۆزییەوە و دەمژماردن، ئەو ساڵەی عێراق کوێتی داگیر کرد، ئیتر ژمارەی تاڵە سپییەکان هێندە لە قژمدا زۆر ببوون، کە چیی تر فریای ژماردنیان نەدەکەوتم." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٥٥-٥٩).

هەڵبەت نەک هەر تاڵی سپی هۆنینەوە، بەڵکو جەنگ گەلێک ژنی جوانی لە گەرمەی لاوێتیدا تەنیاکرد و لە هاوژینەکانیانی دوورخستنەوە و مناڵەکانیان بەبێ باوک بەخێوکرد. کەواتە جەنگ تەنها مرۆڤ لە ڕووی جەستەییەوە ناکوژێت، بەڵکو لە ڕووی مەعنەوییەوە وێرانیاندەکات. کەواتە ئەوە جەنگە، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاک و ئاژەڵ و سروشت و کەلتوور و شوناس بەجێدەهێڵێت.

**پاری دووەم/ ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر لایەنی جوانکاری لە هەردوو ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) و (مەرگی مەیمون)دا**

**١. ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکە پەیوەست بە دونیای جەنگ و داگیرکارییەوە:**

ناونیشان بە یەکێک لە هەرە گرنگترین ڕەگەزەکانی تێکستی ڕۆمان دادەنرێت، کە گوزارشت لە دەقێکی ئەدەبی دەکات، دەکرێت ناونیشان پێناس و پێڕست و شیکەرەوەی ئەو تێکستە ئەدەبییە بێت، کە نووسەران بایەخێکی زۆری پێدەدەن و بە مەبەستی گەیشتن بە پەیامی گوتاری ڕۆمان، واتە ناونیشان ئەو کلیلەیە، کە خوێنەر دەتوانێت بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی دەقی ڕۆمان سوودی لێوەربگرێت، بۆیە دەوترێت کە ناونیشان دەقێکی بچکۆلەی چڕکراوەی ڕستەیی پڕ لە ئاماژەیە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتیی خوێندنەوەکەدا هەیە، لە ئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لە سەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی تێمای ڕۆماندا هەیە، هەوڵدەدات کۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و بینینی نووسەرەکە لەلای خوێنەر ڕۆشنبکاتەوە، کە لە بەشەکانی پێشتردا بە وردی ئاماژەمان پێداوە..

لێرەوە دژوارترین کاری ڕۆماننووس، هەڵبژاردنی ناوێک، یاخود ناونیشانێکە بۆ ڕۆمانەکەی، چونکە ناونیشان دەتوانێت تاڕادەیەک هاوسەنگیی هاوکێشەی دەقەکە، لە نێوان "ناوەڕۆک" و "ناو"دا ڕابگرێت.

ناونیشان پێویستە چڕکراوە و خەستەی دەقەکە بێت، هەربۆیە ڕۆماننووس پێویستە زۆر بە ئاگاییەوە ناونیشانی ڕۆمانەکەی دیاریبکات، زۆرجار خوێنەر لە ڕێگەی ناونیشانەوە شەیدای دەقێک دەبێت، ئەم لایەنەش پێویستی بە وردبوونەوە و قوڵبوونەوەی ڕۆماننووس هەیە، کە بتوانێت ناوێک لە ڕۆمانەکەی بنێت، کە ڕازدار و هەڵگری ئاماژە بێت و هزری خوێنەر بۆ خۆی بەرێت.

دیارە نووسەر لە ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکەیدا بە ئاگاییەکی باش و شارەزایانە ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە و توانیویەتی هاوسەنگی لە نێوان ناونیشان و کرۆک و بابەت و ڕووداوی ناو دەقەکەی ڕاگرێت بە شێوازێکی هونەری و ئاستێکی بەرز هونەرێکی فەنتازی بەرهەمهێناوە.

لە هەردوو ڕۆمانەکەدا نووسەر بە وشەی (کەوتن، مەرگ) دەستیپێکردووە، کە هەردووکیان تەواو پەیوەست و گرێدراون بە بارودۆخی خراپ و بە دواشیدا مەرگ ئاوردەن.

هەڵبەتە (کەوتن) بەرامبەر (خستن) دێت لە زمانی ئاساییدا، وەلێ لە ئەدەبدا وشەی کەوتن بەرامبەر بە ڕوخان، لەناوچوون، بریندار بوون، ئازارچەشتن، گریان و فوغان و کەسەر دێت، کە ئەمانە ئاکام و ئاوردەی دەستی ئەو جەنگەن، کە نووسەر لە دووتوێی هەردوو ڕۆمانەکە خستوویەتیەڕوو.

لەلایەکی ترەوە "کەوتن" ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا.

نووسەر لە گێرانەوەی ڕووداوەکاندا باس لە کەوتنی دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆری خوێنمژ دەکات، یەکێکیان سوپاکەی "تەیمووری لەنگ" و ئەوی تر ڕژێمی عێراقی داگیرکەرە، کە هەردووکیان درێغییان لە کوشتوبڕی و کاولکاری نەکردووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ڕووداو و کەسێتیی دڵڕەق و دڕندەیی هەردوکیانی هاوشێوە پێناسکردووە.

ڕۆماننووس لە چەند دێڕێکی ڕۆمانەکەیدا بە ئاشکرا باس لە ڕووداوی لەسێدارەدانی دیکتاتۆر "سەدام حسێن" دەکات، کە چۆن دوای لەسێدارەدانەکەی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش ناویهێناوە و دەڵێت:

"سەرۆک کۆمار پاڵتۆیەکی ئاودامانی ڕەشی لەبەردابوو، بە لۆژە لۆژ و وەک ئەوەی بزانێت لەو کاتەدا ملیۆنان کەس ئەو دیمەنە دەبینن هەوڵدەدا بە هەنگاوی ڕێک و جێگیر بڕوات و ئەژنۆکانی نەلەرزن، دوو پیاوی دەمامک بەسەر لە تەنیشتییەوە دەڕۆشتن و هەریەکەیان دەستێکی گرتبوو سەرۆکیان بەرەو ئەو شوێنە ئاڕاستەو ڕێنوێنی دەکرد، کە قەنارەکەی لێ هەڵخرابوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٢٦)

کەواتە نووسەر بە شیوەیەکی هونەری ناونیشانی بەستوەتەوە بە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە، بۆیە کاتێک سەرۆک لەسیدارەدرا، بە زەویدا کەوت، ئیتر لە گەڵیشیدا دەسەڵات و تەخت و تاراجەکەی کەوت، کەواتە "کەوتن" واتە ڕوخان و لە ناوچوونی دەسەڵاتێک، یان پاشایەک.

ناونیشان و ناوەڕۆکی هەردوو ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا، کە لێوانلێون لەتراژیدیا و کارەسات و مەرگ، بۆ نموونە لە "کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا" هەر لەمەرگی دایکی ئەریوان بە شێرپەنجە تاکو شەهید بوونی ئەریوان و ونبوونی تەیران و دیارنەمانی مەستورەی ژنی سیامەند و منداڵەکەی لە شالاوی ئەنفالدا، تەواو یەکدەگرنەوە.

(ئامینە دەیگوت: سیامەند من ژنەکەتم بینیوە لە ناو زیلیکدا دەگریا و هاواری دەکرد.. کچەکەم چی لێهاتووە) (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٧)...

هەروەها دۆزینەوەی ئێسکوپروسکی سورمەی کچی سیامەند لە بیرێکدا، کە لە شاڵاوەکەدا تیایدا شاردرابوە و کەس بە هانایەوە نەچووبوو، تا گیانی سپاردبوو.

هەروەها خۆکوشتنی لوقمانی حەکیم، پاش ئەوەی سەرهەنگ عبدوالجەبار بە دەستی خۆی دەکوژێت.

"هەمووان دەیانزانی لوقمان حەکیم خۆی کوشت، هەموانیش دەیانزانی بۆ خۆی کوشت." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٥٣).

هەروەها ونبوون و دیارنەمانی تەیران و عەودالبوونی باوکی و گەڕان بە شوێن کوڕە بێسەروشوێنەکەیدا.

"پێنج ڕۆژ دوای کوژرانی حوشترەکان، تەیران ون بوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٠).

هەروەها کوژرانی قەحتان بەهۆی بەرکەوتنی ناپاڵم لە سەربازگەی بەرەکانی جەنگ و چەندین گێڕانەوەی تر لە ڕۆمانەکەدا کە باس لە تراژیدیای تاکی کورد دەکەن لە سەردەمی جەنگدا.

ئەم هەموو کارەساتە لە ڕۆمانەکەدا بە زمانێکی هونەری بەرز و خەیاڵئامێز کە ڕووداو و بەسەرهات و فانتازی ئەفراندووە، چێژێکی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشێت، کە ئەوەش دەرخەری ئەو سەلیقە زمانەوانییەیە، کە نووسەر دەقەکەی پێداڕشتووە.

ئاشکرایە کە نووسەر شارەزایانە ناونیشان و ناوەڕۆکی بابەتی ناو ڕۆمانەکەی بە زنجیرەیەکی یەکلەدوای یەک بەیەکەوە گرێداوە و ناوەڕۆک و ناونیشانی پێکەوە گونجاندوە بە ڕادەیەک لەگەڵ یەکدا گرێیداوە، کە خوێنەر لە کاتی خویندنەوە هەست بە پچڕان نەکات، کەواتە ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە نووسەر لێهاتوو بووە و شارەزاییەکی باشی هەبووە لە هەڵبژاردنی ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکەی و پیشاندانی واقعی تاڵ و ترسناکی دوایی جەنگ بە گێڕانەوە لەسەر زاری کارەکتەرەکان.

هەروەها لە مەرگی مەیموونی مەیمووندا بە هەمان شێوە، وشەی مەرگ پێش ناوی مەیموون کەوتووە، مەرگ واتە کۆتاییپێهاتن و دەرچوون لە دونیا، جا ئیتر ئەو مەرگە مەرگێکی فیزیکی بێت، وەک گوللەبارانکردنی (ئالان) مەیموون و هاوڕێکانی و کوشتنی مەلا عەزیز بە دەستی ئەردەڵانی، یان مەرگێکی مەعنەوی، کە ڕۆح و دڵ هەپرون هەپرون دەبێت و ئیدی ئەو مرۆڤە تا کۆتای تەمەنی بە کەسەرەوە دەژی، وەک کارەکتەرەکانی (سورەیا، ئەردەڵانی..).

"شێوازی کەوتنی مەیموون بە لادا و نوشتانەوەی ئەژنۆکانی و ئەو ئازار و غەدرەی هەڵی گرتبوو، کتومت لە مەسیح دەچوو لە تابلۆکەی دێر وایدندا." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٣). لێرەدا نووسەر دیمەن وتابلۆی مەرگی مەیموونمان پیشاندەدات، لە ڕۆژی گوللەبارانکردنی مەیموون و هاوڕێکانی،

ئەو چواندنەی ئالان بە مەسیح، ئاماژەدانی نووسەرە بە قوربانی و بێتاوانی، دواتریش مردنی دایک و باوکی بە سوێی ئەو ڕووداوە.

ئەمانە نموونە بوون بۆ ئەو مەرگە فیزیکییەی، کە مرۆڤ بە جەستە تەواودەبێت، بەڵام لەناو ڕۆمانەکەدا کارەکتەرە زیندووەکان گیرۆدەی دەستی مەرگێکی تر بوون، کە ئەویش دەردی دڵەڕاوکە و دڵتەنگی و نائومێدییە، کە تووشیانهاتووە لە ئەنجامی جەرگ سوتان و ماڵوێران بوون و شەڕی ناوخۆ و برسییەتی و..، کە ئەوەش بۆ خۆی جۆرێکە لە مەرگی ڕۆح و بێ ئیرادە بوون.

لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، کاتێک هەواڵی گرتنی مەیموون بە باوکی دەدەن، کچەکەی هەست بەو هەرەس و تێکشکانە ڕۆحییەی باوکی دەکات و دەیبینێت، چونکە باوکی ئەوە دەزانێت هەرکەس دەست ئەو جەللادانە بکەوێت، بە زیندوویی ناگەڕێتەوە، ئەمەش لێهاتووی نووسەر پیشاندەدات لە هەڵبژاردنی بابەتی ناونیشان و گرێدانەوەی بە ڕوداوو و باسەکانی ناو هەردوو ڕۆمانەکە و تەنها لاپەڕەیەک بەدیناکەی، کە بارگاوی نەبووبێت بە ترس و تۆقین و نائومیدی و نەهامەتی و دەردیسەرییەکانی سەردەمی جەنگ و ڕژێمی دەوڵەتی عیراق لە سەردەمی دیکتاتۆر "سەدام حسەین"دا.

"کە پێمان گوت کۆمەڵێک چەکدار مەیموونیان برد، تەنانەت لەم بەیانییە زووەیشدا هەستم بە گۆڕانی دەموچاوی کرد، هەستم بە شکانی ورەیەک کرد، کە ئەو پێی ناسرابوو، وەک ئەوەی نەتوانێت بە پێوە بوەستێت." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٣٦).

هەر خۆی هێز لێبڕان و نەمانی توانای وەستان بە پێوە، جۆرێکە لە تێکشکاندنی جەستە و ڕۆح.

یان ئاییندەی سورەیای خوشکی مەیموون و باوکی مەیموون دوای گوللەبارانکرنی مەیموون، کە ئیتر شتێک نەما مابیەی دڵخۆشی بێت بۆ ئەوان، وەک سورەیا خۆی دەڵێت:

(ئیتر من و باوکم ماینەوە چی تر باوکم پیاوە بەخۆ و باڵا جوانەکە نەبوو، بەڵکو ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زیاتر دادەکەوت) (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٥٣)

نووسەر لە سەر زاری کارەکتەرەکانییەوە پێماندەڵێت: سەدەها ساڵە لەسەر ئەم خاکە گەلێک هەیە بە درێژایی مێژوو قڕ دەکرێت، لەسەر داخوازییە نەتەوەیی و سیاسییەکانی، هەندێکجار داگیرکەر ویستوویەتی بوونیشی لە سەر نەخشە بسڕێتەوە، نەک تەنها دەستی داگیرکەری دەرەکی، بەڵکو بۆ بەدبەختیی خۆی، خۆشی بەشێکە لە خولقاندنی ئەو بارودۆخە تاڵە و دەستی هەبووە لە هەڵگیرسانی تۆوی فیتنە و شەڕ و دووبەرەکی، ئەو مرۆڤانەش کە لە جەنگ و ململانێکاندا مانەوە و نەمردن، بوونە مرۆڤی کەسیرە و دڵ تاریک، بۆ نموونە کاتێک سورەیا دەچێت بۆ زیندان بۆ دیداری

"ئەردەڵانی".. ئەردەڵانی دەڵێت: "بە بینینی سورەیا، کچێکی تەواو قەیرەی داکەوتووم بینی، کە مەرگی مەیموون و دواتر مەرگی دایک و باوکی، عەشقی ناکام و ڕەنج و عەزابی ساڵانی هەشتاکان، گرانی و نەبوونی ساڵانی نەوەدەکان ترس و نیگەرانی ساڵانی شەڕی ناوخۆ تێکیان شکاندبوو." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ١٣٦)

نووسەر پێماندەڵێت: کە جەنگ هات، نەک شار و ماڵەکان، بەڵکو دڵەکانیش تاریک و غەمگین دەبن، ئەگەر داگیرکەر وەک جەستە نەمانکوژێت، ئەوا دەمانکات بە مرۆڤی تێکشکاو و ڕەشبین و غەمبار، کە زەردەخەنەی هەموو دونیا ناتوانێت ئەو برینداری و دڵشکانە بشارێتەوە، ئەم دیمەنانە لە یەک بە یەکی لاپەڕەکانی ناو ڕۆمانکەکە ڕەنگیانداوەتەوە، کە پەیوەست و گرێدراوی ناونیشانی دەقەکەن، نووسەر بە جوانی وێنای باری دەروونی وماڵوێرانی و کاریگەریی جەنگی کردووە، کە چۆن جەنگ و داگیرکاری، ئادەمییەکان دەکەن بە قوربانیی چاوچنۆکی و بەرژەوەندییەکان.

هەروەها کوشتنی مەلا عەزیز، کە کەسێکی بەکرێگیراو و باوەڕپێکراوی ڕژێم بوو، لەسەر دەستی ئەردەڵانی لە تۆڵەی ئەوەی کە بووبووە هۆکار بۆ تێکدانی ژیانی دوو عاشق و ملی سەدەها گەنجی ئەو شارەی بەرەو پەتی سێدارە بردبوو، ئەمانە و زۆری تریش، هەموو ئەو ڕووداوانەن، کە لەناو هەردوو ڕۆمانەکەدا هەن و پەیوەستن بە ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکەوە.

هەڵبەت نووسەر بە تەنها بە خستنەڕووی نەهامەتییەکانی سەردەمی ڕژیمی داگیرکەری عێراقی، هەر لە شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و پرۆسەی ڕاگواستن نەوەستاوە، بەڵکو چووەتەناو قوڵایی باسەکە و هاتووە کارەساتی قێزەونی شەڕی ناوخۆشی گێڕاوەتەوە، کە چۆن جارێکی تر کارەکتەرەکانی هاڕیوە.. دەتوانین بڵێین ئەگەر نووسەر خۆی نەبووبێتە کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە و کەسێتیی خۆی لە ناویاندا ڕەنگی نەدابێتەوە، ئەوا بە کەمییش بێت، بە دڵنیایی بیر و ئایدیای خۆی لە کرۆکی باسەکەیدا ڕەنگیداتەوە.

لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەڵادا ڕۆماننووس ئاماژە بەو شەڕە نەگریسەش دەدات، کە لە ماڵوێرانی زیاتر، هیچی تری بەدوای خۆیدا نەهێنا..

"لەو شەوەدا بە پێچەوانەی زۆر شەوی دییەوە، ژمارەیەکی زۆر چەکدار لەو ناوەدا خۆیان مەڵاس دابوو، گرووپی ڕیشدارەکان تەپۆڵکە بچکۆلەکەی خۆرئاوای بۆرەقەڵایان گرتبوو، دەیان چەکداری کراس زەردەکان بە تەنیشت یەکەوە لە لای ڕاستی ئاودرەکەوە لەسەر سک خۆیان بە عەرزەکەوە نووساندبوو و پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان بوو، کراس سەوزەکانیش لەلای چەپی ئاودرەکەیان گرتبوو، تارماییەکە گەیشتە ئەو شوێنەی تیایدا ئاودرەکە کەمێک تەنک دەبوەوە، لەپڕ هەموو لایەک ئەویان بەدی کرد، کراس سەوزەکان وایان دانا تارماییەکە تەتەرێکی کراس زەردەکانە

و بۆ سۆسەکردنی ناوچەکە هاتووە، کراس زەردەکان وای بۆچوون سەر بە گرووپی کراس سەوزەکانە، ڕیشدارەکان دڵنیابوون کە ئەگەر سەر بە کراس زەردەکان نەبیت بێگوومان یەکێکە لە کراس سەوزەکان، بۆیە لە سێ لاوە گوللە بەسەر تارماییەکەدا باری." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٣٩)

"کراس سەوزەکان بەسواری تراکتۆرێک تەرمی تارماییەکەیان هێنایەوە بۆ مزگەوتی بۆرەقەڵا، وەک ئەوەی لاشەی ئاژەڵێکی مردارەوە بوو بێت فڕەیاندا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٣٦)

هەڵبەت تارماییەکە مەلیک کەیکاوس بوو، سەربازەکان لە جەنگی ناوخۆدا ئەو کەندڕ و دەغڵ و ئەشکەوتەشیان پێ ڕەوا نەدی، کە پاش شێواندنی ڕووخساری لەسەربازگەکانی جەنگی ئێران و عێراق گەڕابووەوە و کردبوویە مەئوای خۆی، تا کەس ئەو مرۆڤە بەدبەختە نەبینێت، کە جەنگ کردبووی بە قالۆنچەیەکی سوتاو.

ڕۆژگارێک مرۆڤگەلێک لە دژی ستەم و زۆرداری و داپڵۆسین و دروشمەکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریان کردە سەر وێردی زمانیان و بە گژ دەسەڵاتی داگیرکەری ڕژیمی عێراقیدا چوونەوە و ڕوویان کردە شاخ و بڕیاریاندا تا خەونی ئازادکردنی کوردستان نەهێننە دی، نەگەڕێنەوە، کەچی، جەنگ ئەم مرۆڤانەی بە شیوەیەک گۆڕی، تا ئەو ڕادەی ئەستەم بێت خۆیان خۆیان بناسنەوە، جەنگ مرۆڤ ئەکاتە بونەوەری دڕندە و دڵڕەق، کە لەپێناوی مانەوە و بەرژەوەندیی خۆی، هەموو شتێک وێراندەکات، نەک مرۆڤ، بەڵکو داروبەرد و ئاژەڵەکانیش.

ئیدی دیارە کەلەبەرێک، سوچێک، لەناو هەردوو ڕۆمانەکەدا نەماوە، کە کاریگەریی جەنگ پێوە دیارنەبێت، یان لەگەڵ ناونیشانی هەردوو ڕۆمانەکە یەکینەگرتبێتەوە.

### ٢. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە ناوی کارەکتەرەکانەوە:

ناو بە هەموو جۆرەکانیەوە گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە لێکۆڵەران و زمانزانان وەک بەشە گوتارێکی سەرەکی، چەندین بۆچوونیان بە دیاریکردنی چەمکی "ناو" خستووەتەڕوو.

لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانەوە مرۆڤ ناوی بۆ خۆی و چواردەور و پێداویستییەکانی بەکارهێناوە، بە مەبەستی ناسینەوە و ڕێکخستنی ژیانی، لە زۆرێک لە قۆناغەکانیشدا هێمای بەکارهێناوە.

هێما بریتییە لەو کارەی، کە تێیدا مرۆڤ بە ئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان لەناو خۆیاندا پێکبێن، شتێک دابنێن بە هێما بۆ شتێکی تر، ئەم هەلومەرجی پێکهاتنەش لەو کاتانەدا دێتەکایەوە، کە دوو مرۆڤ، یان زیاتر بەیەکدەگەن و دەیانەوێت ژیانی خۆیان ڕێکبخەن. (فەتاح ١٩٩٠، ٣٥). هەڵبەت بە جۆرێک کە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانیان بپارێزێت.

ناونانیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی ژیان و کولتوور جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵگاکانە بۆ ژیان.

هەروەها ناونان جۆری بیرکردنەوەی خێزانەکان دەخاتە ڕوو کاتێک ناو بۆ مناڵەکانیان هەڵدەبژێرن.

ئێمەش هاتووین وەک توێژەر سەرنج و بۆچوونی خۆمان خستووەتەڕوو بۆ شرۆڤەکردنی ناوی کارەکتەرەکانی ناو هەردوو ڕۆمانەکە. لاشمان وایە تا خوێنەر زیاتر بێت، سەرنج و شرۆڤەکانیش زیاتر دەبن لە ڕووی بنکۆڵکردن و شرۆڤەکردنی و دەرخستنی نهێنیی شاراوە و هێما و ئاماژەی پشت ناوی کارەکتەرەکان.

زۆر جار نووسەری ڕۆمان بە مەبەست ناوێک لە کارەکتەر دەنێت لەناو ڕۆمانەکەیدا، کە مەبەستی ئەوەیە لە پشتییەوە پەیامێکی قوڵ بگەیەنێت، هەندی جاریش نووسەر ناوی ئاسایی کەسەکانی ناو کۆمەڵگا دەهێنێت و ناوی کارەکتەرەکانی پێدەنێت، بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێت، تەنها ئەو ناوانەن، کە لەو سەردەمەدا بۆ ناونانی مرۆڤ باوبوون، هەندێک جاریش بۆ گەیاندنی بیروبۆچوونی نووسەرە، یان هەر مەبەستێکی تر کە لە پشتییەوە چیرۆکێک، یان ڕووداوێک هەیە.

بۆ نموونە لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، دەکرێت ناوی (سیامەند ) ئاماژە بێت بە چیرۆکی عەشقی ناکامی خەج بۆ سیامەند، چونکە سیامەندی ناو ڕۆمانەکە، لە کاتی ڕۆشتنی بۆ

بەرەکانی جەنگ و بەشداریکردنی لەو جەنگە قاچێکی دەپەڕێت و کەمئەندام دەبێت، پاشان بە دیل دەگیرێت و دەبرێتە زیندانەکانی ئێران، کاتێکیش دەگەڕێتەوە، ژن و منداڵەکەی لە شاڵاوی ئەنفال و ڕاگواستن نەماون و لەناوچوون، ئیدی سیامەند تا کۆتایی تەمەنی بە یاد و بیرەوەریی تاڵەوە دەتلێتەوە، هەرخۆی (سیا) لە زمانی فارسی و شێوەزاری هەورامیدا بە واتای ڕەش دێت، مەبەست لەوەش، ئاماژەدانە بە چارەڕەشی و نائومێدی و بەدبەختیی کارەکتەرەکە.

لە دێڕێکی ڕۆمانەکەدا نووسەر بەو شێوەیە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە: "سیامەند دەگریا و دەیوت "ئای خوای گەورە چیت لە من دەوێت؟ چیت لە پیاوێک دەوێت هەشت ساڵ دیل بووبێت، قاچێکی پەڕیبێت، ژن و منداڵەکەی تیاچووبن؟"" (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٨)

هەندێک جاریش نووسەر ناوەکان لە ناوی کەسایەتیی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگا وە وەردەگرێت و تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆی دەکات و سەر لە نوێ کارەکتەری پێ دادەڕژێتەوە و ڕۆڵی پێدەدات لە ناو ڕۆمانەکەیدا، وەک ناوی (ئەریوان عومەر) کە ئەو کارەکتەرە لە واقعدا بوونی هەبووە و لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بە گوللەی دەستی داگیرکەران شەهیددەکرێت لە شاری سلێمانی، کە ناوی ڕاستی شەهید "مەریوانی عومەر دەوڵەتە". کوڕی یەکێکە لە خانەوادەکانی شاری سلێمانی، نووسەر هاتووە ئەم کەسایەتییەی وەها تیکەڵ بە خەیاڵ کردووە، کە خوێنەر وا هەست بکات کارەکتەرەکە هەم خەیاڵە، هەم واقع.

زمانی هەر میللەتێک بە تەنها بگریت، ئاوێنە و دەربڕی عەقڵ و هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی، بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەر و جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر، هەر ئەو تێگەیشتنە جیاوازەشە کە دەبێتە بناغەی سەرهەڵدانی ئەو نیشانە تایبەتی و گرنگ و بەرچاوانەی مرۆڤ لە سروشتدا هەستیان پێدەکات و دواتر لە ناونانی بەکاریاندەهێنێت. (سدیق ٢٠١١، ٣٣-٣٤)

ناوی کارەکتەر ناسنامەیەتی، ئاوێنەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتێتی، زۆرجار بەهۆی ناوەکەیەوە، شوێنی ژیان و نیشتیمان و زمان و باری دەروونی و ئاستی ڕۆشنبیری و ئایین و باری سەرنجی بۆ ژیان.. هتد دەبینرێت، لە ناوەکەیەوە هەندێک زانیاریمان سەبارەت بە کەسێتی دەداتێ، بۆ نموونە ناوی مەلیک کەیکاوس چیرۆکێکی لە پشتە، هەڵبەت نووسەر مەبەستی هەبووە لە ناونانی ئەم کارەکتەرە، ئەوە خوێنەرە، خۆی کلیلی کردنەوەی ناو و هێما و ئاماژەکان دەکاتەوە و لە مەبەستی نووسەر دەگات.

"ئەو شەوانەی مەلیک لە ناو زوڵمەتی بێسنووردا نغرۆ دەبوو، لەو ڕۆژانەدا کە لەناو تەنیایی کوشندەی خۆیدا بیری لە هەرەسی شانشینەکەی خۆی دەکردەوە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ل٧٠).

مەلیک کەیکاوس لە مێژووی دەوڵەتی ئێراندا ئاماژەیە بە یەکێک لە پاشاکان، کە خیام شاعیریکی ئێرانییە لە هۆنراوەکانیدا باسیکردووە، گوایە خاوەنی تەخت و تاراج بووە و شانشینێکی فراوانی هەبووە، بەڵام دواتر ئەو خۆشی و تەخت و تاراجەی کەوتووە و شانیشنەکەی شێواوە، هەروەک مەلیکە شێواوەکەی بۆرەقەڵا.. کە لێرەدا ڕوونە نووسەر بییەوێت بڵێت:

زۆرێک پادشا و ئاغا هەبوون، ڕۆژگارێک لەسەر تەختی پادشایی فەرمانڕەوایی سەرزەمینێکیان دەکرد، لووت بەرزبوون، دڵشاد بوون، دارا بوون، بەڵام ڕۆژگارێک هات تەخت و تاراجیان کەوت و شانشینیان تەخت بوو، خۆشیان تیاچوون.

ئاشکرایە ڕۆمان وەک بەرهەمێکی ئەدەبی، زادەی بیرکردنەوە و خەیاڵی نووسەرە، هەستی تایبەتی و حەز و خولیای ویست و ئارەزووی چۆنیەتیی سەرنجدانی لە ژیان و ئاستی ڕۆشنبیری دەبن بە بابەت و ناوەڕۆکی دەق، کەواتە خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆماننووس لەگەڵ ئەو واقعەدا، کە نووسەری تێدا دەژی، دەبنە کەرەستە بۆ لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی، ئیتر شارەزایی نووسەرە چۆن زمان و تەکنیکە نوێیەکانی ڕۆمان بۆ ئەفراندنی دەقێکی ناوازە بەکاردەهێنێت.

هەر ڕۆمانێک دواجار تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە واقع و خەیاڵ، بەمجۆرە ئەگەر لایەنی خەیاڵی دەقی ئەدەبی بەو بەشەی حەز و خولیای هونەریی و چێژ وەرگریی و خوێنەرەوە دادەمرکێنێت، لایەنی واقعی دەقەکە و دەلالەتە جیهانییەکەی دەگەڕێتەوە سەر بنەما سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی تێکست. (زادە ٢٠١٥، ٨).

لە ڕۆمانی "کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا"، نووسەر بە بەستنەوەی چەند ڕووداوێکی مێژوویی و بەکارهێنانی ئەم ڕووداوانە وەکو کەرەستەی خاوی ڕۆمانەکەی، چەندەها کارەکتەر لە ڕۆمانەکەیدا ڕۆڵدەگێڕن، کە هەندێک لەو کارەکتەرانە واقعین و ناوەکانیشیان وەکو خۆی دانراوەتەوە، وەکو (تەیمووری لەنگ، و صەدام حسێن)، بەڵام چەندەها کارەکتەری تریشمان هەن، کە بوونێکی واقعیان هەبووە و ناوەکەیان گۆڕاوە، وەکو (سیامەند) و (ئەریوان) و چەندەها ناوی تریش، کە وەک کارەکتەر نیشاندراون و بوونێکی واقعیان هەیە، بەڵام نووسەر بۆ مەبەستێکی دی بەکاریهێناون وەکو (ئیبن خەلدوون) و (زەیدی کوڕی سابت)، چەندەها کارەکتەری دیکەش، کە زادەی بیر و خەیاڵی نووسەرن، لە کۆتاییدا زۆربەی ناوەکان پەیوەستن بە جەنگ و داگیرکاری و ڕووداوگەلی ناو ڕۆمانەکە، هەندێک لە ناوەکانیش ئاساین و وەکو هەر ناوێکی تری بەکارهاتووی ناو کۆمەڵگا.

"تەیموور" ناسراو بە "تەیمووری لەنگ" یەکێک بووە لە سەرکردەکانی سوپای مەغۆل، کە خاکی ئێران و عێراق و بەشێکی سوریا و کوردستانی داگیرکرد و لە هێرشەکانیدا بۆ سەر هەرناوچەیەک

دەبووە هۆی کاولکاری و کوشتوبڕ و تاڵانی، کە بە ئاشکرا لە ڕۆمانەکەدا باسیدەکات، کە دیمەشق داگیردەکات و خەڵکەکەی دەکوژێت.

"لوقمان حەکیم" پاش هەبوونی ئەم کەسایەتییە لە مێژوودا، کە بە پیاوێکی حەکیم ناسراوە، دکتۆر و زانا و نووسەربووە، لێرەدا ئەم ناوە بەکاردەهێنێت، بۆ گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، کە کەوتووەتەناو بارودۆخێکەوە نازانێت چی بکات و چۆن بڕیاربدات؟ کەوتووەتە شوێنێکەوە دەربازبوونی نییە، وەکو "لوقمانی حەکیم"، کە بە وتە و بڕیارە دروستەکانی لە مێژوودا ماوەتەوە، بەڵام لوقمانەکەی ئێمە بڕیاری پێنادرێت، چونکە بێچارەیە، نازانێت ئایا خۆی تەسلیمی ئەو چارەنووسە بکاتەوە، کە بۆی پێشهاتووە، یاخود هەڵبێت، دەزانێت کە ناشتوانێت هەڵبێت لە نێو سەربازگەیەکی وا گەورەدا، پاش کوشتنی سەرهەنگ "عبدوالجبار" و دانیشتن و ڕامان لە تەرمە ساردبووەوەکەی، بڕیاری کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی دەدات و بۆ هەمیشە سەردەنێتەوە.

"لوقمان حەکیم بە هەموو توانای خۆیەوە، چەقۆیەکی ڕاوەشاند و دای لەسەر دڵی سەرهەنگ عەبدوالجەبار، ئەوکاتەی سەرهەنگ دەستیبرد بۆ داکەندنی بیجامەکەی لوقمان حەکیم، لە خۆشیی ئەو ساتە و هەستکردن بە چێژی تەسلیمبوونی لوقمان، ئاگای لەوە نەبوو، لۆقمان لەگەڵ پاڵکەوتنیدا دەستی بۆ ژێر نوێنەکانی خۆی درێژکردوە و مشتووی چەقۆکەی توند گرتووە، ڕێک لەو کاتەدا سەرهەنگ خۆی بەسەر لوقماندا دەدات، لوقمان زەبرەکەی وەشاند." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٨٩).

"فەقێ جەمال" ناسراو بە "تەیران"، کە نازناوەکەی پڕ بە پێستی ژیانەکەی بوو، پاش تەواوبوونی جەنگەکە بێسەروشوێن دەبێت و هەتاهەتایە تەرە دەبێت.

"پێنج ڕۆژ دوای کوژرانی حوشترەکان، تەیران ون بوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٠). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ون بوونی ئەو سەربازانەی لە جەنگی ئێران و عێراق ون و بێسەروشوێن بوون، هیچ لە کەسوکاریان نەیانتوانی دوای جەنگیش سۆراغکیان بزانن..

جگە لەم پێنج کارەکتەرە سەرەکییە، چەند کارەکتەرێکی دیکەش لە ڕۆمانەکەدا هەبوون، لەوانە:

سەرهەنگ "عبدوالجبار" لەنێو سوپای عێراق و لە بەرەکانی دواوەی جەنگدا بەرپرس بوو. لە زمانی عەرەبیدا جەبار بە واتای جەبەروت و دڵڕەقی دێت، ناوەکەی ئاماژەیە بۆ کەسێکی دڕندە و غەریزی، کەسێکی بێبەزەیی بوو، چاوی بڕیبووە ئەو گەنجە بێموانەی، کە دەهاتنە سەربازگەکە، بەڵام "لوقمان حەکیم" بە چەقۆیەک کۆتایی بە ژیانی هێنا.

نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە پێمانبڵێت:

ئەو کاتەی غەریزە هۆشیاریی ئەقڵیی لەگەڵدا نەبوو! کارەسات دەخوڵقێت، هەروەک ئەو بەرپرسە درندانەی، کە پارە و هێز بەرگە مرۆڤییەکەی داماڵیبوون و بووبوونە جانەوەر و خەڵکیان دەبڕی و دەکوشت و دەستدرێژییان دەکردە سەر گەنج لە بەرەکانی جەنگ.. ئیدی ماردین ئیبراهیم تەواوی ئەو تراژیدیا و خەسڵەتە قێزەون و ڕووداوە نامرۆڤانەمان لەسەر زاری کارەکتەرەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتێشدا نووسەر وەک تەماشاکەرێک نەوەستاوە لە دوورەوە و ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو شارازایانە چووەتەناو ناخی کارەکتەرەکان و شرۆڤەی باری دەروونیی یەکبەیەکیانی کردووە، گوزارشتی لە ژیانی تاڵ و پڕ ئازار و ترس و حەسرەتەی هەموویانی کردووە، کە دەستی زوڵم و داگیرکەر و کارەساتی جەنگ چی بەسەر هێناون.

هەروەها مەستورەی ژنی سیامەند، کە ئەم ناوە ئاماژەیە بە ناوی ژنە شاعیرێکی ژیری بەناوبانگی کورد، کە لە ڕۆمانەکەشدا هەمیشە ژیرانە بە سیامەندی هاوسەری دەگوت:

"سیامەند تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ تۆ وەکو ئەو کوڕە سەڵتانە نیت، تۆ پیاوێکیت، منداڵێکت هەس، من و ئەو ساوایە بۆ کێ جێدەهێڵیت؟" (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٤٣).

لە ڕاستیدا مەرجیش نییە کتومت مەستورە بە واتای ناوی ئەو ژنە شاعیرە هاتبێت، چونکە زۆرجار نووسەران ناوی کارەکتەرەکانیان لە ناوی ئاسایی خەڵکی ناو کۆمەڵگاوە وەردەگرن، کە لەو ڕۆژانەدا بۆ ناونان باوبوون.

سورمەی کچی سیامەند ناوێکی کوردییە، هەندێک لەم ناوانە لە قولاییدا پەیامدارن، واتە ڕۆماننووس بە مەبەست ئەو ناوە کوردییە پەتییەی هیناوە، ئاشکرایە نووسەر مەبەستی لەوەیە، کە پرۆسەی ئەنفال دژی کوردە و لەبەر کوردبوون لەناودەبرێن، سورمەش منداڵێکی کوردی مەزلوم و بێتوانا و بێپشتوپەنایە، کە توانای بەرگریکردنی نییە لە خۆی و هەموو چواردەوری لێداخراوە و کەس ئاوڕی لێناداتەوە و لەبەر کوردبوونییەتی لەناودەبرێت و داگیرکەر بەو هۆکارە دەیەوێت ناسنامەکەشی بسڕێتەوە، ئەوەشی بیەوێت پارێزگاری لێبکات، زیاتر تووشی مەترسی دەبێت، هەروەها دەکرێت پەیوەستکردنی سورمە بێت بە چیرۆکی یوسفەوە، کە بە هەمان شێوە و وەک یوسف بێتاوان بوو، کە ئەمەش ڕایەکی دروستە، سورمەش بێتاوان بوو، هەروەک یوسف کە براکانی خزاندیانە ناو بیرێک، بەڵام سورمە کەس بە هانایەوە نەهات، ئەوەی دۆزرایەوە، تەنها ئێسک و پروسکەکەی بوو، بە پێچەوانەی یوسف، کە یوسف ڕزگار کرا کە لە قورئاندا ئاماژەپێکراوە، کە دەفەرموێت (وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُ ۖ قَالَ يَا بُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَامٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً ۚ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ). (سورەتی یوسف ئایەتی ١٩).

## له ڕۆمانی مەرگی مەیمووندا

پێمانوایە ڕۆمانی مەرگی مەیموون لە ڕووی ئاستی هونەری و ئیستاتیکای دەق ناگات بە ئاستی بەرزی هونەریی ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی بەها و ڕەنج و ماندووبوونی نووسەر و ڕۆمانەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی پێوانەی ڕووداو و بەسەرهات و زۆری تاوان و قوربانییەکانی جەنگەکە، کە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراقە لە ئاست ڕووداوی ناو ڕۆمانی مەرگی مەیموون کە لە ڕووی قەبارە و ژمارەوە لێکجیاوازن.

نووسەر ڕووداوێکی جەنگی هێناوە هونەرێکی فانتازیای باڵای پێ ئافراندووە لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەڵادا، هەروەها لە ڕۆمانی مەرگی مەیموونیش ڕووداو گەلێکی مێژووی ڕاستەقینەی تێدایە، کە پەیوەستن بە مێژووی پڕ دەردەسەری ئەم گەلە، کە لە شار و وڵاتی خۆشیدا ڕەوا نییە بژی بە ئارامی.

لە ڕۆمانی مەرگی مەیمووندا، هەموو ناوەکان، تەنها ناوی بەکارهاتووی نێو کۆمەڵگەن و کەمتر کاریگەریی جەنگ و ڕەنگدانەوەی داگیرکارییەکانیان پێوە دیارە، بۆ نموونە مەیموون نازناوی ئالانە، کە ئەمجۆرە ناوانە زۆر جاربۆ خۆشەویستی لە خێزانەکاندا بەکاردەهێنرێن.

ئەردەڵانی.. هەر ناوێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگای کوردەوارییە، هەرچەندە ئەم جۆرە ناوانە وەک: (ئەردەڵانی و سەرهەنگ بابان و ڕێبەر خالید و دڵشاد موکری)، کە ناویان لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، داتاشراو و دروستکراوی زهن و بیری نووسەرە، کە کارەکتەری پێ سازاندووە. ئەمەش هونەرێکی تاڕادەیەک نوێیە، کە لەلای ڕۆماننووسانی کورد لە دوای ساڵانی هەشتا و نەوەدەکان پەیڕەوکراوە.

(سورەیا)ش لە بنەڕەتدا ناوێکی عەرەبیە، کە بە واتای شتێکی بەنرخی ڕووناکیی جوان دێت و هێمایە بۆ ڕووناکی و گەشبینی و لە بەرزایی ئاسماندا و پەیوەستە بە کۆمەڵە ئەستێرەیەکەوە.. کوردیش هەم وەک دراوسێ و هەم داگیرکراو و ژێردەستەی ئەو دەوڵەتە، گەلێک ناوی عەرەبی وەرگرتووە و ناوی پێناوە، کە هەندێکجار فۆنەتیکەکانیان گۆڕیوە بەپێی گونجاندن و یاسای زمان، پێشتر ئاماژەمانپێدا، کە نووسەر کۆمەڵێک شیعری ناوازەشی هەیە، واتە نووسەر هەم ڕۆماننووسە و هەم شاعیرە، کەواتە ئاگاداری دونیای هۆنراوەیە، ئەو ناوەش بێ مەبەست لە ڕۆمانەکەدا نەهاتووە، کە لە دونیای هۆنراوە گەلێک بەکار هاتووە بە تایبەت ئەدەب و هۆنراوەی عەرەب، بۆ نموونە ئەبوو عەلای معەری لە دێڕێکدا دەڵێت: "كم غادة مثل الثريا فی العلى... " لە لایەکی تریش دەکرێت نووسەر هەر وەک ناوێکی ئاسایی کۆمەڵگا ئەم ناوەی بەکاری هێنابێت، چونکە سورەیاکەی ئێمە دڵ تاریک و ڕەنگ تاریک و ڕەشبین و بێهیوایە بە پێچەوانەی ناوەکەوە، ئەشێت سورەیاش ڕۆژێک ڕۆژگارێک

بریقەدار و گەشاوە بووبێت وەک مانای ناوەکەی، بەڵام ئەوە جەنگ و داگیرکارییە، مەرگ و لەدەستدانی ئازیزانە، کە مرۆڤ یەخسیر و دڵتاریک و بێهیوا دەکات.

### ٣. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری پەیوەست بە شوێن و کاتەوە

هەڵبەت لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە گرنگیی ئەم دوو ڕەگەزە داوە و باسی ئەرک و پێویستی هەریەکێکیمان کردووە، شوێن و کات بەهایەکی تایبەتیان هەیە لە گێڕانەوە و چیرۆک و ڕۆماندا، نووسەران بە کات، یان شوێن دەستیانپێکردووە بۆ نموونە، دەستپێکی هەندێک لە گێڕانەوە کۆنەکان بەم وشانە بووە: هەبوو نەبوو، دەگێڕنەوە لە مەملەکەتێکدا، .... یان هەندێک وشەی تر، کە هەموو ئاماژەیان بە ڕۆژگاری ڕابردوو و شوێنیان داوە.

کەواتە هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن ڕۆڵیان هەیە لە هەڵسوڕانی ڕووداوەکان، بێ ڕەگەزی کات و شوێن ڕۆمان بایەخ و گرنگی نییە، چونکە هەمیشە لە ژیانی ڕۆژانەدا کاتێک ڕووداوێک ڕوودەدات، یەکەم شت، کە دەپرسین، دەڵێین: لە کوێ ڕوویداو و کەی ڕوویدا؟ بۆیە بوونی ئەو دوو ڕەگەزە واتە کات و شوێن کارەکتەر و ڕووداوەکان دەگرنەخۆ و ئیدی سەرەداوی گێڕانەوەکان لێرەوە دەستیپێکردووە.

لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی سەرەوەمان لە هەردوو ڕۆمانەکەدا گفتوگۆ لە مەڕ شوێن و کاتەکانی ناو ڕۆمانەکان دەکەین.

"کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا" بەسەرهاتی ئەم ڕۆمانە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە سوپای مەغۆل بە سەرۆکایەتی "تەیمووری لەنگ" پەلاماری دیمەشق دەدات و داگیریدەکات هەروەک گێڕەرەوە دەڵێت: "هەر کەسێک لەو ڕۆژەدا ئەو سوپایەی بینیبا و ئەو ڕەوتە هێمن و لەسەرخۆیەی پێی هاتنە ناو شارەوە قەت خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو دوای ماوەیەکی کەم قیامەتێک هەڵدەستێت." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٧) وشەی نەدەچوو سیغەی ڕابردووە، کە گێڕەرەوە لە گێڕانەوەکەدا بەکاریهێناوە و شوێنیش دیاریکراوە، کە دیمەشقە.

پاش سێ ساڵ لەو داگیرکردنە، تاعوون لە شارەکەدا بڵاودەبێتەوە، ئەوەش دەبێتەهۆی کۆتاییهاتنی داگیرکاریی شارەکە، چونکە "تەیمووری لەنگ" لە ترسی تاعوون بە سوپاکەیەوە پاشەکشە لە دیمەشق دەکات هەر وەک لە گێڕانەوەیەکدا تەیموور لە ئەحمەد غەزنەوی پرسی سەبارەت بە پێشگۆییەکەی: "کابرای ئەستێرەناس وتی: من پێشگۆییەکی گرنگم هەیە پێتان بڵێم، تەیموور وتی: ئەو پێشگۆیە چییە؟ ئەحمەد غەزنەوی وتی: دوای سێ ساڵی تر تاعوونێک لە دیمەشق بڵاودەبێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی دیمەشق دەکوژێت.

تەیموور پرسی: ئەو تاعوونە دەگاتە ناو سوپاکەی من؟

ئەحمەد غەزنەوی وتی: بەڵێ، سوپاکەت تەفروتوونا دەبێت." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٢٧).

لە هەناوی ڕووداوی یەکەمەوە، کە چیرۆکی داگیرکردنی دیمەشقە، گێڕەرەوە ڕووداوێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە باوکی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە وەکو حیکایەتخوان چیرۆکێک لەبارەی ئاییندەوە بۆ تەیمووری لەنگ دەگێڕێتەوە، کە ماوەیەکی زۆر دوای ئەو کاتە ڕوودەدات، ئەویش چیرۆکی ڕوودانی شەڕی هەشتساڵەی نێوان عێراق و ئێرانە..

کەواتە ڕووداوی سەرەکیی ڕۆمانەکە دوو ڕووداوە، یەکێکیان داگیرکردنی دیمەشق، ئەوی تر جەنگی ئێران و عێراق، هەردوو ڕووداوەکەش ڕابردوون بۆ نموونە کاتێک جابر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە دەڵێت: "ئەو ساڵەی سوپای مەغۆلەکان دیمەشقیان داگیرکرد من تازە تەمەنم ببوو بە سیانزە ساڵان." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩) واتە نووسەر کاتی ڕابردوو دەگێڕێتەوە. گێڕانەوە یان ئامادەکردنی ڕابوردوو لە ئێستادا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئیپیک، دراما، ڕۆمان. بەڵام لە ڕووداوی دووەمدا کاتێک باوکی جابر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و باسی جەنگی ئێران و عێراق دەکات، بۆ تەیمووری لەنگ داهاتوویەکی دوورە، بەڵام گێڕەرەوە بە دەمی ڕابردوو دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: "سەرلەبەیانی زوو، وەک هەر بەیانییەکی تر سیامەند زوو لە خەو هەستا، هەمان ئەو هەستەی هەبوو کە بیست ساڵ زیاتر بوو یەخەی بەرنەدەدا، ئەویش هەستی غەریبی بوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٣٣) واتە نووسەر شارەزایانە ڕووداێک لە هەناوی ڕووداێکەوە دەگێڕێتەوە، کە ئەوە هونەرێکی نوێیە لە ڕۆماندا، بەهەمان شێوەش هەر سیغەی گێڕانەوەکە ڕابردووە.

ڕوونە نووسەر لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ڕەگەزی کات و شوێنی پێکەوە گرێداوە، بۆ نموونە سیامەند سەرەتا لە بۆرەقەڵا بووە، پاشان چووەتە لەندەن و پاش بیست ساڵ، هەر وەک گێڕەرەوە لە دێڕێکدا کات و شوێن پێکەوە گرێدەدات و دەڵێت: "لە سەروبەندی ڕاپەڕینی خەڵک دژی ڕژێمی بەعس، سیامەند بە تەنیا لە ناو کەلاوەکانی بۆرەقەڵادا دەژیا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٥) نووسەر هەم کات هەم شوێنی پێکەوە باسکردووە و پێکەوە گرێیداون، واتە سەروبەندی ڕاپەڕین کە نووسەر مەبەستی سەرەتای ساڵی نەوەدەکانە، کە ئەمە دیاریکردنی کاتە، هەروەها ناو کەلاوەکانی بۆرەقەڵا، کە شوێنە.

بایەخی کات لە ڕوویەکی ترەوە بەپێی گەشە و پەرەسەندن و جووڵەی کەسێتییەکان لەنێو ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت.

دواتریش دەگەڕێتەوە و دێتەوە سەر وڵاتێکی وێران و ماڵێکی چۆڵ و کاولکراو دەبینێت، کە تەنانەت ژن و تاکە کچەکەشی ئەنفالکراون، ئەوەش لووتکەی بێئومێدییەکانیەتی، کە نەک جەستە و ڕۆحی بەهۆی تەواوبوونی جەنگەوە ڕزگار نەبوون، بەڵکو ئازارەکانی زیاتر بوون.

هەڵبەت ڕوونە بەپێی تێپەڕبوونی کات ڕووداوەکان ڕوودەدەن، هەروەها شوێن کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی کارەکتەرەکان و گەشەسەندنیان کاتێک لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕۆڵدەگێڕن، بۆ نموونە لە سەرەتادا کەسێتی جابر لە ناو تاقیگەی کیمیاگەرییەوە دەستپێدەکات، هەروەک گێڕەرەوە لەسەر زاری جابر دەڵێت: "ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لە ڕۆژە تا ڕادەیەک گەرمەکانی کۆتایی بەهار، ئەو کاتەی مامۆستاکەم لە تاقیگەکەدا سەرقاڵی باسکردنی ئەوە بوو بۆم کە چۆن بتوانین لە ڕووی زانستییەوە نەوشاتر و خوێ لە یەکتر جوودا بکەینەوە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٥). پاشان ئەم کەسایەتییە شوێن دەگۆڕێت، واتە جابر لەوێوە بەرە و دیوەخانی تەیموور دەڕوات و هەر لە دێرێکی تردا دەڵێت: "لەگەڵ چوونە ژوورەوەماندا تەیموورمان بینی لە بەشی سەرەوەی هۆڵێکی گەورەدا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٣٥) پاشان جابر بە ناو شەقامەکانی دیمەشقدا دەگەڕێت و هەموو ڕووداوەکان دەبینێت هەر لە کوشتن و وێرانکردن، پاشان هاتنی تاعوون و دواتر چوونی بۆ حەڵەب و بوخارا، ئەم جێگۆڕکێیەی لە شوێندا بەپێی کات ڕۆڵی کەسێتیی جابر دەگۆڕێت، بە جۆرێک ئەم ئەزموونانە لە شوێندا و لە کاتی جۆراوجۆردا گەیاندوویانەتە ئەوەی، کە بڕیاربدات دواجار چی بکات.

"من وردە وردە لە شەڕ و گیانبازی بێزار بووم، دەمویست بگەڕێمەوە حەڵەب و سەرقاڵی دەرس و موتاڵا بم" (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٢٣) هەروەها لە گێڕانەوەی دووەمیشدا، کە تایبەتە بە جەنگی عێراق و ئێران و کەسێتیی "سیامەند" وەکو کارەکتەری سەرەکی خۆیدەنوێنێت، بە هەمان شێوەی "جابر"، کەسێتیی سیامەندیش بە پێی کاریگەری کات و شوێن لەسەر ڕووداوەکان، گەشەدەکات و پەرەدەسێنێت، بۆ نموونە سەرەتا کەسایەتیی سیامەند، کەسایەتییەکی ئاسایی ناو کۆمەڵگەیە وەک هەر گەنجێکی تر هیوا و ئاواتی هەیە لە ئاییندەدا ژیانێکی ئارامی هەبێت و لەگەڵ خێزان و کچەکەی تەمەن بەسەرببات، بەڵام کە جەنگ دێت و بە تەواوی چارەنووسی دەگۆڕێت، ئەو کەسە ئاساییەی جاران نامێنیت، سیامەند لە هەموو ڕوویەکەوە دەگۆڕێت و دەبێتە کەسێکی غەمبار و بێئومێد و زۆرجار مردن بە ڕێگاچارە دادەنێت تا لە دابڕان و ئازار و ترسی جەنگ ڕزگاری ببێت، هەروەک گێڕەرەوە دەڵێت: "سیامەند هەرچی نەفرەت و بێزاری خۆی هەبوو لە جەنگ، هەرچی ڕق و تووڕەیی بوو بەرامبەر ئەو دەوڵەتەی شەڕی بۆ دەکرد، کردی بە وزە و توانا و هەماسەتیکی پێناسە نەکراو و بەرەو پێشەوە ڕایکرد و هەڵمەتی برد." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٥٨-٥٩).

هەر وەک عەتا قەرەداخی دەڵێت: "لە هونەری ڕۆمان و چیرۆکدا، کات لە دوو تیشکە نیگاوە سەیر دەکرێت یەکەمیان: کات وەکو کاتێکی فیزیکی لە چرکە و خولەک و سەعات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و

ساڵ و... کە دەشێ لە هەر یەک لەم کاتانەدا ڕووداو و ڕوو بدات و مرۆڤ بە ئاستی جیاواز ئامادەبوونی هەبێت چ بە پێی کاتەکە و چ لە ڕووداوەکانی ئەو کاتانەدا."

دووەمیان: کات بەپێی پەرەسەندن و گەشەکردنی کەسێتییەکانی نێو دەقەکە، کە دەشێت ئەو پەرەسەندنە لە ڕووی فیزیکییەوە بێت، یان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقڵی و کەلتوورییەوە، کە دەرئەنجامی ئەم بەرەوپێشەوەچوونانە جۆرێک لە هەڵوێست، یان وەڵامدانەوە، یان بەشداریکردن، یان ڕۆڵی کەسێتییەکان لە ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت.

لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، گێڕەرەوە هەر لە سەرەتای دەستکردنی بە گێڕانەوە، پێگەی شوێن دیاریدەکات و بە ئاشکرا ناویدەهێنێت، کە ئەویش دیمەشقە، هەڵبەت ئەو شوێنە لە مێژوودا پێگەیەکی تایبەتی هەبووە لە ڕووی شارستانی و پێشکەوتنەوە، هەروەها زانا و حەکیمی بەتوانا لەو شارە هەبوون.

بۆ نموونە، گێڕەرەوە لە چەند دێڕێکدا دەڵێت: "ئەو ساڵەی سوپای مەغۆلەکان دیمەشقیان داگیرکرد..." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩). هەڵبەت نووسەر بە هەڵبژاردنی دیمەشق وەک شوێن و ئەو کاولکارییەی تەیموور لە مێژوودا ئەنجامیداوە، نووسەر دەیەوێت ئەوە نیشانبدات کە هەمیشە جەنگەکان شارستانی گەورە و شوێنی خاوەن مێژوویان کاولکردووە و لەناویانبردوون و دڕندانە خەڵکە زانا و حەکیم و بەتواناکانیشیان کوشتوون تا بە تەواوی کەلتوور و شوناسیان بسڕنەوە.

پاشان لە گێڕانەوەی دووەمدا، شوێن بۆرەقەڵایە، کە ئەم شوێنە ڕووبەڕووی هێرشی داگیرکاری و ڕاگواستن و شاڵاوی ئەنفال و کاولکاری دەبێتەوە بەپێی گێڕانەوەی ناو ڕۆمانەکە، مێژووی "بۆرەقەڵا" لە ڕووی دروستبوونیەوە زۆر کۆن نییە، مێژوویەکی نوێیە، هەروەک گێڕەرەوە دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی جەنگ هەڵگیرسا بیست ودوو ساڵ بوو بۆرەقەڵا دروستکرابوو." (ئیبراهیم، کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا ٢٠٢٠، ٣٩)، کەواتە مێژووی شاری بۆرەقەڵا لە چاو دیمەشق مێژوویەکی نوێیە، شوێنی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە لەگەڵ هەر چوار هاوڕێکەی، کە مەلیک کەیکاوس و تەیران و لوقمان و ئەریوانن.

وەک پێشتر ئاماژەمانپێدا نووسەر جوگرافیای ڕووداوەکانی وەک شوێن بە ئاشکرا دیاریکردووە، کە وڵاتی عێراقە ئەویش بەهۆی باسکردنی جەنگەکەی ئێران و عێراقەوە، یان ناوهێنانی بەرەکانی جەنگ وەک (عەبادان، و سەرپێڵی زەهاو، و هەمەدان، و ناوچەی شووش، و شاری حەلەب)...

هەروەک لە دێڕێکدا گێڕەرەوە دەڵێت: "سوپای عێراق بە شێوەیەکی ترسناک لە بەرەی سەرپێڵی زەهاو تێکشکا." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٤٧).

یا لە دێڕێکی تردا گێڕەرەوە دەڵێت: "مەلیک کەیکاوس کەوتبوە ناوچەی عەبادان..." کەواتە لە ئاستی وتراودا نووسەر ورد شوێنەکانی بەرەی جەنگی دیارخستووە لەناو ڕۆمانەکەدا و ناویهێناون.

هەڵبەت ڕۆماننووس نەهاتووە تەنها ئەو شوێنانە بخاتەڕوو، کە ڕووداوەکان و جەنگەکان تێیایدا ڕوویانداوە وەک شوێن، بەڵکو نووسەر بە شێوازێکی زۆر هونەری و ناوازە شوێنەکانی داڕشتووەتەوە و تێکەڵ بە بەسەرهات و فانتازیا و دونیای خەیاڵی کردووە، شوێنی وەها سەرنجڕاکێشی سازاندووە لە گێڕانەوەدا، کە خوێنەر لە زیهنی خۆیدا وێنەکان ببینێت، هەست بە دەنگ و تەقەوڕەقە بکات، وەک بینینی فیلمێک، واتە نووسەر خەیاڵدانی خۆی خستووەتەگەڕ و بەشێکی شوێنەکانی سازاندووە.

یان لە دێڕێکی تردا بە هەمان شێوە هەست بەو شوێنسازییە دەکەین، کە ڕۆمانەکەی قەشەنگتر کردووە و گەیاندوویەتیە ئاستێکی هونەریی بەرز، کە ڕێک وەک فیلمێک، یان تابلۆیەک دیمەنی ئەو ڕووداوانەی ناو ڕۆمانەکەی گواستوەتەوە، ئەمەو چەندین دیمەنی تریش هەر بەو شێواز و تەکنیکە دیارخراوە.

"جا ئەوان گوللەیان بۆ چی بوو؟خۆ هەر لەگەڵ خڕەی کردنەوەی دەرگاکە، ڕۆحی کەسیرەیان ئەوانی جێهێشت، بە داڵانێکی درێژداو بە لۆژە لۆژ یەک بەدوای یەک دەڕۆشتن، بە کەلەپچەی دەستیانەوە، بەقاچی پێوەندکراوەوە مەودای سارد و سڕی ئەو داڵانەیان دەبڕی، کە هەر چەند مەترێک یاساوڵێک بە چەکەوە وەستابوو، دوای ئەوەی گەیشتنە حەوشەکە، هەریەکەیان بە ستوونێکەوە بەسترانەوە، کە پێشتر ئامادە کرابوون." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٠-٩١)، نووسەر لە ڕۆمانەکەدا دیمەنی شوێنەکانی وەک تابلۆیەک خستووەتە بەر دیدی خوێنەر بەسەلیقە و شێوازێکی ئیستاتیکی، کە لە زیهنی خوێنەر ئەو دیمەنانە بمێنێتەوە.

نووسەر لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بە ئاشکرا ناوی عێراق دەهێنێت، بەڵام لە ئاستی نەگووتراودا نووسەر بە هیچ شێوەیەک ناوی شار، یان باشوری کوردستانی نەهێناوە وەک شوێن، کە دواتر ڕووداوەکان بۆ ئەوێش درێژبوونەتەوە، بەڵام خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە دەرک بەوە دەکات، ڕووداوەکان لە کوێ ڕوودەدەن، واتە هەموو ئاماژەکان پێماندەڵێن شوێن لە هەردوو ڕۆمانەکە باشوری کوردستانە، بە تایبەت سلێمانی، بۆ نموونە لە دێڕێکی ڕۆمانەکەدا هاتووە و دەڵێت: "بۆرەقەڵاییەکان هاوینان وەکی قانگە لاشکیان لێدەهات لەبەردەم ئەو باڕەشە توند و تۆزاوی و غەمهێنەرەی زوو زوو هەڵیدەکرد." (ئیبراهیم، کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، ٢٠٢٠، ل٣٨). کە ئەوەش ئاماژەیەکی ترە، کە سلێمانی بە ڕەشەبا بەناوبانگە و بۆرەقەڵاش مەبەست لێی لادێ و گوندێکی شاری سلێمانییە، هەروەها لەلایەکی ترەوە نووسەر بە ڕوونی باسی شەڕی ناوخۆ دەکات، کە لە باشوری کوردستان لە ساڵەکانی نەوەدەکان ڕوویاندا، لە دێڕێکدا گێڕەرەوە ئاماژە بە ڕووداو

و شوێن وکات دەدات و دەڵێت: "کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٩٤ هەموو بستە خاکێکی وڵات بەو چەکدارە کوردانە گیرابوو کە هەژاری و بێ ئومێدی پاڵی پێوە نابوون بچنە ڕیزی حیزبە چەکدارەکانەوە و لە شەڕی لەناوبردنی یەکترەوە بگلێن." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٧٠).. کەواتە نووسەر گرێکوێرەکانی جێهێشتووە، تا خوێنەر خۆی لە کاتی خوێندنەوەدا بیانکاتەوە و شوێنەکان بزانێت.

نووسەر وەک جوگرافیناسێک دیمەنی سەربازگە و بەرەکانی جەنگی ئێران و عێراقی وەک جوگرافیا و شوێن خستووەتەڕوو، دیمەنی ئەو جەنگەی وەک چاوی کامێرا بۆ گواستوینەتەوە و وەک ئەوەی خۆی لەو سەربازگە و شوێنی ڕووداوانەدا بووبێت.

"ئەو ئێوارەیەی ئەریوان گەیشتە بەرەی شەڕ لە ناوچەی زەهاو، هێشتا دانەنیشتبوو کە تۆپبارانی بنکەکانیان لە لایەن تۆپخانەکانی سوپای ئێرانەوە دەستی پێکرد و دەنگی گرمە و ناڵەی تۆپەکان تێکەڵی هاواری سەربازانی ترساو و ئاهوناڵەی برینداران بوو بوو، ئەو شەوە تا بەری بەیانی، تۆپەکان نەسرەوتن و هەمووان دەیانزانی دوای بێدەنگ بوونی تۆپەکان و لە بەرە بەیاندا هێرشی گەورەی سوپای ئێران دەستپێدەکات." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٤٧)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقی ڕۆمانی بۆرەقەڵا، ئەوا سەرنجمان لەسەر چەند شوێنێکی دیکە دەبێت، بۆ نموونە، لە چەند دێڕێکدا نووسەر دەڵێت: "دایکی ئەریوان تووشی سەرەتانی مەمک دەبێت و دکتۆرەکان مەمکی دەبڕنەوە، پاش تەشەنەکردنی نەخۆشیەکەی، مەمکەکەی تریشی دەبڕنەوە و ئەگەر مەمکی تریشی هەبوایە بێگومان ئەویشیان دەبڕییەوە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٥١).

هەر شتێک شتێکی تری لەسەر جێگیر ببێت، ئەوا بە شوێن ناودەبرێت، جەستەی مرۆڤیش شوێنە بەرجەستە و بینراوە، هەر خودی "مەمکی ژن" شوێنێکە یان کارگەیەکی تەواوە بۆ بەرهەمهێنانی شیری منداڵ و منداڵی پێ بەخێوبکرێت، کەواتە شوێن پانتاییەکی تەواوی لەسەر جەستەی مرۆڤ هەیە، کاتێکیش بە هەر هۆیەک ئەو شوێنە نەمێنێت، یان لاببرێت، پێیدەوترێت شوێنی سڕاوە، جا چ لەسەر جەستەی مرۆڤ بێت یان نەخشەی زەوی، ئەمە سەبارەت بە جەستەی مرۆڤ، سەبارەت بە جوگرافیای سەرزەوی بە هەمان شێوە شوێنی سڕاوە بەدیدەکرێت لە ڕۆمانی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، بۆ نموونە ڕژێمی بەعس دوای تەواوبوونی جەنگی عێراق و ئێران وەک تۆڵەکردنەوە و سڕینەوەی شوناسی گەلی کورد بە تەواوی لەسەر نەخشەی گۆی زەوی پەنایدەبردە بەر سوتاندن و ڕوخاندنی گوند و شارەکان و کاولکردن و تەختکردنیان.

"گوایە ڕژێم بیەوێ وەک تۆڵە کردنەوەیەک کە گوایە کوردەکان بەشداری جەنگیان نەکردووە و داڵدەی چەکدارانی دژی حکومەتییان داوە، گوندەکان بڕوخێنن." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٦١).

ڕوخاندنی گوندێک و تەختکردنی و یەکسانبوونی بە زەوی، واتە سڕینەوەی شوێنێک تەنانەت لەسەر نەخشەش، کەواتە دەکرێت شوێنێک هەبێت بە ناوی "شوێنی سڕدراوە" جا ئەم شوێنە چ لەسەر جەستەی مرۆڤ بێت، یان زەوی، ماڵێک بێت، یاخود گوندێک، یاخود شارێک، یاخود قاچێک، یاخود مەمکێک، هەمیشە داگیرکەر لە هەر لایەکی جیهان بێت لە پڕۆسەی داگیرکردندا هەوڵیداوە شوێنێک بسڕێتەوە و خاپووریبکات و ناسنامەی نەهێڵێت، کوردستانیش یەکێکە لەو شوێنانەی کە لە ڕابردوودا هەوڵدراوە گوند و شار و کوچە و کۆڵانەکانی کاول بکرێت و ناسنامەی بسڕدرێتەوە لەسەر نەخشە، کە ئەوەشمان بە ڕوونی لە شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و پرۆسەی ڕاگواستن و تەختکردنی گوندەکاندا بینی.

بە هەمان شێوە لەڕۆمانی مەرگی مەیموونندا نووسەر ئاماژە بە ڕووداوەکانی ساڵی "١٩٨٦" دەدات، کە ڕوونە شوێن کوێیە و ڕووداوەکە لە شاری سلێمانی ڕوویداوە، کرۆکی بابەتەکە ئەوەیە چل مێرد منداڵی بێ گوناه گولله باران کران بە تۆمەتی ناپاکی، ئەوەتا ڕووداوەکە هێند ناهەق بوو، شاعیران و گۆرانیبێژانیشی هێنایەگۆ.. شاعیری مەزنی کوردیش شێرکۆ بێکەس، وەک لاواندنەوەیەک بۆ ئەو منداڵە بێگوناهانەی شاری سلێمانی لە شیعرێکی ناوازەیدا دەڵێت:

ئێستا لەوێ

لە نێو تابوتی نارنجی خۆرنشینی شارەکەما

چل منالْم

چل جگەرم

هەشتا چاوم

هەشتا گوێچکەم

هەشسەد پەنجەی هە ردوو دەست و هەردوو قاچم

بە یەکەوە هاڵئەوەرێن. (بێکەس، کەشکۆڵی پێشمەرگە، ١٩٨٥، ئەنتەرنێت)

گێڕەرەوە لە دێڕێکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: "چل منداڵ بوون، لەو ئێوارە کەڕ وبێدەنگەی شاردا تیرباران دەکران بەتۆمەتی خیانەتکردن لە نیشتمان." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٢٥).

ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە تیشکدەخەنەسەر ماڵێک، کە وەکو نووسەر باسیدەکات، ماڵێک لە چوار کەسی سەرەکی پێکهاتوون، دایک، و باوک، و خوشک و برا، کە دەکاتە سوورەییا و مەیموون، مەیموون قوربانیی سەرەکیی ڕووداوەکانی ئەو کاتەیە، کە لە ماڵی خۆیاندا و لە بەیانییەکی زووی

ڕووناک نەبووەوەدا، سەربازەکان هەڵدەکوتنە سەر ماڵی مەیموون و مەیموون دەگرن و بەرەو زیندان ڕاپێچی دەکەن و بە تۆمەتی خیانەت لە نیشتیمان لەگەڵ چل منداڵی تری شاری سلێمانیدا گوولەباران دەکرێن.

کات و شوێنیش دیسان لە ڕۆمانی مەرگی مەیمووندا، بە هەمان شێوە بەپێی پەرەسەندن و گەشەسەندنی کەسێتییەکان و هەڵسوڕانیان و ڕۆڵیان لە بەشداریکردنیان بەپێی کات و شوێن لە ڕووداوەکاندا وردەوردە دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەردەڵانی سەرەتا لە کوردستانە، وەک شوێن، پاشان بە هۆی لەدەستدانی خۆشەویستەکەی و بێئومێدبوونی لە ژیانی ڕوودەکاتە شاخ و پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، دوای ڕاپەڕینیش، کە ڕوونە نووسەر مەبەستی ساڵی (١٩٩١)ە، لە شۆڕش بێزاردەبێت و ڕوو لە هەندەران دەکات، هەروەک نووسەر لە سەر زاری سورەیا دەڵێت: "دوای ڕاپەڕین چەکدارەکان گەڕانەوە ناو شار و لەو ناوە هەستێک کەمەندکێشی دەکردم و دەمگوت، ڕەنگە سەردانم بکات، بەڵام دواتر زانیم دوای ئەوەی لە شەڕ و شاخ وچەکداری بێزار دەبێت ملی ڕێگەی ئەورووپای گرتووەتەبەر." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٨٥) یان نووسەر لەسەر زاری ئەردەڵانی دەڵێت: "ڕێم کەوتە ئەم شارە و بە خێری هێنام، کتێبخانە گەورەکەی، مۆزەخانە دێرینەکەی، کڵێسەکانی بە نەخشەی بیناسازی گۆتیکەوە، گۆڕی قەدیسە کوژراوەکانی کە بۆنێکی خۆشیان لێهەڵدەستا و مۆم لە سەریان دادەگیرسا." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ١٢) ئەوەتا نووسەر لە سەر زاری کارەکتەرەکانییەوە هەر لە ناوهێنانی شەقام و کتێبخانە و مۆزەخانە دێرینەکان و پەیکەرە بەناوبانگەکانی ئینگلاند، شوێنەکانی ئەو وڵاتەش دیاردەخات، جارێکی تر لەوێوە گەڕانەوەی کارەکتەر بۆ کوردستان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە مامۆستا عەزیز و کوشتنی لە ئەنجامیشدا دوا شوێنی زیندانە، کە گێڕەرەوە لە چەند دێڕێکدا هەر لە سەر زاری ئەردەڵانی دەڵێت: "ئەم بەشەی ئێمە، دە کەسی لێیە، ئەو تاوانانەی کردوومانە چوار جۆر بوون، بەڵام هەمووومان مەحکوومین بە ئیعدام." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٢٦)، کەواتە ڕۆڵی کەسێتییەکان و بەشداریکرنیان لە ڕووداوەکان شوێن و کات دیاریدەکەن بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی دیاریدەکەن، کەواتە لەسەرەتادا کارەکتەری ئەردەلانی کەسێکی ئاساییە، بەڵام دواتر بە کاریگەریی شوێن و کات و ڕۆڵی ڕووداوەکان، کارەکتەریش بەرەوپێشچووە و پەرەیسەندووە.

## ٤. ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر کۆی گێڕانەوەی هەردوو ڕۆمانەکە

هەر لەگەڵ دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ و هاتنەدەرەوەمان لە ماڵ، ئیتر گێڕانەوەکان دەستپێدەکەن، کە ئەمەیان گێڕانەوەیەکی ئاساییە بە زمانی قسەکردن، بەڵام لە شێوازە ئەدەبییەکەدا گێڕانەوە شتیکی ترە و گەلێک جیاوازە.

گێڕانەوە ئەو کردەیەیە، کە نووسەر ئەنجامیدەدات بۆ پیشاندان و خستنەڕووی ئەو ڕووداوگەلەی، کە کارەکتەرەکان ئەنجامیدەدەن، بۆیە نووسەران پەنادەبەنەبەر بەکارهێنانی پەیڤ و ڕستەی مانادار بۆ ڕازاندنەوە و چێژبەخشین و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان و پیشاندانی سیما و خەسڵەتی کارەکتەر وێناکردنی دیمەنەکان.

"هاشم ئەحمەدزادە" لە پەرتووکی گێڕانەوەناسیدا دەڵێت:

"هەر شتێک کە لە ڕێگەی دەق، وێنە شانۆ، یان تێهەڵکێشێک لەم شێوازانەوە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە بەمجۆرە ڕۆمان، شانۆ، فیلم، گێڕانەوە لە ڕێگەی نیگار وێنە و هتد.. گێڕانەوەن."

کەواتە هەموو ئەو هونەرانەی لە سەرەوە ئاماژەمانپێداون، هەریەکەیان شێوازێک، یان ڕێگایەکیان گرتووەتە بەر بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان، ئیتر ئەو ڕێگایە ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ.

کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا "بەسەرهاتی ئەم ڕۆمانە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە سوپای مەغۆل بە سەرۆکایەتیی تەیموری لەنگ پەلاماری دیمەشق دەدات و داگیریدەکات.

لێرەوە گێڕانەوەی یەکەم دەستپێدەکات کە گێڕەرەوە کەسێکە ناوی جابرە بەمشێوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە:

"ئەو ساڵەی سوپای مەغۆلەکان هێرشیان هێنا، من تازە تەمەنم ببوو بە سیانزە ساڵان." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩)، کە بەو شێوە گێڕانەوەکەی باسی زەمەنی ڕابردوو دەکات و لە گێڕانەوەکەدا جێناوی کەسی یەکەم (من)، هەروەها (م) کە جێناوی کەسی لکاوە هەر بۆ کەسی یەکەم دەگەڕێتەوە، دەست بە گێرانەوە دەکات.

پاش سێ ساڵ لەو داگیرکردنە تاعوون لە شاری دیمەشق بڵاودەبێتەوە و دیمەشق بە تەواوی دەکەوێت.

پاشان لە هەناوی گێڕانەوەی یەکەمەوە گێڕانەوەی دووەم دەستپێدەکات، کە گێڕەرەوە باوکی جابرە و چیرۆکێک لەبارەی ئاییندەوە دەگێڕێتەوە و بەمشێوە دەستپێدەکات:

"من ئەمشەو چیرۆکی پێنج پیاوتان بۆ دەگێڕمەوە، جەنگێک لە کۆتایی سەدەی بیستدا ژیان و چارەنووسیان بە شێوەیەکی ترسناک دەگۆڕێت" ئیتر باوکم دەستیکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٢٩)

ئاستی بەرز و هونەریی ڕۆمانەکە، زیاتر لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە چۆن نووسەر لە ڕووداوێکی واقعی کە ڕووداوی جەنگە، هونەرێکی فانتازیی باڵای بەرهەمهێناوە، نووسەر بە زمانێکی سادە و

کوردی پەتی و سەرنجڕاکێش ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و زمان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا زمانێکی کراوە و خوڵقێنەر و زۆر کارایە، کە ڕووداو و کارەسات و فانتازیای ئەفراندووە، وەها دەبینرێت کە خوێنەر، کە ئەو جیهانە فانتازیایە وەک ڕاستییەک ببینێت.

نووسەر ڕێگەی داوە کارەکتەرەکان بدوێن، کە سەرچاوەی ڕوودانی ڕووداوەکانن، واتە گێڕانەوەکە پەیوەندییەکی گشتگیر و قووڵە لەگەڵ ڕووداو و کارەکتەراکاندا، نووسەر هەوڵیداوە لە گێڕانەوەدا دۆخی ئاگایی و نائاگایی و ڕۆح و ناخی کارەکتەرەکان موتالابکات و بیانپشکنێت.

"کابرای ئەستێرەناس وتی: من پێشگۆییەکی گرنگم هەیە پێتانبڵێم.

تەیموور وتی: ئەو پێشگۆییە چییە؟

ئەحمەد غەزنەوی وتی: دوای سێ ساڵی تر تاعوونێک لە دیمەشق بڵاو دەبێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی دیمەشق دەکوژێت."

لێرەدا کارەکتەرەکان بە شێوەی دیالۆگ لەگەڵ یەکتر دەدوێن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە تاکدەنگیی گێڕانەوە بەسەر کۆی ڕۆمانەکەدا زاڵ نییە، هەروەک "عەتا قەرەداغی" لە پەرتووکی (گەڕان لە نێوان واقع و خەیاڵدا) دەڵێت: لە کرداری گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت کە گێڕەرەوەی یەکەم واتە جابر بریتییە لە دەنگی نووسەر، یان لەبارێکی تردا کەسێتیی نووسەر خۆیەتی، بەڵام ئەم دەنگە لە هەموو ڕۆمانەکەدا بەردەوام نابێت، بەڵکو بەشێکی سەرەکی لە ئەرکەکەی دەسپێرێت بە کەسێکی تر، کە ئەویش باوکییەتی، کە وەکو کەسی سێیەم کاری گێڕانەوە ئەنجامدەدات، ئەمەش بە جۆرێک دەبێتە تێکەڵاوکردنی دەنگی نووسەر و دەنگی ئەوی تر، یان ئەوانی تر، کە ئەمەش یەکێکە لە خاسییەتە بەهێزەکانی ڕۆمانی نوێ و لە کۆمەڵگەی هاوچەرخیشدا زیاتر لە دەنگێک هەیە، لەو ڕووەوە، کە ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبییە و بە ئەدەبی قۆناغی ژیانی شار دادەنرێت، گێڕەرەوە بەم چەند دێڕە گێڕانەوەی دووەم دەستپێدەکات و دەڵێت: "سەرلەبەیانی زوو، وەک هەر بەیانییەکی تر سیامەند زوو لەخەو هەستا، هەمان ئەو هەستەی هەبوو کە بیست ساڵ زیاتر بوو یەخەی بەرنەدەدا، ئەویش هەستی غەریبی بوو، گرنگ نەبوو لە کوێی ئەم دنیایە، لە ماڵە کۆنەکەی دایکی بووایە لە بۆرەقەڵا، یان لە سەربازگە تۆزاوییەکانی موحەممەرە، لە گەراجی پاسە کۆن و ژەنگلێدراوەکانی بەغدا بووایە.. یان لە لەندەن، ئەو هەستە هەر لە شوێنی خۆی بوو." (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، ٢٠٢٠، ل٣٣). کاتی گێڕانەوە، کاتی ڕابردووە، ئاشکرایە لە ڕۆماندا چەند ڕووداوی جۆراوجۆر هەبن، تەنها یەک کارەکتەری سەرەکی هەیە، لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتیکی کۆندا، هەر لەگەڵ دەستکردن بە گێڕانەوە لە سەرەتای ڕۆمانەکە و ناوهێنانی سیامەند، ئەوە دەگەیەنێت، کە کەسایەتیی

سەرەکی لەناو ڕۆمانەکەدا سیامەندە و ئەوانی تر هەموو کەسایەتیی لاوەکین و بۆ خزمەتکردنی کەسێتیی سەرەکی هاتوون.

لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا هەندێک جار بە زمانی خەون و زیندەخەون گێڕەرەوە قسەدەکات، کە ئەمەش جیاوازە لە زمانی بێداری، ئەمەش شێوازێکی ترە لە گێڕانەوەکە، بۆ نموونە، گێڕەرەوە دەڵێت: "شەوێکیان سیامەند لە خەونیدا سەرۆکی بینی جلێکی سەربازی ڕەنگ زەیتوونی لەبەردایە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٣٧).

لە ڕۆمانی مەرگی مەیمووندا نووسەر لە گێڕانەوەکانیدا تەکنیکی فرەدەنگی بەکارهێناوە، کە هەر زاراوە و چەمکێکی تازە بۆ ناو ئەدەب، لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکو داهێنەر و دۆزەرەوەی ئەم زاراوەیە پێشتر سوودی لە زاراوە و چەمکی دیکە وەرگرتووە، زاراوەی فرەدەنگی لە ڕۆمانی نوێدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەهونەریکردنی ئەم ژانرەدا هەیە.

زاراوەی فرەدەنگی (Polyphony) لە بنەڕەتدا بۆ بواری مۆسیقا دەگەڕێتەوە، "باختین" کە دۆزراوە و داهێنەری ئەم زاراوەیەیە، لە مۆسیقاوە وەریگرتووە، لە زمانی ئینگلیزیدا (Polyphony) بە واتای چەندئاوازەیی، یان چەنددەنگی دێت.

بنەڕەتی زاراوەی پۆلیفۆنی بۆ بواری مۆسیقا دەگەڕێتەوە، ئەم زاراوەیە نزیک بە هەمان چەمک و واتاکەیەوە بۆ بواری ئەدەب بە گشتی و ژانری ڕۆمان بە تایبەتی سوودی لێوەرگیراوە. (مەنتک ٢٠١٣، ١٧).

"مەرگی مەیموونیش" بە هەمان شێوە گێڕانەوەیەکی فرەدەنگییە، کە دەچێتە خانەی ئەم تەکنیکە نوێیەوە، نووسەر زۆر بە وردی هەموو دەنگەکانی نێو ڕۆمانەکەی بەستووەتەوە بە کارەکتەری سەرەکییەوە، کە ئەویش "ئەردەڵانی"یە.

دەستپێکی گێڕانەوەکان بە دەنگی گێڕەرەوە، کە دەنگی نووسەرە، دەستپێدەکات، پێماندەڵێت ڕووداوەکان لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، "سورەیا بۆ مەرگی مەیموون زۆر گریا..." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٥) وشەی گریا سیغەی ڕابردووە و سورەیا بەو شێوازە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

لە بەشی دووەمدا دەنگی ئەردەڵانی دەردەکەوێت، بۆ نموونە، لە دێڕێکدا دەئاخاوێت و دەڵێت: "ڕۆژێکیان بڕیارم دا بیکوژم." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٩) کە بە سیغەی ڕابردوو قسەدەکات و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

دیسان لە بەشی پێنجەمدا کریستینا دەئاخێوێت و هەروەها لە بەشەکانی تردا چاپچییەکە و مارگرێت و دەنگی نووسەر بە نۆرە دەئاخێون و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، کەواتە دەنگی

کارەکتەرەکان ئازادن چۆن هەستونەستی خۆیان دەردەبڕن و ئازادانە گوزارشت لە ناخ و ئازاری دڵ و دەروونیان دەکەن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە نووسەر هیچ ڕۆڵێکی نەبێت لە گێڕانەوەکاندا و هەر لە دەرەوەی دەق وەک تەماشاکار وەستابێت و بێلایەن بێت، ڕاستە نووسەر ئازادیی تەواوی داوەتە کارەکتەرەکان، کە بدوێن، بەڵام بە دڵنیایی بیروبۆچوون و هەستی نووسەر لە کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، جا ئەمە بە ویستی خۆی بێت، یان نا، ئاگایی بێت یا، نائاگایی هزر و بیری نووسەر لە ناو دەقی ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە، کە بە گشتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بەستراونەتەوە بە دوو قۆناغی ژیانی "ئەردەڵانی"یەوە، کە یەکەمیان لە کوردستانە و مەعشوقی "سورەیا"ی خوشکی "مەیموون"ە، بەڵام پاش گیران و کوژرانی "مەموون" سورەیا لە ژوانێک دا بە ئەردەڵانی دەڵێت: "ئیتر من دڵم بە دونیا و بە پەیوەندی خۆش نییە، نامەوێت وابەستەی کەس ببم، نامەوێت کەس وابەستەم ببێت." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٧٦).

پاشان "ئەردەڵانی" دەچێتە ڕیزەکانی شۆڕشگێڕانەوە و دواتریش بەرەو هەندەران کۆچدەکات، هەر لەوێش "کریستیانا" دەناسێت، و تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبن، پاشان "ئەردەڵانی" بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و "مەلا عەزیز" بکوژێت، کە دەستی لە کوشتنی "چل" منداڵەکەی شاری سلێمانیدا هەبوو.

"ئەردەڵانی" دەگەڕێتەوە و ئامانجەکەی جێبەجێدەکات و لە زینداندا ئەم بەسەرهاتە دەنووسێتەوە.

چیرۆکەکە بە شێوەی کۆلاج هاتووە، گێڕانەوەکە هەر کەسە و بەشی خۆی لە چیرۆکەکەی هەیە و دەیگێڕێتەوە، هەر کەسە و لە گۆشەنیگای خۆیەوە بابەتێک باسدەکات.

کەواتە وەگێڕیش دەگۆڕێت، وەگێڕێکی تاکدەنگیمان نابێت، بەڵکو هەر کارەکتەرە و بەهۆی ئەو ئازادییەی پێیدراوە، دەبێتە وەگێڕی چیرۆکی خۆی.

لە هونەری گێڕانەوەدا تاکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، وەگێڕ، وەگێڕێکی دەرەکی بوو، تەنانەت گۆشەنیگای وەگێڕیش تاک گۆشەنیگا بوو.

بە بۆچوونی (ئۆسبنسکی)، فرەدەنگی ئەو تەکنیکەیە، کە چەند گۆشەنیگایەکی جێگر و فرە لەنێو کارێکدا هەبن، هەروەها بە دیارکەوتنی فرەگۆشەنیگایە لەسەر ئاستی ئایدۆلۆجی.

ئەو ڕایەی سەرەوە تەواو گونجاوە لەگەڵ گێڕانەوەی دەنگەکانی ناو ڕۆمانەکە، کە هەریەکێکیان هەڵگری بیر و ئایدیای جیاوازن و هەریەکەیان گوزارشت لە کار و شوێن و ژیان و بیری جیاوازی خۆیان دەکەن، بۆ نموونە، کەسایەتی و ژیان و کەلتووری سورەیا تەواو جیاوازە لە کریستینا لە کاتێکدا کە دەئاخێون.

بەمشێوەیە، دەنگە جیاوازەکانی کارەکتەرەکان خۆیان دەئاخێون و دەنگی فرەکارەکتەری و فرەگۆشەنیگایی لە دیالۆگدا دەردەکەوێت، کە ئەمەش لە ڕۆمانی کوردیدا تەکنیکێکی نوێیە، هەڵبەتە لەم فرەکارەکتەرییەی گێڕانەوەدا ئایدیا و ڕوانینی جیاواز دەردەکەوێت.

هەر زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە ڕێگەی دەنگی کارەکتەرەکانەوە، تۆنی دەنگیان و جۆری کەسایەتی و بیرکردنەوەیان بناسی، بۆ نموونە کاتێک کریستین دەئاخێوێت و دەڵێت: "زۆر جار کە مارگرێت و دایکمم بە جلوبەرگ و ستایلی جۆراوجۆرەوە هێنابووە بەر زەینی خۆم، تێر پێیان پێکەنیبووم." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٦٥) ئیدی خوێنەر لە ڕێگەی جیاوازی دەنگ و بیر و ڕەفتاری کەرەکتەرەکانەوە، درک بەوە دەکات کە دەنگی مارگرێت دەنگێکە تایبەتە بە کارەکتەرێکی ئاسایی کە ژیان بە خۆشی بەڕێدەکات و خۆی هەوڵدەدات لە ڕێگەی بیرکردنەوەکانییەوە خۆشی و پێکەنین ببەخشێتە ڕۆژەکەی و بە ئارامی بیگوزەرێنی، کە ئەمە تەواو لە تۆنی دەنگی سورەیا جیاوازە کاتێک دانیشتووە و ڕووداوەکان بە دڵێکی شکاو و غەمگینەوە چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە بۆ نموونە کە بۆ مەرگ و یادەوەری براکەی لە دێڕێکی ڕۆمانەکە دەڵێت: "کەی لە یادەوەریم دێیتە دەر؟ ئەی بەچکەبۆقی نەرمونیانی من، ئەی باڵندەی غەمگینی ناو خەونەکانی من؟" (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٦٧)

ئاشکرایە، کە کەسایەتیی نووسەر تەنها تەماشاکارێک نییە لە دەرەوەی ڕۆمان، بیەوێت یان نەیەوێت، واتە بە ویستی خۆی بێت، یان نا، ئەوا هەندێک جار بیروبۆچوونی نووسەر لە دەقەکەدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە، نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە پێماندەڵێت مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی گەلێک جیاوازە لە کەلتوور و ڕۆشنبیری و ژیانکردن، کەسایەتیی ڕۆژهەڵاتی، زیاتر ژیان بە گێڕانەوەی خەمی ڕابردوو و دەردەسەرەییەکانی بەڕێدەکات، بە پێچەوانەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی سەرباری هەموو نەهامەتییەک، گەرەکیانە چێژ لە هەموو کات و ساتێکان وەربگرن، ڕەنگە ئەوەش یەکێک بێت لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی جەنگ بەسەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتییەوە، کە بە درێژایی مێژوو لە ململانێ و جەنگدایە.

لەلایەکی ترەوە، نووسەر بەهۆی ئەو پاشخانە زمانی و فکری و ئەدەبییەوە، کە لە بواری ئەدەبیاتی کوردی و بێگانەدا هەیەتی، وایکردووە کە بتوانێت شارەزاییەکی باشی هەبێت لە هونەری ڕۆمان و تەکنیکی نوێ و هاوچەرخی نووسەرانی وڵاتانی بێگانە و گواستنەوەی ئەو تەکنیک و هونەرە نوێیە بۆ ناو ئەدەبی کوردی، نەک هەر لە لای ماردین ئیبراهیم، بەڵکو لە دەقی زۆربەی ڕۆماننووسە کوردە نوێیەکانی ئەم سەردەمە تەکنیکی فرەدەنگی پەیڕەوکراوە، کە کارێکی نوێیە.

گێڕانەوەی فرەدەنگی، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پەیدابوو، کاتێک (گۆستاف فلۆبێر) داوای لە ڕۆماننووسان کرد ڕێ بە کارەکتەرەکان بدەن، خودی خۆیان دەربڕی هەست و تێڕوانینی خۆیان بن، ڕووداوەکان بگێڕنەوە.

لێرەوە ئەرکەکە لە وەگێڕی دەرەکی دەسێنرێتەوە، ئەو کارەکتەرەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، خۆشی لە نێو ڕووداوەکان بەشداردەبێت، لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا کارەکتەرەکان ئازادیی زیاتریان هەیە، بیری کارەکتەرەکان و دەروونیان هەر زانیارییەکی تری نێو ڕۆمانەکە لە ڕێی تەکنیکی دیالۆگەوە زیاتر دەگێڕدرێتەوە.

ڕەخنەگری ئەمریکایی (لیۆن سۆمرلیان) ڕۆمانی فرەدەنگی بە فرەگۆشەنیگایی پەسەنددەکات، (سۆمرلیان) تێبینیی ئەوەی کردووە، ئەمجۆرە گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا زۆرترین سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بۆیەش چەمکی فرەدەنگی، ئەو گێڕانەوە فرەکارەکتەرەیە لە ڕۆماندا، کە لە دیالۆگدان، فرەگۆشەنیگایە، تێڕوانینی ئایدۆلۆجیای جیاوازی تێدایە، بە واتایەکی تر ڕۆمانی فرەدەنگی دیالۆگ ئامێزە، دیموکراتییەکی تەواو لە نێو کەشی ئەمجۆرە ڕۆمانە بەدیدەکرێت.

لەوێدا بە شێوەیەک لە شێوەکان هەموو بوونەکانی نێو ڕۆمان لە ژێر دەسەڵاتی وەگێڕی هەمووشتزان و تاک گۆشەنیگای، تاک زمانی، تاک چەشنی ئازاد دەبن. (مەنتک ٢٠١٣، ٢٥-٢٦).

ڕوونە نووسەر خۆی لەو قاڵب و شێوازە کلاسیکییە قوتارکردووە و لە گێڕانەوەکانیدا هونەر و شێواز و تەکنیکی نوێی بەکارهێناوە لە هەردوو ڕۆمانەکەیدا، کە ئەوەش پەیوەستە بە شارەزایی نووسەر بە بیر و ڕۆشنبیریی نووسەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا.

## ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر وەسف:

وەسف لە ڕۆماندا توخمێکی تری ئەدەبییە، کە تایبەتە بە ڕۆمان و هەمیشە لەگەڵ گێڕانەوەدا دێت وەک دوانەیەکی پەیوەست بە یەک، دکتۆر حەمە مەنتک لە پەرتووکی سیمۆلۆژیای گێڕانەوەدا دەڵێت: "وەسف یەکێکە لە تەکنیکە ئیستاتیکی و گوزارشتییەکان لە دەقی گێڕانەوەیدا، لەگەڵ تەکنیکی دیکەدا بەشداری لە گواستنەوەی وێنەیەکی دیاریکراو دەکات." (مەنتیک ٢٠١٩، ١٠١)

لە پێناسەکەی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە وەسف یەکێکە لە تەکنیکە ئیستاتیکییە گرنگەکان، کە بۆ مەبەستی ڕازاندنەوەی دەق بەکاردێن، ئەم بابەتە بە هەند وەرگیراوە لە لای نووسەرانی ڕۆمان و چیرۆک، دەشزانین ئامرازی وەسف زمانە، بۆیە نووسەر پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێک پەیڤ و دەستەواژە، بە زمانێکی بەرزی هونەری و داڕشتنێکی بەهێز وەسفی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکان و شوێن و ڕووداوەکانی پێدەکات، هەندێکجاریش هەناسەیەکی شیعری ئامێتەی ئەو ڕستە و دەستەواژانە دەبێت و جوانییەکی چێژبەخش بە دەقە هونەرییەکە دەدات، بە شێوەیەکی وەها کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا لە مێشک و زهنیدا ئەو وێنە لە یاد نەچێت کە نووسەر وێنای کردووە، بۆ ئەوەی زمان بەو کردەیە هەڵبسێت، ئەوا پێویست دەکات هەگبەکەی نووسەر تەژی بێت لە خەیاڵ و هەست و نەست و ئەندێشەی داهێنەرانە و بەسەرهات و فانتازیا، کەواتە وەسف دیمەنەکان دەگوازێتەوە بۆ زیهنی خوێنەر.

نووسەری هەردوو ڕۆمان، هەم شاعیرە، هەم ڕۆماننووس، بۆیە نووسەر بە ئاگاییەوە بە زمانێکی سفت و پاراو، جیا لە زمانە شیرینەکەی، بە دەستەواژە و وشەی جوان و گەلێک وێنەی جوان و بیری قووڵی گەیاندووە، لێهاتووانە ئەو زمانەی خستووەتەگەڕ و بەرگێکی قەشەنگی بە باڵای کەرەکتەر و ڕوداووەکاندا ئالاندووە، کە هەندێکجار بۆ ڕاگرتنی بالانسی گێڕانەوەکەی بووە، لە کوێ پێویستە ئێستێک بکات، یان لە کوێ درێژە بە گێڕانەوەکانی بدات.

لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا چەندین وەسف و خەیاڵ و فەنتازیا تێکەڵ بە واقعی جەنگ و داگیرکاری و ڕووداوەکان کراون، هەر لە سەرەتا و دەسپێکردنی ڕووداوەکان هەتا کۆتایی و گیرسانەوەی "جابر" لە حوجرەی مزگەوتێکی حەڵەبدا، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشکبخەینەسەر ئەو بابەتە وەسفییانەی، کە پەیوەستن بە دونیای جەنگ و داگیرکارییەوە، لە بەشی یەکەمدا جابر، کە وەسفی کوژرانی باوکی دەکات، ئەو ساتە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: "من بۆ ساتێکی کورت چاوانم نوقاند و کاتێک کردمنەوە، لە گەرووی بڕاوی بابمەوە هەزاران چیرۆک دەڕژا، لەناو سێڵاوی خوێنی گەشی باوکمەوە، هەزاران باڵندەی چیرۆک بە باڵی خوێناوییەوە دەفڕین و دەهاتن لەسەر سەر و شانی من دەنیشتنەوە، هەر باڵندەیەی چیرۆکێک بوو، هەزاران باڵندە بە ڕەنگی جیاوازەوە، هەزاران باڵندەی جۆراوجۆر، پەپەوسلێمانەکان کە چیرۆکی پاشایانی دەسەڵاتدار،

پاشایانی دەوڵەمەند کە بۆ عەشقی ژنێک پشتیان دەکردە تەخت و تاجەکانیان و هەڵدەهاتن، هەتا دەستیان هێزی تێدا بوو، سەوڵە جانەکانیان دوور دوور فڕێدەدا"، "لە گەرووی پیاوە بەسراوییەکە و چەنگژەنەکەی خەڵکی نەینەواوە، بۆنی عەترێکی دڵنشیندەهات، بۆنی عەترێک کە هەزاران میلۆدی، هەزاران نۆتە و ئاوازی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و وەکو عەبای مەهراجا هیندییەکان لە قەدی کچە منداڵەکە دەئاڵان..." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١١٥-١١٧).

هەروەها دەڵێت: "هەشت ڕۆژی ڕەبەق بوو تەیران هیچ ڕێبوارێکی لەو بیابانشینانە نەبینیبوو، کە بە خۆیان و حوشترە خەمبارەکانیانەوە ڕادەبردن و دەچوونە شار و ئاوەدانییە نزیکەکان و ماستیان دەفرۆشت و لەو سەرەوە چاو و شەکر و نەوت و پلێتەی فانۆس و قاوەیان دەهێنایەوە، پیاوەکانیان بە عەگاڵ دەمامکی خۆیان دەکرد ژنانیش بە پەردەیەکی ڕەش سیمای خۆیان دادەپۆشی، بەڕادەیەک تەنیا چاوانیان دیار بوون، چەند جارێک تەیران ڕێکەوتی کردبوو لە نزیکەوە چاوی تەڕ و ڕەشی ئەو ژنانە ببینێت، لە نامەیەکدا بۆ مەلیک کەیکاوسی نووسیبوو، لە چاوی ئەو ژنانەدا ئارەزوویەکی قوڵ و فێنک و هێمن بۆ ژیان هەیە، کە وایان لێدەکات بەرگەی گەرمای ئەو بیابانە بگرن، من هەر جارێک چاوانی یەکێکیانم ببیێت، هەستم نەکردووە لە بیاباندام، بەڵکو فێنکییەکی ئارامبەخش و لەهەمان کاتدا دڵ لەرزێن دایگرتووم، کە وام هەست کردووە لە باخێکدام، ئەو ژنانە سیمای خۆیان دانەپۆشیوە بۆ ئەوەی کەس لە بینینی جوانی خۆیان بێبەش بکەن، لە ترسی گەرماش نییە، بەڵکو جوانیەکەیان بە ئەندازەیەکە، کەس بەرگەی ئەوە ناگرێت بە تەواوی ببینێت." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٧٩).

نووسەر جیا لەوەی وێنای زێبای ژیانی ئەو گەلەی لەو بیابان و گەرما و سارایەدا کردووە، گێڕانەوەکەشی بە زمانێکی بەهێز و داڕشتنێکی تۆکمە تیکەڵ بە خەیاڵ و فانتازیا کردووە، دیمەنەکەی وەک تابلۆیەک خستووەتەڕوو، کە لە زیهنی خوێنەردا بۆ هەمیشە بمێنێتەوە، لەگەڵیشیدا پەسنێکی ناوازەی ئەو ژنانەی کردووە، کە بە بەرگی ڕەشەوە چەند نازدار لە ناو ئەو لمەدا دەرکەوتوون، ڕۆماننووس دوو چاوی ڕەش و تەڕی ئەو ژنانەی بیابانی کردووە بە کەوان و دڵی تەرەی تەیرانی پێ لەت لەت کردووە، هەڵبەت نووسەر ئاگادار و شارەزایەکی باشی هەیە لە ئەدەبیاتی بێگانە و دەزانێت کە چاو لە ئەدەبیاتی جیهاندا چ پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە هەم لە ئەدەبیاتی شیعر هەم ڕۆمان و چیرۆک.

"ڕۆمان خۆ هەرچەندە بابەت و ڕووداوێکی واقعیش بێت، دیسانەوە بەرهەمی خەیاڵە، بەرهەمی ناواقعی، کە وێناکاری زەین، دەستی لە دروستکردنیدا هەیە و بوونی لە واقعدا ناکردە و ڕێتێنەچووە، دەتوانین فەنتازیا بەوە بناسێنین، چەشنێکی ئەدەبی و هونەرییە، پشت بە خەیاڵ و سیحر و بابەتی ناماقوڵ و سروشتبەزێن دەبەستێت، یان ئەو کارە ئەدەبییەیە، کە خۆی لە کۆتەکانی لۆجیک و واقع ڕزگار دەکات و بە تەواوی پشت بە خەیاڵێکی ڕەها و بەرین دەبەستێت." (ئەسوەد ٢٠١١، ٢٦٢).

بۆرەقەڵا ئەم دوو خاسییەتە سەرەکییەی تێدایە، کە لێرەدا باسکراون، کە ئەوانیش بریتیین لە ڕووداوی مێژوویی و کەسێتیی واقعی و خەیاڵ.

وەسف لە دەقی ئەدەبیدا، کۆمەڵێک ئەرکی جیاواز و جۆراوجۆر دەبینێت، ئەم فرەجۆرییەی ئەرکەکانی وەسف بۆ هەمەچەشنیی ئەو ژانرە ئەدەبیانە دەگەڕێتەوە، بۆ جیاوازیی ئەو مەودا و پانتاییە دەگەڕێتەوە، لە نێو هەر ژانرێکدا بۆ ڕەگەزی وەسف فەراهەمدەکرێت، یاخود چۆنیەتیی وەسف دەکەوێتەوە سەر ئەو جۆرە وەسفەی، کە نووسەری دەقی ئەدەبی بەکاریدەهێنێت، واتا هەر جۆرە وەسفێک و جۆرە ئەرکێکی هەیە، یاخود دەگونجێت چەند جۆرێکی وەسف لە خزمەت یەک ئەرک و بۆ گەیاندنی یەک مەبەست بەکارهێنرابن لەلایەن نووسەری دەقی ئەدەبییەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەسف مەبەستی ڕازاندنەوە و زیاتر چێژبەخشین و پێدانی شوناسی ژانرێکی ئەدەبی بە دەق دەبەخشێت. (قاضی، ٢٠٢١، ١٦).

کەواتە هەرچەند نووسەر وەسف بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و ئەرکی جیاواز بەکاربهێنێت، لە کۆتاییەکەیدا وەسف بۆ ڕازاندنەوە و ئیستاتیکای دەقەکەیە، ئیدی تێڕوانین و ئەو جوان بینییە جیاوازە بەپێی بینینی خوێنەر.

"ئەو ئێوارەیەی ئەریوان گەیشتە بەرەی جەنگ لە ناوچەی زەهاو، هێشتا دانەنیشتبوو، کە تۆپبارانی بنکەکەیان لەلایەن تۆپخانەکانی سوپای ئێرانەوە دەستی پێکرد و دەنگی گرمە و ناڵەی تۆپەکان تێکەڵی هاوار هاواری سەربازانی ترساو و ئاهوناڵەی برینداران بوو، ئەو شەوە تا بەری بەیانی تۆپەکان نەسرەوتن و هەمووان دەیانزانی دوای بێدەنگ بوونی تۆپەکان و لە بەرەبەیاندا هێرشی گەورەی سوپای ئێران دەستپێدەکات.... ئەریوان بە درێژایی شەوی دواتر، خەیاڵی لای زرمەی تۆپەکان و لەرزینی دڵ و کۆمەڵی گەورەی لاشەی سەربازان بوو، لە زەینی ئەریواندا سکی هەڵدراوی بریندارەکان، پۆستاڵی پڕ لە خوێن، خوودەی ئەو سەربازانەی بە ساچمەی تۆپ و خومپارە وەکو بێژنگیان لێهاتبوو، تێکەڵی وێنەی دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە دەبوو، کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بۆرەقەڵایان جێهێشتبوو." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٤٥-٤٧).

دیسان لەم پەرەگرافەشدا بە هەمان شێوە دونیایەک لە جوانی و وەسف دەبینرێت، کە لە ڕاستیدا دیمەنی جەرگ بڕن و پڕن لە تراژیدیا، ئاهو ناڵە و زرمەی دڵ و گرمە و ناڵەی تۆپ... گەلێک دەنگی تری سروشتی کە ئەو ناوەی وەک قەسابخانەیەک پیشاندەدا، ئەمە و چەندین وەسفی تر، کە ڕۆمانەکەیان ڕازاندووەتەوە.

لە گێڕانەوەیەکی تردا لە هەمان ڕۆماندا، ڕۆماننووس دەبێتە دەروونشیکارێک و ڕۆدەچێتەناو ناخ و دڵ و دەروونی کارەکتەرەکانییەوە، ئەو هەستکردن بە ئازار و دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقینە لە مەرگ

لە قوولاییاندا هەڵدەگۆزێت و دەیگوازێتەوە بۆ ناو دەق، بە کۆمەڵێک دەستەواژە و بڕگەی کورت و چڕ گێڕانەوەکەی دەستپێدەکات و دەڵێت:

"شەوێکیان پێیان وتن سبەینێ گوللەبارانتان دەکەن، ئەو شەوە تا بەیانی کەسیان نەخەوتن، بە بێدەنگییەکی سامدار خەریکی نووسینی نامە بوون بۆ کەسوکاریان... جا ئەوان گوللەیان بۆچی بوو؟ خۆ هەر لەگەڵ خڕەی کردنەوەی دەرگاکە، ڕۆحی کەسیرەیان ئەوانی جێهێشتبوو.. بەیانییەکی زووی ئەو ڕۆژە پایزییە، خڕەیەکی دڵتاسێن لە شمشێری دەرگای ژوورەکە هەستا و کۆمەڵێک چەکدار دەرگاکەیان کردەوە، نە ئەریوان و نە هیچ کەسێکی تری ژوورەکە قەت بە خەیاڵیدا نەهاتبوو، کە کردنەوەی دەنگی دەرگایەک، دەکرێت بەو ئاستە ترسێنەر بێت.... هەریەکەیان بە ستوونێکەوە بەسترانەوە، گوللەیەک سەر سنگی ئەریوانی سمی کە لەوکاتەدا ئەریوان سەیری ئەستێرەی کاروانکوژەی دەکرد..." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٦٣-٨٥-٩١).

نووسەر لە کاتی گێڕانەوەدا وەسفی باری دەروونی و کارەکتەرەکانی کردووە، ئەو تابلۆی ستوونە، کە بۆ گوللەبارانکردنی ئەریوان و هاوڕێکانی ئامادەکرابوون، ڕێک لە دیمەنی تابلۆی مەسیح دەچێت کە چۆن بە هەڵواسراوی هێمان بۆ قوربانیدان، ئەم دیمەن و وەسف و لێکچواندنە شاکارێکی ناوازەی ئەفراندووە، لەو بڕوایەداین ئەم بەرهەمەی ماردین ئیبراهیم هیچی کەمتر نەبێت لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی گەلانی دونیا.

نووسەر دێتە سەر باسی "مەلیک کەیکاوس" و گوزەرانی لە دوای تێکچوونی دەموچاوی، بەمشێوەیە غەمباری و دڵشکاوییەکەی وەسف دەکات: "غەمناکتر بوو لەو پاشایانەی شانشینەکانیان هەرەس دێنن، شەوێکیان مەلیک کەیکاوس لەناو تاریکایی ژوورەکەیەوە، لای پەنجەرەکەوە، لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتبوو، لە تاریکایی کپی دەشتەکە ڕامابوو، کە لە چوار دەوری نەخۆشخانەکەوە بێمەودا درێژ دەبووەوە، لە پڕ دەنگی گریانی منداڵێک بە نەغمەیەکی کچانەی هەژێنەرەوە پەنجەرەی ژوورەکەی سمی و پەردەی گوێیەکانی مەلیکی لەراندەوە، بە شێوەیەک دەنگەکە کاری لە مەلیک کردبوو کە بەڕاستی پێی وابوو منداڵێک لەو نزیکانەیە و دەگری و هەر بەو خەیاڵەوە دەسکی پەنجەرەکەی بادا بۆ ئەوەی منداڵەکە ببینێ، مەلیک بە دیقەت و سەبری ڕاوچییەکەوە، هەستی ڕاگرت و گوێی بۆ نەوای پڕ ئازاری دەنگەکە شل کرد، پاشان وردەوردە لەناو ئاهەکانەوە، لەناو هەستەکانەوە، لەناو زایەڵەی برینداری ژێیەکانی قوڕگێکەوە، توانی لە پەیڤەکانی حاڵی بێت، کە کیژۆڵەیەک بوو دەیوت: ئەوە بۆ کەس دەرمناهێنێت، جێگەکەم زۆر تاریک و تەنگە!" (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ٩٢-٩٣)

هەڵبەت ئەم دیمەنی گێڕانەوە بەو شێوە وەسفە کە دیمەنی خەمباری کەیکاوس وێنادەکات، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەو دەنگە نادیارە دەدات، کە لە سروشتەوە دێت و دەنگی قیژە و گریانی

منداڵێکە، کە داوا دەکات لەو چاڵە قوتاریبکەن، ئەم دەنگەی سورمە لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکە دەردەکەوێتەوە، بۆ نموونە هەر لە دێڕێکی تردا گێڕەرەوە دەڵێت:

"سیامەند هێشتا بەتەواوی خەوی لێنەکەوتبوو، ئەو دەمەی گریانی منداڵەکەی ژنەوت." (ئیبراهیم، ۲۰۲۰، ۷۱)

زمانی خەون و خەیاڵ بە ئاشکرا لە ڕۆمانەکەدا دیارە، ئەو زمانە سفت و پاراوەی نووسەر، کە هەوڵیداوە ڕۆشنبیرییەکی ڕەسەن بگەیەنێت، ئەو زمانە تەنها لە واقعدا کارینەکردووە، بەڵکو پەلیکێشاوە بۆ ناو خەونی کارەکتەرەکان، کە بە هێما و ڕەمز دەدوێت، بۆ نموونە کاتێک سیامەند خەون دەبینێت و گێڕەرەوە دەڵێت:

"شەوێکیان سیامەند لە خەونیدا سەرۆکی بینی جلێکی سەربازی ڕەنگ زەیتوونی لەبەردایە، کە هەموو سەرشانەکانی بە نیشانەکانی ئەستێرە و داڵ و شمشێر ڕازاوەتەوە." (ئیبراهیم، ۲۰۲۰، ۳۷)

ئەم دێڕەی نووسەر ڕێک دەمانباتەوە بۆ پێناسەکەی فرۆید، کە لە کتێبی لێکدانەوەی خەونەکاندا دەڵێت: "خەون کاردانەوە یان پەرچکەرەوەی ئەزموونەکانی ژیانی بێدارییە، پێیوایە، کە بیرکردنەوە لە ماوەی نووستندا، زیاتر لەوە دەچێت شتێکی بەرایی پەرچبووەوە بێت، کە لەژێر کاریگەریی بیرچوونەوەدا، یان چەپاندندا مشتوماڵ کرابێت." (فرۆید، ٤٠).

سیامەند هەرگیز نەیتوانیبوو خۆی لەو بیرکردنەوانە قوتاربکات، کە خەونەکان بەشێک بوون لەو بیرکردنەوانە، کە چەندین ساڵ وەک مۆتەکە بە ژوور سەریەوە بوون، بیرکردنەوە لە دیمەنی بەرەکانی جەنگ و موحەممەرە، یان لەقاچە دەستکردەکەی کە بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشا، یان لە تیاچوونی ژن و منداڵەکەی، یان ئەو دەنگە غەمناکەی کیژۆڵەکەی کە هاواریدەکرد ڕزگارییبکات و لەناو ئەو بیرە دەریبهێنن.

"ئەو دەنگە بەردەوام بوو، شەوان سیامەند و ئامینە و باوکی لوقمان گوێیان بۆ هەڵدەخست و دەیانبیست و دەگریان..." (ئیبراهیم، ۲۰۲۰، ۹۳-۹۸).

لە گێڕانەوەیەکی تردا لە کاتی دەرهێنانی ئێسکوپرووسکی سورمەی کچی سیامەند، نووسەر یاری بە وشە و دەستەواژەکانی دەکات و ئاوێتەی خەیاڵ و فانتازیا دەکات و درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت: "سیامەند بە خۆی و دارشەقەکەیەوە، بە خۆی و قاچە دەستکردەکەیەوە، کەوتە دوای ئاپۆڕاکە و کابرای خانەقینی، کە پێڵاوێکی لاستیک و کراسێکی جەرگی کۆنی لەبەردابوو، بە مەحزوونی لە دوایەوە دەڕۆیشت، کوڕوکاڵی گوند ئەوانەی شەش ساڵ بوو لە باشوور لە ژێر لمدا

بوون، هاتبوونەوە و بە بێدەنگی گۆڕێکیان هەڵکەند، ملیۆنان پەپوولە لەناو ڕیشە سپییە درێژەکەی باوکی لوقمانەوە دەهاتنەدەر و لەسەر دەفەکان دەنیشتنەوە.

هەورەکان لە ئاسۆوە دەرکەوتن و وەک ڕەوەیەک ئاسکی تۆقیو خۆیان کرد بە ناو بۆرەقەڵادا و لە درەختەکانی لاڕێ دەئالاَن و وەک ئاڵای لەشکرێکی شکاو با دەیهێنان و دەیبردن.

بۆرەقەڵا لەو ساتەدا لە سەمایەکی مەرگباری گەردووونیدا بوو." "بە مرۆڤ و باڵدار و گیانەوەر و درەختەکانییەوە ڕووە و گۆڕستان بەڕێوەبوون و لە دوای تەرمی منداڵێکی بچکۆلەوە دەڕۆیشتن، کە بووکەشووشەیەکی لە باوەش گرتبوو و لێی جیانەدەبووەوە." (ئیبراهیم، ٢٠٢٠، ١٠٣-١٠٦).

لە ڕۆمانی "مەرگی مەیموون"یش بە هەمان شێوە چەند وەسف و فەنتازیا و خەیاڵێک تێکەڵ بە بابەتە سەرەکییەکە کراون، بە مەبەستی درێژکردنەوە و جوانیبەخشین بە ڕۆمانەکە.

"وام هەست دەکرد ئەو ڕێبوارانەی بە جادە و بان و کۆڵانەکاندا ڕادەبوردن، باسی ترسنۆکیی منیان دەکرد، درەختەکان گاڵتەیان پێ دەکردم، هەورەکان پێم پێدەکەنین، خۆرەتاوی بەیانی مۆرەی لێ دەکردم، هەستم دەکرد هەمووان بە کەمم دەزانن، هەمووان وەک کەسێکی دەستوپێ سپیلکە سەیرم دەکەن، مریشکەکانی ناو سندوقەکانی دواوەی تیۆتاکان، چۆلەکەکانی سەربان، کۆتری سەر منارەکان، دارتێلەکان، وەک کوڕێکی ترسنۆک لێم دەڕوانن." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ١٩).

نووسەر لە دێڕیکی تردا درێژە بە وەسف و گێڕانەوە دەدات و دەڵێت:

"ئەوان منداڵ بوون، هێشتا لە دونیا و تاڵییەکانی تێنەدەگەیشتن، هێشتا زمان و وەهمەکانی، خاکی وڵات و درۆکانیان نەدەناسی، تەنانەت ئەو کاتەش گەورە دادوەر تۆمەتەکانی بۆ خوێندنەوە، هێشتا نەیاندەزانی باسی چی دەکات، بەڵام بە قسەکانی دادوەرەکەدا تێگەیشتن، کە دەبێت حەرامێکی گەورەیان خواردبێت، پێیان خستبێتە زەمینێکی ناماقووڵەوە، هەوای خاکێکیان هەڵمژیبێت، کە تاپۆ بووە، بەڵام ئەو حەرامە چییە کە خواردوویانە، ئەو سەرزەمیینە بڤەیە کوێیە کە پێیان تێ خستووە، ئەو سنوورەی بەزاندوویانە لە کوێوەی ئەم وێران ئابادەیە، نەیاندەزانی." (ئیبراهیم، ٢٠١٩، ٢٥).

جیا لە خەیاڵ و فانتازیا کە تێکەڵی گێڕانەوەکانن، ئاماژەدانی نووسەر لەو گێڕانەوەی سەرەوە بە حەرامێکی گەورە و پێخستنەسەر زەمینێکی ناماقووڵ و بەکارهێنانی وشەی وەک تابۆ، ڕوونە ئاماژەیە بە نافەرمانیی حەوا و ئادەم و فڕێدانیان بۆ سەر زەوی بە ناچاری و بە بێ ڕەزامەندیی خۆیان، کەواتە نووسەر هەم بە زمان و وەسفێکی ئیستاتیکی، هەم بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و هێما، کە گوزارشت لەو سەرگوزەشتە و چیرۆکانە دەکات کە لە پشتی هەریەکەیان پەیامێکی قووڵ هەیە دەیگەیەنێت.

هەڵبەت ئەوە و دەیان نموونەی تر لە ناو هەردوو ڕۆمانەکەدا سەلمێنەری ئەوەن، کە هەردوو ڕۆمانەکە پڕن لە دیمەنی خەیاڵی و ئەندێشەی داهێنەرانە و وەسفی ورد و چێژبەخش، کە خوێنەر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێبکات ئاخۆ دیمەنی دواتر چی دەگوزەرێت...

# ئەنجامەکان

١. لە بەرەبەیانی مێژووەوە ململانێ و جەنگ کارەساتی تراژیدی و مرۆیی قووڵیان خولْقاندووە، کە کاریانکردووەتە سەر بزواندنی ناخ و دەروونی مرۆڤەکان، بە تایبەت نووسەران، کە بە ئاگاییەوە لە دەقە ئەدەبییەکاندا گوزارشت لەو ترس و ئازار و مەرگەساتە دەکەن و ئەو واقیعە تاڵە بە شێوەی هەستکردەی ئێستایانە بۆ خوێنەرەکانیان دەگوازنەوە، وەک ئەوەی خوێنەر لەو کات و چوارچێوەیەدا ژیابێت. بۆیە تێمای جەنگ و داگیرکاری، تێمایەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشە، جگەلەوەی بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەیان ڕۆمان و شاکاری ئەدەبی/ جیهانی، هاوکات بووەتە ئامرازێک بۆ بەدیکۆمێنتکردن و پاراستنی هەموو ئەو ڕووداو و کەرەستە مێژووییانەی، کە لە قۆناغی بەرهەمهاتووی دەقدا تۆمارکراون.

٢. هەرچەندە لە هەردوو ڕۆمانەکەدا خەیاڵ و فانتازیا بەسەر پانتایی دەقەکەدا زاڵە، بەڵام نووسەر نەیتوانیوە لە واقع و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەی کوردی داببڕێت، ئەمەش درێژکراوەی ئەو دیدە زانستییەیە، کە پێیوایە لە زۆربەی ڕۆمانە مێژووییەکاندا سەرباری هەبوونی ئەو خەیاڵ و فانتازیایانەی تێیاندایە، ناتوانن دەستبەرداری واقعی بەرهەمهاتوویان ببن.

٣. لە هەردوو ڕۆمانەکەدا نووسەر کەرەستەی مێژوویی وەک کەرەستەی خاو بەکارهێناوە و بەرگێکی هونەریی بە باڵادا کردووە. واتە نەهاتووە ڕاستییەکان و ڕووداوە مێژووییەکان وەک خۆیان و ڕاستەوخۆ تۆماربکات و بیانگێڕێتەوە، بەڵکو هاتووە ئەو پاشخانە مێژووییەی خستووەتە خزمەت هەردوو ڕۆمانەکەی و سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمانەکانی پێ دەوڵەمەند کردووە و ئاستی داهێنان و ئیستاتیکیی دەقی پێئافراندووە.

٤. جەنگ لە تێڕوانینی نووسەردا نەفرەتلێکراوە و قێزەونە، کە بەردەوام هۆکاریماڵوێرانی و خولْقاندنی کارەساتەکانە، وێڕای ئەوەی ڕەخنەی توندی لە هەڵگیرسێنەرانی جەنگ گرتووە، ئەمەش ڕایەکی تەواو جیاوازە لەوانەی جەنگ بە پیرۆز و ڕەوا دادەنێن و بە شانوباڵی جەنگاوەراندا هەڵدەدەن. ئەم تێگەیشتنەی ڕۆماننووس جیاوازە لە تێگەیشتنی ڕۆماننووسانی قۆناغی پێشووی ڕۆماننووسین، کە بە شانوباڵی جەنگدا هەڵیانداوە و شۆڕشگێڕەکانیشیان بە پیرۆز ناوبردووە.

٥. لە هەردوو ڕۆمانەکەدا شاڵاوی ئەنفال و ڕاگواستن و جەنگی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق و شەڕی ناوخۆ و...هتد، کە کارەساتی مرۆییان بە دوای خۆیاندا هێناوە، جیا لە کردەی کوشتار و کاولکاری و بەرهەمهێنانی حیکایەتی تراژیدی، کاریگەریی نەرێنیشیان لەسەر

دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی و سروشت و ئاژەڵ و کەلتوور و شوناسی بوونمان وەک نەتەوە جێهێشتووە.

٦. جەنگ و داگیرکاری کاردانەوەیان لەسەر ناوەڕۆک و پەیامداریی هەردوو ڕۆمانەکە هەیە، لەوانە، کاریگەریی جەنگ لەسەر سروشتدۆستی و مافی ئاژەڵ و نەتەوەکان و تاک خراوەتە ڕوو.

٧. جەنگ و داگیرکاری کاریگەرییان لەسەر لایەنی تەکنیک و لایەنی هونەریی ڕۆمانەکان هەیە. جەنگ و داگیرکاری توانیویانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان هەبێت لەسەر هەریەکە لە ناونیشان و کارەکتەر و شوێن و ڕووداو  و وەسف و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە.

# سەرچاوەکان


١. قورئانی پیرۆز

**٢.** المقدس، الكتاب. الكتاب المقدس، ترجمه العالم الجديد. الترجمه لە وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. ١٩٨٤.

## کتێبە کوردییەکان

١. بچکۆل، ئاهەنگ شەفیق حەمە. گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵانی (١٩٩٥-٢٠٠٥)نامەی دکتۆرا. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٩.

٢. بۆتۆل، گاستۆن. کۆمەڵناسی شەڕ. مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، ٢٠٠٥.

٣. بیانی، کۆمەڵێک نووسەری. تیۆری ڕۆمان. وەرگێڕانی محمد کریم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣.

٤. پاموک، ئورهان. ئەستەنبوڵ. چاپی یەکەم. بیانی، کۆمەڵێک نووسەر. تیۆری ڕۆمان. وەرگێڕانی محمد کریم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣. بەڕێز کەریم. سلێمانی: چاپەمەنی گەنج، ٢٠١٨.

٥. پولادی، د. کەمال. مێژووی بیروباوەڕی سیاسی لە خۆرئاوا. بیانی، کۆمەڵێک نووسەر. تیۆری ڕۆمان. وەرگێڕانی محمد کریم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣. یوسف علی پور. سلێمانی: چاپخانەی گەنج، ٢٠١٩.

٦. پیربال، فەرهاد. ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: بڵاوکراوای ئاراس، ٢٠٠٤.

٧. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محمد. بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلی دا، لێکۆڵینەوەیەکی (ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکاری)یە، . چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.

٨. حسەینی، ڕەزا سەید. قوتابخانە ئەدەبییەکان. چاپی دووەم. وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف. سلێمانی: ناوەندی سارا، ٢٠١٨.

٩. حوسێن، سەنگەر نازم، و ڕێزان ساڵح مەولود. ژانرە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: ناوەندی ئاوێر، ٢٠١٨.

١٠. حوسێن، هیمداد. دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردی. چاپی دووەم. هەولێر: چاپخانەی باز، ٢٠١٠.

١١. الحيدری، د. ابراهیم. سۆسیۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی دانا مەلا حەسەن. سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٨.

١٢. حەسەن، شێرزاد. حەسار و سەگەکانی باوکم. سلێمانی: غەزەلنووس، ٢٠١٧.
١٣. حەمە، ئارام. هەڵاتن لە هەرێمی مردووەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: موکریانی، ٢٠١٥.
١٤. خاڵ، شێخ محەمەدی. فەرهەنگی خاڵ. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٥.

١٥. خۆشناو، هێمن عومەر. *شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی "لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە"*. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٠.

١٦. دەشتی، کەریم. ئەدەب و فەلسەفە. هەولێر، ٢٠٠٥.

١٧. زادە، هاشم ئەحمەد گێڕانەوەناسی. چاپی یەکەم. بانە: چاپەمەنی مانگ، ٢٠١٨.
١٨. زادە، هاشم ئەحمەد. جیهانی ڕۆمان. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، ٢٠١٥.
١٩. ژووڤ، ڤەنسان. بووتیقای ڕۆمان. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی محمد ڕەحیم ئەحمەدی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٢.
٢٠. سارتەر، ژان پۆڵ. ئەدەب چییە. وەرگێڕانی مستەفا غەفوور. دهۆک: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.
٢١. سالار، ئەحمەد. وانەکانی نواندن. سلێمانی: کارۆ، ٢٠١٠.
٢٢. سدیق، فاروق عمر. لەدایک بوونی وشە. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ٢٠١١.
٢٣. سلێمان، عزالدین مەلا. بەشێک لەچیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ مێژوو. سلێمانی: بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٤. سیپیدا، ئەلڤارۆ. ماڵە گەورەکە، وەرگێڕانی تارا شێخ عوسمان. سلێمانی: دەزگای سەردەم، ٢٠٠٧.
٢٥. سەجادی، بەختیار، محەمەد مەحموودی. فەرهەنگی شیکاری زاراوەی ئەدەبی (کوردی - ئینگلیزی). چاپی یەکەم. هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
٢٦. شاکەلی، فەرهاد. گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە محەمەد خزری ئەقدەم. سنە: وەشانخانەی مادیار، ٢٠٢٠.
٢٧. شکاک، عبدالقادر. بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠. سلێمانی: چاپخانەی جەمال عیرفان، ٢٠١٦.
٢٨. شەمۆ، عەرەب. قەڵای دمدم. چاپی دووەم. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠١٠.
٢٩. عبدوڵڵا، محمد ئەمین. شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراقدا(١٩٩٠-١٩٩٧) نامەی ماستەر. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، ٢٠٠٠.
٣٠. عزیز، بێستون عارف. "ناونیشان لە ڕۆمانی ژنێک بەسەر منارەوە "هزر و هونەر" هەفتەنامەیەکی کەلتووریە. " ڕۆژنامەی خەبات (چاپخانەی موکریانی)، ٢٠١٤: ٨.

٣١. عزیز، بێستون عارف. بابەت و تەکنیکی خواستراوله ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا (نامەی ماستەر). سلێمانی، ٢٠١٤.

٣٢.علاءالدین سەجادی. کوردەورای. چاپخانەی مەعارف: بغداد، ١٩٧٤.

٣٣. عومەر، سەلاح. جەنگ. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣.

٣٤. عەلی، بەختیار. غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٨.

٣٥. عەلی، بەختیار. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٩.

٣٦. عەلی، بەختیار. ئێوارەی پەروانە. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧.

٣٧. فرۆید، سیگمۆند، لێکدانەوەی خەونەکان، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی، ٢٠٠٨.

٣٨. فەتاح، محەمەد مەعروف. زمانەوانی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی حیکمە، ١٩٩٠.

٣٩. قازی، ڕەحیمی. پێشمەرگە. چاپی سێیەم. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨.

٤٠. قازی، سەقوبقوزاتی. ژیان و شێعرە کوردییەکانی سەقوبقوزاتی قازی. وەرگێڕانی ئامادەکردنی، ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن قازی. سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨.

٤١. قاضی، ڕەوەند حەمە جەزا. ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرەکانی "ئەنوەر قادر محەمەد"دا، نامەی ماستەر. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، ٢٠٢١.

٤٢. قوبادی، خانای. ديواني خاناي قوبادي. چاپی یەکەم. کۆکردنەوەی کاروان عوسمان خەیات/ پێداچوونەوەی ئیدریس عومەر مەحموود. سنە: چاپخانەی شوان، ٢٠١٦.

٤٣. قەرەداغی، عەتا گەڕان لە نێوان واقع و خەیاڵدا "خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانی کوردی" لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٧.

٤٤. کابان، سعید صدقی. مختصر صرف و نحوی کوردی. چاپی یەکەم. بغداد: مطبعة نجاح، ١٩٦٥.

٤٥. کەریم، خالد محمود. دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور. چاپی یەکەم. سلێمانی: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ٢٠١٢.

٤٦. کەریم، ڕزگار. مەرگی بێ کۆتا. چاپی یەکەم. بڵاوکراوەی WWW. PDFFACTORY. COM، ٢٠٠٢.

٤٧. کەسنەزانی، بوشرا. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (١٩٩٥-٢٠٠٥). چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی لەریا، ٢٠١٢.

٤٨.کەمال مەزهەر(٢٠٠٩). کورد و کوردستان. چاپی دووەم. تحریر عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا طاهر.

٤٩. لومبا، ئانیا. کۆلونیالیزم پوست کۆلۆنیالیزم. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی عومەر عەلی غەفوور. سلێمانی: چاپخانەی تاران، ٢٠٠٨.
٥٠. لینین. جەنگ و شۆڕش "وەڵام بۆ دۆخی ئێستە". چاپی یەکەم. وەرگێڕانی کارزان عومەر. سڵمانی: چاپخانەی کارو، ٢٠١٩.
٥١. مارف، ئەورەحمانی حاجی. ڕێزمانی کوردی، وشەسازی، بەشی (١-٥) ناو، جێناو، ئاوەڵناو، . سلێمانی: چاپخانە و ئۆفسێتی تیشک، ٢٠٠١.
٥٢. محمود، ئەحمەد کاکە. تەفسیری ڕامان. چاپی دووەم. بەیروت: خانەی فیکر، ٢٠٠٩.
٥٣. محمەد، بوشرا قادر کاکە. ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا "لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە" نامەی دکتۆرا. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان، ٢٠٢٢.
٥٤. موکریانی، هێمن. دیوانی هێمن موکریانی. چاپی یەکەم. کۆکردنەوەی نووسیار وریا حەبیب. سلێمانی: چاپ و پەخسی چوارچرا، ٢٠٠٨.
٥٥. مونیف، عبدالرحمن گەشتی تیشک. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی عبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە. سلێمانی: چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣.
٥٦. مونیف، عبدالرحمن. تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان. وەرگێڕانی شیرین. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦.
٥٧.  میر شەرەف خانی. شەرەفنامە "مێژووی ماڵە میرانی کوردستان". چاپی سێیەم. وەرگێڕانی هەژار موکریانی. هەولیر: چاپخانی ئاراس، ٢٠٠٦.
٥٨. مەجید، سەردار فایەق. بیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی (محمد موکری) دا لێکۆڵینەوەیەکی (وەسفی شیکاری پراکتیکی) یە، نامەی ماستەر، . سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٣.
٥٩. مەنتک، حەمە. تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا(کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠-٢٠١٠). چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی لەریا، ٢٠١٣.
٦٠. مەنتک، د. حەمە. ئارکێۆلژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، ٢٠٢١. ەزهەر، د. کەمال. کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا. چاپی یەکەم. هەولێر: نووسینگەی ژین، ٢٠٠٩.

**نامە کوردییەکان**

٦١.  نەبەز، جەمال(٢٠٠٧)، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٦٢. هەزارویەک شەوە، وەرگێڕ جەوهەر مەحمود دارئاغا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦٣. هەژار، عبدالرحمان شرفكندی، . هەنبانەبۆرینە. چاپی یەکەم. تهران: سروش، ١٣٦٩.
٦٤. وات، ئەیان. سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی. چاپی دووەم. وەرگێڕانی ڕەئووف بێگەرد. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٩.
٦٥. ئۆجەلان، عبدالله. ئیسلام و نیشتیمان پەروەری، گوڵبژێرێک لە هەڵسەنگاندنەکانی عبدالله ئۆجەلان. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی ئەکادیمییای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی عبدالله ئۆجەلان. ئامادەکردنی: ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی "عبدالله ئۆجەلان،n. d .
٦٦. ئیبراهیم، ماردین مەرگی مەیموون. چاپی دووەم. سلێمانی: ئەندێشە، ٢٠١٩.
٦٧. ئیبراهیم، ماردین. کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا. چاپی چوارەم. سلێمانی: ئەندێشە، ٢٠٢٠.
٦٨. ئیزەدی، میهرادی. چەردەباسێک لەبارەی کوردانەوە. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی ئەمین شوان. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧.
٦٩. ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد. بەهاری ڕەش. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣.
٧٠. ئەحمەد، پەخشان عەلی. فەزاسازیی لە ڕۆمانی کوردیدا، کرمانجی خوارووی (٢٠٠٥-٢٠١٠)نامەی دکتۆرا. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زمان، ٢٠٢٠.
٧١. ئەحمەد، موحسین عومەر. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی. چاپی دووەم. سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٢.
٧٢. ئەحمەد، ئیبراهیم. ژانی گەل. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، ٢٠٠٧.
٧٣. ئەسعەد، تانیا، و محەمەد سالّح. بینای شوێن، لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە، ئەژدیها). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١١.
٧٤. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.
٧٥. ئەسەوەد، نەوزاد ئەحمەد. ئەزموونی خوێندنەوە "چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی". سلێمانی: دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦.
٧٦. ئەڵوەنی، نجم خالید نەجمەدین. بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا "ژانی گەل، شار، ڕاز" (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕیخنەیی)ە. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤.
٧٧. ئەڵوەنی، نەجم. کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا"لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە". چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی موکریانی، ٢٠٠٩.

**گۆڤارە کوردییەکان**

٧٨. نزار، كندان. "لمحة عن تأريخ الأكراد. " گۆڤاری لێکۆڵینەوە کوردیەکان. پاریس: پەیمانگای کوردی، ١٩٩٣.

**ماڵپەڕە کوردییەکان**

(بێکەس، شێرکۆ، کەشکۆڵی پێشمەرگە، ١٩٨٥، ئەنتەرنێت) (https://books.vejin.net/ck/text/٩٢٣٢)

٧٩. فەلاح، شەریف. "ژنەفتن. " خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی"ئەسپەنجیر"ی تەیفوور بەتحایی. ١٢ ٣، ٢٠٢٠. https://jineftin. krd/ (accessed ٥ ٣، ٢٠٢٢).

٨٠. کەمال، ژاڵە. "شوێن و جۆرەکانی شوێن لە ڕۆمانی بە ڕێگاوەی دڵشاد کاوانی. " دەنگەکان. ئۆکتۆبەر ١٩، ٢٠٢٠. https://dengekan. info/ (accessed ٧ ٥، ٢٠٢٢).

٨١. کوردستان، ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی. "ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. " ئەدەبی بەرگری. ٨ ٢٢، ٢٠١٥. https://kurdistanukurd. com/ (accessed ٣ ١٠، ٢٠٢٢).

٨٢. ئەحمەدی، ساماڵ. ژنەفتن. ئەیلول ٢٧، ٢٠٢١. https://jineftin. krd/ (accessed ٣ ٦، ٢٠٢٢).

**چاوپێکەوتنەکان**

٨٣. قەرەداغی، عەتا، کاریگەری جەنگ و داگیرکاری لەسەر کەلتوور و شوناس (٧ ٤، ٢٠٢٢).

**کتێبە عەرەبییەکان**

٨٤. أحمد، جمال رشيد. ظهور الكرد في التأريخ. الطبعة الأولى. هەولێر: مطبعة ئاراس، ٢٠٠٣.

٨٥. أيوب، د. نبيل. التعبير المنهجية وتقنياته. الطبعة الثانية. لبنان: دار المكتبة الأهلية، ٢٠٠١.

٨٦. بصير، كامل حسن. "من موشكلات اللغة الكردية وأدبها. " المجمع العلمي العراقي. ١٩٨٣.

٨٧. بوتور، ميشال. بحوث في الرواية الجديدة. ترجمة فريد أنطونيوس. بيروت: منشورات عويدات، ١٩٧١.

٨٨. بوتول، غاستون. الحرب والمجتمع، تحليل اجتماعي للحروب ونتائجها. الطبعة الأولى. ترجمة عباس الشربيني. بيروت: دار النهضة العربية للطباعة و النشر، ١٩٨٢.

٨٩. التركي، د. فتحي. الفلاسة والحرب الترجمة زهير المدنيني. ابن نديم للنشر و التوزيع، ٢٠١٥.

٩٠. جعفر، ابي فرج قدامة، ابن. نقد شعر. الطبعة الأولى. القاهرة: المكتبة الخانجى، ١٩٤٨.

٩١. جعفر، الحسيني، فراس زهير. الحماية الدولية لموارد المياه والمنشأت المائية أثناء النزاعات المسلحة. دار حوبلا، ٢٠٠٩.

٩٢. الجميل، سيار. الحرب ظاهرة تأريخية مدخل من أجل فهم سوسيولوجي. الكويت: عالم الفكر، ٢٠٠٧.

٩٣. جورج لوكاش. الرواية التأريخية. الطبعة الثانية. ترجمة د. صالح جواد الكاضم. بغداد: دار الشؤون الثقافة العامة، ١٩٨٦.

٩٤. الحسيني، فراس زهير. الحماية الدولية المياه والمنشأت المائية أثناء النزاعات المسلحة. الطبعة الأولى. دار الحبلا، ٢٠٠٩.

٩٥. حمدي، د. صلاح الدين. دراسات في القانون الدولي العام. الطلعة الأولى. الجزائرElga :، ٢٠٠٢.

٩٦. حنا فاخوري. الجامع في تأريخ الأدب العربي (العصر الحديث). الطبعة الأولى. بيروت: دار الجيل، ١٩٨٦.

٩٧. خلدون، ابن. مقدمة ابن خلدون. الطبعة الأولى. بەيروت: دار القلم، ١٩٨٤.

٩٨. الزحيلي، د. وهبة. آثار الحرب في الفقه الإسلامي. ديمشق: دار الفكر.

٩٩. الزحيلي، د. وهبة. فقه الإسلامي و أدلته. الطبعة الرابعة. ديمشق: دار الفكر، ٢٠٠٧.

١٠٠. زوزو، عبدالحميد. تأريخ الإستعمار والتحرر في إفريقا وآسيا. الطبعة الأولى. ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٩.

١٠١. شكرى، د. محمد عزيز. مدخل الى قانون الدولي العام. ديمةشق: جامعة ديمشق، ١٩٩٥.

١٠٢. ظاظا، د. حسن، و السيد محمد عاشور. شريعة الحرب عند اليهود. خانةى ئيتحادي عةرةبي، ١٩٦٧.

١٠٣. عارف قوربانى(٢٠٠٨). شهود عيان عن الأنفال. سليمانية: تيشك.

١٠٤. عبدالسلام، فاتح. الحوار القصصي، تقنياته و علاقتة السردية. الطبعة الأولى. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ١٩٩٩.

١٠٥. عبيد، د. محمد صابر، و د. سوسن البياتي. جماليات التشكيل الروائي. سوريا: دار الحوار، ٢٠٠٨.

١٠٦. عتلم، د. حازم محمد. قانون النزاعات المسلحة الدولية. الطبعة الأولى. قاهرة: المكتبة الأدب، ١٩٨٨.

١٠٧. العسقلاني، أحمد بن علي بن حجر. فتح الباري شرح صحيح البخاري. الطبعة الأولى. بيروت: دار المعرفة، ١٩٥٨.

١٠٨. عوكر، أنطوان، و بوليس الفغالي. العهد القديم العبري. الطبعة الأولى. لبنان: مطبعة دكاش، ٢٠٠٧.

١٠٩. غانم، د. محمد حافظ. مبادئ القانون الدولي العام. البطعة الأولى. قاهرة: دار النهضة، ١٩٧٢.

١١٠. الفتلاوي، د. سهيل عماد ربيع. القانون الدولي الإنساني. الطبعة الأولى. عمان: دار الثقافة، ٢٠٠٧.

١١١. فون، كارل. عن الحرب. الطبعة الأولى. ترجمة سليم شاكر الإمامى. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٩٧.

١١٢. محمد بن مكرم بن على ابن منظور. لسان العرب. بەيروت: دار صادر، ١٩٩٣.

١١٣. محمد، د. محمد عوض. الإستعمار والمذاهب الإستعمارية. الطبعة الرابعة. مصر: دار المعارف، ١٩٥٧.

١١٤. مصطفى، ابراهيم، أحمد الزيات، حامد عبدالقادر، و محمد النجار. المعجم الوسيط. الطبعة الأولى. قاهرة: دار الدعوة

١١٥. نهاد التكرلى. الرواية الفرنسية الجديدة. الطبعة الأولى. بغداد: دار الحرية، ١٩٨٥.

١١٦. هاول، ويلسون ناثانيل. الكرد والإتحاد السوفيتي. الطبعة الأولى. ترجمة ضياء الدين المرعب، فؤاد حەمە خورشيد و فائيزه رشيد جمعه. عيراق: دار الوزارة الثقافة و النشر، ٢٠٠٦.

**گۆڤارە عەرەبییەکان**

١١٧. حرب، علي حوار الثقافات والخروج من المأزق. الطبعة الأولى. المنطق الجديد، ٢٠٠١.

**ماڵپەڕە عەرەبییەکان**

١١٨. بنباقي، ميلود. "المجلة الثقافية الجزائرية. " الحرب في الرواية العربية. ١٠ ١٠، ٢٠١١. https://thakafamag. com/?p=٢٠٨٣ (accessed ٤ ٧، ٢٠٢٢).

١١٩. التحرير، فريق. "ميدان. " "الحرب والسلام" لتولستوي.. تأملات في التاريخ والإرادة الإنسانية. ٣ ٧، ٢٠١٧. https://www. aljazeera. net/ (accessed ٣ ٦، ٢٠٢٢).

١٢٠. السيد، زهرة. "الشرق. " الحرب بطل الروايات الحزينة. n. d. https://m. al-sharq. com/ (accessed ٣ ٦، ٢٠٢٢).

١٢١. عادل، إبراهيم. "إضاءات. " الحرب في الرواية: من توثيق الدمار إلى محاولات تجاوزه. ٧ ٢١، ٢٠١٩. https://www. ida at. com/list-war-novels-review/ (accessed ٢ ٤ ٧، ٢٠٢٢).

١٢٢. القاسمي، علي. "القدس العربي. " تنتمي إلى أدب الحرب في العراق… «ما بعد الجحيم» رواية كتبها طبيب نفسي بالدم على أكفان الضحايا. أغطس ٧، ٢٠١٥. https://www. alquds. co. uk/ (accessed ٣ ٦، ٢٠٢١).

١٢٣. معط، سهام. العرب الجديد. ٨ ١٣، ٢٠١٩. https://www. alaraby. co. uk/ (accessed ١٢ ١٦، ٢٠٢١).

١٢٤. ناصر يعقوب. اللغة الشعرية، و تجلياتها في الرواية العربية. الطبعة الأولى. بيروت: مؤسسة العربية للدراسات والنشر، ٢٠٠٤.

١٢٥. نجم، السيد. "البيان. " المقاومة والحرب في الرواية العربية. اغسطس ١٥، ٢٠٠٥.
https://www. albayan. ae/paths/books/٢٠٠٥-٠٨-١٥-١.٩٣٤٢٦ (accessed ٤ ،٧ ،٢٠٢٢).

١٢٦. نكادى، عصام. "الحوار المتدمدن. " المنظور الفرويدى للإنسان. ٤ ١٣، ٢٠٢٠. https://m. ahewar. org/ (accessed ٨ ،١ ،٢٠٢٢).

١٢٧. واشنطن، الحرة / ترجمات -. الحرة. ٥ ١٥، ٢٠٢٠. https://www. alhurra. com/ (accessed ١٢ ١٦، ٢٠٢٠).

١٢٨. ئەحمەد، عدنان حسێن. "فرمان، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة. " الحوار. ٨ ٤، ٢٠١٧. http://www. m. alhewar. org (accessed ٦ ،٢٨ ،٢٠٢٢).

**کتێبە فارسیەکان**

١٢٩. تودوروف، تزوتان. بوطيقاى ساختارگرا. ترجمة محمد نبوي. تهران: انتشارات اگاه، ١٣٨٢خ.

١٣٠. کالر، جانتان. نظرية ادبي. چاپی یەکەم. ترجمة فرزانة طاهرى. تهران: نشر مرکز، ١٣٨٩خ.

١٣١. يونسي، ابراهيم. هنر داستان نويسي. چاپی یەکەم. تاران: مؤسسه انتشارات نگاه، ٢٠٠٩.

١٣٢. صادقي، جمال مير. عناصر داستان. چاپی چوارەم. تهران: انتشارات سخن، ١٣٨٠ خ.

**ماڵپەڕە فارسییەکان**

١٣٣. دروستی، مهدی. *هفت رومان درباره جنگ تحمیلی که حتما باید خواند.* ٥ ٩، 2018. https://www. khabaronline. ir/news/

١٣٤. إيران كتاب، iranketab.ir

١٣٥. ئاروین، شکوفه، ابوالقاسم دادور، and مریم حسینی.. ٢١ ٣ ٢٠١٩. https://journals. atu. ac. ir/article-٩٥٣٥. html (٢٠٢ ٤ accessed، ٢٠٢٢ ).

١٣٦. یکتا، پایگاه خبری. *معرفی رمان های بزرگ دوران جنگ بتاپیر جنگ بر ادبیات.* ٥ ٣، ٢٠٢٢. https://www. yektapress. com/ (accessed ٤ ٧ ،٢٠٢٢) .

**پوختە**

لێکۆڵینەوەکە لە ژێر ناونیشانی "جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) و (مەرگی مەیموون)ی (ماردین ئیبراهیم)"ە، کە بە شێوەیەکی گشتی تیشکمان خستووەتەسەر پێناسەکانی جەنگ و داگیرکاری و ڕەهەندەکانی و مێژووی جەنگ و داگیرکاری و لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکانی مێژوودا، لە پێش زاینەوە هەتا ئەمڕۆ.

پاشان دێتەسەر باسی لایەنی پەیوەندیداری نێوان مێژوو و ئەدەب و ڕۆمانی مێژوویی و جەنگ و داگیرکاری لە ڕۆمانە جیهانییە ئەوروپی و عەرەبی و فارسی و کوردییەکاندا.

پاشان ڕەگەزەکانی ڕۆمان و پێناسە و شیکردنەوە و کاریگەرییان لەسەر نووسینی ڕۆمانی سەرکەوتوو، لە ناونیشان و کارەکتەر و شوێن و کات و گێڕانەوە و وەسف، هەروەها نموونەی ڕۆمانە کوردییەکان و پەیوەست بە جەنگ و داگیرکاری لە هەریەک لە ڕەگەزەکانی ڕۆماندا.

پاشان بەشی سێیەم پێکهاتووە لە لایەنی پراکتیکیی لێکۆڵینەوەکە، کە خۆی لە شیکردنەوەی لایەنی پەیامداریی هەردوو ڕۆمانەکەدا پەیوەست بە سروشت و ئاژەڵ و کەلتوور و تاک و شوناسەوە دەبینێتەوە.

هەروەها ڕەنگدانەوەی جەنگ و داگیرکاری لەسەر ناونیشان و ناوی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکان و شوێن و کاتی نێو ڕۆمانەکان و کۆی گێڕانەوەی هەردوو ڕۆمانەکە و وەسف و فەنتازیا و خەیاڵی نووسەر لەسەر ڕۆمانەکان دەخاتەڕوو.

**الملخص**

البحث بعنوان " الحرب و الإستعمار و إنعكاسهما في روايتي (سقوط بوره قلا في الحكاية القديمة) و (موت ميموون) "لماردين إبراهيم"، الرواية مبنية حالما على العموم سلطنا الضوء على تعريفات الحرب و الإستعمار و أبعادهما و تأريخ الحرب و الإستعمار في كوردستان.

و بعد ذلك بدأنا بالجانب المتعلق بين التأريخ و الأدب و روايات التأريخ و الحرب والإستعمار في الروايات العالمية من الأوروبيين و العرب و الفرس و الكرد.

و بعد ذلك عناصر الرواية و التعريف و التوضيح و تأثيرهم في كتابة الرواية الناجحة حول ما يخص بالعنوان و الشخصية و المكان و الوقت و السرد و الوصف.

و بعد ذالك القسم الثالث يتضمن الجانب العملي للبحث، فيظهر في توضيح طرف الهدف في الروايتين و يتبين بالطبيعة و الحيوان و الثقافة و الفرد و الهوية.

و انعكاس الحرب و الإستعمار على العنوان و اسم الشخصيات الموجودة في الروايات و المكان و الزمان بين الروايات و جملة السرد في كلا الروايتين و الوصف و الفانتازيا و خيال المؤلف، و يظهر وجهة نظر المؤلف حولهما.

**Abstract**

The research is entitled as ‘War and Colonialism and its reflection in Mardin Ibrahims’ novels ,(the fall of Bora Qala in an old story) and (Margi Maymoon).

The research generally highlighted on the definition of war and its reflection in the history of Kurdistan.

Then it covers the relationship between history،literature،historical fiction،war and colonialism in world fiction as well as in Arabic،Persian and Kurdish ones.

Subsequently,The novel genres،’ title،characters،place،time and narration’ and their definition،analysis and their influence on writing a successful novel.

The third part consists of the practical aspect of the research which analyses the main message aspect of the both novels ; (the fall of Bora Qala in an old story) and (Margi Maymoon) related to nature،animals,culture and individual. along with the reflection of war،occupation on titles،names of the characters in two mentioned novels,the place and time in the novels،the author’s description،fantasy and imagination of the novels are included